# پێگەی باڵەکایەتی

لە شۆڕشی ئەیلوولدا

1975 - 1961

ئینسكلۆپیدیا پارتی دیموكراتی كوردستان

سەنتەرێ بێشكجی بۆ ڤەكولینێن مرۆڤایەتی

سەنتەرێ ڤەكولینێن جینوسایدێ

زنجیرە پەرتوكێن ٦٠ سالیا شۆرەشا ئەیلوولێ (١٩٦١ - ١٩٧٥)

# (9)

كۆنفرانسێ زانستیێ نیڤدەولەتیێ

شۆرەشا ئەیلوولێ وەرچەرخانەك د دیرۆكا سیاسی یا كوردی دا

١٩٧٥/٣/٦ - ١٩٦١/٩/١١

# پێگەی باڵەکایەتی

## لە شۆڕشی ئەیلوولدا

## 1975 - 1961

نڤیسین:

ڕێباز دلاوەر عومەر

دهۆك - 2021

- **ناڤ و نیشانێ پەرتووکێ:** پێگەی باڵەکایەتی لە شۆڕشی ئەیلوولدا ١٩٦١-١٩٧٥
- **نڤیسەر:** ڕێباز دلاوەر عومەر
- **پێداچوون:** بۆردی ڕاوێژکارانی دەستەی ئێنسکلۆپیدیای پارتی دیموکرات کوردستان
- **دەرهێنانا هونەری:** خالد توفیق ئامێدی
- **دەرهێنانا هونەری یا بەرگی:** ناسر منبەری
- **وەشانگەر:** ئینسکلۆپیدیا پارتی دیموکراتی کوردستان و زانکۆیا دهۆك
- **ژمارا سپاردنێ:** ل پەرتووکخانێت پارێزگەها دهۆکێ (D/٢٤٧٢/٢١) ل ٢٠٢١/٧/٢٦

مافێن چاپ © و بەلاڤکرنێ بۆ بۆ زانکۆیا دهۆك و ئینسکلۆپیدیا پارتی دیموکراتی کوردستان دپاراستینە

uod.ac/besikci-center
besikci.center.uod.ac
Besikci center for humanities studies BCHS
+964 750 736 27 97

سەنتەرێ بێشکچی بۆ ڤەکۆلینێن مرۆڤایەتی / زانکۆیا دهۆك -کومەلگەها زانکۆیێ -
جادا زاخۆ ٣٨ - ئاڤاهیێ پەرتوکخانا مەلبەندی - قاتێ سیێ

ڕوونکردنەوەیێکی پێویست

ئەم پەرتوکە لە بنەڕەتدا نامەیێکی ماجستێرە پێشکەش بە ئەنجومەنی فاکەڵتی ئاداب - زانکۆی سۆران کراوە، لە ٢٠١٧/٥/٤ تاوتوێ کراو بە پلەی زۆرباشە وەرگیرا

## پێشکەش

بە:

هەموو ئەوانەی بەشدار و پشتیوانی شۆڕشی ئەیلوول بوون.

دایکم و باوکم، براکەم و خوشکەکانم.

هاوسەرەکەم و منداڵەکانم: لەنیا، لینا، یوسف و یاوەر.

## سوپاس و پێزانینم بۆ:

- (خودا)ی بەخشندە کە تەمەن و تەندروستییەکی باشی پێ بەخشیم بۆ درێژەدان بە خوێندن.
- دکتۆر(علی تەتەر نێروەیی)، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی توێژینەوەکەمی گرتە ئەستۆ و بە زانیاری و تێبینییە زانستییەکانی توێژینەوەکەمی بە پێزتر کرد.
- بەڕێزان (پ.د. عیماد عەبدولسەلام، پ.د. محەمەد جاسم، پ.د. سەلاح حەیدەری، پ.ی.د. محەمەد عەبدوڵلا کاکە سور، پ.ی.د. ئیسماعیل حەساف، پ.ی.د. عوسمان عەلی و د. ئامانج ئەحمەد)،کە لەکاتی کۆرسەکانی خوێندنی ماستەردا لەگەڵماندا ماندووبوون و لێیان بەهرەمەند بووین.
- زانکۆی سۆران کە دەرفەتی خوێندنی بۆ ڕەخساندین.
- فاکەڵتیی ئاداب، سەرۆکایەتیی بەشی مێژوو.
- هەریەکە لە (د. شاخەوان عەبدوڵلا سابر، م. ستار شێخ حەسەن) کە دەرگای ماڵ و پەرتووکخانەکەیان بۆ واڵا کردم.
- باوکم و دایکم کە لە تەواوی قۆناغەکانی خوێندن هاندەر و پاڵپشتم بوون.
- هاوسەرەکەم و مناڵەکانم، کە لە هەردوو قۆناغی خوێندنی بەکالۆریۆس و ماستەر پشوو درێژ بوون لەگەڵم.
- بەڕێزان (م. عەبدولخالق عەبدوڵلا، م. چیایی، م. محمد گەڵاڵی، م. ڕێبین سەعید مەلا، م. شوان حوسێن باڵەکی، کاروان محمد عادل، سەهەند عەبدولستار، ئیسماعیل گوندەژۆری، نیعمەت میر سادق، شێروان حوسێن باڵەکی)، کە هەریەکەیان بە جۆرێک هاوکارییان کردم.
- بەرپرس و کارمەندانی (ئەرشیفی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان).
- ستاف و کارمەندانی کتێبخانەکانی( گشتیی هەولێر، فاکەڵتیی ئادابی زانکۆی سۆران، بەشی مێژووی زانکۆی سۆران، کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەڵاحەدین، بنکەی ژین، ئەکادیمیای کوردی و ناوەندیی زانکۆی سەڵاحەدین) کە هاوکاریان کردم.
- هەموو ئەوانەی کە دەرفەتی سازدانی دیمانەیان پێدام.
- سوپاسێکی زۆر بۆ (د. مزگین عەبدولرەحمان ئەحمەد)، کە پێداچوونەوەی زمانیی ئەم نامەیەی گرتە ئەستۆی خۆی.
- هەموو ئەوانەی ئەگەر بە یەک وشەش بێت هاوکاریان کردم.

# هێما کورتکراوەکان

| هێما کوردیەکان | |
| --- | --- |
| پارتی | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| س . پ | سەرچاوەی پێشوو |
| هـ . س | هەمان سەرچاوە |
| ب . ش | بێ شوێنی چاپ |
| ب . س | بێ ساڵی چاپ |
| چ | چاپ |
| و | وەرگێران |
| ژ | ژمارە |
| ل | لاپەرە |
| بارزانی | مەلا مستەفای بارزانی |
| هێما عەرەبیەکان | |
| م . س | المصدر السابق |
| د . م | دون مكان طبع |
| د . ت | دون تاريخ الطبع |
| ص | الصفحة |
| ط | طبعة |
| ت | الترجمة |
| ج | جلد |

## پێڕست


| لاپەڕە | بابەت |
| --- | --- |
| ١١ | پێشەکی |
| ١٥ | **بەشی یەکەم: کورتەیەک لە مێژووی باڵەکایەتی بەر لەساڵی ١٩٦١ و هەڵگیرسانی شۆڕشیئەیلوول** |
| ١٧ | **تەوەری یەکەم:** ڕەگ و ڕیشەی ناوی باڵەک و شوێنی جوگرافیی باڵەکایەتی |
| ١٧ | أ/ ڕەگ و ڕیشەی ناوی باڵەک |
| ١٨ | ب/ شوێنی جوگرافیی باڵەکایەتی |
| ٢٥ | **تەوەری دووەم:** لایەنی کارگێڕی و پێکهاتەی هۆزایەتیی باڵەکایەتی |
| ٢٥ | أ/ لایەنی کارگێڕی |
| ٢٨ | ب/ پێکهاتەی هۆزایەتی |
| ٣٣ | **تەوەری سێیەم:** ڕۆڵ و هەڵوێستی خەڵکی باڵەکایەتی لە ڕووداو و پێشهاتەکانی ناوچەکە (١٩١٤-١٩٦١) |
| ٣٣ | أ/ باڵەکایەتی لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا (١٩١٤-١٩١٨) |
| ٤٠ | ب/ باڵەکایەتی و هەڵوێستی خەڵکەکەی لە کاتی دەستەڵاتی ئینگلیز و دووبارە هاتنەوەی تورکەکان بۆ ناوچەکە و بەشدارییان لە حکومەتی عێراقدا |
| ٤٦ | ج/ باڵەکایەتی لە پێشهات و شۆڕشە کوردییەکان لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی تاکو ١٩٦١ |
| ٥٧ | **تەوەری چوارەم:** بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلوول |
| ٦٥ | **بەشـــی دووەم: ڕووداوەکانی سەرەتای شۆڕش لە باڵەکایەتی، ڕزگارکردنی و بوونی بە بنکەی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول.** |
| ٦٧ | **تەوەری یەکەم:** باڵەکایەتی لە ماوەی ململانێی نێوان هەندێک لە هۆزەکانی کوردستان و حکومەتی عیراقی و ڕاپەڕینی خەڵکی باڵەکایەتی لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول |
| ٦٧ | أ/ باڵەکایەتی لە ماوەی ململانێی نێوان هەندێک لە هۆزەکانی کوردستان و حکومەتی عیراقی |
| ٧٠ | ب/ ڕاپەڕینی خەڵکی باڵەکایەتی لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول |
| ٨١ | **تەوەری دووەم:** باڵەکایەتی لە دوای شکستی ڕاپەڕینەکە تا ڕزگارکردنی لەساڵی ١٩٦٢ |

| | |
|---|---|
| **تەوەری سێیەم:** ڕزگارکردنی باڵەکایەتی لە ساڵی ١٩٦٢ | ٨٩ |
| أ/ گەیشتنی هێزەکانی پێشمەرگە بە باڵەکایەتی | ٨٩ |
| ب/ جموجۆڵە سەربازییەکان و ڕزگارکردنی باڵەکایەتی | ٩١ |
| ١/ شەڕەکانی سەر ڕێگای هاملتۆن و گرتنی ناحیەی باڵەک (گەڵاڵە) | ٩٢ |
| ٢/ گەمارۆدانی مەخفەری ڕایات | ٩٤ |
| ٣/ هەوڵەکانی حکومەت بە مەبەستی شکاندنی گەمارۆی ڕایات | ٩٨ |
| **تەوەری چوارەم :** بوونی باڵەکایەتی بە مەڵبەندی شۆڕش و بنکە و بارەگاکانی شۆڕش لە ناوچەکە | ١٠٣ |
| أ/ بوونی باڵەکایەتی بە بنکەی سەرکردایەتیکردنی شۆڕشی ئەیلوول | ١٠٣ |
| ب/ بنکە و بارەگا سیاسی و سەربازی و خزمەتگوزارییەکانی شۆڕش لە ناوچەی باڵەکایەتی | ١٠٦ |
| **بەشـی سێیـەم: پێگەی باڵەکایەتی و ڕۆڵی خەڵکەکەی لە شۆڕش و کاریگەرییەکانی شۆڕش لەسەر ناوچەکە** | ١١٣ |
| **تەوەری یەکەم:** پێگەی سیاسیی باڵەکایەتی (١٩٦١-١٩٧٥) | ١١٥ |
| **تەوەری دووەم:** پێگەی سەربازیی باڵەکایەتی (١٩٦١-١٩٧٥) | ١٢٣ |
| **تەوەری سێیەم:** پێگەی ئابوریی باڵەکایەتی (١٩٦١-١٩٧٥) | ١٣١ |
| **تەوەری چوارەم:** ڕۆڵی خەڵکی باڵەکایەتی لە شۆڕشی ئەیلوولدا | ١٣٥ |
| أ/ ڕۆڵی خەڵکی باڵەکایەتی لە پێشوازی و خزمەتکردنی پێشمەرگەدا | ١٣٥ |
| ب/ ڕۆڵی خەڵکی باڵەکایەتی وەک پێشمەرگە | ١٤٣ |
| **تەوەری پێنجەم:** بارودۆخی خەڵکی سڤیل لە ماوەی شۆڕش و کاریگەرییەکانی شۆڕش لەسەر ناوچەی باڵەکایەتی | ١٥٣ |
| أ/ بارودۆخی خەڵکی سڤیل لە ماوەی شۆڕشدا | ١٥٣ |
| ب/ کاریگەرییەکانی شۆڕش لەسەر ناوچەی باڵەکایەتی | ١٥٨ |
| **ئەنجامەکان** | ١٦٥ |
| **لیستی سەرچاوەکان** | ١٦٩ |
| **پاشکۆکان** | ١٩١ |

# پێشـــەکـی

هەڵکەوتەی جوگرافی ڕەگەزێکی دیاری پێکهێنەری ڕووداوە مێژووییەکانە، بەتایبەت ئەگەر ڕووداوە مێژووییەکە شۆڕشێکی چەکداری بێت، ناوچەی باڵەکایەتی پێگەیەکی گرنگی هەبووە لە شۆڕشی ئەیلوولدا، لەسەرەتای شۆڕش ناوچەکە کەوتە ژێر کاریگەرییەکانی شۆڕش، لە ساڵی ١٩٦٥ تاوەکو نسکۆی شۆڕش بنکەی سەرکردایەتیی شۆڕش بووە، زۆرترین ڕێککەوتن و دانوستانەکانی نێوان سەرکردایەتیی شۆڕش و حکومەتەکانی عێراقی لەم ناوچەیە سەرچاوەیان گرتووە؛ یاخود واژۆ کراون؛ چەندین کۆنگرە و چالاکیی سیاسیی حزبی و پیشەییش لەم ناوچەیەدا ئەنجامدراون، ناوچەکە لە ماوەی شۆڕشدا پێگەیەکی گرنگی سەربازی و سیاسی هەبووە، تەنانەت بەهۆی ئەو پێگە سیاسییەی کە ناوچەکە هەیبووە، بووەتە شوێنێکی ئارام بۆ پارتە کوردییەکانی پارچەکانی تری کوردستان و حزب و کەسایەتییە نەیارەکانی حکومەتەکانی عێراقی، یەکێکیش بووە لەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی ئەیلوول کە دوای ئازادکردنی لە ساڵی ١٩٦٢ تاکو نسکۆی شۆڕش هەر لە ژێردەستی شۆڕش ماوەتەوە، سەرەڕای هەوڵدانە زۆرەکانی حکومەتەکانی عێراق بۆ دەستبەسەرداگرتنەوەی. خەڵکی ئەم ناوچەیەش ڕۆڵی دیاریان لە شۆڕشی ئەیلوولدا هەبووە.

لەم سۆنگەیەوە (پێگەی باڵەکایەتی لە شۆڕشی ئەیلوولدا (١٩٦١ــ١٩٧٥) وەک ناونیشانی توێژینەوەکەمان دیاریکرد، سەرەڕای ئەوە، هۆکارێکی تر ئەوە بوو کە هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی تایبەت بەم ناوچەیە نییە، هیچ کام لە خەڵکی ناوچەکەش هەوڵیان نەداوە یاداشتی ژیانیان بنووسنەوە، بە نەمانی ئەو کەسانەی لە ڕووداوەکان بەشداربوونە، بەشێک لە مێژووی کورد و ناوچەکە بە نادیاری دەمایەوە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زانستیانە لە پێگەی ئەم ناوچەیە بکۆڵینەوە لە شۆڕشی ئەیلوولدا، ئەم ناونیشانەمان هەڵبژارد.

توێژینەوەکەمان پێکهاتووە لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆ و پوختەی توێژینەوە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

بەشی یەکەمی توێژینەوەکەمان بە ناونیشانی (کورتەیەک لە مێژووی باڵەکایەتی بەر لە ساڵی ١٩٦١ و هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول)، لە چوار تەوەر پێکهاتووە، لەم بەشەدا باس لە ڕەگ و ڕیشەی ناوی (باڵەک) و شوێنی جوگرافی باڵەکایەتی کراوە، کە تیایدا تیشک خراوەتە سەر بۆچوونەکانی تایبەت بە ناونانی ناوچەکە و عەشیرەتەکە بە باڵەک و دیاریکردنی هەڵکەوتەی

جوگرافی ناوچەکە و باسکردنێکی لایەنی جوگرافیی باڵەکایەتی. هەروەها باس لەلایەنی کارگێڕی ناوچەکە و پێکهاتەی هۆزایەتی ناوچەکە کراوە، تیایدا باسمان لە گۆڕانکارییە کارگێڕییەکانی ناوچەکە کردووە لە ماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکەمان و تیرە و بەرەبابەکانی عەشیرەتی باڵەک و باروودۆخی

هۆزایەتی لە ناوچەکەدا کردووە. هەر لەم بەشەدا باس لە ڕۆڵ و هەڵوێستی خەڵکی باڵەکایەتی لە ڕووداو و پێشهاتەکانی ناوچەکە لە ماوەی (١٩١٤ ـ ١٩٦١) کراوە، کە تیایدا باس لە ناوچەکە کراوە لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی و داگیرکردنی ناوچەکە لەلایەن ڕوسەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵکی ناوچەکە لە دژی ڕوسەکان، باسیش لە هەڵوێستی خەڵکی باڵەکایەتی کراوە لەمەڕ بوونی دەسەڵاتی ئینگلیز لە ناوچەکە و هاتنەوەی تورکەکان بۆ ناوچەکە، تیشکیش خراوەتە سەر بەشداریی خەڵکی باڵەکایەتی لە حکومەتەکانی عێراق، لەگەل تیشک خستنەسەر ڕۆڵ و بەشداریی خەڵکی باڵەکایەتی لە پێشهات و کۆمەڵە و پارتە کوردییەکاندا. لە کۆتایی ئەم بەشەش باس لە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول کراوە.

بەشی دووەمی توێژینەوەکەمان بە ناونیشانی (ڕووداوەکانی سەرەتای شۆڕش لە باڵەکایەتی و ڕزگارکردنی ناوچەکە و بوونی بە بنکەی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول)، لە چوار تەوەر پێکهاتووە، کە تیایاندا باس لە بارودۆخی باڵەکایەتی لە ماوەی کێشەی نێوان بەشێک لە هۆزە کوردییەکان لەگەڵ حکومەتی عێراق لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم و ڕاپەڕینی خەڵکی باڵەکایەتی لە سەرەتای شۆڕش کراوە، هەروەها تیشکخراوەتە سەر هەڵوێستی سوپا و بەکرێگیراوان (جاش) لە دوای شکستی ڕاپەڕینەکە لە ناوچەی باڵەکایەتی، باسیش لە ڕزگارکردنی ناوچەکە لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٢ و گرینگترین جموجۆڵە سەربازیەکان بۆ ڕزگارکردنی ناوچەکە کراوە، لەگەڵ باسکردنی بوونی ناوچەکە بە بنکەی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول و گرینگترین ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی هەڵبژاردنی ناوچەکە، باسیش لە گرینگترین بنکە و بارەگاکانی شۆڕش کراوە لە ناوچەی باڵەکایەتی.

بەشی سێیەمی توێژینەوەکەمان بە ناونیشانی ( پێگەی باڵەکایەتی و ڕۆڵی خەڵکەکەی لە شۆڕش و کاریگەرییەکانی شۆڕش لەسەر ناوچەکە)، لە پێنج تەوەر پێکهاتووە، کە باس لە پێگەی سیاسی و سەربازی و ئابووریی باڵەکایەتی کراوە لە ماوەی شۆڕشدا، کە ناوچەکە پێگەیەکی گرنگی هەبووە، هەروەها باسیش لە ڕۆڵی خەڵکی ناوچەی باڵەکایەتی چ لەڕووی پێشوازی و هاوکارییەکانی خەڵکی ناوچەکە بۆ شۆڕش و چ ڕۆڵی خەڵکەکە وەک پێشمەرگە و بەشدارییان لە شەڕەکاندا کراوە. تیشکیش خراوەتە سەر بارودۆخی خەڵکی سڤیل لە ماوەی شۆڕشدا و کاریگەریەکانی شۆڕش لەسەر ناوچەکە. لە کۆتاییشدا ئەم ئەنجامانەمان خستوونەتە ڕوو کە لە میانی توێژینەوەکەمان پێیان گەیشتووین.

لە ئامادەکردنی هەر توێژینەوەیەکی زانستیدا، بەتایبەت بابەتەکانی مێژووی هاوچەرخ، توێژەر ئاستەنگی زۆری دێتە بەردەم، یەکێک لە ئاستەنگە هەرە دیارەکان، نەبوونی بەڵگەنامەی بڵاونەکراوە بوو، سەردانی زۆرێک لە کارەکتەرە دیارەکانی ناوچەکەمان کرد بە مەبەستی دەستخستنی بەڵگەنامە، یاخود دەستنووسی خەڵکی ناوچەکە لە ماوەی شۆڕش، بەڵام نەمانتوانی لەم بوارەدا کارێک بکەین، چونکە هەموو ئەوانەی کە سەردانمان کردن هیچ بەڵگە نامەیەکیان لا نەبوو، سەبارەت بە دەستخستنی

دەستنووسیش، هەندێکیان بیریان لە نووسینی ڕووداوەکان هەر نەکردۆتەوە، هەندێکیشیان دەیانوت کەوا زۆرێک لە ڕووداوەکانی ناوچەکەیان لە ماوەی شۆڕشی ئەیلوولدا تۆمار کردوون، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ناوچەی باڵەکایەتی لە کاتی نسکۆ زۆربەی خەڵکەکەی ئاوارەی ئێران بوون، یاخود لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٧ـ١٩٨٣ تەواوی خەڵکی ناوچەکە ڕاگوێزراون بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان، دەستنووسەکانیان نەماون، تەنانەت هەندێکیان لە ترسی گیران و سزادانیان خۆیان دەستنووسەکانیان لەناوبردوون؛ چونکە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول ساڵی ١٩٧٥ هەبوونی هەر بەڵگەنامەیەکی تایبەت بە شۆڕش یان پارتی لە لای کەسێک یاخود لەماڵێک بە تاوانێکی زۆر گەورە دادەنرا. گرفتێکی تر ئەوەبوو کە هیچ کەسێکی ناوچەکە یاداشتی ژیانی نەنووسیوەتەوە، ئەمەش وای کرد کە زیاتر پشت بە یاداشتی خەڵکی تر ببەستین کە لەم ناوچەیەدا بەهۆی کاری سیاسی و سەربازی ژیاون، ئەوانیش سەرەڕای ئەوەی کە زۆرێکیان ماوەیەکی زۆر لە ناوچەی باڵەکایەتی ژیاون بەڵام هەوڵیان نەداوە باسێکی بارودۆخی ناوچەکە و ڕۆڵی خەڵکی ناوچەکە لە ماوەی شۆڕشدا بکەن، بەڵکو هەریەکەیان زیاتر هەوڵی داوە دەور و ڕۆڵی خۆی تۆمار بکات، گرفتێکی تر نەبوونی هیچ بەڵگەنامەیەک بوو لە فەرمانگە حکومییەکانی ناوچەکە، ئەوانیش هەمان بیانووی ڕاگواستنی ناوچەکەیان هەبوو.

لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەمان پشتمان بەستووە بە سەرچاوەی جۆراوجۆری وەکو چاوپێکەوتن و دۆکۆمێنتی بڵاوکراوە و بڵاونەکراوە و یادداشتی کەسایەتییەکان و کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار و نامەی ماستەر و تێزی دکتورا و ....هتد. بەپلەی یەکەمیش پشتمان بەو زانیارییانە بەستووە کە لە ڕێگەی سازدانی دیدارەکانمان بەدەستمان هێناون؛ چونکە ئەو کەسایەتییانەی کە دیدارمان لەگەڵدا ساز کردوون بەشدار و هاوسەردەمی ڕووداوەکان بوونە. لە نێو کتێبەکانیشدا زیاتر پشتمان بەوانە بەستووە کە نووسەرەکانیان لەنێو ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەدا ژیاون یاخود خۆیان بەشداری شۆڕشی ئەیلوول بوونە، لەوانەش کتێبەکەی مەسعود بارزانی (بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی ١، ٢)، کە نووسەر سەرەڕای ئەوەی کوڕی سەرکردەی شۆڕشی ئەیلوول بووە، خۆشی کارەکتەرێکی سەرەکیی ڕووداوەکانی شۆڕش بووە و پەرتووکەکەی چەندین بەڵگەنامەی گرینگی لەخۆ گرتووە. هەروەها کتێبەکەی ئی. ئار. لیچ (ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردی ڕەواندز)، نووسەر خۆی ساڵی ١٩٣٨ سەردانی ناوچەی باڵەکایەتی کردووە و زانیاریی بەسوودی لەمەڕ ناوچەکە بۆ تۆمار کردووین، لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەمان سوودی زۆرمان لێ بینیوە، سوودی زۆرمان لە یاداشتەکانی شەوکەت مەلا ئیسماعیل (ڕۆژانێ لە مێژووی شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١ـ ١٩٧٥)، وەرگرتووە، ناوبراو خۆی یاوەری مەلا مستەفای بارزانی بووە لە کاتی هاتنی بۆ ناوچەی باڵەکایەتی ساڵی ١٩٦٢ و ڕووداوەکانی ناوچەکەی تۆمار کردوون. یاداشتەکانی عەبدوڵڵا پشدەری بەتایبەت بەشی دووەم لە یاداشتەکانی ( شۆڕشی ئەیلوول ساڵی ١٩٦١ دژی ڕژێمی قاسم)، ناوبراو خۆی بەشداریی شەڕەکانی ناوچەکەی کردووە

هەر لەساڵی ١٩٦٢ تاکو  نسکۆی شۆڕش، ناوبراو لە ساڵی ١٩٦٤ تاکو نسکۆی شۆڕش فەرماندەی هێزی باڵەک بووە. ئەم سەرچاوانە و چەندین سەرچاوەی تر کە لە لیستی سەرچاوەکاندا ئاماژەمان پێداون زانیاریی زۆرمان لێ وەرگرتوون. ئەو بەڵگەنامانەش کە لە پاشکۆ ئاماژەمان پێداون توێژینەوەکەمانیان دەوڵەمەندتر کردووە. سوودی زۆریشمان لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان وەرگرتووە، بەتایبەت (ڕۆژنامەی خەبات، گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، گۆڤاری باڵەک و هەفتەنامەی هەڵگۆرد). بەڵام لەگەڵ گرنگیی ئەم سەرچاوانە دەبێ بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین، چونکە بەشێکیان لایەنگیرییان پێوە دیارە.

لە کۆتاییدا هیوادارم ئەم توێژینەوەیە کە دەبێتە یەکەم بەرهەمی مێژوویی ــ ئەکادیمی تایبەت بەم ناوچەیە، ببێتە هاندەرێک بۆ توێژینەوەی تر، هیچ کارێکیش بێ کەموکوڕی نابێت، چونکە تەنها خودا لە کەموکوڕی بەدەرە.

# بەشـــی یەکـــــەم
# کورتەیەک لە مێژووی باڵەکایەتیی بەر لە سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوول

# تەوەری یەکەم
# ڕەگ و ڕیشەی ناوی باڵەک و هەڵکەوتەی جوگرافیی باڵەکایەتی

باسکردنی ناو و شوێنی جوگرافی هەر شوێنێک کە توێژینەوەیەکی مێژوویی لەسەر ئەنجامبدرێت، بۆ توێژینەوەکە کارێکی پێویستە، تاوەکو خوێنەر شوێنی دیاریکراوی توێژینەوەکە بناسێت.

## أ/ ڕەگ و ڕیشەی ناوی باڵەک

سەبارەت بە ڕەگ و ڕیشەی ناوی هەر شوێنێکی جوگرافی کە مێژووەکەی کۆن بێت، گریمانە و بیروبۆچوونی جیاواز لەسەر بنچینەی ناوەکە دروستدەبێت؛ چونکە بەڵگەی ڕاست و دروست لەبەردەست نین. لە بارەی ئەوەی کە ناوی باڵەک لەچییەوە هاتووە چەند بیروبۆچوونێک هەن.

یەکێک لە بۆچونەکان ئەوەیە کە ناوی باڵەک لە باڵاکێوەوە هاتووە[١]، باڵا واتا بەرز و کێو واتا چیا، کەواتە باڵاکێو واتای چیای بەرز دەگەیەنێت؛ ئەم وشەیە بە درێژایی مێژوو گۆڕانی بەسەردا هاتوە و بۆتە باڵەک[٢]، زنجیرەیەک چیای بەرز ئەم ناوچەیەی لە هەموو لایەکەوە لە باوەش گرتووە[٣]، وەک چیای هەڵگۆرد کە بەرزترین چیای هەرێمی کوردستان و عێراقە و بەرزییەکەی (٣٦٠٧)م[٤]، کۆمەڵێک چیای تریش وەک (حەساری سەکران، چیخی دەرێ، بەردەبووك، کۆدۆ و مامەڕووت) و چەندانی تر، بۆیە لە شوێنی خۆیەتی دەڤەرەکە ناوی باڵاکێو بێت[٥].

بۆچوونێکی تر پێیوایە ناوی باڵەک لە باڵاوە هاتوە، چونکە خەڵکی ناوچەکە زۆربەیان باڵا بەرزن[٦]. بەڵام ئەم بۆچوونە تایبەتمەندی بۆ ناوچەکە تیانیە، چونکە هەموو خەڵکەکەی باڵا بەرز نیین.

---

(١) جمال بابان، أصول أسماء المدن و المواقع العراقية، الجزء الأول، مطبعة المجمع العلمي الكردي، (بغداد، ١٩٧٦)، ص٣٥.

(٢) إسماعیل محمد خضر شكاك، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دۆڵی باڵەکایەتی ((توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژی کۆمەڵایەتییە لە شارەدێی حاجی ئۆمەران)) تێزی دکتۆرا، بڵاونەکراوە، پێشکەش بە بەشی کۆمەڵناسی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین کراوە، ٢٠١٣، ل١٥؛ سامان ئیدریس گرتکی، وردە باسێک لەسەر مێژووی باڵەکایەتی، گۆڤاری باڵەک، ژمارە (٧) چۆمان، ئاداری ٢٠٠٩، ل١٣.

(٣) مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، شۆڕشی ئەیلول (١٩٦١-١٩٧٥)، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، و: لیژنەیەک، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، (هەولێر، ٢٠٠٤)، ل٧٤.

(٤) عبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای کوردستان، چاپخانەی خانی، چ٥، (هەولێر، ٢٠٠٨)، ل٣٢.

(٥) نادر ڕوستی، چۆن دەتوانین گەشتوگوزار بۆ دەڤەری باڵەکایەتی بکەین بە سەرچاوەی داهات، هەفتەنامەی هەڵگۆرد، ژمارە (٥٠)، ٢٠-٥-٢٠١٠، ل٥.

(٦) نیعمەت میر سادق، باڵەکایەتی بنکەی خەبات و لانکەی شۆڕش و کوردایەتی، گۆڤاری باڵەک، ژمارە(٤)، چۆمان، ئەیلوولی ٢٠٠٨، ل١٠.

دیدێکی تر لەسەر ناوی باڵەک ئەوەیە کە ناوی باڵەک لە (باڵەکان) هاتووە، کە چەند تیرەیەک و گرووپێک هاتوون لە ناوچەکەدا گیرساونەتەوە و هەریەکەیان باڵێک بوونە بۆ خۆیان، بۆیە بەم ناوچەیە وتراوە ناوچەی باڵەکان[١].

بۆچوونێکی تر پێیوایە کە بەشێک لە خەڵکی عەشیرەتی (لەک) کۆچیان کردبێ و لەو ناوچەیە مابنەوە و دواتر ناوەکەیان بووە بە باڵەک[٢].

سەرەڕای چەند بۆچوونێک لەسەر ناوی باڵەک، پێمانوایە بۆچوونی ئەوانە لە ڕاستیەوە نزیکە کە دەڵێن ناوی باڵەک لە باڵاکێوەوە هاتوە؛ چونکە ئەم ڕایە تایبەتمەندی بۆ ناوچەکە تیایە کە ناوچەیەکی شاخاوییە و پێیەوە بەناوبانگە لە هەموو لایەکەوە بە چیا دەورە دراوە و بەرزترین لوتکە چیای عێراق و باشووری کوردستانیش دەکەوێتە ئەم ناوچەیەوە کە لوتکە چیای هەڵگۆردە، هەروەها زۆرترین کەسیش لەسەر ناوی باڵەک ئاماژە بەم بۆچوونە دەکەن، کەواتە ناوی عەشیرەتی باڵەک لە شوێنە جوگرافییەکەیەوە وەرگیراوە.

## ب/ هەڵکەوتەی جوگرافیی باڵەکایەتی

باڵەکایەتی ناوچەیەکی سنوورییە و دەکەوێتە باشووری کوردستان و باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر[٣]. ناوچەی باڵەکایەتی کەوتۆتە سەرووی ڕووباری ڕواندز[٤]، نزیکەی ١٧٠کم لە شاری هەولێر دوورە[٥].

سنووری ناوچەی باڵەکایەتی لە ڕۆژهەڵاتەوە وڵاتی ئێرانە و لە ڕۆژئاواوە قەزاکانی سۆران و ڕواندزە و لە باکوورەوە وڵاتی ئێران و ناوچەی برادۆست (سیدەکان)ە و لە باشووریشەوە ناوچەی پشدەر (ڕانیە)یە[٦].

---

(١) گۆران شاخەوان، چەپکێک لە زمان و فەرهەنگی باڵەکایەتی، چاپخانەی شەهاب، (هەولێر، ٢٠١٥)، ل١٦.

(٢) هـ .س، ل١٦.

(٣) کاردۆ، جوگرافیای باڵەکایەتی لە ڕوانگەی سروشتی، هەفتەنامەی هەڵگۆرد، ژمارە (٢)، ١٢-٤-٢٠٠٦، ل٥.

(٤) محمد ئەمین زەکی، کورد و کوردستان، چاپخانەی دار السلامی، (بغداد، ١٩٣١)، ل٣٤٣؛ شێخ محمد مەردۆخی کوردستانی، مێژووی کورد و کوردستان، و: زانەر محمد، بڵاوکراوەی کتێبخانەی ئاوێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، (هەولێر، ٢٠١١)، ل٨٦-٨٧.

(٥) نادر ڕوستی، باڵەکایەتی لە پێگەی شۆڕشەوە بۆ پێگەی ئاوەدانی و گەشتوگوزار، گۆڤاری باڵەک، ژمارە (٥)، چۆمان، تشرینی دووەمی ٢٠٠٨، ل٢٢.

(٦) إسماعیل محمد خضر شکاک، س.پ، ل١٤؛ ئیسماعیل عوسمان، دەڤەری باڵەکایەتی لە ڕووی تۆبۆگرافی و جوگرافیا و کارگێڕییەوە، گۆڤاری باڵەک، ژمارە (١)، چۆمان، ئاياری ٢٠٠٨، ل٢٩؛ نادر ڕوستی، باڵەکایەتی لە پێگەی شۆڕشەوە........، ل٢٤.

سەبارەت بە سنووری ناوچەی باڵەکایەتی، تەنها لە سنووری ڕۆژئاوای باڵەکایەتی تێڕوانینی جیاواز هەیە، ئەم جیاوازییەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە هەندێک سەرچاوە باس لەوە دەکەن کەوا سنووری باڵەکایەتی لە لای ڕۆژئاوای لە گوندی (بەرزێوە)[١] دەستپێدەکات[٢]، هەندێک سەرچاوەی تر باس لەوە دەکەن کە ئەم سنوورە لە پردی حافزەوە دەست پێدەکات[٣].

ئەوەی ئەو بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە کە سنوورەکە لە گوندی (بەرزێوە) دەستپێدەکات ڕای خەڵکی ئەم ناوچانەن؛ بۆ نموونە خەڵکی بەرزێوە خۆیان بە باڵەک دەزانن و پێیانوایە ئەوان بەشێکن لە عەشیرەتی باڵەک[٤]، سەبارەت بە خەڵکی گوندی وەرتێ، مەلا محەمەد مەلا مەعروف وەرتی نوسیویەتی: "وەرتێ گوندەکە سەر بە عەشیرەتی سۆران دانراوە، بەڵام ئێستا وا مەشهورە کە باڵەکە"[٥].

دەکرێ بڵێین سنووری کارگێڕیی قەزای چۆمان، بە سنووری عەشیرەتی باڵەکیش دانراوە، بۆیە ئەم جیاوازیە دروست بووە، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین لە ئێستادا زۆرینەی خەڵکی ئەو ناوچانەی بیروڕای جیاوازیان لەسەرە، خۆیان بە باڵەک دادەنێن.

هەڵکەوتەی باڵەکایەتی بە گوێرەی هێڵی پانی و درێژیی گۆی زەوی، کەوتۆتە نێوان هێڵی پانی (٣٦) پلە لە باکوور و هێڵی درێژی (٤٤) پلە لە ڕۆژهەڵات، لەڕووی تۆپۆگرافیاوە باڵەکایەتی دەکەوێتە ناوچەی چیا بەرزەکان، کە لە نێوان (١٥٠٠_٣٦٠٧)م لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزن[٦].

ژمارەیەکی زۆر چیا لە ناوچەکەدا هەیە، وەک لوتکەی هەڵگۆرد بەرزییەکەی (٣٦٠٧م)ە و بەرزترین لووتکە چیای باشووری کوردستانە[٧]، هەروەها چیاکانی سەکران (٢٤٣٤م) و گردەمەند (٢٢٨٥م) و شێخ ناسر و کۆدۆ و مامە ڕووت و چەندانی تر[٨]، چیاکانی ناوچەی باڵەکایەتی بە چیای بەرز و سەخت

---

(١) بەرزێوە گوندێکە لەڕووی کارگێڕییەوە سەر بە قەزای ڕواندزە، دەکەوێتە سەر ڕێگای هاملتۆن، لە ماوەی شۆڕشی ئەیلوولدا خاڵی بەیەکگەیشتنی نێوان شۆڕشی ئەیلوول و حکومەتی عێراقی بووە.

(٢) عباس العزاوی، عشائر العراق، ج١-٢، (بغداد، ١٩٤٧)، ص١٣٩؛ إسماعيل محمد خضر شكاك، س.پ، ل١٥.

(٣) مەلا ئەحمەدی حەداد دەرگەڵەیی، ڕواندز..باڵەک...برادۆست (مێژوو، جوگرافیا، کۆمەڵایەتی، ئابووری، پیاوە ناودارەکان )، ئامادە کردن و پێداچوونەوەی زرار محەمەد مستەفا، چاپخانەی هێڤی، (ڕواندز، ٢٠١٥)، ل١٠٣؛ ئی.ئار.لیچ، ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردی ڕەواندز، و: عەزیز گەردی، چاپخانەی ڕوون، (سلێمانی، ٢٠٠٥)، ل٣١-٣٢.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ زبێر وسو حوسێن، ناسراو بە مەلا زبێر بەرزێوەیی، ٢٠١٦/١٢/٢١، بەرزێوە.ناوبراو ساڵی ١٩٥٧ لەدایک بووە، ساڵی ١٩٦٣ دەستی بە خوێندنی ئایینی کردووە، ساڵی ١٩٨٠ بووەتە ئیمامی مزگەوتی زێوە، ئێستا ئیمامی مزگەوتی بەرزێوەیە و لە بەرزێوە نیشتەجێیە.

(٥) مەلا محمد مەلا معروف وەرتی، باسێک لەبارەی (وەرتێ)ی کۆن و تازە، (ب.ش، ١٩٩٦)، ل١.

(٦) ئیسماعیل عوسمان، س.پ، ل٢٩؛ کاردۆ، جوگرافیای باڵەکایەتی لە ڕوانگەی سروشتی، ل٥؛ بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١).

(٧) عەبدوڵڵا عامر عومەر، بەرزی و نزمی ڕووی زەوی هەرێمی کوردستان، لە: کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ، جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، و: سەنتەری برایەتی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، (هەولێر، ١٩٩٨)، ل٥١؛ عبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای باشووری کوردستان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چ٢، (هەولێر، ٢٠١٢)، ل٣٢.

(٨) نادر ڕوستی، گەشتێک بۆ گەشتو گوزار، چاپخانەی ڕوکسانا، (هەولێر، ٢٠١١)، ل١٣٢.

ناسراون و درز و کەلێنی گەورەیان تێدایە[1]، هەروەک هامڵتۆن[2] لە وەسفی دۆڵی باڵەکایەتی نوسیویەتی: "دۆڵێکی قووڵ و سەختە کە هەر چوار دەوری بە شاخی بەرز گیراوە و تەنراوە"[3].

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییە جوگرافییەکانی ناوچەکە کە جوانی و گرنگییەکی زۆری پێبەخشیوە، بوونی چەندین دۆڵە، کە لە ئەنجامی بەرزی و نزمی خاکەکەیەوە دروستبوونە وەک دۆڵەکانی (ڕوستێ، خانەقا، قەسرێ و باڵەییان، سەکران، خۆشکان و باسان، ناوەندە، گوندەژۆر، وەڵزێ، دۆڵە منجەل و دۆڵ کروش) و چەندان دۆڵی تری بچووک[4]، هەریەک لەم دۆڵانە گرنگیی خۆی هەیە. لە ئەتڵەسی پارێزگای هەولێر دۆڵی ڕوستێ بە یەکێک لە بەناوبانگترین دۆڵەکانی پارێزگای هەولێر دیاریکراوە[5].

بەهۆی ئەوەی ناوچەکە چەندین چیای بەرز و دۆڵی قووڵ و گەورەی تێدا هەڵکەوتووە ئاووهەواکەی جیاوازە لەگەڵ بەشێک لە ناوچەکانی تری کوردستان، چونکە شێوەکانی بەرزی و نزمی لە ئاستی ڕووی دەریا کاریگەریی گەورەیان لەسەر پلەکانی گەرما هەیە، تاوەکو بەرەو ناوچە بەرزەکان بڕۆین پلەی گەرما نزمتر دەبێتەوە[6].

ناوچەی باڵەکایەتی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئاوو هەوای دەریای ناوەراست، لە هاویندا ئاووهەواکەی مامناوەندییە[7]، پلەی گەرمی جار جار بەرەو (٣٥) پلەی سەدی بەرزدەبێتەوە، زستانیشی ساردە و لە هەندێک کاتدا پلەی گەرمی بۆ خوار سفر پلەی سەدی دادەبەزێت[8]، لەسەر ئاستی عێراق لە هاویندا نزمترین پلەی گەرما لەسەر چیا و بناری چیاکانی ناوچەکە تۆماردەکرێت زۆرترین ڕێژەی بەفری لێ دەبارێت[9]، بە شێوەیەک کە لە چیای حەساری سەکران بەفری نوێ بەسەر بەفری کۆندا دەبارێتەوە، واتە هەر چوار وەرزی ساڵ ئەم چیایە بەفری لێیە، لە وەرزی زستاندا بایەکی سارد هەندێک

---

(١) کاردۆ، جوگرافیای باڵەکایەتی لە ڕوانگەی سروشتی، ل٥.

(٢) ناوی ئەو ئەندازیارە ئینگلیزیە کە لە نێوان ساڵانی ١٩٢٧-١٩٣٢ لە عێراقدا کاری ئەندازیاری کردووە و ئەندازیاری ڕێگای هەولێر ـــ حاجی ئۆمەران بووە، ئەم ڕێگایە (١٧٠) کم درێژە و هەولێر بە وڵاتی ئێران دەبەستێتەوە.بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: ا.م.هامڵتن، ڕێگایەک بە کوردستاندا، و: عەلی عەبدولڕەحمان عەسکەری، چاپخانەی هەولیر، (هەولێر، ٢٠١٣).

(٣) هـ.س، ل٢٠٢.

(٤) جەلال سنجاوی، گەلاڵە لانکەی شۆڕش و مەڵبەندی ڕۆشنبیری باڵەکایەتی، گۆڤاری هەولێر، ژمارە (١٢)، (پایزی ٢٠٠١)، ل١١٨؛ نادر ڕوستی، گەشتێک بۆ گەشتو گوزار، ل١٣٣.

(٥) هوشیار محمدأمین ڕشید خۆشناو و سەردار محمد عبدالرحمن، ئەتڵەسی پارێزگای هەولێر، ( مێژوویی ـ کارگێڕی ـ سروشتی ـ مرۆیی ـ ڕامیاری ـ ئابووری ـ ئامار)، چاپخانەی تێنووس، (هەولێر، ٢٠١٠)، نەخشەی ژمارە (٦٧)، ل١٠٤.

(٦) ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، ئاوو هەوای لۆکاڵی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، (هەولێر، ٢٠١٠)، ل٥٦-٥٧.

(٧) ئازاد نەقشبەندی، کەشوهەوای هەرێمی کوردستانی عێراق، لە: کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ، س.پ، ل٧٨.

(٨) کاردۆ، جوگرافیای باڵەکایەتی لە ڕوانگەی سروشتی، ل٥.

(٩) نادر ڕوستی، گەشتێک بۆ گەشتو گوزار، ل١٣٢.

شوێنی ناوچەکە دەگرێتەوە کە خەڵکەکەی بێزاردەکات، ئەویش بای باکووری ڕۆژهەڵاتە، لە لای خەڵکی ناوچەکە بە زریان ناسراوە[1].

چیای بەرز و چەند دۆڵێک لە ناوچەکەدا وەک لە پێشوتردا باسمانکرد، وایکردووە خێرایی با لە ناوچەکەدا زۆربێت؛ چونکە بەرزی و نزمی زەوی کاریگەریی لەسەر خێرایی با دەبێت؛ لەبەر ئەوەی کاتێک چیا بەرزەکان دەبنە بەربەستی بەردەم بای هاتوو، ئەوا با ئاراستەی خۆی بەرەو لێوارەکانی چیاکان دەگۆڕێت و خێراییەکەی زیاددەکات، کاتێکیش با بەئاراستەی دۆڵێکی تەسکی نێوان دوو چیا هەڵدەکات خێراییەکەی زیاددەکات[2].

خاکی هەر ناوچەیەکی سەر ڕووی زەوی خەسڵەتی تایبەت بەخۆی هەیە و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆشی بەو فاکتەرانەوە هەیە کە بوونەتە هۆی دروستبوونی، بەتایبەتی ئاووهەوا و جۆری بەرد، جا لەبەر ئەوەی ئاووهەوا و بەرد لە باشووری کوردستاندا هەمە جۆرن، بێگومان خەسڵەتەکانی خاکیش هەمەجۆر دەبن[3].

خاکی ناوچەی شاخاوی بەتایبەتی لە بەرزاییە ڕکەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی باشووری کوردستاندا بە گشتی تەنکە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خۆنەگرتنی لە بەرانبەر داماڵینی بەردەوام، خاکەکەی خاکێکی خۆجێییە و سوودی بۆ شین بوونی بەرهەمی کشتووکاڵی نییە، بەتایبەتی گەنم و جۆ، بەڵام بە لەوەڕگا دەوڵەمەندە و بووەتە هەوارگەی ڕەوەندەکان لە وەرزی هاویندا[4]، لەبەرئەوەی باڵەکایەتی ناوچەیەکی شاخاویە، دەوروبەری ئەم شاخانە کوێستانن و هاوینان ڕەوەندە کۆچەرەکان لە ناوچە گەرمەکان دەچنە کوێستانەکانی باڵەکایەتی[5].

سەرەڕای ئەوەی کە خاکەکەی لە چیاکان بۆ کشتوکاڵ بەسوود نییە، بەڵام جۆری خاکەکەی لە سەر ڕووبارەکان کە دەکەونە خوارەوەی چیاکان لە ناو دۆڵەکان بە خاکی ئەستوور و بەپیت ناسراون و سوودێکی زۆری بۆ کشتوکاڵ هەیە[6].

سەبارەت بە خاکەکەی بە شێوەیەکی گشتی لە سنووری پارێزگای هەولێر بە شوێنێکی گرینگی دارستانە چڕەکان (زەوی دارستان و دارۆچکەی ئەلبی) و گژوگیا دادەنرێت[7]، بەشێکی تری خاکەکەی

---

(١) ئیسماعیل عوسمان، س.پ، ل٣٠.

(٢) ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، ئاوو هەوای لۆکاڵی، ل٧٠-٧١.

(٣) عبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای باشووری کوردستان، ل١٠٥.

(٤) هـ .س، ل١٠٨

(٥) زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، هەرێمی باڵەکایەتی، گۆڤاری باڵەک، ژمارە (٥)، چۆمان، تشرینی دووەمی ٢٠٠٨، ل١٣.

(٦) کاردۆ، جوگرافیای باڵەکایەتی لە ڕوانگەی سروشتی، ل٥.

(٧) هوشیار محمدأمین ڕشید خۆشناو و سەردار محمد عبدالرحمن، س.پ، نەخشەی ژمارە (٤٥)، ل٨٢.

بریتییە لە بەردە بنەڕەتیەکان و وردە بەرد لە شوێنە بەرزەکان و بەردە بنەڕەتی و قسڵیە بنچینەییەکان و نیشتوەکانی کەشوهەوای دەریای ناوەڕاست[1].

ناوچەکە لەبەر ئەوەی بەفر و بارانێکی زۆری لێ دەبارێت بۆتە سەرچاوەی چەند ڕووبار و کانیاوێک کە سوودێکی زۆریان بە ناوچەکە گەیاندووە، ئەگەر باس لە ڕووبارەکانی ناوچەکە بکەین ئەوا هەریەک لەو دۆڵانەی کە لە ناوچەکەدا هەن ڕوباری تایبەت بە خۆیان هەیە و دەڕژێنە سەر ڕووباری سەرەکیی ناوچەکە، سەرچاوەکەی لە حاجی ئۆمەرانەوە دەستپێدەکات لە هەردوو ئاوی شیوەڕەش و سیبەرە، ڕووبارێک پێک دێت، دواتر بەرەو خوار تا دەگاتە گوندی ڕایات و لەوێ ڕووباری ئاڵانەی تێکەڵ دەبێت، دواتر لە گوندی دەربەند ڕووباری گوندەژۆری تێکەڵ دەبێت[2] و وردە وردە ئاوی ڕووبارەکە زیاد دەکات و تیژڕۆ دەبێت، بەشێوەیەک ئەگەر ئەم ڕووبارە لە وڵاتێکی پێشکەوتوو بوایە ئەوا هێزی ڕووبارەکە سوودی لێ وەردەگیرا بۆ مەبەستی پیشەسازی و کەڵک وەرگرتن لە وزەکەی بۆ کارگەکان[3]، دواتر هەریەکە لە ڕووبارەکانی (ناوەندە، باسان، سەکران، دۆڵی خانەقا، وەرتێ و دۆڵی ڕوست) یەکدەگرن و تێکەڵ بە ڕووباری ڕواندز دەبێت[4].

ناوچەکە ژمارەیەکی زۆری کانیاوی لێیە، بەشێوەیەک تەنها لە سنووری ناحیەی حاجی ئۆمەران نزیکەی (٢٦٠) کانیاو هەیە[5]، چەند تاڤگەیەکی بەرز و جوانیش لەم ناچەیەدا هەن گرنگترینیان تاڤگەکانی (کانی بەستێ)[6] و (کانی پڕژێ)[7] نە[8]، چەند کانیاوێکی کانزایی و (دەرماناو، گەڕاو)یشی لێیە وەک کانیەکانی ( شێخی باڵەک) لە حاجی ئۆمەران و (کانی مامەر) لە نێوان گوندەکانی ڕوست و گرتک و ( کانی پیری باغ) لە بەرانبەر گوندی ڕوست[9].

لە ناوچەکەدا کۆمەڵێک شوێنەوار هەن کە هەندێکیان تۆمارکراون و ناسراون، وەک شوێنەوارەکانی (قەڵای سویرێ، مەمی خەلان، شاخی سەنەم، شیوەلۆک، کانی ڕەفێلێ، وەڵزە، گردی خەزێنە، مژدەینان،

---

(١) هـ.س، نەخشەی ژمارە (٤٦)، ل٨٣.

(٢) وریا ڕەحمانی، کوردستان و کورد لە ڕوانگەی نەخشەوانییەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، (هەولێر، ٢٠٠٩)، ل٤٤٩-٤٥١؛ عبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای کوردستان، ل٨٩-٩٠.

(٣) دڵدار عەبدولغەفوور باڵەکی، کوردستانی عێراق لە گەشتەکەی (جۆستن بێرکنس) لە ساڵی ١٨٤٩ز، گۆڤاری هەولێر، ژمارە (٧)، هەولێر، هاوینی ٢٠٠٠، ل٨٨.

(٤) وریا ڕەحمانی، س.پ، ل٤٤٩-٤٥١؛ کاردۆ، ڕوباری باڵەک و لقەکانی، هەفتەنامەی هەڵگۆرد، ژمارە (١٥)، ١٥-١-٢٠٠٧، ل٦.

(٥) إسماعیل محمد خضر شکاک، س.پ، ل٦٤-٦٥.

(٦) تاڤگەیەکی بەرزەو کەوتوەتە نزیک گوندی (وەڵزێ) لە سنووری ناحیەی قەسرێ.

(٧) کەوتوەتە نزیک گوندی (ئێنێ) لە سنووری قەزای چۆمان.

(٨) نادر ڕوستی، گەشتێک بۆ گەشتو گوزار، ل١٣٣.

(٩) عبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای باشووری کوردستان، ل٩٤؛ نادر ڕوستی، گەشتێک بۆ گەشتو گوزار، ل١٣٣.

قەبرستانی مەزنان، قەسرێ، زەوی کاولان، گۆرۆنی، کاولی غەفان، ڕوست، قەڵای مالوشک، شێخان و قەڵا و سارداوی گوندی ڕوستێ)، هەروەها (١٣٥) ئەشکەوت و (١١) قەڵای لێیە[١].

ناوچەی باڵەکایەتی بەو پێیەی دەکەوێتە سەر سنوور و ڕێگای گشتی هاملتۆنی پێدا ڕەتدەبێت و ئێران و هەرێمی کوردستان بەیەکەوە دەبەستێتەوە بە ناوچەیەکی ستراتیژی و بازرگانی دەژمێردرێت[٢].

بەهۆی هەڵکەوتەی سروشتی دەڤەرەکە و زۆری دۆڵ و چیای بەرز و ئاو و دارستان و فێنکی ئاووهەواکەی لە هاویندا، ئەم ناوچەیە ناوچەیەکی گەشتیارییە و لە کۆنەوە هەندێک شوێنی گەشتیاریی لێدروستکراوە، وەکو کەمپی گەشتیاریی ئازادی لە حاجی ئۆمەران[٣]، کە لە کاتی سەردانی مەلیک فەیسەل بۆ (حاجی ئۆمەران)[٤] لە ساڵی ١٩٣٢، بڕیاریدا میوانخانە و چێشتخانەیەکی مۆدێرن لە حاجی ئۆمەران دروستبکرێت، بۆ ساڵی دواتر تەواو کرا و ئێستاش شوێنەوارەکەی ماوە[٥].

گوندی (دەربەندی ڕایات)[٦] یەکێک بووە لە گوندە گەشتیارییەکان و چەندین دوکان و شوێنی دانیشتن و مانەوەی گەشتیارانی هەبووە و ژمارەیەکی زۆر خەڵک، لە هاویناندا ڕووی تێدەکرد[٧]، هوتێلی دەربەند کە شوێنێکی گەشتیاریی گرنگ بووە، لە کاتی شۆڕشی ئەیلولیش سوودی لێبینرا و ببوو بە شوێنی میوانانی بیانی، هەروەک (یۆنان هورمز)[٨] نووسیویەتی: "هوتێلی پێنج ئەستێرە بوو بە پێوەری کوردستان"[٩]، کاتی ئاشتی لە نێوان شۆڕشی ئەیلول و حکومەتەکانی عێراقی خەڵکێکی زۆر

---

(١) هـ.س، ل١٣٦ .

(٢) جەلال سنجاوی، س.پ، ل١١٧-١١٨؛ نادر ڕوستی، چۆن دەتوانین......، ل٥.

(٣) نادر ڕوستی، چۆن دەتوانین......، ل٥.

(٤) حاجی ئۆمەران، دەکەوێتە سەر ڕێگای هاملتۆن، ساڵی ١٩٧٥ بووەتە ناحیە، لە سنووری قەزای چۆمان لە پارێزگای هەولێر، گوندێکی سنوورییە، دەروازەیەکی لێیە بەناوی دەروازەی نێودەوڵەتیی حاجی ئۆمەران: إسماعیل محمد خضر شکاک، س.پ، ل٧٧-٧٩.

(٥) تەیفور و بەختیار، میوانخانەی سەردەمی مەلیک فەیصەل لە حاجی ئۆمەران، گۆڤاری باڵەک، ژمارە (٣)، چۆمان، تەموزی ٢٠٠٨، ل٣٩.

(٦) دەربەند گوندێکە لە ناوچەی باڵەکایەتی، ڕێگای هاملتۆن بەناویدا تێپەڕ دەبێت و دەیکات بەدوو بەش، ٥کم لە ڕۆژهەڵاتی قەزای چۆمان دوورە، لەڕووی کارگێڕییەوە سەربە ناحیەی حاجی ئۆمەرانە.

(٧) یوسف ئەحمەد دەرگەڵەیی، مێژووی شاری هەولێر لە کۆنەوە تا ساڵانی شەست، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، (سلێمانی، ٢٠٠٢)، ل١٧٦-١٧٧.

(٨) یۆنان هورمز، ماوەیەکی زۆر لە ئەمریکا ژیاوە، لە ساڵی ١٩٦٩ دەگەڕێتەوە کوردستان و لە بەغدا لە ڕۆژنامەی (التآخی) کاری کردووە، دوای ئەوەی دەزانێ هەوڵی دەستگیرکردنی دەدەن، هەر لەم ساڵەدا پەیوەندی بە شۆڕشەوە دەکات و دێتە ناوچەی باڵەکایەتی، لەوێ لەبەر ئەوەی چەند زمانێکی دەزانی لەگەڵ چەند کەسێک کاروباری ڕۆژنامەوانانی پێدەسپێردرێت و لەگەڵ ڕۆژنامەنووسە بیانییەکان سەردانی شەرگەکانی دەکرد.هەروەها پێشکەشکاری ئێزگەی دەنگی کوردستان بووە بە زمانی فەرەنسی، بە گشتی لە بواری ڕاگەیاندنی شۆڕشدا کاری دەکرد.بڕوانە: یۆنان هورمز، بیرەوەریەکانم لە شۆڕشی کوردستاندا، و: ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، (دهۆک، ٢٠٠٨).

(٩) هـ .س، ل١٩٧.

سەردانی ناوچەکەیان کردووە بۆ گەشتوگوزار، پڕۆژەی گەشتیاریش بنیادنراون، بۆ نموونە لە دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ لە حاجی ئۆمەران ٢٤ خانووی گەشتیاری دروستکراون[١].

هەڵکەوتەی جوگرافیی ناوچەکە لە ڕووی سروشتی و مرۆییەوە، گرنگی و پێگەیەکی تایبەتی بە ناوچەکە بەخشیوە، بوونی چیای بەرز و دۆڵی زۆر و ڕووبار و کانیاوی زۆر و فێنک و لەباری ئاووهەواکەی لە وەرزی هاویندا و تێپەڕینی ڕێگای هاملتۆن بە ناوچەکەدا و هاوسنووربوونی لەگەڵ وڵاتی ئێران و بوونی دەروازەی نێودەوڵەتیی حاجی ئۆمەران، هەموو ئەم هۆکارانە وایکردووە ناوچەکە پێگەیەکی گرنگی سیاسی و سەربازی و ئابووریی هەبێت.

---

(١) إسماعيل محمد خضر شكاک، س.پ، ل٥٧.لە ئێستاشدا ناوچەکە ناوچەیەکی گەشتیارییە و چەندین شوێنی گەشتیاری هەیە وەک ( کانی شێخی باڵەکان، حاجی ئۆمەران، گەڵی سەکران، قەیماسان، ناوپردان، خۆشکان، باسان، ئێنێ، ناوەندێ، شیوێ زاوێ و مەکێ لە وەرتێ) و چەندان شوێنی تر.بۆ زانیاری لەبارەی گەشتوگوزاری باڵەکایەتی و ناسینی شوێنە گەشتیاریەکان بڕوانە: قادر باوەجان، گەشتوگەزار (گەشتێکی مەیدانیە بە چیاکانی کوردستاندا)، ب٢، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، (هەولێر، ٢٠٠٩)، ل١١-١٤٨؛ نادر ڕوستی، گەشتێک بۆ گەشتوگوزار، ل١٣٠-١٦٢.

## تەوەری دووەم
## لایەنی کارگێڕی و پێکهاتەی هۆزایەتیی باڵەکایەتی

بارودۆخی کارگێڕی و پێکهاتەی هۆزایەتیی ناوچەی باڵەکایەتی ڕۆڵی دیاری لە ڕووداوەکانی ناوچەکەدا هەبووە، لە ماوەی شۆڕشی ئەیلوولیش گۆڕانکاریی گەورە لەم دوو بوارەدا هاتوونەتە کایەوە، بۆیە لە خوارەوە باسی ئەم دوو لایەنە دەکەین.

### أ/ لایەنی کارگێڕی

ناوچەی باڵەکایەتی لە سەردەمی (میرنشینی سۆران)، بەشێکی گرنگی لە قەڵەمڕەوی میر محەمەد (پاشای کۆرە ــ پاشای گەورە)[١] پێکهێناوە[٢]، هەر لە سەردەمی ئەودا قایمکاریی سەربازیی تەواو لە سەر ڕووباری باڵەک و ڕوست و سمیلان و ناوچەکانی تری باڵەکایەتیدا کراوە[٣]، دەزگا و جبەخانەی چەکی لە گردی (گرد دەزگا) لە گوندی (ڕایات)[٤] هەبووە[٥].

خەڵکی ناوچەکە لە سوپای میرنشیینی سۆراندا بەشداری شەڕەکانیان کردووە، بۆ نموونە هێزێکی باڵەک بەشداربووە لە هێرش بۆ سەر میرنشینی بادینان و ڕۆڵێکی بەرچاویان بینیوە لەم شەڕەدا، هەر لەبەر ئەمەش میر محەمەد ناوچەی (باڵەک)ی خستە ژێر سایە و دەسەڵاتی خۆیەوە[٦].

بە پێی بەڵگەنامەیەک کە بۆ ساڵی ١٨٥٥ دەگەڕێتەوە، لە ناوچەی باڵەکایەتی ئەنجومەنێک هەبوو، بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری ناوچەکە، بەرپرسی ئەنجوومەنەکە بە بەڕێوەبەری باڵەک ناوی هاتووە، چەند کەسێکیش لەم ئەنجومەنە ئەندام بوون و خەڵکی ناوچەکە بوون، هەریەکەیان مۆری تایبەت بە خۆیان

---

(١) میر محەمەد پاشای گەورە ناسراو بە پاشای کۆرە لە ساڵی ١٧٧٥ز یان ١٧٨٤ز لە ڕواندز لەدایک بووە، میر محەمەد لە گوندی دێڵزەی ناوچەی باڵەکایەتی لەلای مەلا ئەحمەدی ئیبنوئادەمی خوێندووە، لە ساڵی ١٨١٣ دەبێتە میری سۆران و میرێکی بەتوانا بووە لە میرنشینەکە و سنووری میرنشینەکەی فراوان کردووە و سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاندووە، تا دواجار لە ڕێی بەڵێنی بە درۆ چووە بۆ ئەستەمبوڵ و لە گەڕانەوەی بۆ کوردستان لە ترابزۆن لە ساڵی ١٨٣٧ کوژرا، بۆ زیاتر زانیاری، بڕوانە: جمال نبز، الأمير الكردي ــ مير محمد الرواندزي، ت: فخري شمس الدين سیلاحشۆڕ، من منشورات ئاراس، ط٢، (اربيل، ٢٠٠٣).

(٢) إسماعيل محمد خضر شكاک، س.پ، ل١٥.

(٣) جەلیلی جەلیل، کوردەکانی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی، و: کاوس قەفتان، دەزگای ڕوشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، (بغداد، ١٩٨٧)، ل١٤٤.

(٤) ڕایات، گوندێکە دەکەوێتە سنووری ناحیەی حاجی ئۆمەران لە قەزای چۆمان، (١٣٠٠)م لە ڕێگای هامڵتۆنەوە دوورە، هەشت کیلۆمەتر و نیو لە سەنتەری ناحیەی حاجی ئۆمەران دوورە، یەکێکە لە گوندە کۆنەکانی باڵەکایەتی: إسماعيل محمد خضر شكاک، س.پ، ل٨٣-٨٤.

(٥) إسماعيل محمد خضر شكاک، س.پ، ل٢٧.

(٦) جەلیلی جەلیل، س.پ، ل١٥٤-١٥٥.

هەبووە، واتا ئەم ئەنجومەنە بەرپرس بووە لە چارەسەرکردنی کێشەکان و بەڕێوەبردنی ناوچەی باڵەکایەتی[١].

دوای ڕووخانی میرنشینی سۆران ساڵی ١٨٣٦، ناوچەی باڵەکایەتی سەربەخۆ ماوەتەوە[٢]، دواتر لە نەخشەی هەولێر لە ویلایەتی شارەزوور(١٨٧٠) ڕایات، وەک نشینگە هاوشانی هەولێر و ڕواندز و چەندان شاری تر تۆمار کراوە[٣].

کاتێک لە ساڵی ١٨٧٩ موسڵ بوو بە ویلایەتێکی سەربەخۆ، بارودۆخی کارگێڕیی ناوچەکە گۆڕانکاریی بەسەردا هات[٤]، یەکەیەکی کارگێڕی لەناوچەکەدا دروستبوو بە ناوی ناحیەی باڵەک کە سەر بە قەزای ڕواندز بوو لە سەنجەقی شارەزووری ویلایەتی موسڵ[٥].

هەرچەندە لە نامەیەکدا دوای جەنگی یەکەمی جیهانی کە ئاراستەی حکومەتی عێراق کراوە، داواکراوە ڕواندز بکرێتە لیوا و لە سنووری کارگێڕیی ئەو لیوایەش گوندی (ڕوست)[٦] بکرێتە قەزا و گوندی (وەڵاش)[٧] بکرێتە ناحیە[٨]، بەڵام باری کارگێڕیی ناوچەی باڵەکایەتی، لەگەڵ ئەوەی چەندین گۆڕانکاریی کارگێڕی لەسەر ئاستی کوردستان ڕوویاندا، هەر وەک خۆی مایەوە و ناوچەکە بەشێکی سەر بە ناحیەی باڵەک بوو بەشێکیشی سەر بە سەنتەری قەزای ڕواندز بوو[٩].

---

(١) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢).

(٢) مەلا ئەحمەدی حەداد دەرگەڵەیی، س.پ، ل١٣٢-١٣٣.

(٣) هوشیار محمدأمین ڕشید خۆشناو و سەردار محمد عبدالرحمن، س.پ، نەخشەی ژمارە (٢٢)، ل٥٩ .

(٤) فاضل حسێن، کێشەی ویلایەتی مووسڵ لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی دبلۆماسییەتی عێراق- بەریتانیا- تورکیا و ڕای گشتی، و: محەمەد شاکەلی، چاپخانەی خاک، (سلێمانی، ١٩٩٩)، ل١٠٧.

(٥) فەیسەڵ دەباغ، کوردستان لە چاپکراوە عوسمانلییەکاندا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، (هەولێر، ٢٠٠٤)، ل٣٢؛ شەمسەدین سامی، کورد و کوردستان لە یەکەم ئەنسیکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا، و: ئەحمەد تاقانە، چاپخانەی ئاراس، چ٢، (هەولێر، ٢٠١٠)، ل١١٩؛ بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٣).

(٦) گوندی ڕوست گوندێکە دەکەوێتە دۆڵی ڕۆست لە سنووری ناحیەی سمیلان لە قەزای چۆمان سەر بە پارێزگای هەولێرە، بە دووری ١٧٠کم دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر، گوندی ڕۆست مێژووی دروستبوونی زۆر کۆنە و چەندین ئاسەواری کۆنی لێیە، چەند جارێک لە سەردەمی حکومەتەکانی عیراقی سوتێنراوە و ڕاگوێزراوە.بڕوانە: عەبدوڵڵا عەلیاوەیی و ئەوانی تر، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، چاپخانەی گرین گالۆری، (لوبنان، ٢٠٠٩)، ل٥١٢-٥١٣.

(٧) وەڵاش گوندێکە دەکەوێتە ناوچەی باڵەکایەتی، لەڕووی کارگێڕیەوە سەربە ناحیەی قەسرێیە لە سنووری قەزای چۆمان.

(٨) ئەحمەد حەمەدئەمین هۆمەر، ڕەواندز لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ـــ سیاسی (١٩١٨-١٩٣٩)، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، (سلێمانی، ٢٠٠٦)، ل١٧٥-١٧٦.

(٩) عبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای دانیشتوانی باشووری کوردستان، چاپخانەی حاجی هاشم، (هەولێر، ٢٠١١)، ل١٣-١٩؛ خالد ئەحمەد وەرتی، باڵەکایەتی لە پەراوێزی ڕاگواستندا، گۆڤاری هەولێر، ژمارە (٢)، بەهاری ١٩٩٩، ل١٤٦.

ە ساڵی (١٩٧٠) وەک یەکێک لە دەرئەنجامەکانی ڕێکەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ لە نێوان شۆڕشی ئەیلوول و حکومەتی عێراق، گوندی (چۆمان)[١] بوو بە قەزا[٢]، کە لە دوای ڕێکەوتننامەکە لە ١١ی تەموزی ١٩٧٠ بوو بە یەکێک لە قەزاکانی پارێزگای هەولێر[٣]، گەورەکردنی یەکەی کارگێڕی هەندێک جار وەک داوایەکی سیاسی یان لە ئەنجامی گەشەکردنی پێگەی ئابووری ـــ جوگرافی دەبێت، وەک چۆمان لە ساڵی ١٩٧٠ لە چەند خانوویێکی قوڕەوە بوو بە قەزا[٤].

فرەنسۆ هەریری[٥] بوو بە یەکەم قائیمقامی قەزاکە[٦]، لە ئێستاشدا قەزاکە چوار ناحیە لەخۆ دەگرێت[٧].

تەنها ناحیەی گەڵاڵە لە سنووری قەزای چۆماندا هەبوو[٨]، پێشنیاز کرا گوندی حاجی ئۆمەران بکرێتە ناحیە[٩]، بەڵام بڕیارەکە لەو کاتدا جێبەجێنەکرا[١٠]. بارودۆخی کارگێڕیی ناوچەکە تا کۆتایی

---

(١) چۆمان لە زۆرینەی گوندەکانی باڵەکایەتی نوێترە لەڕووی مێژووی دروستبوونی، بەڵام بەهۆی شوێنەکەی ساڵی ١٩٧٠ کراوە بە قەزا و ئێستا ناوەندی باڵەکایەتیە و ڕێگای هاملتۆن بەناویدا تێپەڕ دەبێت: مەلا ئەحمەدی حەداد دەرگەڵەیی، س .پ، ل١٢٩.

(٢) إسماعيل محمد خضر شكاك، س.پ، ل١٦.

(٣) مسعود بارزانی، بارزانی و......١٩٦١-١٩٧٥، ب٢، ل٤١٠.

(٤) عبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای دانیشتوانی باشووری کوردستان، ل٥٩.

(٥) فرەنسۆ هەریری، لە ساڵی ١٩٣٤ لە گوندی باتاس لە ناحیەی هەریر لەدایک بووە، کەسێکی ئاشووری لەسەر ئایینی مەسیحی بووە، خانەی مامۆستایانی لە هەولێر تەواو کردووە، لەسەرەتادا ئەندامی حزبی شیوعی بووە و بۆتە بەرپرسی لیژنەی ناوچەی ڕواندزی ئەو حزبە، دواتر لەم حزبە دەست لەکاردەکێشێتەوە، ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە شۆڕشەوە دەکات و دەبێتە پێشمەرگە لە ناوچەی باڵەکایەتی، لە ساڵی ١٩٦٤ دەبێتە ئەندامی پارتی، لە ساڵی ١٩٦٥ دەبێتە جێگری فەرماندەی هێزی باڵەک بۆ کاروباری کارگێڕی، لە ساڵی ١٩٦٩ دەبێتە بەرپرسی لیژنەی ناوچەی باڵەکی پارتی، لە ساڵی ١٩٧٠ بوو بە یەکەم قائیمقامی قەزای چۆمان، لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی لە ساڵی ١٩٧٩ بوو بە ئەندامی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندی پارتی، لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بووە بە ئەندامی پەرلەمان و سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی، ماوەیەکیش بەرپرسی لقی دووی پارتی و پارێزگاری هەولێر بووە، لە ١٨ی شوباتی ٢٠٠١ لە شاری هەولێر تیرۆر کرا.بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە، محمد ملا قادر، سەربوردەی نەمران، چاپخانەی حاجی هاشم، (هەولێر، ٢٠١٤)، ل٥٩-٦٥.

(٦) محەمەد مەلا قادر، بارزانی و ئایین، لە: کۆنگرەی یادەوەری سەد ساڵەی بارزانی نەمر، ب٢، ئامادەکردنی مومتاز حەیدەری و کوردستان موکریانی و دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، (هەولێر، ٢٠٠٣)، ل٨٥٦.

(٧) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٤).

(٨) هوشیار محمدأمین ڕشید خۆشناو و سەردار محمد عبدالرحمن، س.پ، نەخشەی ژمارە (٣٢)، ل٦٩.

(٩) إسماعيل محمد خضر شكاك، س.پ، ل١٤.

(١٠) سەرەڕای داواکاری بۆ بە ناحیەکردنی حاجی ئۆمەران بەڵام تاوەکو ساڵی ١٩٧٥ دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول نەکراوەتە ناحیە، بۆ بینینی فەرمانی بە ناحیەکردنی حاجی ئۆمەران لە ساڵی ١٩٧٥ بڕوانە: عبدالله غفور، التشكيلات الادارية في جنوب كردستان، من مطبوعات الاكاديمية الكوردية، مطبعة حاجي هاشم، ط٣، (اربيل، ٢٠١٤)، ل١٠١.

شۆڕشی ئەیلوول هەر بەم شێوەیە مایەوە[١]. کە ژمارەی دانیشتوانی ناحیەی باڵەک، بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧، (١٢٤٦٩) کەس بووە[٢].

## ب/ پێکهاتەی هۆزایەتی

هەر ناوچەیەک هۆزێک یان چەند هۆزێک تیایدا دەژین کە پەیوەندیی خزمایەتی و کۆمەڵایەتی یان ناوچەیی کۆیان دەکاتەوە، ئەو ناوچەیەش هەر بە ناوی ئەو عەشیرەتە ناو دەبرێ[٣].

باڵەکایەتی وەک شوێنێکی جوگرافی کە پێشتر سنوورەکەمان دیاریکرد زۆرینەی خەڵکەکەی سەر بە عەشیرەتی باڵەکن، ئەوەی کە دەمێنێتەوە بریتین لە عەشیرەتەکانی (بۆڵی و بابۆڵی) کە لە ناحیەی حاجی ئۆمەران نیشتەجێن[٤]، بۆڵی و بابۆڵی لە سەرەتادا لە ناوچەی پشدەرەوە هاوینان هاتوونەتە ناوچەی باڵەکایەتی و زستانانیش گەڕاونەتە ڕانیە و یاخود هەر شوێنێک بۆ کاری ئاژەڵدارییەکەیان گونجاو بووبێت[٥]، دواتر لە حاجی ئۆمەران و گوندەکانی دەوروبەری ماونەتەوە و زستانانیش نەگەڕاونەتەوە و ئێستاش لەم ناوچەیە نیشتەجێن.

دانیشتوانی ناوچەکە لە چوارچێوەی عەشیرەتی باڵەک، بەسەر چەند بەرەبابێک دابەشبوون، وەک (مەلا شەرەفی، شێوەزووری، سەکری، مەلازادە، باڵەیی، مامەسانی، وەرتی و ...)[٦].

سەبارەت بە بەرەبابی مەلا شەرەفی، بنەچەیان دەگەڕێتەوە بۆ (مەلا شەرەف) ناوێک[١]، دەڵێن ئەم کەسە لە بنەڕەتدا سەر بە هۆزی گەلاڵی بووە لە ناوچەی سلێمانی و دواتر هاتۆتە ناوچەی باڵەک[٢]،

---

(١) بارودۆخی کارگێڕیی ناوچەکە بەم شێوەیە مایەوە، تاکوو خەڵکی ناوچەکە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لە نێوان ساڵەکانی (١٩٧٧_ ١٩٨٣) بە تەواوەتی ڕاگوێزران بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان، دوای ڕاگواستنی ناوچەکە هەردوو ناحیەی باڵەک (گەلاڵە) و حاجی ئۆمەران هەڵوەشێندرانەوە، قەزای چۆمانیش بچووک کرایەوە بۆ ناحیە و خرایە سەر قەزای سدیق، تاکو دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ و دروستکردنەوەی یەکە کارگێڕییەکانی کوردستان، چۆمان بوەوە بە قەزا و هەردوو ناحیەی گەلاڵە و حاجی ئۆمەرانیش دروستکرانەوە.بڕوانە: گۆڤاری باڵەک، حیکایەتی ڕاگواستنی باڵەکایەتی لە یادی خەڵکەکەی دا، ژمارە (٣)، چۆمان، تەمووزی ٢٠٠٨، ل٣-٥؛ خالد ئەحمەد وەرتی، س.پ، ل١٤٦-١٥٦؛ عبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای باشووری کوردستان، ل٢٨٤؛ هوشیار محمدأمین ڕشید خۆشناو و سەردار محمد عبدالرحمن، س.پ، نەخشەکانی ژمارە (٣٤، ٣٥، ٣٦ )، ل٧١-٧٣.

(٢) وزارة الشؤون الاجتماعية، مديرية النفوس العامة، عملية التسجيل العام ـــ لسنة ١٩٥٧، ص٣٦٢.في ارشيف مكتب السياسى للحزب الديموقراتى الكردستاني.

(٣) مەلا ئەحمەدی حەداد دەرگەڵەیی، س.پ، ل١٠٠.

(٤) هەفتەنامەی هەڵگۆرد، بەخێربێن بۆ باڵەکایەتی، پاشکۆی تایبەت، ١٨-٦-٢٠٠٧ ، ل١؛ عەبدوڵڵا بەندی حاجی ئۆمەرانی، باڵەکایەتی هەر لانکەی شۆڕشەکان نییە بەڵکو لانکەی مرۆڤایەتیشە، هەفتەنامەی هەڵگۆرد، ژمارە (٨)، ٦-٧-٢٠٠٦، ل٥.

(٥) سیسیل جۆن ئیدمۆندس، کورد تورک عەرەب، و: حامید گەوهەری، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، (هەولێر، ٢٠٠٤)، ل٢٧١-٢٧٢.

(٦) کاردۆ، جوگرافیای باڵەکایەتی لە ڕوانگەی مرۆییەوە، هەفتەنامەی هەڵگۆرد، ژمارە (٧)، ٢١-٦-٢٠٠٦، ل٥.

یاخود دەوترێت مەلا شەرەف خەڵکی گوندی (زیتک)ی نزیک چیای قەفقاسە و هاتۆتە کوردستان و لە ناوچەی باڵەک ژنی هێناوە و نیشتەجێبووە و چوەتە خزمەت (شێخ محەمەدی باڵەک)[٣]، لە لای ئەو خوێندنی تەواوکردووە و تەریقەتی سوهرەوەردی وەرگرتووە[٤].

بەرەبابی مەلا شەرەفی بۆ سێ تیرە دابەشبوون، هەر تیرەیەکیان لە نەوەکانی کوڕێکی مەلا شەرەفن، کە یەکێکیان لە (گەڵاڵە)[٥] و یەکێکیان لە (مێرگە)[٦] و یەکێکیان لە ڕوستێ نێشتەجێبوونە و خۆیان گەورەی گوندەکانی دەوروبەریان بوونە[٧]. تاکو ئێستاش بەرەبابی مەلا شەرەفی لە ناوچەکانی گەڵاڵە و ڕوست و مێرگەدا هەنە و سەر بە عەشیرەتی باڵەکن.

بەرەبابی شەڤدین یان شێوەزوور کە ئەمەش بە پێی مەبەستی ئاماژەکە دەگۆڕێت، شەڤدین ناوی ئەو باوە گەورەیەیە کە بەرەبابەکەی دامەزراندووە و خۆیان بە نەوەی ئەو دادەنێن، شێوەزووریش ناوی ئەو شوێنەیە کە شەڤدین لێوەی هاتووە[٨].

لەبارەی چۆنیەتیی هاتنی شەڤدینییەکان بۆ ناوچەی باڵەکایەتی (ئی. ئار. لیچ)[٩] نوسیویەتی: عەلی ئاغای ڕایات[١٠] کە باسی ڕەچەڵەکی خۆی بۆ دەکردم دەیگوت: شەڤدین هەژدە پشت بەر لە ئێستا

---

(١) عباس العزاوی، م.س، ص١٣٩.

(٢) ئی.ئار.لیچ، س.پ، ل٣٤.

(٣) شیخ محمد شێخ عەبدولحەمید ناسراو بە شێخی باڵەکان، دوو یان سێ سەدە لەمەوبەر کۆچی دوایی کردووە، خەلیفە و دەروێشی هەبووە، گۆڕەکەشی لە ناحیەی حاجی ئۆمەرانە و گومبەتێکی بچووکی لەسەر دروست کراوە، خەڵکێکی زۆر زیارەتی دەکەن و ئاوێکی سارد و سازگاری لێیە خەڵکی دەیخواتەوە بە نیازی ئەوەی بۆ نەهێشتنی ڕەمڵ و بەردی گورچیلە باشە: نیعمەت میر سادق، س.پ، ل٩.

(٤) مەلا ئەحمەدی حەداد دەرگەڵەیی، س.پ، ل١٠٢.

(٥) گەڵاڵە لە سەردەمی عوسمانییەکان کراوە بە ناحیە، بە ناوی ناحیەی باڵەک، ئێستا بەناوی ناحیەی گەڵاڵەیە و سەربە قەزای چۆمانە.

(٦) مێرگە گوندێکە دەکەوێتە سنووری ناحیەی قەسری لە قەزای چۆمان.

(٧) ا.م.مینتیشاشڤیلی، کورد کورتە پەیوەندی کۆمەڵایەتی- ئابووری، ڕۆشنبیری و گوزەران، و: عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، چ٢، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، چاپخانەی خانی (دهۆک، ٢٠٠٨)، ل٩٥؛ مەلا ئەحمەدی حەداد دەرگەڵەیی، س.پ، ل١٠١.

(٨) ئی.ئار.لیچ، س.پ، ل٣٤.

(٩) ئی.ئار.لیچ، کەسێکی بەریتانی بووە، هاوینی ساڵی ١٩٣٨ بۆ ماوەی پێنج هەفتە سەردانی ناوچەکانی ڕواندزی کردووە، بەشی زۆری لێکۆڵینەوەکەی تایبەتە بە ناوچەی باڵەکایەتی.بڕوانە: هـ.س.

(١٠) عەلی خان شریف، ناسراو بە عەلی ئاغای ڕایات، لە دەوروبەری ساڵی ١٨٨٥ لە گوندی دەربەندی ناوچەی باڵەکایەتی لەدایک بووە، ماوەیەک لە حوجرەی فەقێیان خوێندویەتی، سەرۆکی بەرەبابی شێوەزوور بووە لە عەشیرەتی باڵەک، کەسایەتییەکی دیاری باڵەکایەتی بووە، بەشداری شەڕی دژی ڕوسەکانی کردووە لە ناوچەی باڵەکایەتی، ساڵی ١٩٥٥ کۆچی دوایی کردووە.چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا حەمەدەمین عەلی، ناسراو بە مستەفا ئاغای ڕایات، ٢٠١٦/١٢/٢٦، چۆمان.ناوبراو نەوەی عەلی ئاغای ڕایاتە.

ژیاوە و ئەو کات خانەوادەکەی لە هۆزی سورچی ڕۆژئاوای زێی گەورە بوونە و لەوێوە بەدوای زەوی و زاری چاکتردا بەرەو ڕۆژهەڵات کۆچڕەویان کردووە[١].

بەشێکی بەرەبابی شەڤدینی کەوتوونەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە یەکێک لە ئەندامانی ئەم بەرەبابە گوندی (زێوکە)[٢]ی ئاوەدان کردۆتەوە و لێی نیشتەجێبووە[٣]. بەرەبابی شەڤدینیش دابەشی سەر سێ تیرە دەبن، ئەوانیش تیرەکانی (قادر ئاغا) و (کاکە حەسەنی) و (حەمەدی بابەکرئاغا)ن، ئەمانە ناوی بابە گەورەی تیرەکانن[٤].

بەرەبابی (سەکر)یش لە ناوچەی باڵەکایەتی نیشتەجێن، ئەم بەرەبابە وەک مەلا شەرەفی و شەڤدینیەکان نین، کەسێک یان چەند کەسێکی کەمیان هاتبنە ئەم ناوچەیە و لەم ناوچەیە زۆر بووبن و دەستەڵاتیان پەیدا کردبێ، بەڵکو (سەکر)یەکان لە ناوچەی پشدەر بوونە و هۆزێکی نیشتەجێ و سەقامگیر بوونە[٥]، پێش ئەوەی (میراودەلیەکان)[٦] بێنە ناوچەی پشدەر، هۆزی سەکر دەسەڵاتی تەواویان بەسەر ناوچەی پشدەردا هەبووە و بەهێزترین هۆزی ناوچەکە بوونە، بەردەوام کێشەیان لەگەڵ هۆزی (نورەدینی)[٧]دا هەبووە، سەکریەکان خاوەن زەوی و زاری زۆر بوونە لە ناوچەی پشدەر و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا، سەکریەکان لە ناوچەی پشدەر لە گوندەکانی (بێشێر، گیرە، شلەمرە، دێگە، هوڕێوە و دارشمان) نیشتەجێ بوونە، بەڵام لەگەڵ هاتنی میراودەلییەکان بۆ ناوچەی پشدەر، هەردوو هۆزی میراودەلی و نورەدینی هاوپەیمانی دەبەستن بۆ لێدانی هۆزی سەکر، بۆیە شەڕێک لە نێوانیاندا ڕوودەدات لە (دۆڵی مڕێ) لە نزیک گوندی (هێرۆ) لە ناوچەی پشدەر، لەم شەڕەدا هۆزی سەکر دەشکێن و ناوچەی پشدەر جێدەهێڵن و ڕوودەکەنە ناوچەی باڵەکایەتی[٨].

---

(١) س.پ، ل٣٤-٣٥.

(٢) گوندێکی سنووریە لە سنووری شارۆچکەی (خانێ) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

(٣) ئیسماعیل گوندەژۆری، گوندەژۆر لە سەدەی چواردەهەمدا تا سەدەی بیست و یەک، چاپخانەی ماردین، (هەولێر، ٢٠٠٩)، ل١٥.

(٤) ئی.ئار.لیچ، س.پ ل٣٥.

(٥) کلۆدیۆس جێمس ڕیچ، گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان (١٨٢٠)، و: محەمەد حەمە باقی، چاپخانەی خانی، چ٤، (هەولێر، ٢٠١٢)، ل٢٦٥.

(٦) میراودەلیەکان هۆزێکی گەورەن لە ناوچەی پشدەر، کە لە ماوەیەکی مێژوویی دیارینەکراودا هاتوونەتە ناوچەی پشدەر و دەسەڵاتی خۆیان فراوان کردووە: بۆ زیاتر زانیاری لەسەر میراودەلیەکان بڕوانە: دارا تۆفیق کاکە ئەمین، ناوچەی پشدەر لە سەردەمی پاشایەتیدا (١٩٢١-١٩٥٨)، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، (سلێمانی، ٢٠١١)، ل٦٠-٦٧.

(٧) هۆزی نورەدینی یەکێکە لە هۆزە سەرەکییەکانی ناوچەی پشدەر، دەسەڵاتێکی زۆریان لە ناوچەکەدا هەبووە.بۆ زیاتر زانیاری لەسەر هۆزی نورەدینی بڕوانە: دارا تۆفیق کاکە ئەمین، س.پ، ل٦٧-٧١.

(٨) عبدالرقیب یوسف و سدیق ساڵح، بیرەوەرییەکانی ئەحمەد حەماغای پشدەری، چاپخانەی ئازاد، (سلێمانی، ٢٠٠١)، ل٢٧؛ عبدالله احمد ڕسول پشدەری، یاداشتەکانم لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد، چاپخانەی حاجی هاشم، چ٢، (هەولیر، ٢٠٠٩)، ل٨-٩.

له ناوچەی پشدەر لە گوندی گەناو قەڵایەک هەیە بە ناوی (قەڵاتی سەکران) ئاماژەیەکە بۆ بوونی سەکریەکان لە ڕابردوودا لە ناوچەکە[١]، ئەم بەرەبابە (سەکر) یەکان لە ئێستادا لە دۆڵی سەکران لە ناوچەی باڵەکایەتی بەسەر چەند گوندێکدا دابەشبوونە.

بۆچوونێکی تر پێیوایە بەرەبابی سەکر لە شاری سەقزی ئێرانەوە هاتبنە باڵەکایەتی، لەگەڵ تێپەڕبوونی کات ناوەکەیان لە (سەقزی) گۆڕاوە بۆ (سەکزی) و دواتر بووە بە سەکری[٢]، بەڵام لە ڕاستیدا بۆچوونی ڕاست ئەوەیە سەکریەکان لە ناوچەی پشدەرەوە هاتوونەتە ناوچەی باڵەکایەتی؛ چونکە ئەم باسە لە سەرچاوەوەکان تۆمارکراوە.

لە گوندی زینوە و خەلانیش لە نزیک سنووری ئێران بنەماڵەیەکی ئایینی هەبوونە و ئێستاش لەم ناوچەیەن، بنەماڵەیەک بوونە لە شێخانی نەقشبەندی، کە ناسراون بە شێخانی زینوە و خەلان، ناوبانگێکی زۆری ئایینیان هەبووە لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان[٣].

عەشیرەتی باڵەک لە چەند تیرەیەک پێکهاتووە پێکهاتەی شیرازەی کۆمەڵایەتی لە زۆربەی هۆزەکانی تر سادەتر بووە[٤]، لەڕووی گەورەیی و بچووکی عەشیرەتی باڵەک عەشیرەتێکی مامناوەند بووە[٥].

دوای ئەوەی بەڕێوەبەرایەتیی کارگێڕی لە ناوچەکەدا دامەزراوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی ڕێگای هاملتۆن تەواوکراوە و بە ناوچەکەدا ڕەتبووە، عەشیرەتی باڵەک لە ناوخۆدا پەیوەندییەکانیان بەرەو خراپی ڕۆیشتووە، بۆ نموونە وەک (ئی.ئار. لیچ) نوسـیویەتی: "عەشیرەتی باڵەک بە دەگمەن نەبێت یەکگرتنی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی وەک هۆزێک تێدا نەمــاوە"، ناوبراو چەند نموونەیەکی بۆ ئەم دووبەرەکییە هێناوەتەوە، بۆ نموونە نوسیویەتی: (حەمەدەمین ئاغای ناوپردان)[٦] هەرچەندە لە تیرەی

---

(١) دارا تۆفیق کاکە ئەمین، س.پ، ل٧٣.

(٢) عاتف عەبدوڵلا فەرهادی، هەندێ لایەنی دەنگسازی شێوەزاری باڵەکایەتی لەسەر بنچینەی (Praat)، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، (هەولێر، ٢٠١٣)، ل١٤١.

(٣) ويليام إيغلتون، القبائل الكردية، ت: أحمد محمود خليل، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، مطبعة وزارة التربية، (أربيل، ٢٠٠٦)، ص ١٠٨؛ ا.م.مینتیشاشڤیلی، س.پ، ل١١٤.

(٤) مارتین فان برونەسن، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، و: کوردۆ، ب١، چ٢، چاپخانەی ئۆفسێتی ڕوون، (سلێمانی، ١٩٩٩)، ل١١٩.

(٥) ويليام إيغلتون، م.س، ص١٠٢.

(٦) حەمەدەمین ئاغا کوڕی حوسێن ئاغا کوڕی مەحمودە و ناسراوە بە حەمەدەمین ئاغای ناوپردان، لە ساڵی ١٨٤٧ لە گوندی ناوپردان لەدایک بووە، باوکی بە دەستی عوسمانییەکان لە گوندی شێخ وەتمان کوژراوە، حەمەدەمین ئاغا یەکێک بووە لە گەورە پیاوانی باڵەک، لە سەردەمی هاتنی ڕوسەکان ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە شەڕکردن لەگەڵ ڕوسەکاندا، لە ٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٣ لە گوندی ناوپردان کۆچی دوایی کرد و لە گوندی مێرگە نێژراوە: محمد مێرگەیی، کەسایەتیە ناودارەکانی باڵەکایەتی ( حەمەدەمین ئاغای ناوپردان)، گۆڤاری باڵەک، ژمارە (٤)، چۆمان، ئەیلوولی ٢٠٠٨، ل٢٩.

(شێخ محەمەد ئاغای وەڵاش)[1] سەرۆکی عەشیرەت بووە، بەڵام دانی بەوەدا نەدەنا کە شێخ محەمەد گەورەی ئەو بێت، لە بەرانبەردا شێخ محەمەد ئاغا وای دادەنا کە حەمەدەمین ئاغا سەر بە خۆیەتی، یاخود نوسیویەتی: ئاغاکانی ڕوست و ڕایات ناحەزی ئاغای هۆز بوون، بۆ نموونە میری ڕوست دانی بەوەدا نەدەنا کە دەستەڵاتەکەی لە دەستەڵاتی شێخ محەمەد ئاغا کەمتر بێت بەڵکو پێی وابووە کە دەستەڵاتەکەی هاوشانی دەستەڵاتی ئەوە، شێخ محەمەد ئاغاش ڕەتی دەکردەوە، یاخود ئەم دووبەرەکییە وای لە عەلی ئاغای ڕایات کردبوو کەوا بڵێ شەڤدینییەکان هۆزێکی سەربەخۆن و پەیوەندیان بە باڵەکەوە نیە، هەر لیچ دەنووسێت: هەر چەندە دەسەڵاتی شێخ محەمەد ئاغای وەڵاش لە دابەزیندا بووە، لەوەنەدەچوو کە دەستەڵاتەکەی زۆر بێت لە دەرەوەی گوندەکانی خۆی، بەڵام لە بەرانبەر دژایەتییەکانی ئاغای بەرەبابەکان دەیوت هەموو زەوی و زاری ناوچەکە هی خۆیەتی و شەڤدینی و سەکری هەروا بواریان پێدراوە بۆ خۆیان لەم ناوچەیەدا بژین[2].

لەم نموونانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە لە ساڵانی سییەکان ململانێیەکی توند لە نێوان ئاغاکانی بەرەبابەکان لەگەڵ سەرۆکی عەشیرەت هەبووە، تەنانەت لە نێو خودی بەرەبابی سەرۆکی عەشیرەتیش دژایەتی هەبووە و دەسەڵاتی سەرۆکی عەشیرەت بەسەر تەواوی ناوچەکەدا نەبووە.

---

(١) شێخ محەمەد کوری سلێمان ئاغا کوری مەحمود ئاغایە، لە ساڵی ١٨٧٥ لە گوندی وەڵاش لە دایکبووە، لە حوجرە خوێندویەتی، دواتریش بە کاروباری هەڵسوڕاندنی عەشیرەتەکەی خەریک بووە؛ چونکە سەرۆکی عەشیرەتی باڵەک بووە، پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ هەریەک لە شێخ مەحمود و قازی محەمەد و مەلا مستەفای بارزانیدا هەبووە، لە لایەکی تریشەوە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ گەورە دەستەڵاتدارانی عێراق هەبووە بەتایبەت مەلیک غازی و نووری سەعید، لە خولی هەشتەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران، دواتریش بە کاری تایبەتی خۆی خەریک بووە، لە ساڵی ١٩٥١ کۆچی دوایی کردووە و لە گوندی وەڵاش نێژراوە: ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر، ئەندامە کوردەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە ڕۆژگاری پاشایەتیدا (١٩٢٥-١٩٥٨)، چاپخانەی کۆمەڵگای چاپەمەنی شەهاب، (هەولێر، ٢٠٠٧)، ل٧٨-٧٩.

(٢) س.پ ل٣٦-٤٧.

## تەوەری سێیەم
## ڕۆڵ و هەڵوێستی خەڵکی باڵەکایەتی لە ڕووداو و پێشهاتەکانی ناوچەکە (١٩١٤-١٩٦١ز)

لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی(١٩١٤ــ١٩١٨) و ساڵانی دوای جەنگ، شاری ڕواندز لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان و دەرەوە پێگەیەکی گرنگی هەبووە، باڵەکایەتیش وەک بەشێکی سەر بە ڕواندز لە ڕووی کارگێڕییەوە، ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەریی گۆڕانکارییەکانی ڕواندزدا بووە.

### أــ باڵەکایەتی لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا (١٩١٤ ـــ ١٩١٨)

دوای دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی (١٩١٤ ــ ١٩١٨)، تەواوی ناوچەکانی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی دووچاری نەهامەتی و گرانی بوونەوە؛ چونکە دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕدا، پەیڕەوی سیاسەتێکی ئابووری نوێی کرد دژ بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی، کاریگەرییەکانی بەشێوەیەک بوون کە لە ساڵانی کۆتایی شەڕ برسییەتی و گرانییەکی وا کوردستانی گرتەوە کە پێشتر بەخۆیەوەی نەیدیتبوو، کاریگەری زۆریشی لەسەر بەروبوومە ناوخۆییەکان هەبوو(١).

لە ناوچەی باڵەکایەتی وەک ناوچەکانی تری کوردستان پیاوانی دەوڵەتی عوسمانی بەشێوەیەکی خراپ مامەڵەیان کردووە و ئەرکێکی زۆر قورسیان خستبووە سەر شانی خەڵک، ئەگەر لە ناوچە دەشتاییەکان باجی گەنم و جۆ وەرگیرابێ، ئەوا لە ناوچەی باڵەکایەتی جگە لە سەندنی ئەم باجە، باج خرابووە سەر بەرهەمی تریش وەک ڕەز و باغ و مەڕ و بزن و هەنگ، هەر یەک لەم باجانەش ناوی تایبەتیان بۆ دانابوو، ڕەزانە و بزنانە و مێشانە(٢).

کاتێکیش دەوڵەتی عوسمانی لە سەرەتای مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٤ بڕیاریدا شانبەشانی ئەڵمانیا بەشداری لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا بکات(٣)، عوسمانییەکان سوپاکەیان کۆکردەوە، بە فەتوای ئایینی هانی خەڵکی ژێر دەسەڵاتی خۆیان دەدا لە ناویشیاندا خەڵکی ناوچەکانی کوردستان، کە شەڕکردن لەگەڵ ڕوس جیهادە و ئەوەی بکوژرێ شەهیدە(٤)، هەروەها هەوڵیاندا بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکانی سوپای خۆیان سوود لە کورد وەرگرن و لە ڕیزی سوپای عوسمانییەکان دژی دوژمنانیان

---

(١) مەهدی محەمەد قادر، هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩١٤-١٩٣٠، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، (هەولێر، ٢٠٠٨)، ل٤٨-٤٩.

(٢) دڵشاد وەسانی، باڵاکایەتی لە پەراوێزی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، گۆڤاری باڵاکێو، ژمارە (١)، حوزەیرانی ١٩٩٦، ل١٠.

(٣) عمر الديداوي، الحرب العالمية الاولى، ط٥، (بيروت، ١٩٧٧)، ص٤٦٥.

(٤) عەباس سلێمان سمایل، هێرشی سوپای ڕوس بۆ سەر ڕواندز لە بیرەوەری چەند بەتەمەنێکدا، گۆڤاری هەولێر، ژمارە (١٧)، هەولێر، هاوینی ٢٠٠٦، ل٢٨.

بجەنگن[1]، بۆ ئەم مەبەستە هەوڵیاندا خۆیان لە هەندێک سەرۆک هۆزی کورد نزیکبکەنەوە و لە دژی ڕوس بیانجووڵێنن، هەندێک لە سەرۆک هۆزەکان چوونە پاڵیان، هەندێکیشیان لەبەر ستەم و زۆرداریی عوسمانییەکان لەبەرانبەریان ڕایانگەیاند کە لە کاتی هێرشی ڕوس دەچنە پاڵ ڕوسەکان[2].

شەڕی یەکەمی جیهانی یەکێکە لە ڕووداوە هەرە گەورە و پڕ کارەساتەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، کڵپەی ئاگر و ئەنجامەکانی ئەم شەڕە زۆر بەشی جیهانی گرتەوە و کوردستانیش بە هۆی گرنگی ناوچەکەوە ببووە جێی بایەخپێدانی وڵاتانی بەشەڕهاتوو، یەکێک بوو لەو ناوچانەی بووە مەیدانی جەنگەکە[3]، گەلی کورد بووە یەکێک لە قوربانییەکانی کارەساتی جەنگی یەکەمی جیهانی، ئەگەرچی ئەم ڕاستییە بە شێوەیەکی فراوان ناسراو نییە، کوردستان بەهۆی ئەوەی لەناو شانۆی ئەو ڕووداوە سەربازیانەی کە مۆرکی پەلاماردان و هەڵهاتنی لەخۆگرتبوو ڕووداوی زۆر کارەساتبار و خوێناوی توشهات[4]. بەم جۆرە گەلی کورد بەبێ ئەوەی حەز بکات یان لە دەست خۆیدا بێت لە سەرەتاوە تێکەڵی ڕووداوەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی بوو[5].

ناوچەی باڵەکایەتی بە هۆی ئەوەی دەکەوێتە سەر سنووری ئێران، بووە پێگەیەک بۆ تێپەڕبوونی هێزەکانی عوسمانی بە مەبەستی بەرگریکردن لە هەر هێرشێکی ڕووس کە بکرێتە سەریان، بۆ ئەم مەبەستە چەند هێزێکی سوپای عوسمانی لە ڕواندزەوە بەرەو ئێران بەڕێکران، کە بە باڵەکایەتیدا ڕەتدەبوون، پێشتریش هێزێکی عوسمانی ڕەوانەی ناوچەکە کرابوو لە گوندی ڕایات لە نزیک سنووری ئێران جێگیر کرابوون[6].

لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگ بارودۆخی ئابووری و تەندروستیی باڵەکایەتی لە خراپەوە بەرەو خراپتر چوو، سەرەڕای فشاری زۆر بۆ بەسەربازگرتن ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی سوپای عوسمانی لە ناوچەکەدا کۆببوونەوە و ڕێکخستنی سەربازیی و کارگێڕیشیان لەوپەڕی لاوازیدا بوو، بۆ دابینکردنی خۆراکیش پشتیان بە دانیشتووانی ناوچەکە بەستبوو، لە ئەنجامی زیاتربوونی هەڵکوتانە سەر خەڵکی ناوچەکە بۆ

---

(١) واسیلی نیکیتین، کورد و کوردستان، و: خالیدی حسامی(هێدی)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، (هەولێر، ١٩٩٧)، ل٥٦٨.

(٢) کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، (بەغدا، ١٩٧٥)، ل٣٢-٣٣.

(٣) بۆ زیاتر زانیاری لەمەڕ گرنگیپێدانی وڵاتان بە کوردستان و هەوڵەکانیان بۆ دەست بەسەرداگرتنی کوردستان بڕوانە: کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لە ساڵەکانی ........، ل١-٢٩.

(٤) م.س.لازارێف و ئەوانی تر، مێژووی کوردستان، و: هوشیار عبدالله سەنگاوی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چ٢، (هەولێر، ٢٠١٠)، ل٢٩٣-٢٩٤.

(٥) کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لە ساڵەکانی ........، ل٥٣.

(٦) شکری محمود ندیم، سوپای ڕووسیا لە جەنگی عێراق دا ١٩١٤-١٩١٧، و: کارزان عومەر عوسمان، بڵاوکردنەوی کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی، چاپخانەی هێڤی، (هەولێر، ٢٠١٢)، ل٦٧.

خۆراک، هەروەها خۆشاردنەوەی گەنجەکان لە ترسی بە سەربازگرتن کە بڕبڕەی پشتی کشتوکاڵکردن بوون، داهاتی ناوچەکە بە شێوەیەکی بەرچاو ڕووی لە کەمی کرد، تا وایلێهات خەڵک دانەوێڵە و خۆراکیان دەشاردەوە و سەربازانی عوسمانیش بەدوایدا دەگەڕان و دەستیان بەسەردا دەگرت[١].

سوپای ڕوسیا لە پێش گەیشتنیان بۆ شاری ڕواندز، لە ناوەڕاستی زستانی ساڵی ١٩١٦ توانییان هێزەکانی عوسمانی لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەربکەن، بەڵام شەڕ و هێرشی ڕوسیا بەوەش نەوەستا، بەڵکو لە بەهاری ساڵی ١٩١٦ دیسان دەستیان بە جووڵە و چالاکیی سەربازی لە دژی عوسمانییەکان کردەوە، ئەوەبوو لە ٧ی مایسی ١٩١٦ ئەو هێزە ڕوسیانەی لە خانە و شنۆ کۆکرانەوە، لە چەند قۆڵێکەوە دەستیان بە هێرشکردن بۆ سەر باشووری کوردستان کرد[٢].

کاتێکیش سوپای ڕوس هێرشی کردە سەر باشووری کوردستان، یەکێک لەو ناوچانەی کە ئامانجی ڕوسەکان بوو ڕواندز و داگیرکردنی بوو، کە لە چەند قۆڵێکەوە هێرش بۆ سەر ئەم شارە دەستپێکرد، یەکێک لەو ناوچانەی هێرشی سوپای ڕوسی پێدا ڕەتبوو ناوچەی باڵەکایەتی بوو[٣].

ئەو هێزەی ڕوس کە لە ناوچەی باڵەکایەتییەوە بەرەو ڕواندز چوو لە هێزی قۆڵەکانی تر بەهێزتربوو بەهۆی ئەوەی  ژمارە و کەلوپەلە سەربازییەکانیان زیاتر بوو؛ چونکە ئەم هێزە لە ڕایاتەوە بەرەو ڕواندز ئەرکی پێشڕەوی پێسپێردرابوو[٤]، پێکهاتەی هێزە ڕوسییەکەش بریتی بوو لە لیوایەکی پیادە کە لە چوار فەوج پێکدەهات، لەگەڵ یەک سریەی گوللەڕشێن و دوو کەتیبەی ئەسپ سوار و یەک دەستەی تۆپهاوێژ و دوو فەوج لە خۆبەخشە ئەرمەنییەکان[٥].

بەهۆی هەڵوێستی سوپای عوسمانی لە خراپیی شێوازی بەڕێوەبردن و دەسەڵاتی کاربەدەستە عوسمانییەکان، لە سەرەتادا لەلایەن هەندێک خەڵکی ناوچەکە هاتنی ڕوسەکان بە واتای ڕزگاربوونیان لە ستەم و زۆرداری دەبینرا، بۆیە سەرەڕای هاوئایینی کورد لەگەڵ عوسمانییەکان، بەڵام خەڵکی ناوچەکە لە سەرەتای شەڕەکەدا هاوکارییەکی وایان بۆ سوپای عوسمانی نیشان نەدا، تەنانەت هەندێ لە کەسانی عەشایر پێشوازی ڕوسەکانیان کرد[٦].

هاوکات ئەم هەڵوێستە هەموو خەڵکی ناوچەکەی نەگرتەوە، بەڵکو بەشێکی خەڵکی ناوچەکە پێیانوابووە کەوا پێویستە دژی ڕوس شەڕ بکەن و بەرگرییکەن، تەنانەت هەندێ لە خەڵکی ناوچەکە لە

---

(١) دلشاد وەسانی، س.پ، ل١٠.

(٢) ڕێبین سەعید مەلا، شوێنی ڕواندز لە ململانێی نێودەوڵەتیدا (١٩١٤ ــ ١٩٢٣)، توێژینەوەیەکی بڵاونەکراوەیە، ل٤.

(٣) مصطفی جندیانی، چۆن ڕوسەکان ڕەواندزیان داگیر کرد، گۆڤاری ڕواندز، ژمارە (١)، نیسانی ١٩٩٨، ل٢٤-٢٥؛ دلشاد وەسانی، س.پ، ل١١؛ عەباس سلێمان سمایل، س.پ، ل٢٩.

(٤) شکری محمود ندیم، س.پ، ل٧٠.

(٥) فاروق الحریری، الحرب العالمیة الأولی- دراسة عسکریة، ج١، مطبعة العسکریة، (بغداد، ١٩٨٨)، ل١٩٥.

(٦) کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لە ساڵەکانی .......، ل١٧٠.

دەرەوەی باڵەکایەتیش شەڕیان لە دژی ڕوس کردووە شان بەشانی سوپای عوسمانی بۆ ئەوەی ڕوسەکان نەگەن بە ناوچەکە، بۆ نموونە حەمەد ئاغای گوندەژۆر لە قەڵاتی (ڕەشەکان) لە باشووری شاری ئورمیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شەڕدا لە دژی ڕوسەکان بووەتە قوربانی[١].

سەرەڕای ناردنی چەند یەکەیەکی سوپای عوسمانی بۆ بەرگریکردن لە هێرشی ڕوس بۆ سەر ناوچەکە، بەڵام زۆری نەخایاند هێزەکانی عوسمانی لەژێر فشاری زۆری سەربازانی ڕوس بەرەو سنوور گەڕانەوە و لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٦ گەیشتنەوە گوندی ڕایات و لەو ناوچەیە جێگیر بوون، بەڵام زستانی ناوچەکە و بەفری زۆر، بووە لەمپەر لە بەرانبەر کرداری هاتووچۆدا، بواری بە هیچ جوڵانەوەیەکی سەربازی نەدا[٢].

هێزەکانی عوسمانی لەوپەڕی لاوازی و بێبەرنامەیی سەربازی بوون، بەشێوەیەک هیچ جۆرە بنکەیەک بۆ چارەسەرکردنی بریندارەکان و حەوانەوەی سەربازەکان نەبوو، لەمەدا سەربازەکان ئازاد کرابوون شوێن بۆ خۆیان بدۆزنەوە و هەرچیان پێویستبێت لە خەڵکی بستێنن، تەنانەت ئاگاداری هەڵسووکەوتی ڕوسەکانیش نەبوون، واتە هەرچی جمووجۆڵی سەربازییە بە ناشارەزایی دەکرا[٣]، بۆیە هێزەکانی عوسمانی نەیانتوانی بەرانبەر سوپای ڕوس بەرگریبکەن و لە ٨ی مایسی ١٩١٦ ڕایاتیان جێهێشت، کە بنکەیەکی سەرەکیی سوپای عوسمانی بوو لە باڵەکایەتی[٤]. ئەو ژمارە سەربازەی عوسمانیش لە ناوچەکەدا هەبوون شکان و بەرەو چیاکانی سەکڕان و هەڵگورد و مامەڕووت هەڵاتن[٥]، بەم شێوەیە سوپای ڕوس لە ئەنجامی سەرکەوتنەکانی بەسەر سوپای عوسمانی توانییان خۆیان بگەیێننە ناوچەکە[٦]. هێزەکانی ڕوس لە بەرەی باڵەکایەتی لە پێشڕەویەکی خێرادا بوون توانییان بە ماوەیەکی کەم ناوچەکە داگیر بکەن و لە ١٣ی مایسی ١٩١٦ بە ڕواندز بگەن[٧].

هەرچەندە ڕوسەکان دەوڵەتێکی مەزن بوون و وڵاتەکەشیان ناوچەیەکی چیایی بوو، بەڵام ئەم پێشڕەوییە خێرایەی سوپای ڕوس لە ناوچەکەدا بە گوێرەی سەختی ناوچەکە لەڕووی جوگرافییەوە کەمێک نامۆیە، بەڵام ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکار لەوانە، گەمارۆدانی بنکەکانی بەرگریی عوسمانی بە یارمەتی هەندێک لە خەڵکی ناوچەکە، کە بەشێکیان پشتگیریی سوپای ڕوسیان کرد و

(١) کەریم خان گوندەژۆری، بەراوردی مێژووی پاکی باڵەکایەتی لەگەڵ دەستکەوتەکانی ئەمڕۆ، گۆڤاری باڵەک، ژمارە (٢)، چۆمان، حوزەیرانی ٢٠٠٨، ل٨.

(٢) شکری محمود ندیم، س.پ، ل٦٧.

(٣) لیتن، بیرەوەریەکانی لیتن (بابەتگەلی تایبەت بە کورد و کوردستان)، و: محەمەد حەمە باقی، چاپخانەی حاجی هاشم، (هەولێر، ٢٠١٤)، ل١٣٠-١٣١.

(٤) مصطفى جندياني، س.پ، ل٢٥.

(٥) عەباس سلێمان سمایل، س.پ، ل٣٠.

(٦) کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لە ساڵەکانی......، ل١٧.

(٧) ئەحمەد حەمەدئەمین هۆمەر، ڕەواندز ......، ل٣٠-٣١.

شارەزای ناوچەکەیان بوون، هەروەها پێشڕەوی ئەو هێزە ڕوسیەی کە لە ناوچەی سیدەکانەوە هاتبوون بە مەبەستی گرتنی بەشی دواوەی ئەو هێزەی لەسەر سنوور بوون، لەگەڵ لاوازی هێزەکانی عوسمانی لەڕووی سەربازیی و جبەخانەوە(١).

لەگەڵ گەیشتنی هێزەکانی ڕوس بۆ ناوچەکە، ڕوسەکان لەجیاتی سوودوەرگرتن لە بێزاریی خەڵک لە کاربەدەستە عوسمانییەکان، ڕاستەوخۆ دەستیانکرد بە سووتاندنی هەموو ئەو گوندانەی داگیریانکردن(٢)، زۆر بێبەزەییانە ئازاری خەڵکی ناوچەکەیاندا، تەنانەت دەستدرێژییان بۆ سەر ئافرەتان کردووە، بۆ نموونە لە دۆڵی خانەقا دەستدرێژییان بۆ سەر ئافرەتێک کرد و لەلایەن چەند کەسێکەوە تاوانبارە ڕوسەکە کوژرا و بکوژان بەرە و (وەرتێ)(٣) چوون. سوپای ڕوسیش بۆ گرتنیان هێرشی بۆ سەر وەرتێ کرد، بەڵام ڕووبەڕووی بەرگری دانیشتوانی ناوچەکە بوونەتەوە(٤)، بەشێکی زۆری خەڵکی ناوچەکەش ئاگاداری هێرشێکی وا خێرای ڕوسەکان نەبوون بۆیە مەڕ و ماڵاتێکی زۆریان کەوتە دەست ڕوسەکان و لێیان زەوتکرا(٥).

لە کاتی هاتنی ڕوسەکان بۆ ناوچەی باڵەکایەتی گرانییەکی زۆر پەیدابووە و پێداویستی خواردنیش زۆر کەمبۆتەوە، بەشێوەیەک خەڵکی ناوچەکە گۆشتی کیسەڵ و پشیلە و سەگ و ئاژەڵەکانی تریان خواردوە، پیاوانی ئایینی ناوچەکە لەو کاتدا گۆشتی ورچیان حەڵاڵ کردبوو بۆیە خەڵکەکە ورچیان ڕاوەکرد و دەیانخوارد(٦).

ئەم بارودۆخە نالەبارە سەرجەم ئەو ناوچانەی کوردستانی گرتەوە کە ڕوس داگیری کردن، زۆر گوندی کوردستان سووتان و خەڵکێکی زۆر ئاوارە و دەربەدەری ناوچەکانی دوور لە هێزی ڕوس بوون یاخود کوژران(٧).

ئەرمەنەکان لە هێرشی ڕوس بۆ سەر ناوچەکە بەشداربوون، زۆر خراپ لەگەڵ خەڵکەکە مامەڵەیان کردووە، بە بیری تۆڵەکردنەوە ڕەفتاریان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە کردووە، هەروەک خۆیان لەسەر یەکێک لە کۆلکە دارەکانی ڕواندز نووسیبویان "ئێمەی لاوانی ئەرمەن لەگەڵ سوپای ڕوس هاتووین بۆ

---

(١) شکری محمود ندیم، س.پ، ل٧٢-٧٣.
(٢) ممدوح سلیم مزوری، مێژووی ڕواندز، چاپخانەی منارە، (هەولێر، ٢٠٠٥)، ل٢٨٦.
(٣) شارەدێی وەرتێ ئێستا مەرکەزی ناحیەی وەرتێیە و لەڕووی کارگێڕیەوە سەربە قەزای ڕواندزە.
(٤) دلشاد وەسانی، س.پ، ل١٢.
(٥) عەباس سلێمان سمایل، س.پ، ل٣٠.
(٦) ئیسماعیل گوندەژۆری، گوندەژۆر، ل٤٠.
(٧) عوسمان عەلی، چەند لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، ب١، و: کامەران جەمال بابان زادە، چاپخانەی ڕێ نوێ، ٢٠١٠، ل٣١٤-٣١٥.

ئەوەی تۆڵەی خۆمان لە کوردەکان بکەینەوە"[1]. لە بەرانبەر ڕەفتارەکانی سوپای ڕوس دانیشتوانی ناوچەکە ڕوویان کردووەتە چیاکان و بە شێوەی پارتیزانی پەلاماری هێزەکانی ڕوسیان داوە[2].

شایەنی باسە هەموو گوندەکانی ناوچەی باڵەکایەتی نەکەوتنە ژێر دەسەڵاتی ڕوسەکان، گوندەکانی شێوەزوور و سەکرایەتی و گەلاڵە و وەڵاش و گوندەکانی دەوروبەری و هەموو ئەو گوندانەی کە دەکەوتنە سەر ڕێگایان بۆ ڕواندز داگیرکران و سووتێنران، بەڵام لە دۆڵی ڕوستێ و دۆڵی باڵەیان و وەرتێ، تەنها توانییان بگەن بە گوندەکانی وەسان و چۆمساک، گوندەکانی تر نەکەوتنە ژێر دەستی ڕوس[3].

نەگەیشتنی هێزەکانی ڕوس بە چەند بەشێکی باڵەکایەتی لە ئەنجامی بەرگری خەڵکی ئەم شوێنانە بووە، بۆ نموونە وەک لە پێشتر باسمان کرد نەگەیشتنیان بە وەرتێ و دەوروبەری بەهۆی بەرگریی خەڵکی ناوچەکەوە بووە. هەروەها هێزەکانی ڕوس لە گەرووی بێشێوە هێرش دەکەنە سەر دۆڵی ڕوست و خەڵکی ناوچەکە چەند بۆسەیەکیان بۆ دادەنێن لە ناوچەکە، لە یەکێک لەو بۆسانەدا لە نزیک (سمیلان)[4] لە شوێنێک کە پێی دەوترێت (کۆرەڕووت) شەڕ دروستدەبێت و لە ئەنجامدا هێزەکەی ڕوس کە ژمارەیان ٢٠ سەرباز بوو پاشەکشەیانکرد، ئەو کەسانەی لەم بۆسەیەدا بەشداربوون، (حەمەد دۆت مەلا سمیلانی، حوسێن عەزیز دارە گردی، حەسەن حەمەدەمین دۆڵانەیی و کەریم ناوێک) بوون، هەر ئەو کەسانەش لە نزیک گوندی کەوەرتە بۆسەیەکیان بۆ شەش سەربازی ڕوس دانا و هەر شەشیان کوشت[5]، سەرەڕای ئەوەی کە خەڵکی ئەم ناوچانە بەرگریان کردووە لە دژی هێزەکانی ڕوس، بەڵام ڕوسەکانیش زۆر مەبەستیان نەبووە بگەن بەو ناوچانەی کە دووریان بخاتەوە لە ڕێگای گەیشتنیان بە ڕواندز، چونکە ئامانجی سەرەکییان داگیرکردنی ڕواندز بووە، نەیانویستووە هێزەکانیان لەچەند بەرەیەکەوە شەڕ بکەن.

---

(١) ئەحمەد حەمەدئەمین هۆمەر، ڕەواندز ........، ل٣٢.

(٢) دلشاد وەسانی، س.پ، ل١٢.

(٣) هـ.س، ل١١.

(٤) سمیلان، شارەدێیەکە دەکەوێتە دۆڵی ڕۆست لە ناوچەی باڵەکایەتی، لە ئێستادا بووەتە ناحیە لە سنووری قەزای چۆمان.

(٥) عەبدولواحید سمیلانی، پەنجەرەیەی لە مێژووەوە (ڕاستیەکی مێژوویی تۆمارنەکراو لە مێژووی باڵەکایەتی)، هەفتەنامەی هەڵگۆرد، ژمارە (١٣)، ٢٧-١١-٢٠٠٦، ل٤.

هەر بەمەبەستی لێدانی هێزەکانی ڕوس (میر سادق)[1]ی میری ڕوست، هێزێکی پێکهێنا و چووە چیای (زۆزک)[2]، لەوێدا شەڕێک لەنێوان هێزەکانی ڕوس و هێزەکەی ڕوست ڕوویدا و لەو شەڕەدا میر سادق بریندار‌بوو[3].

لەو کاتەی هێزەکانی ڕوس لە ناوچەی باڵەکایەتی بنکەی خۆیان دانا و لە ئازاردانی خەڵکی ناوچەکە بەردەوامبوون، شێخ محەمەد ئاغای وەڵاش بە مەبەستی گفتووگۆکردن نامەیەکی بۆ فەرماندەی هێزەکانی ڕوس نارد، بەڵام فەرماندەی هێزەکانی ڕوس لە وەڵامی نامەکە سێ شتی بۆ نارد کە بریتی بوون لە پارچە شەکرێک و گوللەیەک و پارچەیەک ڕەژو، کە ئاماژەبوون بۆ (یان ڕازیبوون بە دەسەڵاتی ڕوس یان شەڕکردن و سووتاندنی گوندەکانیان)، بەڵام شێخ محەمەد ئاغا متمانەی بە ڕوسەکان نەکرد و چووە گوندە دوورەدەستەکان[4].

بارودۆخی ناوچەکە لەژێر دەستی ڕوسەکان زۆر خراپ بوو، خەڵکی ناوچەکە بەشێوەی مەفرەزەی پارتیزانی پەلاماری ڕوسەکانیاندا و ڕوسەکانیش لە چەوساندنەوەی خەڵکەکە و وێرانکردنی ناوچەکە بەردەوام بوون، تاکو ئەو کاتەی هێزەکانی عوسمانی بە هاوکاری هێزە خێڵەکییە کوردییەکان توانییان لە ١٨ی تەممووزی ١٩١٦ ڕوسەکان لە ڕەواندز دەربکەن[5]، ئەو ستەمە زۆرەی ڕوس و ئەرمەنەکان لە خەڵکی ڕواندز و ناوچە داگیرکراوەکانیان کرد، خەڵکی کوردستانیان هاندا تاوەکو لە دژی ڕوسەکان بجەنگن و لە ناوچەکە دەریان بکەن[6].

---

(١) سادق سەعید عالی، ناسراو بە میر سادق، لە دەوروبەری ساڵی ١٨٨٠ لە گوندی ڕۆستی ناوچەی باڵەکایەتی لەدایک بووە، لە حوجرەی فەقێیان خوێندویەتی و خوێندەواری هەبووە، سەرکردەی دۆڵی ڕۆست بووە، بەشداری لە شەڕی ڕوسەکاندا کردووە و بریندار بووە، پشتگیری لە شۆڕشی شێخ مەحموود کردووە و چاوی بە شێخ کەوتووە و پشتگیری خۆی بۆ دەربڕیوە، پشتگیری لە شۆڕشی بارزان کردووە و مەلا مستەفای بارزانی ساڵی ١٩٤٥ سەردای ناوبراوی کردووە لە گوندی ڕۆست، لە مانگی ئازاری ١٩٥٣ لە گوندی ڕۆست کۆچی دوایی کردووە.چاوپێکەوتن لەگەڵ نیعمەت سادق سەعید، ٢٠١٦/١٢/١٢، هەولێر.ناوبراو کوڕی میر سادقە.

(٢) چیایەکی بەرز و سەختە، لە ڕووی سەربازیەوە شوێنێکی ستراتیجیە بۆ ناوچەکە، دەڕوانێتە سەر ڕێگای ڕواندز ـ باڵەکایەتی و دەشتە دیان.

(٣) نعمت میر صادق، فضائح الجیش الروسی أثناء غزوه بالک و ڕواندوز، مجلة الصوت الآخر، العدد (٦٦)، أربیل، ٢٠٠٥/٩/٢٨، ص١٦.

(٤) حیکمەت وەڵاشی، با وەک خۆی باسی بکەین، هەفتەنامەی هەڵگۆرد، ژمارە (١٧)، ٢-٤-٢٠٠٧، ل٥.

(٥) ئەحمەد حەمەدئەمین هۆمەر، ڕەواندز ........، ل٣١.

(٦) کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لە ساڵەکانی ........، ل٦٣.

دوای ئەوە هێزەکانی ڕوس بە ناوچەی باڵەکایەتیدا کشانەوە[1]، بەڵام بە تەواوەتی ناوچەکەیان چۆڵنەکرد و لە بەشێکی ناوچەکەدا مانەوە، چونکە هێزەکانی ڕوس سەرەڕای شکستیان لە ڕواندز، بەڵام هێزەکانیان تاکو کانوونی یەکەمی ١٩١٧ لە حاجی ئۆمەران لە ناوچەکەدا هەر مابوون[2].

لەو ماوەیەدا کە هێزەکانی ڕوس لە حاجی ئۆمەران مابوون خەڵکی باڵەکایەتی بە ڕابەرایەتیی شێخ محەمەد ئاغا ڕۆڵی دیاریان هەبوو لە پەلاماردانی ڕوسەکان و لەو پێناوەشدا زیانی گیانی و ماڵی زۆریاندا[3].

خەڵکی باڵەکایەتی بە شێوەیەکی گشتی بەشدارییان لە شەڕی ڕوسەکاندا کردووە و شانازییان پێیەوەکردووە، بەڵام لەبارەی سەرکردایەتیکردنی خەڵکی ناوچەکە لە شەڕی دژی ڕوسەکان ناکۆکی هەبووە، ئەوەتا (ئی. ئار. لیچ) نوسیویەتی: "ئەو بەڵگانەی لە بارەی هەڵوێستی ڕاستەقینەی باڵەک لە سەردەمی پشێوی نێوان ١٩١٤ ــ ١٩١٨ بەدەستەوەن، ناکۆکن، شێخ محەمەد پێ دادەگرێ کە خۆی سەرکردایەتیی خەڵکەکەی کردووە بۆ قڕکردنی سوپای داگیرکاری ڕوس، بەڵام حەمەدەمینی ناوپردان دەڵێ شێخ محەمەد هەڵاتووە و ئەم خۆی واتە حەمەدەمین بوو کە پاشماوەی باڵەکایەتی لە فەوتان ڕزگارکرد و ئینجا ڕوسەکانی بەزاند"[4].

سەرکردایەتیکردنی خەڵکی ناوچەکە لەلایەن هەرکەسێکەوە بووبێت، گرنگ ئەوە بووە بەیەکەوە دژی ئەو هێزە جەنگاوەن کە ستەمێکی زۆری لە خەڵکی ناوچەکە کردووە، لە ماوەی مانەوەی ڕوس لە باڵەکایەتی زۆر گوند سوتێنران و خەڵکێکی زۆر ئاوارەی چیایەکان بوون و زۆر کەس کوژران، واتە ماوەی دەسەڵاتی ڕوس لە باڵەکایەتی ماوەی نەهامەتی بوو.

## ب/ باڵەکایەتی و هەڵوێستی خەڵکەکەی لەکاتی دەسەڵاتی ئینگلیز و دووبارە هاتنەوەی تورکەکان بۆ ناوچەکە و بەشدارییان لە حکومەتی عێراقدا

شەڕی یەکەمی جیهانی (١٩١٤ ــ ١٩١٨) دوای ئاگربەستی (مۆدرۆس) لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی بە سەرکەوتنی هاوپەیمانەکان کۆتاییهات[5]، دوای ئەوەی ئینگلیزەکان

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی گرینگترین ئەو شەڕانەی کە لە ناوچەی باڵەکایەتیدا ڕوویانداوە لە کاتی پاشەکشەی هێزەکانی ڕوس و پێشڕەویەکانی هێزی عوسمانیەکان بڕوانە: شکری محمود ندیم، س.پ، ل٦٦-١٠٩.

(٢) عەباس سلێمان سمایل، س.پ، ل٣٢.

(٣) حیکمەت وەڵاشی، س.پ، ل٥.

(٤) س.پ، ل٤٥-٤٦.

(٥) موسى محمد ال طويرش، تاريخ العالم المعاصر ١٩١٤-١٩٧٥، الناشر، مؤسسة مصر مرتضى للكتاب العراق، مطبعة جعفر العصامي للطباعة الفنية الحديثة، (بغداد، ٢٠٠٦)، ص٤٨.

توانییان ناوچەکانی هەولێر داگیربکەن و دەسەڵاتی کارگێڕیی خۆیانی تیادا دابمەزرێنن[1]، سلێمانیش کەوتە نێو بازنەی دەسەڵاتی ئینگلیز، (مێجەر نۆیل)[2] بە مەبەستی دانانی حاکمێکی سیاسیی ئینگلیز لە ناوچەکەدا سەردانی ڕواندزی کرد، نۆیل لە ماوەی مانەوەی لە ڕواندز دەستیکرد بە ڕێکخستنی کاروباری ناوچەکە و ڕاکێشانی سەرۆک هۆزەکان بۆلای خۆی و یارمەتیدانی خەڵکی ناوچەکە، دەسەڵاتی کارگێڕیی ئینگلیزی لە ناوچەکەدا دامەزراند[3]. باڵەکایەتیش ئەو کات سەر بە ڕواندز بوو، پەیوەستبوو بە سیستەمە کارگێڕیەکەی ڕواندزەوە، بۆیە ڕاستەوخۆ کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیز.

کاتێک ناوچەکە کەوتە ژێر دەستەڵاتی ئینگلیز، شیخ محەمەد ئاغای وەڵاش ڕۆڵێکی دیاری لە ڕووداوەکانی دواتری ناوچەکە بینی، ناوبراو لە سایەی ئەو پایەی کە وەکو سەرۆکی گەورەترین کۆمەڵە هەیبووە، لەلایەن حکومەتەوە بە ئاغای هەرە گەورەی هەموو (باڵەک) دانراوە[4].

شێخ محەمەد ئاغا پشتگیرییەکی تەواوی ئینگلیزەکانی کردووە، بۆ نموونە کاتێک ڕاپەڕین لە دژی ئینگلیزەکان بەرپا دەبێت ناوبراو لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی ناوچەی ڕواندز بەهانای ئەو هێزەی ئینگلیز و ئەو کەسانەی کە هاوکاریی ئینگلیزیان کردووە چوون[5]، تەنانەت ئەو ئەفسەرە بەریتانیانەی لە ڕواندز مابوون لەگەڵ هاوکارەکانیان لەلایەن ئەو چەکدارانەوە ڕزگارکران کە شێخ محەمەد ئاغا ناردبوونی و هاتبوونە گوندی وەڵاش و لەوێوە لە ڕێگەی ڕانیەوە بەرەو هەولێر پاشەکشەیانکردبوو[6].

لەگەڵ ئەوەشدا شێخ محەمەد ئاغا ڕۆڵی هەبووە لەوەی شەڕێکی خوێناوی لە ڕواندز ڕوونەدات، بە هاوڕێکانی وتووە ئێمە بۆچی دەبێت لەبەر ئینگلیز یەکتر بکوژین کە کەس نازانێ ئەنجامەکەی چیدەبێت، بۆیە لە بەرژەوەندیمان نییە شەڕ بکەین و دەبێ ڕواندز بەبێ شەڕ چۆڵ بکەین، ئینجا بە ئینگلیزەکانی وتووە ئەم شەڕە بە ئێمە ناکرێت، بۆیە ڕواندز جێدەهێڵن[7].

---

(١) نەهرۆ محەمەد عەبدولقادر، هەولێر لە نێوان ساڵانی (١٩١٨-١٩٢٦)دا، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، (هەولێر، ٢٠١٢)، ل٧٣-٧٥.

(٢) مێجەر نۆیل، ئەفسەرێکی ئینگلیزی چالاک و هێمن و شارەزا بوو، فارسی بە باشی دەزانی زانیاری باشی لەسەر گەلانی ڕۆژهەڵات و سەرۆک خێڵەکانی هەبووە، لە سەرەتاوە لەناو خێڵی بەختیاریدا کاری دەکرد، لە ساڵەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی توانی بچێتە ناو کۆمەڵگای کوردەوە و پەیوەندیەکی پتەو لەگەڵ سەرخێڵ و کاربەدەستانی کوردستاندا ببەستێت، کوردیەکی باش فێربووە، کاری نۆیل لەناو کوردەکاندا چەند ساڵێکی کەمی خایەندووە بەڵام توانیویەتی هەست و سۆزی گەلێ لە پیاوە ناودارەکانی کورد بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، حاکمی سیاسی ئینگلیز بووە لە کوردستان.بڕوانە: مێجەر نۆیل، یاداشتەکانی مێجەر نۆیل لە کوردستان، ب.ش، (بغداد، ١٩٨٤)، ل٧.

(٣) بۆ زیاتر زانیاری لەمەڕ سەرەتای دەسەڵاتی ئینگلیز لە ڕواندز و هەڵوێستی خەڵکی ناوچەکە بڕوانە: ئەحمەد حەمەدئەمین هۆمەر، ڕەواندز ......، ل٣٧-٥٦.

(٤) ئی.ئار.لیچ، س.پ، ل٢٤.

(٥) ممدوح سليم مزوری، س.پ، ل٣٠٦.

(٦) ا.م.هاملتن، س.پ، ل٢٦٢.

(٧) ممدوح سليم مزوری، س.پ، ل٣٠٦-٣٠٧.

پێمانوایە ئەم هەڵوێستەی شێخ محەمەد ئاغا لە پشتیوانیکردنی ئینگلیز کە لە سەرچاوەکاندا باسی کراوە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەوکات لە کوردستان ناوەندێکی بڕیار نەبووە تاکو سەرۆک هۆزەکان و کەسایەتییە کوردییەکان، بە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتێک لە بەرژەوەندیی دۆزی کورد پابەند بکات، بۆیە کەسایەتییە کوردییەکان بەپێی بەرژەوەندی و بیرو بۆچوونی خۆیان بڕیاریان لەم بارەیەوە داوە و وڵاتانیش ڕۆڵیان هەبووە لەم دووبەرەکییەی کورد، بەتایبەت کە هۆزەکەی شێخ محەمەد ئاغا وەک لە پێشتر باسمان کرد لەسەر دەستی عوسمانییەکان و ڕوسەکان ئازاری زۆریان بینیبوو.

شێخ محەمەد ئاغا کەسێک بووە لە کار و چالاکییەکانی ناوچەکەدا بەدوای پلە و پۆستدا نەبووە، هەروەک دەبلیو ئاڕ هی (حاکمی سیاسیی هەولێر لە سەردەمی دەسەڵاتی بەریتانیا) نوسیویەتی: "داوام لە شێخ محەمەد ئاغا کرد پۆستی حاکمی ڕواندز وەربگرێت، بەڵام ئەو ڕەتیکردەوە و حەزی نەدەکرد هەوڵ بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئاغاکانی ڕواندز بدات"[(١)].

محەمەد ئاغا کەسێک بووە هەوڵیداوە کێشەکانی ناوچەکە چارەسەربکات، زۆرجار پێشنیازیی داوەتە کاربەدەستانی ئینگلیز لە پێناو چارەسەرکردنی گرفتەکان، هەروەک دەبلیو ئاڕ هی نوسیویەتی: "دوای ئەوەی محەمەد ئاغا پۆستی حاکمی ڕواندزی ڕەتکردەوە، گفتووگۆکەمان درێژەی کێشا و لەگەڵمدا لە بارودۆخەکەی کۆڵییەوە و پێشنیازیکرد، وەک ڕێوشوێنێکی کاتی داوا لە (سمایل بەگ ڕواندزی)[(٢)]بکەم پۆستی نوێنەری حکومەت قبووڵ بکات، لەبەرانبەر ناڕازی بوونەکانی مندا، کە سمایل بەگ تەمەنی بچووکە و ئەزموونی نییە و ناتوانێ کۆنترۆڵی ناوچەیەکی وا شڵەژاو بکات، محەمەد ئاغا وتی دەبێ هیوا بخوازین ئەم پۆستە بیکات بە پیاو، بە ڕەچاوکردنی یادەوەرییە باشەکانی باوکی کە هەموو هۆزەکانی ناوچەکە چاکەخوازی ئەوبوون و ئەویش هێشتا لەناو پیلانگێڕیی و ڕکابەرییەکانی ئاغاکانی ڕواندزدا نقوم نەبووە"[(٣)].

بۆیە دەبلیو ئاڕ هی داوای لە سمایل بەگ کرد بۆ وەرگرتنی پۆستەکە و ئەویش ڕازی بوو، دواتر سەرۆک عەشیرەتەکان و کەسایەتییەکانی ناوچەکە کۆکرانەوە و دانانی سمایل بەگیان بە حاکمی ڕواندز پێڕاگەیەنرا و ئەوانیش ڕازی بوون، لە کۆبوونەوەکەدا شێخ محەمەد ئاغای وەڵاش وتارێکی

---

(١) دبلیو ئار هی، دوو ساڵ لە کوردستان، و: لوقمان باپیر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠، ل٢١٧-٢١٨.

(٢) ئیسماعیل بەگ ڕواندزی کوڕی سەعید کوڕی عەبدوڵلا موخلس لە نەوەی ڕەسوول ئاغای برای محەمەد پاشای ڕواندزیە، لە ساڵی ١٨٩٥ لە ڕواندز لەدایک بووە، لە قوتابخانەی ڕوشدیە لە ڕواندز خوێندویەتی و شارەزایی لە زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی و ئینگلیزی و فەرەنسی هەبووە، لە ساڵی ١٩٢٠ لە تەمەنی ٢٤ بیست و چوار ساڵی بۆتە حاکمی ڕواندز، لە خولی یەکەم ١٩٢٥ و دووەم ١٩٢٨ ی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن، لە ٨ی حوزەیرانی ١٩٣٣ لە دۆڵی نیشاوێ لەلایەن بنەماڵەی باویل ئاغا کە دوژمنداری لە نێوانیاندا هەبوو کوژرا: میر بەسری، ناودارانی کورد، و: عەبدولخالق عەلائەدین، چاپخانەی منارە، چ٢، (هەولێر، ٢٠٠٩)، ل٢٠٢؛ ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر، ئەندامە کوردەکانی........، ل٢٧-٢٨.

(٣) س.پ، ل٢١٨.

پێشکەشکردووە و داوای کرد لە جیاتی ئیرەیی و تۆڵە هەمووان پشتگیری لە سمایل بەگ بکەن و بەشداری لە چاککردنی بارودۆخی تێکچووی ڕواندزدا بکەن، ئامادەبوانیش سوێندی پشتگیریان بۆ سمایل بەگ خوارد[1].

کاتێک ئەندامە کوردەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق لە دانیشتنی ١٧ی مایسی ١٩٢٧ داوای چارەسەرکردنی بارودۆخی خوێندنیان کرد لە کوردستان بۆ ئەوەی خوێندن بە زمانی کوردی بێت، داود حەیدەری (١٨٨٦ــ ١٩٦٥) کە لە نوێنەرانی هەولێر بوو، بە پێچەوانەی هاوڕێکانی بیریکردۆتەوە و و دژی خوێندن بووە بە زمانی کوردی لە ناوچە کوردییەکان، لە بەرانبەردا شێخ محەمەد ئاغای وەلاش لەگەڵ کۆمەڵێک لە ناودارانی ڕواندز لە نامەیەکدا قسەکانی داود حەیدەرییان ڕەتکردۆتەوە و نوسییان: "لە ئەسنای موزاکەرەی میزانیەی مەعاریف دا لە عەلەیهی تەعلیمی ئاگاداری مەناقەشەکەتان لە غەزەتە خوێندرایەوە، خیرەتمان کرد ئێوە کە ئاگاداری ئیحتیاجاتی مەملەکەت و ئارەزوی میلەت نین، ڕجا ئەکەین بەم نەوعە جەسارەت مەنوێنن"[2].

سەبارەت بە هەڵوێستی خەڵکی ناوچەکە لەمەڕ هاتنەوەی تورک بۆ ڕواندز، کاتێک کە هێزەکانی تورک بە سەرکردایەتیی (ئۆزدەمیر)[3] لە ساڵی ١٩٢١ بە ڕەزامەندی زۆرێک لە کوردەکانی ناوچەکە بۆ گرتنەوەی ڕواندز جموجۆڵیان دەستپێکرد، شێخ محەمەد ئاغا دژی هاتنی هێزەکەی تورک بوو، بۆیە هێزەکەی خۆی لەگەڵ هێزەکەی (محەمەد عەلی ئاغای جوندیانی)[4] لە جوندیان کۆبوونەوە و ئاگاداریی هێزەکەی تورکیان کردەوە کە ئەوان بە هاتنی هێزی تورک بۆ ناوچەکە ڕازی نین، بەڵام لە

(١) دبلیو ئار هی، ل ٢١٨-٢١٩.

(٢) ئەوانەی نامەکەیان ناردبوو بریتی بوون لە (محەمەد عەلی ئاغای جوندیانی سەرۆکی شارەوانیی ڕواندز، محەمەد ئەمین سەرۆکی دەرگەڵە، شێخ محەمەد سەرۆکی باڵەک، مستەفا محەمەد ساڵح ئەفەندی ئەندامی کارگێڕ، ئەسعەد سەرۆکی زراری).بڕوانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین، ژیان بەتەمەنترین ڕۆژنامەی کوردی ١٩٢٦-١٩٣٨، چاپخانەی ڕەنج، (سلێمانی، ٢٠٠٢)، ل١٣٣-١٣٤.

(٣) علی شەفیق (ئۆزدەمیر)، بە ڕەگەز لە چەرکەسیەکانی وڵاتی میسرە، کەسێکی ئەکادیمی سەربازی بووە، ئەفسەرێکی لێهاتووی تورک و لایەنگری مستەفا کەمال بوو، لەسەر داوای حکومەتی تورکیا لە حوزەیرانی ١٩٢٢ هاتۆتە ڕواندز، مەبەستی هاتنی ڕاکێشانی سۆزی هۆزە کوردییەکانی کوردستانی باشوور بوو، لە ماوەیەکی کەمدا توانی ژمارەیەک لە نەیارانی ئینگلیز لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە، بەتایبەت دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ شێخ مەحمود، جموجۆڵەکانی ئینگلیزەکانی تەواو بێزار کردبوو، بڕوانە: ڕێبین سەعید مەلا، سەید تەهای نەهری (١٨٩٢-١٩٣٩) ڕۆڵی سیاسی و کارگێڕی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، (هەولێر، ٢٠١٦)، ل١٨٠.

(٤) محمد عەلی جوندیانی، یەکێک بووە لە پیاوە ناودارەکانی ناوچەکە، بەشداریی جەنگی یەکەمی جیهانی کردووە لە دژی ڕوسەکان لە کاتی هێرشیان بۆ سەر ڕواندز، یەکێک بووە لە پیاوە نزیکەکانی ئینگلیز، ماوەیەکی زۆر سەرۆکی شارەوانیی ڕواندز بووە، بە هۆی نزیکی لە بەکر سدقیەوە لە خولی حەوتەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق بە نوێنەرایەتیی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجوومەن و ئەو ماوەیە لە بەغدا ماوەتەوە، لە ساڵی ١٩٥٣ لە ڕواندز کۆچی دوایی کردووە: ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر، ئەندامە کوردەکانی........، ل٨٢-٨٣.

بەرگریکردندا سەرکەوتوو نەبوون و خۆیان بەدەستەوەدا[١]. سوپای تورک بە هاوکاریی ئەو کوردانەی پشتیوانییان لێدەکردن هێرشیان کردە سەر ناوچەی باڵەکایەتی و ماڵی شێخ محەمەد ئاغای وەڵاشیان گرت[٢]. هەرچەندە مەرج نییە دژایەتیکردنی تورک هەڵوێستی هەموو خەڵکی ناوچەکە بووبێت.

کە تورکەکان گەیشتنە ڕواندز، بە پێی دەستووری ئەوکاتی کەمالییەکان (ئەنجوومەنی میللی) بۆ بەڕێوەبردنی ڕواندز دروستکرا[٣]، ئەم ئەنجوومەنە لە کۆبوونەوەکانی بڕیاریدا باجی دەیەک بەسەر ئەو ناوچانەی دەسەڵاتی بەسەریاندا هەیە بسەپێنێ، کە ناوچەی باڵەکایەتی یەکێک بوو لەو ناوچانە و لە ڕێگەی کەسی لایەنگری خۆیان باجەکەیان کۆکردۆتەوە[٤].

دوای ئەوەی دووبارە دەسەڵاتی ئینگلیز گەڕایەوە ڕواندز و تورکەکان دەرکران، (سەید تەهای نەهری)[٥] بووە قائیمقامی ڕواندز، بڕیار درا باج بەسەر ناوچەکانی سەربە قەزای ڕواندز بسەپێنرێت، لە بەرانبەردا عەلی ئاغای ڕایات بەهۆی ئەوەی باجەکەی پێ زۆر بووە بڕیاریدا ئەو گوندانەی بەرەبابی شێوەزووری کە سەر بە عەلی ئاغان باج نەدەن، لە بەرانبەردا فڕۆکەکانی ئینگلیز چەند جارێک گوندی ڕایاتیان بۆردومان کرد و لە شوێنی بۆمبەکان کانیاو دروستبوون[٦]، دوای چەند ساڵێک ئەفسەرێکی ئینگلیز سەردانی عەلی ئاغای کرد لە پاییزێکی وشکدا، عەلی ئاغا ئەفسەرەکەی بردۆتە سەر ئەو کانیاوەی کە بەهۆی بۆمباکانی فڕۆکەکانی ئینگلیز دروستببوو پێیوتووە ئەم کانیاوە بەهۆی بۆردومانەکانی فڕۆکەکانی ئێوە دروستبووە، ئەفسەرەکە هەستی بە ترسی تۆڵە کردووە و وتوویەتی ئەم

---

(١) جەلال تەقی، خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی (ئەحمەد تەقی)دا "لاپەڕەیەک لە شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، سمکۆ، هەستانەکەی ڕواندز و پەیوەندی بە وڵاتانەوە"، چاپخانەی سلمان الاعظمی، (بەغدا، ١٩٧٠)، ل٥٥.

(٢) عبدالرقیب یوسف و سدیق ساڵح، س.پ، ل٤٨.

(٣) جەلال تەقی، س.پ، ل٥٥.

(٤) عبدالرقیب یوسف و سدیق ساڵح، س.پ، ل٥٢-٥٣.

(٥) سەید تەهای نەهری کوڕی شێخ محەمەد سدیق کوڕی شێخ عوبەیدوڵلایە، ڕای جیاواز لەسەر ساڵی لەدایک بوونی هەیە، لە نێوان ساڵانی ١٨٧٨-١٨٩٢ لە گوندی نەهری لە ناوچەی شەمزینان یاخود لە تائیف لەدایک بووە، لە مزگەوت و لە قوتابخانە خوێندویەتی، چەند زمانێکی زانیوە وەک تورکی و فارسی و عەرەبی، لە سەردەمی گەنجی بەهۆی پێگەی بنەماڵەکەی وەک کەسێکی سیاسی دەرکەوتووە، دوای مردنی باوکی لە ساڵی ١٩٠٧ بووەتە سەرکردەی بنەماڵەکەی، ڕۆڵی هەبووە لە کۆمەڵەو یانە کوردییەکانی سەردەمی خۆی، پەیوەندی هەبووە لەگەڵ سەرکردە کوردەکانی کوردستان و وڵاتانی جیهانی، هاوکاری ئینگلیزەکانی کردووە لە گرتنەوەی ڕواندز کە پێشتر تورکەکان داگیریان کردبوو، دوای هاتنەوەی ئینگلیز بۆ ڕواندز کراوەتە قائیمقامی ڕواندز، ساڵی ١٩٣٩ لە ئێران کۆچی دوایی کردووە.بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ڕێبین سەعید مەلا، س.پ.

(٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا حەمەدەمین عەلی، ناسراو بە مستەفا ئاغای ڕایات، ٢٠١٦/١٢/٢٦، چۆمان.ناوبراو لە ١٩٣٣ لە گوندی ڕایاتی ناوچەی باڵەکایەتی لەدایک بووە، چۆتە قوتابخانە و قۆناغی ناوەندی تەواو کردووە، دواتر بەشداریی خولێکی کردووە لە بەغدا و بووەتە مامۆستا، دواتر بووەتە مامۆستای شۆڕشی ئەیلول، ماوەیەک بووەتە بەرپرسی هێزی بەرگری میللی لە ناوچەی باڵەکایەتی، لەدوای مردنی باوکی بووەتە سەرۆکی بەرەبابی شێوەزوور، دوای نسکۆی شۆڕش ئاوارەی ئێران بووە، دوای ڕاپەڕین بووەتە بەرپرسی هێزی شێوەزوور، ئێستا خانەنشینە و لە قەزای چۆمان نیشتەجێیە.

کاره دووباره نابێتەوە، لە وەڵامدا عەلی ئاغا بە پێچەوانەی ترسی ئەفسەرەکە وتوویەتی: "بەداخەوە من بیرمەدکردەوە چەند بۆمبایەکی ترتان فڕێ بدابایە ئێرە و چەند کانیاوێکی ترمان بۆ دروستبووبایە لەم وەرزی وشکەساڵیە"[١].

عەلی ئاغای ڕایات زۆر جار بە پێچەوانەی داخوازی و بیروبۆچوونی دەسەڵاتداران کاریکردووە، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٣٦ دوای ئەوەی بنکەیەکی سنووری وڵاتی ئێران مەڕ وماڵاتی چەند کەسێکی سەر بە بەرەبابی شێوەزوورییان بردووە، عەلی ئاغا لەجیاتی ئەوەی دەسەڵاتدارانی ناوچەکە ئاگاداربکاتەوە، سەرکردایەتیی چەکدارانی خۆی کرد و هێرشی بۆسەر بنکەیەکی سەربازی وڵاتی ئێران لەودیو سنوور کردووە و بنکەکەیان تاڵان کردووە، ئەم جۆرە کردارانە لەلایەن دەستەڵاتدارانەوە بە هەموو شێوەیەک ڕەتکراونەتەوە[٢].

لەبارەی بەشداریی خەڵکی ناوچەکە لە حکومەت و پەرلەمانی عیراقدا لەو ماوەیەدا، تەنها ئەوە لە سەرچاوەکان بەرچاو دەکەوێت کە شێخ محەمەد ئاغای وەڵاش سەرۆکی عەشیرەتی باڵەک، لە خولی هەشتەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقدا (١٩٣٧ـــ ١٩٣٩) بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بووەتە ئەندامی پەرلەمان[٣]، بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی یاسادانان لە بەغدا ئامادە بووە[٤].

کاتێک ڕاپەڕینی مایسی ١٩٤١ لە عیراق ڕوویدا، ئاغایانی ناوچەی باڵەکایەتی هاوشێوەی زۆربەی ئاغایانی کوردستان بروسکەی تایبەتیان بە مەبەستی پیرۆزبایی بۆ فەرماندەکانی ڕاپەڕینەکە ئاراستەکردووە[٥].

ئەم کار و چالاکییانەی شێخ محەمەد ئاغا کە سەرۆکی عەشیرەتی باڵەک بووە، ئەگەرچی لە چوارچێوەیەکی دیاریکراویشدا بووبێت بەڵام دیار و بەرچاون، کە لە سەرەوە باسمان کردن، بۆیە دەکرێ بڵێین ئەو قسەیەی دەبلیو ئاڕ هەی ( حاکمی سیاسیی هەولێر لە سەردەمی دەسەڵاتی بەریتانیا) دوورە لە ڕاستیەوە کە دەنووسێت: "ئەو گردانەی کە دەکەونە سەرەوەی زێی ڕواندز شوێنی عەشیرەتی باڵەکە، ئەوان زۆر بە دەستەڵاتن؛ چونکە دەسەڵاتیان بەسەر ئەو ڕێیەدا هەیە کە لە فارسەوە دێت. خەڵکەکەی

---

(١) گواستراوەتەوە لە: ا.م.هاملتن، س.پ، ل١٥١-١٥٢.

(٢) ا.م.مینتیشاشڤیلی، س.پ، ل٩٥؛ ئی.ئار.لیچ، س.پ، ٤٤-٤٥.

(٣) ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر، ئەندامە کوردەکانی .......، ل٧٩؛ مەلا ئەحمەدی حەداد دەرگەڵەیی، س.پ، ل١٤٠.

(٤) ئی.ئار.لیچ، س.پ، ل٤٧.

(٥) کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، ب٢، ئامادەکردنی: عەبدوڵڵا زەنگەنە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، (هەولێر، ٢٠٠١)، ل١٣٠.

هەژار و دووره کێشەن، بەڵام ئاغاکان زۆرن و له تاڵانکاریی سەر ڕێگای گشتی بترازێ شتێکیان نییه خۆیانی پێوه خەریک بکەن"[1].

ئەوەی باسمانکرد ڕۆڵی بەشداریی خەڵکی ناوچەکه له کار و چالاکییەکاندا زیاتر خۆی له ڕۆڵی سەرۆکی عەشیرەتەکه دەبینیەوه، ئەمەش بۆ ئەوه دەگەڕێتەوه که دەسەڵاتدارەکانی ئەو کات بۆ بەرژەوەندی خۆیان زیاتر گرنگییان به سەرۆکی عەشیرەتەکان داوه نەک خەڵکی ئاسایی.

## ج/ باڵەکایەتی له پێشهات و شۆڕشه کوردییەکان له دوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوه تاکو ١٩٦١

سەبارەت به ڕۆڵ و بەشداریی خەڵکی ناوچەکه له کۆمەڵه و ڕێکخراوه کوردییەکان، شتێکی ئەوتۆ له سەرچاوەکاندا که ئاماژه بێت بۆ بەشداریی خەڵکی ناوچەکه له دامەزراندنی کۆمەڵه و ڕێکخراوەکان بەرچاو ناکەوێت، دەکرێ بڵێین ئەمەش چەند هۆکارێکی هەبووه، یەکێک له هۆکارەکان دوورەدەستیی ناوچەکه بووه له سەنتەری شارەکان، هۆکارێکی تریش دەگەڕێتەوه بۆ ئەوەی لەو کاتەدا خەڵکی ناوچەکه ڕێژەی خوێندەوارییان کەمبووه، ئەمەش بەهۆی نەبوونی قوتابخانه له ناوچەکەدا، ئەگەر هەشبووبێت ئەوا تەنها چەند پۆلێکی سەرەتایی هەبووه، خەڵکی ناوچەکەش خۆیان له کۆندا گرنگییان به خوێندن نەداوه و دژایەتیشیان کردووه، ئەمه باروودۆخی زۆربەی ناوچه هۆزنشینەکان بووه[2].

لەگەڵ ئەوەشدا ئەمه ئەوه ناگەیەنێ خەڵکی ناوچەکه دوور بووبن له هەر کارێکی کۆمەڵه و ڕێکخراوه کوردییەکان، بۆ نموونه کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردان که له ساڵی ١٩٣٠ به شێوەیەکی نهێنی لەسەر دەستی کۆمەڵێک له نیشتیمانپەروەران به ئامانجی بەدەستهێنانی مافه ڕەواکانی کورد له مووسڵ دامەزرا، له ئەنجامی ئاشکرابوونی چالاکییەکانیان یەک له ئەندامەکانی کۆمەڵەکه به ناوی مستەفا سائیب بۆ ناوچەکانی ڕواندز گوازراوەتەوه، بەڵام بەهۆی ئەنجامدانی کاری ڕێکخراوەیی له ناو گەوره پیاوەکانی ڕایات، باڵەک، هەریر و باتاس جارێکی تر دوور خرایەوه بۆ مووسڵ[3]. ئەمه ئەوه دەگەیەنێ

(١) س.پ، ل٨١.

(٢) به نموونه کاتێک قوتابخانه له گوندی ڕوست له ساڵی ١٩٣٢ دەکرێتەوه، هەڵبژاردنی قوتابیەکان بۆ خوێندن به فەرمانی ئاغا دەبێت، ساڵێکیان ئاغا بەدوای کەسێک دەنێرێت به ناوی (ئەحمەد سلێمان) و داوای لێدەکات کەوا کوڕەکەی بەناوی (عزیز) بنێرێته قوتابخانه، بەڵام باوکی عزیز زۆر له ئاغا دەپاڕێتەوه و پێی دەڵێ بیکه بۆ خاتری خودا تەنها ئەو کوڕەم هەیەو لێمی مەستێنه بۆ قوتابخانه، ئاغاش ڕازی دەبێت بەڵام بەو مەرجەی کوڕەکەی واتا عزیز بۆ ماوەی یەک ساڵ ببێته شوانی ئاغا، باوکی عەزیزیش ڕازی دەبێ کوڕەکەی یەک ساڵ ببێته شوانی ئاغا تەنها بۆ ئەوەی نەچێته قوتابخانه: زانا سەعید ڕوستایی، له بیرەوەریەکانی باوکم، گۆڤاری باڵەک، ژماره (٢)، چۆمان، حوزەیرانی ٢٠٠٨، ل٢٤.

(٣) ئەحمەد حەمەدئەمین هۆمەر، ڕەواندز ........ ، ل١٤٤-١٤٥.

که ئەگەرچی خەڵکی ناوچەکە بەشداریی دامەزراندنی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانیان نەکردووە، بەڵام پێشوازیان لە بەرنامەکانیان کردووە و پشتیوانیان کردوون.

کاتێک پارتە کوردییەکان دامەزران، خەڵکی ناوچەکە پەیوەندییان بە پارتە کوردییەکانەوە کردووە و تیایاندا بوونەتە ئەندام[١]، بۆ نموونە کاتێک (پارتی هیوا)[٢] دامەزرا، دواتر لقێکی خۆی هەر لەو ساڵەدا لە ڕواندز کردەوە، خەڵکێکی زۆری ناوچەکە لە دەوری پارتەکە کۆبوونەوە[٣]، بەشێکی خەڵکی باڵەکایەتیش چوونە ناو پارتی هیوا[٤].

بەشێک لە کەسایەتییەکانی باڵەکایەتی ڕۆڵی دیاریان لە پارتی هیوادا هەبووە، بۆ نموونە کاتێک پەیوەندییەکانی کۆمەڵەی (ژێکاف) لەگەڵ کوردەکانی پارچەکانی تری کوردستان پەرەیسەند، لە ئابی ١٩٤٤ لە چیای داڵانپەڕ کە دەکەوێتە سنووری ئێران و عێراق و تورکیا، بە ئامادەبوونی نوێنەرانی پارچەکانی کوردستان کۆبوونەوەیەک لە پێناو یەکخستنی دەنگی کوردەکانی پارچەکانی کوردستان کرا، پەیماننامەیەکیان بەناوی (پەیمانی سێ سنوور) مۆر کرد، لەم کۆبوونەوەیە ( شێخ عوبەیدوڵڵای زینوێ)[٥] بە نوێنەرایەتیی کوردانی باشوور و پارتی هیوا بەشدار بووە[٦]. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە خەڵکی ناوچەی باڵەکایەتی لە پارتی هیوا ڕۆڵیان هەبووە.

حزبی شیوعی لە ناوچەی باڵەکایەتی کاروچالاکی ئەنجامداوە و ژمارەیەک لە خەڵکی ناوچەکە بوونەتە ئەندامی ئەم حزبە.

---

(١) شاپوور ڕواندوزی، بۆچی باڵەکایەتی کرا بە مەڵبەندی شۆڕشی ئەیلوول، گۆڤاری باڵەک، ژمارە (٤)، چۆمان، ئەیلولی ٢٠٠٨، ل٣.

(٢) لە ساڵی ١٩٣٩ دامەزراوە، ڕەفیق حیلمی بە سەرۆکی ئەم حزبە هەڵبژێردراوە، بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی کورد لە کوردستانی عیراق لە گرینگترین ئامانجەکانی بووە، چالاکییەکانی ئەم پارتە تا ساڵی ١٩٤٥ بەردەوام بووە.بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: عبدالستار طاهر شریف، الجمعیات والمنظمات والاحزاب الکردیة في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨، ط٢، مطبعة سردم، (السلیمانیة، ٢٠٠٧)، ص١٣٨-١٥٨.

(٣) ئەحمەد حەمەدئەمین هۆمەر، ڕەواندز .......، ل١٦٠-١٦٢.

(٤) شاپوور ڕواندوزی، س.پ، ل٣.

(٥) شێخ عوبەیدوڵڵا شێخ کەمالی زینوێ، ساڵی ١٩٠٠ لە گوندی زینوێ لە ناوچەی باڵەکایەتی لەدایک بووە، لە حوجرە و خانەقا خوێندویەتی و زمانەکانی عەرەبی و فارسی زانیوە، ئەندامی حزبی هیوا بووە، ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف بووە، نوێنەری حزبی هیوا بووە لە پەیمانی سێ سنوور، کەسایەتییەکی دیاری سیاسی و ئایینی بووە، دۆستێکی نزیکی مەلا مستەفای بارزانی بووە، ساڵی ١٩٧٧ لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە.چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ مستەفا شێخ عوبەیدوڵڵای زینوێ، ٢٠١٦/١٢/١٣، هەولێر.ناوبراو کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای زینوێیە.

(٦) ولیم ایغلتن الإبن، جمهوریة مهاباد- جمهوریة ١٩٤٦ الکردیة، ترجمة وتعلیق جرجیس فتح الله، ط٢، دار ئاراس للطباعة والنشر، مطبعة وزارة التربیة، (اربیل،١٩٩٩)، ص٧٥؛ زنار سلوبی، في سبیل کردستان (مذکرات)، ت: ڕ.علی، بیروت، ١٩٨٧، ص٢٣٠؛ هەژار، چێشتی مجێور، بڵاوکردنەوەی کتێبی کانی، (سنە، ٢٠١٣)، ل٥٧.

سەبارەت بە بەشداریی خەڵکی ناوچەی باڵەکایەتی لە (کۆمەڵەی ژێکاف)[١]، بەشێک لە خەڵکی ناوچەکە ئەندامی ئەم کۆمەڵەیە بوون، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٤٣ چەند کەسێکی ناوچەکە لە کوێستانی (کیکان)[٢] سوێندی ئەندامێتییان خوارد و بوون بە ئەندامی کۆمەڵە[٣].

لە کاتی دامەزراندنی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش، ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکاف لە ناوچەکە بوونە ئەندامی حزبی دیموکرات و لە نێو ڕیزەکانی ئەم پارتە بەردەوامییان بە کاری خۆیاندا[٤].

سەبارەت بە (حزبی ڕزگاری کورد)[٥]، پێدەچێت ئەم پارتە لە ناوچەی باڵەکایەتی ئەندامی هەبووبێت و چالاکی لەم ناوچەیە ئەنجامدابێت؛ چونکە باس لە ڕۆڵی ئەم پارتە دەکرێت لە ناوچەی باڵەکایەتی لە دروستکردنی پەیوەندیی لە نێوان بەشێک لە گەورە پیاوانی ناوچەکە و دەسەڵاتدارانی کۆماری کوردستان لە مهاباد[٦].

کاتێکیش پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ دامەزرا، بەشێک لە خەڵکی باڵەکایەتی چوونە ناو ئەو پارتە و ڕێکخستنەکانی پارتی لەم ناوچەیە دامەزران، بەتایبەتی دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ و گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەتەوە بۆ عیراق، بە شێوەیەک لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا لە ڕواندز ئەندامانی پارتی کە بیانویستایە چالاکییەک ئەنجامبدەن، لەبەر کەمیی ئەندامانی پارتی و

---

(١) ژێکاف کۆمەڵەیەکی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، لە ئەیلولی ١٩٤٢ بە ناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان دامەزرە، دواتر بە ژێکاف ناسرا، عەبدولڕەحمان زەبیحی بە سکرتێری کۆمەڵە دەستنیشان کراوە.بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: حامد گەوهەری، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، (هەولێر، ٢٠٠٤)، ل٣٠-٤٠.

(٢) کیکان، کوێستانی گوندی دەربەندە، لە کۆندا هاوینان خەڵکی گوندی دەربەند دەچوونە کوێستانی کیکان و زستانانیش دەگەڕانەوە گوند، دەکەوێتە سنووری ناحیەی حاجی ئۆمەران، بە دووری نزیکەی ١٠کم کەوتۆتە ڕۆژئاوای حاجی ئۆمەران.

(٣) سەرەتا حاجی ئەبابەکر دەربەندی دەبێتە ئەندامی کۆمەڵە، لە ڕێگای ئەویشەوە چەند کەسێکی تر دەبنە ئەندامی کۆمەڵە، ئەو کەسانەی سەرەتا دەبنە ئەندامی کۆمەڵە بریتی بوون لە ( حاجی ئەبابەکر دەربەندی، کەریم خدر، محەمەد عەبدولقادر مەمیخەلی، حاجی حوسێن مام تەها مەمی خەلی، حاجی مینە دەربەندی، حاجی برایم دەربەندی).هاوسەنگەرانی شەهید، ژیاننامەی تێکۆشەری ناسراوی باڵەکایەتی حاجی برایم صۆفی دەربەندی، کوردستانی نوێ (رۆژنامە)، ژمارە (٣٤٣٦)، ٢٠٠٤/٨/٣، ل٤.

(٤) کوردستانی نوێ (رۆژنامە)، ژمارە (٣٤٣٦)، ٢٠٠٤/٨/٣، ل٤.

(٥) حزبی ڕزگاری کورد لە ساڵی ١٩٤٥ دامەزراوە، بە ئاشکرا داوای ئازادی و یەکێتی کوردستانی کردووە، ئەم پارتە داخوازیی سەربەخۆیی ئیداری لەناو عیراقدا کردووە، لە ئابی ١٩٤٦ بڕیاری خۆهەڵوەشاندنەوەی داوە.بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسیەکانی کوردستانی عیراق ١٩٤٥-١٩٥٨، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، (سلێمانی، ٢٠٠٥)، ل١٠٢-١١٥؛ بورهان حاتەم گۆمەتاڵی، ساڵح حەیدەری (١٩٢٢-٢٠٠١) ڕۆڵی سیاسی و ڕووناکبیری، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری (k21)، (هەولێر، ٢٠١٢)، ل٩٢-١٠٢.

(٦) بڕوانە: إسماعيل شكر رسول، أربيل دراسة تأريخية فى دورها الفكري والسياسى ١٩٣٩-١٩٥٨، ط٢، من منشورات المركز الثقافة (بنکەی ڕۆشنبیری شەهید ڕیباز)، (السليمانية، ٢٠٠٥)، ص٢٥٤-255.

زۆری ژمارەی ئەندامانی شیوعی نەیاندەتوانی، بۆیە دەیاننارد بەدوای ئەندامانی پارتی لە باڵەکایەتی بەم شێوەیە ئەندامانی پارتی زیاتر دەبوون و چالاکییەکانیان ئەنجامدەدا[١].

سەبارەت بە بەشداری و پشتیوانی خەڵکی ناوچەکە لە شۆڕشە کوردییەکان، خەڵکی ناوچەکە پشتیوانییان لە شۆڕشە کوردییەکان کردووە و ئامادەییشیان بۆ هاوکاریان دەربڕیوە، سەبارەت بە (شۆڕشی شێخ مەحمود)[٢]، هەر لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشەکە، خەڵکی ڕواندز و ناوچەکە پشتگیریان لە شۆڕشەکە کردووە، بەتایبەتی خەڵکی گوندەکان و خەڵکە عەشایرەکەی زۆر بە گەرمییەوە خۆیان ئامادە دەکرد و ئارەزوویان دەکرد شۆڕشەکە لێیانەوە نزیکبێتەوە[٣].

خەڵکی باڵەکایەتی پشتگیری سەربازییان لە شۆڕشەکەی شێخ مەحمود کردووە، بۆ نموونە خەڵکی ناوچەکە لە ڕێگای ناوچەی پشدەرەوە ڕۆیشتوون بە مەبەستی پشتیوانی بۆ شۆڕشی شێخ مەحمود، شەڕیان لەگەڵ سوپای ئینگلیز کردووە تاکو نزیک شاری کۆیە لەشەڕ بەردەوام بوون، بەڵام لە کاتی شەڕدا شێخ محەمەد ئاغا کە سەرۆکی عەشیرەتی باڵەک بووە دۆستی ئینگلیز بووە داوا لە خەڵکەکەی دەکات بەرەکانی شەڕ چۆڵ بکەن و بگەڕێنەوە، بۆیە لەشکری باڵەک دەبێتە دوو بەش و بەشی زۆری دەگەڕێنەوە بەشێکیشیان تا شکستی هێزەکەی شێخ مەحمود بەردەوامدەبن[٤].

سەرەڕای ئەوەش لە ماوەی شۆڕشەکەی شێخ مەحمود و دەسەڵاتداریەکەی گەورە پیاوانی ناوچەی باڵەکایەتی، دوو جار بۆ دیداری شێخ مەحمود چوونەتە ناوچەی سلێمانی و پشتیوانیی خۆیان بۆ هەوڵەکانی ڕاگەیاندووە[٥].

---

(١) حاجی ئەحمەد محەمەد عەلی ئاغای جندیانی ( ئەحمەد دیاب )، باڵەکایەتی .....سەرچاوەی کوردایەتی، گۆڤاری باڵەک، ژمارە (٣)، چۆمان، تەمووزی ٢٠٠٨، ل٤٢؛ شاپوور ڕواندزی، س.پ، ل٣.

(٢) لەبارەی شۆڕشەکەی شێخ مەحمود و حکومەت و دەسەڵاتداریەکەی بڕوانە: محمد ڕسول هاوار، شیخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب٢، (لەندەن، ١٩٩١)؛ عبدالرحمان ادریس صالح البياتي، الشيخ محمود حفيد البرزنجي و النفوذ البريطاني في كردستان العراق حتي عام ١٩٢٥، ط٢، من منشورات (بنكەی ژین)، مطبعة شڤان، (السليمانية، ٢٠٠٧)، ص١٠٤-١١٩.

(٣) ڕفیق حیلمی، یاداشت، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ٣، (سلێمانی، ٢٠٠٣)، ل٨٨-٨٩.

(٤) ئیسماعیل گوندەژۆری، گوندەژۆر، ل٤٢-٤٣؛ کەریم خان گوندەژۆری، س.پ.ل٨.

(٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ مستەفا شێخ عوبەیدوڵڵای زینوێ، ٢٠١٦/١٢/١٣، هەولێر.ناوبراو لە ساڵی ١٩٣٥ لە گوندی زینوێ لە ناوچەی باڵەکایەتی لەدایک بووە، سەرەتا لە حوجرەو خانەقا دەستی بە خوێندنی ئایینی کردووە، تاوەک وپۆلی چواری ئامادەیی لە ڕواندز خوێندوویەتی، سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول بەشداری شۆڕشی کردووە، دوای نسکۆ ئاوارەی ئێران بووە، لە بەهاری ١٩٩١ هاتۆتەوە کوردستان، ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە.

تەنانەت ناوچەی باڵەکایەتی بووە بە ڕێگایەک بۆ گەیشتنی ئەو کەسانەی ویستویانە هاوکاری شۆڕشەکەی شێخ مەحمود بکەن، بۆ نموونە بەشێکی ئەو هێزەی بارزانییەکان کە ویستیان یارمەتی شۆڕشی شێخ مەحمود بدەن لە ڕێگای باڵەکایەتییەوە چوون بۆ سلێمانی[1].

کاتێک شۆڕشی بارزان (١٩٤٣ــ١٩٤٥)[2] هەڵگیرسا، مەلا مستەفای بارزانی بە مەبەستی بەدەستهێنانی پشتیوانی بۆ شۆڕشەکە سەردانی هەندێک ناوچەی کوردستانی کرد، ئەم سەردانانە جێگای دڵەڕاوکێی کاربەدەستانی عیراق بوون، سەردانەکانی بارزانی هەستی نەتەوایەتی کوردی دەوروژاند و کاریگەریی لەسەر کورد هەبوو[3].

بۆ ئەم مەبەستە مەلا مستەفا بارزانی لە مانگی شوباتی ١٩٤٥ سەردانی چەند گوندێکی ناوچەی باڵەکایەتی کرد، مەلا مستەفا لە گوندی وەڵاش لە ماڵی محەمەد ئاغا بە مەبەستی زانینی ڕای خەڵکی ناوچەکە بۆ شۆڕشەکە، لەگەڵ تەواوی گەورە پیاوانی ناوچەکە کۆبۆتەوە، لە بەرانبەردا گەورە پیاوانی ناوچەکە پشتیوانی خۆیان بۆ بەشداری و پشتیوانیکردن لە شۆڕش دەربڕی و بارزانی گفتی هاوپەیمانی و یارمەتی لێیان وەرگرت[4].

هەروەها سەردانی گوندی ڕۆستی کردووە و میوانی میرانی ڕۆست بوو، بەهۆی ئەوەی پێڵاوی پێشمەرگەکانی یاوەری بارزانی لە چەرم دروستکرابوون دڕابوون، لە گوندی ڕۆست دوو گای جووتیان بۆ سەربڕین و سەرەڕای خواردنی گۆشتەکەی لە پێستی گایەکان پێڵاوی چەرم بۆ پێشمەرگەکان دروست کرا، لە کاتی گەڕانی بارزانیش بە ناوچەکەدا خەڵک پێشوازیان کردووە و هۆنراوە و دروشمیان بۆ پشتیوانی بارزانی گوتوەتەوە[5].

ئەم سەردانانەی بارزانی بۆ ناوچەکانی کوردستان ڕێگای خۆشکرد بۆ ئەوەی هەندێک لە سەرۆک هۆزەکان خۆیان و سەربازەکانیان بخەنە خزمەت شۆڕش، لە ناویاندا میرانی ڕۆست کە خاوەنی ١٠٠ــ١٥٠ چەکدار بوون[6].

---

(١) مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٣١-١٩٥٨، و: سەعید ناکام، چاپخانەی خەبات، (دهۆک، ١٩٩٨)، ل٢٢.

(٢) بۆ زانیاری لەمەڕ شۆڕشی بارزان ١٩٤٣-١٩٤٥ بڕوانە: کاوس قفطان، الانتفاضات البارزانية صفحات من الحركة القومية التحررية الكوردية فى النصف الأول من القرن العشرين، مطبعة سركوتن، (أربيل، ٢٠٠٢)، ص٩٥-١٤٤؛ مسعود بارزانی، بارزانی و .........١٩٣١-١٩٥٨، ل٨١-١٤٢.

(٣) وەدیع جوەیدە، جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد بنەماو پەرەسەندنی، و: یاسین سەردەشتی، چاپخانەی سیما، (سلێمانی، ٢٠٠٨)، ل٥٠٥.

(٤) مسعود بارزانی، بارزانی و .........١٩٣١-١٩٥٨، ل١١٥.

(٥) چاوپێکەوتنی گۆڤاری پەیامی ئەیلوول لەگەڵ مەهدی سەلیم خان زێباری، ژمارە (١٤)، شوباتی ٢٠١٠، ل٣٥-٣٦.ناوبراو خۆی یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی یاوەری بارزانی لە سەردانەکەی بۆ ناوچەی باڵەکایەتی ساڵی ١٩٤٥.

(٦) حامید مەحمود عیسا، کێشەی کورد لە عێراق(١)، و: سوارە قەڵادزەیی، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری، (هەولێر، ٢٠١٤)، ل٣٩٤ .

یەکێک لە هەنگاوەکان بۆ بەڕێوەبردنی شۆڕشەکە دروستکردنی (لێژنەی ئازادی) بوو، لە ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٤٥ لیژنەی ئازادی بە سەرکردایەتیی مەلا مستەفای بارزانی و ئەندامێتیی چەند ئەفسەرێکی سوپا، کە ئەندامی حزبی هیوا بوون پێکهات، بەرنامەیەکیان بۆ کارەکانیان دانا[١]، لە ناوچەی باڵەکایەتی لێژنەی ئازادی هەبوو، هەروەک لە نامەیەکی مەلا مستەفای بارزانی بۆ بەرپرسەکان هاتووە، پێویستە ئەفسەرێک بچێتە ناوچەی باڵەک و برادۆست بۆ ئەوەی لێژنەی ئازادی ئەم ناوچانە یەکبخات[٢].

دوای ئەوەی بەرپرسی بەرەکان لەلایەن لێژنەی ئازادییەوە دیاریکران، (مستەفا خۆشناو)[٣] کرا بە بەرپرسی بەرەی مێرگەسۆر_ ڕواندز و (محەمەد قودسی)[٤] کرا بە یاریدەدەری، ناوچەی باڵەکایەتی لە سنووری ڕواندز، بۆیە هەریەکە لە سەرکردەی بەرەکە و جێگرەکەی سەردانی بەرەکانی ناوچەی باڵەک و برادۆستیان کردووە، لە شەڕەکانی بەرەی ڕواندز هەندێک ئاغاکانی باڵەک بەشداری شەڕەکانی بەرەی ڕواندزیان کردووە و هاوکاریی شۆڕشیان کردووە[٥]. بەڵام بەشێک لە ئاغاکانی باڵەک ئەو بەڵێنەیان نەبردووەتە سەر کە پێشتر بە بارزانیان دابوو؛ چونکە لەکاتی شەڕەکاندا هاوکاریی شۆڕشیان نەکردووە[٦].

گەورەکانی عەشیرەتی باڵەک لە ٣١ی ئاداری ١٩٤٥ لە نامەیەکدا داوای دیداری بارزانیان کردووە، هەر زوو وەڵامی نامەکەیان درایەوە و داوایان لێکرا بچن بۆ گوندی شێتنە لە ناوچەی دۆڵەمەری و لەوێ بارزانی دەبینن، کۆبوونەوەکە ئەنجامدراوە و وەفدی باڵەک گەڕاونەتەوە[٧].

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: مسعود بارزانی، بارزانی و .........١٩٣١-١٩٥٨، ل١١١-١١٢.

(٢) اسماعیل اردلان، بارزان وە نهێنیەکانی، و: معروف قەرەداغی، چاپخانەی مەعارف، (بەغدا، ١٩٥٩)، ل٤١-٤٥.

(٣) مستەفا خۆشناو، ساڵی ١٩١٢ لە بێتواتە لەدایک بووە، لە منداڵییەوە باوکی مردووە، لای کەریم ئاغای حەوێزی پەروەردە کراوە، ئەندامی پارتی هیوا بووە، بەشداری شۆڕشی (١٩٤٣-١٩٤٥)ی بارزانی کردووە، دواتر چوەتە ڕیزی هێزی کۆماری کوردستان لە مهاباد، دوای کۆتایی هێنان بە کۆمار گەڕاوەتەوە عیراق و بەند کراوە دواتر لە ١٩٤٧/٦/١٩ لەسێدارە دراوە: محەمەد عەبدوڵلا کاکەسوور، ڕۆڵی سیاسی و کەلتوری ئەفسەرانی کورد لە بزاڤی کوردایەتی کوردستانی باشوور (١٩٢١-١٩٤٥)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، (هەولێر، ٢٠٠٠)، ل١٤٦.

(٤) محەمەد مەحمود قودسی، ساڵی ١٩٢٢ لە قودس لەدایک بووە، هەر بۆیەش نازناوی قودسی وەرگرتووە، لەسەرەتای دامەزراندی پارتی هیوا بووەتە ئەندامی ئەو پارتە، ساڵی ١٩٤١ بۆتە جێگری ئەفسەری ئیعاشە، بەشداریی شۆڕشی (١٩٤٣-١٩٤٥)ی بارزانی کردووە، دواتر چووەتە ڕیزی هێزی کۆماری کوردستان لە مهاباد، دوای کۆتایی هێنان بە کۆمار گەڕاوەتەوە عیراق و بەند کراوە دواتر لە ١٩٤٧/٦/١٩ لەسێدارە دراوە: هـ.س، ل١٤٦.

(٥) مسعود بارزانی، بارزانی و .......١٩٣١-١٩٥٨، ل١٣٠،١١٥،١١٧.

(٦) چاوپێکەوتن لەگەل عالی حوسێن حەمەدەمین ناسراو بە حاجی عالی، ٢٠١٦/٨/١٨، گوندی ئاشی بێکۆر لە دۆڵی ڕوست، ناوبراو لە ساڵی ١٩٢٥ لە گوندی ئاشی بێکۆر لەدایک بووە، لە ساڵی ١٩٦٣ دەبێتە کادیری پارتی و ئەرکی کۆکردنەوەی زەکات و نان و بردنی بووە بۆ بەرەکانی جەنگ، ئێستا خانەنشینی ئەیلوولە و لە گوندی ئاشی بێکۆر نیشتەجێیە.

(٧) اسماعیل اردلان، س.پ، ل٧٦.

هەر لە سەرەتای دەسپێکردنی شەڕ، حکومەت لیوای سێی لە گوندی ڕایات جێگیرکرد و هێزی هێنایە ناوچەکە، بەشێکی خەڵکی ناوچەکە بوونە چەکداری شۆڕش کە هێزی شۆڕش (٥٠٠٠) کەس دەبوو، سێ هەزاریان لە بارزانییەکان بوون و ئەوانی دیش لە هی ناوچەکانی برادۆست و باڵەک و زێبار بوون[١].

خەڵکی ناوچەی باڵەکایەتی ڕۆڵی دیاریان لە دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان شۆڕش و وڵاتانی جیهان هەبووە، بۆ نموونە لە کاتی دروستبوونی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لە نێوان بارزانی و لێپرسراوانی سۆڤیەتدا، بارزانی چەند کەسێکی نارده لایان لە ئێران و هەندێک ئەفسەری سۆڤیەتیش هاتوونە چاویان بە بارزانی کەوتووە، لەم پەیوەندیەدا شێخ عوبەیدوڵڵای زینوێ دەورێکی چالاکی هەبووە[٢].

ئەگەر باس لە ڕۆڵ و هەڵوێستی خەڵکی ناوچەکە لە کۆماری کوردستان لە مهاباد لە ساڵی ١٩٤٦ بکەین، بە هۆی ئەوەی باڵەکایەتی هاوسنوور بووە لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕووداوەکان کاریگەرییان لەسەر ناوچەکە هەبووە، بەشێکی خەڵکی ناوچەکە لە ڕووداوەکانی کۆمار بەشدار بوونە و بەشێکی تری خەڵکەکەشی بەبێ بەرانبەر بە کۆڵەپشت ئازوخە و خواردن و یارمەتیان گەیاندۆتە ناوچەکانی ژێر دەستی کۆمار[٣].

کاتێک نیشتیمانپەروەرە کوردەکان دەیانەویست بچنە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەشداری لە کۆماری کوردستان، خەڵکی ناوچەکە بۆ ڕۆیشتنیان یارمەتی دەریان بوون؛ چونکە دەیانزانی بۆ خەباتکردن بەرەو ڕۆژهەڵات دەچن، هەردوو گوندی (زینوە و خەلان)[٤] وێستگە و قۆناغی ئەو تێکۆشەرانە بووە کە بە نهێنی دەڕۆیشتنە ڕۆژهەڵاتی کوردستان[٥].

حزبی ڕزگاری کورد هەوڵیداوە پەیوەندیی لە نێوان کەسایەتیە دیارەکانی ناوچەی باڵەکایەتی و کۆماری کوردستان دروستبکات، ئەمەش لە بەڵگەنامەیەک کە لە هێزی باپشتانەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ نێردراوە بەدیار دەکەوێت، کە تایبەتە بە حزبی ڕزگاری، تیایدا باس لە ڕۆڵی حزبی ڕزگاری کراوە لە دروستکردنی ئەم پەیوەندییە بەتایبەت لە پەیوەندی عەلی ئاغای ڕایات و شێخ عوبەیدوڵڵای زینوێ و شێخ عەلائەدینی خەلان بە سەرکردەکانی کۆماری کوردستان لە مهاباد[٦].

---

(١) مسعود بارزانی، بارزانی و .........١٩٣١-١٩٥٨، ل١٢٦-١٣٠.

(٢) هـ.س، ل١٤٨.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ مستەفا شێخ عوبەیدوڵڵا، ٢٠١٦/١٢/١٣، هەولێر؛ کەریم خان گوندەژۆری، س.پ، ل٨.

(٤) گوندەکانی زینوە و خەلان، دوو گوندی سنوورین لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەکەونە سنووری ناحیەی حاجی ئۆمەران لە قەزای چۆمان.

(٥) زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، هەرێمی باڵەکایەتی، ل١٣.

(٦) نقلا عن: إسماعيل شكر ڕسول، م.س، ص٢٥٤-٢٥٥.

پێداویستیی جۆراوجۆر بەشێوەیەکی نهێنی لە ناوچەی باڵەکایەتی کۆکراوەتەوە، بۆ ئەمەش پشت بە ئاغاکانی ناوچەکە بەستراوە، هەموو ئەو یارمەتیانەش دەدران بە (شێخ عوبەیدوڵڵای زینوێ)، کە شوێنی دانیشتنی خۆی گوندی زینوە بوو هاوسنوور بوو لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هاوکارییەکانی بە کۆمار گەیاندووە[١].

کاتێک شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨، کۆتایی بە دەستەڵاتی پاشایەتی هێنا و کۆماری عێراق ڕاگەیێندرا، خەڵکی ناوچەکە بە بڕیارەکانی دوای ١٤ی تەمموز خۆشحاڵ بوونە، دوای گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت، ئاغاکانی ناوچەی باڵەکایەتی چوونەتە بەغدا بە مەبەستی بەخێرهێنانەوەی بارزانی و لەوێ چاویان بە بارزانی کەوتووە[٢].

خەڵکی ناوچەکە پشتگیریی کۆماری عێراقیان کردووە و لە دژی نەیارەکانی کۆمار جەنگاون، بۆ نموونە کاتیک (شێخ ڕەشیدی لۆلان)[٣] لە ساڵی ١٩٥٩ جوڵانەوەیەک دژی کۆمار بەرپا دەکات، عەبدولکەریم قاسم داوا لە مەلا مستەفای بارزانی دەکات کە لە زاڵبوون بەسەر بزووتنەوەکە یارمەتی بدات[٤]، خەڵکی باڵەکایەتی هاوشان لەگەڵ خەڵکی ڕواندز و هەولێر و بارزانییەکان بەشداریەکی کارایان لە دامرکاندنەوەی جووڵانەوەکە کردووە[٥]، بۆ نموونە کاتێک پۆلیسەکانی مەخفەری کانیەڕەش لە سیدەکان لەلایەن هێزەکانی شێخ ڕەشیدەوە گەمارۆ دران و پێداویستیی سەربازیان زۆر کەم بوو،

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ مستەفا شێخ عوبەیدوڵڵای زینوێ، ٢٠١٦/١٢/١٣، هەولێر؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد نەبی نەبی ناسراو بە (شێخ ئەحمەد نەبی)، ٢٠١٦/٧/١٠، گوندی ئاشی بڕەگوێز-چۆمان، شێخ ئەحمەد نەبی لە ساڵی ١٩٢٢ لە گوندی گوندەژۆری ناوچەی باڵەکایەتی لەدایک بووە، لە ساڵی ١٩٦١ بۆتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلول بەشداریی ڕاپەڕینی خەڵکی باڵەکایەتی کردووە دژی هێزەکانی حکومەت لە ناوچەکە، دوای شکستی ڕاپەڕینەکە بۆ ماوەی ساڵێک زیندانی کراوە، لە ساڵی ١٩٦٣ بووەتە پێشمەرگە، دوای نسکۆ ئاوارەی ئێران بووە، لە شۆڕشی گوڵان بە شێوەیەکی نهێنی ئەرکی کۆکردنەوەی چەک و دەرمان و پێداویستیی پێشمەرگە بووە لە ناوخۆی شارەکانی کوردستان، دواتر خانەنشین کراوە وەک پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول، بەداخەوە لە شەوی ٢٦/٢٥ــ١ــ٢٠١٧ کۆچی دوایی کرد.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ مستەفا شێخ عوبەیدوڵڵای زینوێ، ٢٠١٦/١٢/١٣، هەولێر؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد نەبی نەبی ناسراو بە (شێخ ئەحمەد نەبی)، ٢٠١٦/٧/١٠، گوندی ئاشی بڕەگوێز-چۆمان.

(٣) شێخ ڕشید لولان، ڕێبەرێکی ئایینی بووە لە ناوچەی برادۆست، لە ڕێگەی ئایینەوە زۆر لایەنگری لە ئێران و تورکیا هەبووە، و هەمیشە لایەنگری دەوڵەتی پاشایەتی بووە لە عیراق لە دژی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد بووە هەر لە ساڵی ١٩٤١ وە، لە دوای شۆڕشی تەموز لە ساڵی ١٩٥٩ دژایەتی خۆی لە دژی کۆمار ڕاگەیاند بە هاوکاری ئێران و تورکیا، دوای دامرکاندنەوەی بزووتنەوەکەی هەڵات بۆ ئێران و تا ساڵی ١٩٦١ مایەوە، دواتر عەبدولکەریم قاسم لێبوردنی بۆ دەرکرد بە مەبەستی بەکارهێنانی لە دژی شۆڕشی ئەیلوول، بڕوانە: ڕفیق ڕحمان مام خول، مستەفا بارزانی ژیان و ڕۆڵ و هەڵوێستی لە پێشهاتە سیاسییەکاندا (١٩٥٨-١٩٧٠)، چاپخانەی شەهاب، (هەولێر، ٢٠١٢)، ل٥٢-٥٣.

(٤) كاوس قفطان، الانتفاضات البارزانية، ص٧١-٧٢.

(٥) فەتاح تۆفیق فەتاح، حەفتا و شەش ساڵ ژیان و پەنجا و نۆ ساڵ تێکۆشان/ بیرەوەریەکانی خەباتی مەلا حەسەن، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، (هەولێر، ٢٠٠٨)، ل٢٥.

خەڵکی باڵەکایەتی و ڕواندز بە هانایانەوە چوون و گەمارۆکەی سەریان شکاندن و هێزەکانی شێخ ڕەشید لە شەڕی کانیە ڕەش شکستیان هێنا[١].

بەهۆی ئەوەی ناوچەی باڵەکایەتی هاوسنووری ناوچەی برادۆست بووە، هێزێکی سوپا و بەرگری میللی بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی شێخ ڕەشید لە هەندێک ناوچەی باڵەکایەتی جێگیرکرابوون[٢].

کاتێک لە ٤ی ئایاری ١٩٥٩، هێزەکانی شێخ ڕەشید دووبارە هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی عیراق لە سیدەکان برد، گەمارۆی هێزەکانی حکومەتیاندا، ئەم جارەشیان خەڵکی ناوچەی باڵەکایەتی، بەتایبەتی ئەندامانی پارتی ڕۆڵی دیاریان لە شکاندنی گەمارۆکە هەبوو[٣].

ئەم هاوکاریانەی خەڵکی باڵەکایەتی بۆ کۆماری عیراق، لە ئەنجامی ئەو هەنگاوانە بوون کە قاسم و حکومەتەکەی بە مەبەستی دابینکردنی مافەکانی کورد گرتیانەبەر، بەڵام کاتێک قاسم بەرەو تاکڕەوی چوو و لە بەڵێنەکانی بەرانبەر کورد پاشگەز بوویەوە، خەڵکی ناوچەکە چەند جارێک لە بەرانبەر هێزەکانی حکومەت ناڕەزایەتییان دەربڕی، بۆ نموونە لە ٦ی نیسانی ١٩٦٠ خەڵکی حاجی ئۆمەران لە دژی زۆرداریی پارێزگاری هەولێر ڕاپەڕین، ژمارەیەک لە خەڵکەکەی چەکیان هەڵگرتووە و خۆیان نەداوەتە دەستی حکومەت و بەرگریان کردووە[٤]، بۆ نموونە (محەمەد سەعید مەحمود)[٥] نووسیویەتی: دوای ئەوەی فەرمانی گرتن بۆ ژمارەیەک لە خەڵکی حاجی ئۆمەران دەرچوو، چەند جارێک مەفرەزەی پۆلیس بە مەبەستی گرتنیان دەرچوون، بەڵام نەیانتوانی بیانگرن، بۆیە قایمقامی ڕواندز فەرمانیدا مەفرەزەیەکی پۆلیس و بەرێوەبەری ناحیە لە شەودا بچنە ناوچەکە و بەرەبەیان بدەن بەسەر حاجی ئۆمەراندا و داواکراوان دەستگیربکەن و گوندەکەش بسووتێنن، بەڵام ئێمە نەمانسووتاند بە هاوێشتنی چەند گوللە هاوەنێکی دووکەڵی چووینە ناو گوندەکە، بەڵام نەتوانرا تاوانباران دەستگیربکرێن[٦]، لە بەرانبەردا حکومەت ژمارەیەک لە کەسووکاری داواکراوانی دەستگیرکردن و

---

(١) خەبات، ژمارە (١١)، ١٩٥٩/٦/١٤، ل٨.

(٢) نەجمەدین مامۆ، بیرەوەریەکانی نەجمەدین مامۆ هەریری، ب١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، (هەولێر، ٢٠٠٩)، ل١١٥-١١٦.

(٣) خەبات، ژمارە (١١)، ١٩٥٩/٦/١٤، ل١٠.

(٤) إسماعیل محمد خضر شکاک، س.پ، ل٢١.

(٥) محمد سعید محمود، لە ١٩٢٩/١٠/٤ لە شاری سلێمانی لەدایک بووە، لە ساڵی ١٩٥٢ کۆلێژی مافی لە بەغدا تەواو کردووە، ماوەیەک کاری پارێزەریی کردووە، دواتر چەندین پلەی کارگێری وەرگرتووە لە بەڕێوەبەری ناحیە و قایمقام و چەند پۆستێکی تر لە کوردستان و عێراق، لە ١٩٦٠/٨/٨ تاوەکو مانگی حەوتی ١٩٦١بووەتە بەڕێوەبەری ناحیەی باڵەک، لە ١٩٧٨/١٠/٣ خانەنشین کراوە و لە لەندەن نیشتەجێیە.بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: محمد سعید محمود، یاداشتەکانم، ئەزموونی ژیانم لە بواری ئیدارە و تیشکێک بۆ سەر ڕابردوو، دار الحکمة، (لندن، ٢٠٠٤).

(٦) هــ.س، ل٦٢-٦٣.

بەشێکیان دوورخرانەوە بۆ ناوچەکانی باشووری عیراق، بەشێکیشیان تا ساڵی ١٩٦٣ لە زیندانەکانی خوارووی عێراق مانەوە[١].

کاتێکیش شەر لە نێوان بارزانییەکان و عەشیرەتی زێباری، هەرکی و سۆفیانی برادۆست ڕوویدا، حکومەت یارمەتی نەیارانی بارزانییەکانیدا، خەڵکی باڵەکایەتی دژی ئەم کارەی حکومەت لە هاندانی چەند عەشیرەتێکی کورد دژی بارزانییەکان بوون، بۆیە بڕیاریاندا بەرەو بارزان بۆ پاڵپشتی لە بارزانییەکان بەڕێبکەون، بەڵام حکومەت ڕێگریی لێکردن، بۆیە خەڵکی ناوچەکە چوونە چیایەکان و دژی حکومەت چەکیان هەڵگرت، بارودۆخی ناوچەکە بەرەو خراپی دەڕوات و حکوومەت هێزێکی زۆر دەهێنێتە ناوچەکە، هەرچەندە ئاگری شەڕەکە لە ناوچەی زێبارەوە هەڵگیرسا، بەڵام گڕەکەی گەیشتە ناوچەی باڵەک، دواتر عەلائەدین مەحمودی پارێزگاری هەولێر و عەبدولقادر نەجدی بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر سەردانی گەڵاڵەیان کرد، داوایان کرد چەند کەسایەتییەکی دیاری باڵەک ببینن، بەڵام دوای چوونی پۆلیس و ئاسایش بەدوایاندا، ئامادە نەبوون بێنە گەڵاڵە، بۆیە دواتر بەرێوەبەری ناحیە خۆی و بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، چوونە گوندی دەربەند و لەوێوە بەڕێوەبەری ناحیە بەتەنها چووە چیایەکانی دەوروبەری گوندی ناوەندە کە خەڵکی چەکداری ناوچەکە لەم شوێنە جێگیربووبوون، بەڕێوەبەری ناحیە داوای لێکردن بۆ دیداری پارێزگار بێن و بەڵێنی سەلامەتی پێدان، بۆیە میناغای ڕایات و شێخ مستەفای زینوێ و سلێمان نەبی حاجی ئۆمەران، کە سەرپەرشتیی جووڵانەوەکەیان دەکرد، چوونە گەڵاڵە و لەگەڵ پارێزگار کۆبوونەوە، پارێزگار بەڵێنیپێدان کەوا لێژنەیەک بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە شەڕی نێوان عەشیرەتەکان پێکبهێنێت و ئەو هێزەی هاتۆتە ناوچەکە دەکێشرێتەوە و (شێخ عوبەیدوڵڵای زینوێ) ئازاد دەکرێت، کە حکومەت بە مەبەستی گوشار خستنە سەر خەڵکی ناوچەکە بۆ پاشگەزبوونەوەیان لە بڕیارەکە دەستگیریان کردبوو، بەم شێوەیە کۆتایی بەم ناهەمواریەی ناوچەکە هات[٢].

(١) إسماعيل محمد خضر شكاك، س.پ، ل٢١.

(٢) محمد سعيد محمود، س.پ، ل٥٨-٦٢؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ مستەفا شێخ عوبەیدوڵڵا، ٢٠١٦/١٢/١٣، هەولێر.ناوبراو خۆی یەکێک بووە لە بەشداربوانی جووڵانەوەکە و بەشداربووانی کۆبوونەوەکە.

# تەوەری چوارەم
# بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلوول

بارودۆخی عێراق لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا لە سەردەمی حوکمڕانیی پاشایەتی (١٩٢١ ــ ١٩٥٨) زۆر دژوار بوو[١]، بارودۆخی سیاسی و ئابووری وڵات بەجۆرێک بوو کە چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان لە کورد و عەرەب و کەمایەتییە نەتەوەییەکان لە ژێر سایەی بەریتانیا ڕووبەڕووی نەهامەتی ببوونەوە، کە تەنیا بەرژەوەندیی دەرەبەگ و شێخ و ئاغا و سەرۆک عەشیرەتەکانی دەپاراست[٢].

ئەگەر چی بە پێی ڕاسپاردەکانی کۆمەڵەی گەلان، پێویست بوو عێراق مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد فەراهەمبکات، کە دەبوایە ئەم ڕاسپاردانە لە ساڵی (١٩٢٦)ەوە جێبەجێ بکرانایە بەڵام وەک پێویست هەنگاوی ئەرێنی لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە نەهاوێژرا[٣].

لە ئەنجامی پشتگوێخستن و جێبەجێنەکردنی داخوازیەکانی کورد، کورد ناچار کرا دەست بۆ خەباتی چەکداری بەرێت، وەک شۆڕشەکانی شێخ محمودی حەفید (١٨٨١ ــ ١٩٥٦) و شۆڕشەکانی بارزان[٤].

دوای کۆتاییهاتنی ئەم شۆڕش و ڕاپەڕینانە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان لاواز و بێ ڕابەر مایەوە؛ چونکە شێخ مەحمود دوای گەڕانەوەی لە دوورخراوەیی لە ساڵی ١٩٥٦ کۆچی دوایی کرد، مەلا مستەفای بارزانیش وەک پەناهەندە لە یەکێتی سۆڤیەت بوو[٥].

کاتێک لە ساڵی ١٩٥٧ (بەرەی یەکێتیی نیشتیمانی) لەلایەن چەند پارتێکی عێراقی پێکهات، لەگەڵ ئەوەی ئەم بەرەیە لە بەڵگەنامەکانیدا بەرانبەر کێشەی کورد بێدەنگ بوو، بەڵام پارتی دیموکراتی

---

(١) کاوس قفطان، الحركة القومية التحررية الكردية في كردستان العراق١٩٥٨-١٩٦٤، وزارة الثقافة- المديرية العامة للطباعة والنشر، (سليمانية، ٢٠٠٤)، ص٣٧؛ مەهدی محەمەد قادر، س.پ، ل٢٠-٣٠.

(٢) حامید مەحمود عیسا، کێشەی کورد لە عێراق(١)، ل٤١٢.

(٣) عبدالفتاح علي يحيى البوتاني، وثائق عن الحركة القومية الكوردية التحررية-ملاحظات تأريخية و دراسات أولية، مطبعة وزارة التربية، (أربيل، ٢٠٠١)، ص٥٠.

(٤) بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی ناوچەی بارزان بڕوانە: کاوس قفطان، الانتفاضات البارزانية، ص٣٧-١٤٤.

(٥) حەسەن ئەڕفەع، کوردەکان (لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی و سیاسی)، و: حامید گەوهەری، چاپخانەی منارە، (هەولێر، ٢٠٠٧)، ل١٩٨-١٩٩؛ بۆ زانیاریی زیاتر لەمەڕ چوونی مەلا مستەفای بارزانی بۆ یەکێتی سۆڤیەت بڕوانە: مورتەزا زرەبەخت، لە کوردستانی عێڕاقەوە هەتا ئەوپەڕی چۆمی ئاراس، و: شەوکەت شێخ یەزدین، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، (هەولێر، ١٩٩٨).

کوردستان لە عێراق، کە ئەوکات بە نهێنی کاریدەکرد، پشتیوانیی خۆی بۆ بەرەی یەکێتی نیشتیمانی و پەیڕەوی ناوخۆی دووپاتکردەوە[١]، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە پارتی خۆی لەم بەرەیەدا بەشدار نەبوو[٢].

دواتر لێژنەی نەتەوەیی باڵا لە بەرەی یەکێتیی نیشتیمانی لە سەرەتای شۆڕشی چواردەی تەمموز کەوتنە پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخستنی نهێنی سوپا (ئەفسەرە ئازادەکان)[٣] کە ئەفسەری پلە بەرزی وەک (فوئاد عارف)ی[٤] تێدا بوو[٥].

ئەو هێزە سەربازییەی بە سەرکردایەتیی (عەبدولکەریم قاسم)[٦] لە شەوی ١٤/١٣ی تەموزی ١٩٥٨ بەرەو وڵاتی ئوردن بەڕێکەوت، ئاراستەکەی خۆی بەرەو شاری بەغدا گۆڕی و چووە نێو کۆشکی

---

(١) جەلیلی جەلیلی و ئەوانی تر، شۆڕشەکانی کورد، و: بەهادین جەلال مستەفا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چ٣، (هەولێر، ٢٠١٥)، ل٣٦٠-٣٦١؛ حامید مەحمود عیسا، کێشەی کورد لە عێراق(١)، ل٤١٣ .

(٢) شازین هێرش، پارتی دیموکراتی کوردستان لە چەند بەڵگەنامەی مێژوویيدا(١٩٥٨-١٩٦٣)، ب١، چاپخانەو ئۆفسێتی ژیر، (سلێمانی، ٢٠٠٣)، ل١٥.

(٣) بۆ زیاتر زانیاری لەسەر ئەفسەرانی ئازاد بڕوانە : صبيح على غالب، قصة ثورة ١٤تموز و الضباط الأحرار، دار الجاحظ للطباعة والنشر، (بغداد، ١٩٦٨)، ص٣٧.

(٤) فوئاد عارف، ناوی عارف کوڕی محمود کوڕی شێخ ئیسماعیل کونەکۆتریە، لە ساڵی ١٩١٣ لە شارۆچکەی عەمارەی باشووری عێراق لەدایک بووە، لە شاری سلێمانی گەورە بووە، لە ساڵی ١٩٢٨ لە کۆلێژی سەربازی وەرگیراوە و لە ساڵی ١٩٣٤ بە پلەی ملازمی دووەم دەرچوە، هەر لە کۆلێژی سەربازی هاوڕێیەتی لەگەڵ مەلیک غازیدا پەیدا کردووە، کەسێکی نزیک بووە لە سەرکردەو کەسایەتیە عێراقیەکان هەر لەسەردەمی مەلیک غازیەوە، لە ساڵی ١٩٥٨ بۆتە پارێزگاری کەربەلا، پاشان چەند پۆستێکی وەزاری وەرگرتووە، وە لە ساڵی ١٩٦٧ بۆ ماوەی چەند مانگێک بۆتە جێگری سەرۆک وەزیران، بەشداری کارای هەبووە لە ڕێککەوتنەکانی کورد و حکومەتەکانی عێراق، لە ٥ی حوزەیرانی٢٠١٠ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە.بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: فؤئاد عارف، مذكرات فؤئاد عارف، تقديم و تعليق: كمال مظهر احمد، دار ئاراس للطباعة والنشر، (أربيل، ٢٠٠٩).

(٥) حامید مەحمود عیسا، کێشەی کورد لە عێراق (١)، ل٤١٣.

(٦) عەبدولکەریم قاسم محەمەد بەکر، لە ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩١٤ لە گەڕەکی (مەهدیە) لە بەغدا لەدایک بووە، لە ساڵی ١٩٢٧ خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (رصافە)ی بەغدا تەواو کردووە، ساڵی ١٩٣١ خوێندنی ئامادەیی هەر لە بەغدا تەواو کردووە و هەر هەمان ساڵ بۆتە مامۆستای سەرەتایی لە قوتابخانەی (شامیە) لە قەزای شامیەی سەر بە پارێزگای دیوانیە، لە ١٥ی ئەیلوولی١٩٣٢ لە کۆلێژی سەربازی بەغدا وەرگیراوە، لە ١٥ی نیسانی ١٩٣٤ بە ئەفسەری پلە دوو دەرچووە و بەشداری چەندین خولی سەربازی گرنگی کردووە لە ناوەوەو دەرەوەی عێراق، ساڵی ١٩٤١ کۆلێژی ئەرکانی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٥٧ چوەتە ڕیزی ئەفسەرانی ئازاد، سەرکردایەتیی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی کردووە و بووەتە یەکەم سەرۆک کۆماری عێراق، لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بە هۆی کودەتای بەعسیەکانەوە کوژرا، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: شامل عبدالقادر، عبدالكريم قاسم البداية والنهاية، دار الأهلية للنشر والتوزيع، (الأردن، ٢٠٠١)؛ نیهایەت عەلی حسێن، پەیوەندی سیاسی مستەفا بارزانی و عەبدوکەریم قاسم (١٩٥٨-١٩٦٣)، چاپخانەی چوارچرا، (سلێمانی، ٢٠١٣)، ل٢٨-٣٨.

شاهانەوە و حکومەتی پاشایەتیی ڕووخاند و حکومەتی کۆماریی ڕاگەیاند[١]. ئەم شۆڕشە ڕووداوێکی لە ناکاو و کتوپڕ نەبوو، بەڵکو چەندین فاکتەری دەرەکی و ناوخۆیی هۆی ڕوودانی ئەم شۆڕشە بوون[٢].

بڵاوبوونەوەی دەنگوباسەکانی سەرکەوتنی شۆڕشەکە، بووە مایەی خۆشحاڵی و جێگەی ئومێدی گەلانی عێراق، بە گەلی کوردیشەوە، کە بە چەندین شێوە گوزارشتیان لە خۆشحاڵی خۆیان کرد[٣]، بە شێوەیەک هەر لەگەڵ بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی ژمارە یەکی شۆڕشگێڕان، ئەندامانی پارتی و شیوعی ڕژانە سەر شەقامەکان و خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی، سەرباز و ئەفسەر و جەماوەری کوردستان بوونە شوورەی پاراستنی کۆمار، لە کوردستانیش بە بروسکە و گردبوونەوە و ڕێپێوان پشتیوانی خۆیان بۆ کۆمار ڕاگەیاند[٤]. باڵەکایەتیش وەک بەشێک لە کوردستان پشتیوانی بۆ شۆڕش دەربڕیوە.

ئەم شۆڕشە گۆڕانێکی گەورە و بارودۆخێکی نوێی هێنایە کایەوە لە هەموو بوارەکاندا، بە تایبەتی لە ڕووی سیاسیەوە تەکانێکیدا بە پارت و کۆمەڵە و ڕێکخراوە سیاسییەکان و زەمینەیەکی وای بۆ فەراهەمکردن کە کار و چالاکییەکانیان بە ئازادی ئەنجام بدەن و بە گوڕ و تینەوە بکەونە خەباتکردن، ئەم شۆڕشە نیشتیمانییە دیموکراسییە ئاسۆیەکی فراوانی کردەوە بۆ گەلی عێراق بە کورد و عەرەبەوە بۆ ڕزگاربوون لە کۆڵۆنیالیزم و بەدیهێنانی چارەسەرێکی کۆمەڵایەتی لە پێناو بەرژەوەندیی جەماوەری گەلدا[٥]. بەڵام دواتر ئەم شۆڕشە بەم شێوەیە نەبوو کە پێشبینی بۆ کرابوو، بەڵکو لە ماوەی دەسەڵاتی سەرکردەکانی ئەم شۆڕشە بارودۆخی عێراق بەرەو خراپی چوو، بەتایبەت سەبارەت بە گەلی کورد.

پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتایەکی زۆر زووەوە، دوای ڕاگەیاندنی شۆڕش بۆ پیرۆزبایی و پشتیوانی دەربڕین پەیوەندیان بە سەرانی شۆڕشەوە کرد، لەو بارەیەوە (ئیبراهیم ئەحمەد)[٦] وتویەتی: "پاش ڕاگەیاندنی شۆڕش بە کەمتر لە کاتژمێرێک سەرکردایەتیی حزب لە کەرکووکەوە،

---

(١) أوريل دان، العراق في عهد قاسم-تاريخ سياسى ١٩٥٨-١٩٦٣، ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله، دار نبز للطباعة ولنشر، (السويد، ١٩٨٩)، ص٤٣-٤٨.

(٢) بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ و گرنگترین هۆکارەکانی بڕوانە: ليث عبدالحسين الزبيدى، ثوره ١٤تموز في العراق، مكتبة اليقظية العربية، ط٢، (بغداد، ١٩٨١).

(٣) مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٥٨-١٩٦١، و: سعید ناکام، چاپخانەی خەبات، (دهۆک، ١٩٨٨)، ل٢٣.

(٤) فاتیح ڕەسول، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان، چ٢، چاپخانەی چوارچرا، (سلێمانی، ٢٠٠٥)، ل٣٣١.

(٥) پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکردایەتیی کاتی، ڕێبازی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ئەیلوول وە بەرنامەی نوێی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕاپۆرتی سیاسی پەسەند کراو لە لایەن کۆنفرانسی پارتی کە لە ئابی ١٩٧٦ گرێدراوە، ل٤.

(٦) ئیبراهیم ئەحمد فەتاح، لە ساڵی ١٩١٤ لە سلێمانی لەدایک بووە، لە ساڵی ١٩٣٧ کۆلێژی مافی لە بەغدا تەواو کردووە، ساڵی ١٩٣٩ گۆڤاری گەلاوێژی دەرکردووە، ساڵی ١٩٤٦ لێپرسراوی لقی سلێمانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووە، ساڵی ١٩٤٧ هاتۆتە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێک بووە لە سەرکردە دیارەکان...بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: أحمد شريف عەلی، ابراهيم أحمد- ژیان و بەهرە و داهێنان، چاپخانەی بەدرخان، سلێمانی، ٢٠٠٢؛ شۆڕش ئەحمەد گەرمیانی، گوڵبژێرێک لە ناودارانی کورد، چاپەمەنی چوارچرا، (سلێمانی، ٢٠١٣)، ل١٦.

برووسکەیەکمان بۆ سەرکردایەتیی هێزە چەکدارە نیشتیمانییەکان لێدا و پشتگیریمان بۆ شۆڕشی پیرۆز ڕاگەیاند و هیوامان خواست کە سەرەتای سەردەمێکی نوێ بێت بۆ دامەزراندنی پەیوەندی بەتینی عەرەبی ــ کوردی کە چاکە و پێشکەوتنی هەردوو گەلی تێدا بێت"[١].

هەر بە مەبەستی پشتگیریکردن لە شۆڕش، پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٦ی تەموزی ١٩٥٨ بەیانێکی بڵاو کردەوە، تیایدا هەموو توانایەکی خۆی خستە ژێر دەسەڵاتی سەرکردایەتیی شۆڕشی ١٤ی تەمموز و لایەنگریی شۆڕشەکەی کرد، ڕایگەیاند ڕزگاربوون لە ڕژێمی پاشایەتی و دامەزراندنی کۆمار و کشانەوە لە پەیمانی بەغدای ئاراستە کراو بۆ جەرگی نەتەوەی کورد، هەموو ئەمانە ئیمڕۆ پتەوترین بناغەن بۆ دامەزراندن و دروستکردنی ژیانێکی پڕ لە کامەرانی و ئاسوودەیی و یەکسانی بۆ هەردوو گەلی کورد و عەرەب، ڕایگەیاند کە هەموو ئەندام و لایەنگرانی پارتی ئەکا بە پێشمەرگە بۆ پاراستنی کۆماری عێراق و بەرهەڵستی کردنی ئیمپریالیزم و پلان و نۆکەرانی[٢]. ئەو بەیاننامەیە کاریگەریی هەبووە لەسەر خەڵکی کوردستان، لەوانە ناوچەی باڵەکایەتی، بۆ پشتگیری کردن لە شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨.

لەو سەروو بەندەدا جۆرێک لێکنزیکبوونەوە لە نێوان کورد و کۆماری عێراق دروست بوو، کە بووە هۆی ئەوەی دوای دوازدە ساڵ زیندانی (شێخ ئەحمەد بارزانی)[٣] لە٢١ی تەموزی ١٩٥٨ ئازاد کرا، ئەویش بۆ ڕۆژی دواتر سەردانی وەزارەتی بەرگریکرد و لایەنگریی خۆی بۆ کۆمار ڕاگەیاند[٤].

مەلا مستەفای بارزانیش کە تا ئەو کاتە هەر لە ئاوارەییدا بوو، بروسکەی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرانی شۆڕشی تەمموز کرد و دڵسۆزی و پشتگیریی خۆی بۆ کۆماری عێراق دەربڕی، بۆ ئەم مەبەستە

(١) گواستراوەتەوە لە: جەلال تاڵەبانی، کوردستان و بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، و: ح-ا، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی جەمالی عەلی باپیر، (سلێمانی، ٢٠١١)، ل٢٨١؛ سعد ناجی جواد، المسألة الكردية فى العراق ١٩٥٨-١٩٧٠، دار اللام، (لندن، ١٩٩٠)، ص٣٦.

(٢) خەبات، ژمارە(١٤)، ١٩٥٩/٧/١٤، ل٢؛ مسعود بارزانی، بارزانی و...١٩٥٨-١٩٦١، ل٣٤-٣٥؛ عبدالستار تاهر شەریف، ململانێ لەگەڵ ژیاندا (١٩٣٥-١٩٧١)، ب١، چاپخانەی ئارابخا، (کەرکوک، ٢٠٠٥)، ل٤٨.

(٣) شێخ ئەحمەد بارزانی کوڕی شێخ محەمەد کوڕی شێخ عەبدولسەلامە، لە دەوروبەری ساڵی ١٨٩٢ لەدایک بووە، لە ئاکامی لەسێدارەدانی شێخ عەبدولسەلامی برای لە موصل بەهۆی ڕاپەڕینەکەی دژ بە دەسەڵاتداریەتی تورکی، شێخ ئەحمەد ڕابەرایەتیەتی عەشیرەتەکەی دەکەوێتە ئەستۆ، چەند شۆڕش و ڕاپەڕینێکی لە دژی دەستەڵاتداران ئەنجام داوە، چەند جارێک دەستگیر کراوە، لە١١ی کانونی دووەمی ١٩٦٩ لە بەغدا کۆچی دوایی کرد: میر بەسری، س.پ، ل٤١-٤٢.

(٤) مسعود بارزانی، بارزانی و...١٩٥٨-١٩٦١، ل٣٩.

لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم نامەیان گۆڕیەوە[١]. دوای چەند هەوڵێک دواجار مەلا مستەفای بارزانی لە ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٨ گەڕایەوە عێراق و وەک سەرکردە و پاڵەوانێک پێشوازیی لێکرا[٢].

شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی بردە قۆناغێکی نوێیەوە، لە٢٧ی تەموزی ١٩٥٨ دەستووری کاتی ڕاگەیێندرا، لە ماددەی سێیەمیدا هاتبوو: "دەبێت کیانی عێراق لەسەر بنەمای هاریکاری نێوان هەموو هاوڵاتیان بێت، بە ڕێزگرتن لە مافەکانیان و فەراهەمکردنی ئازادیەکان و عەرەب و کورد هاوبەشن لەم وڵاتەدا و ئەم دەستوورە مافە نەتەوایەتییەکانیان دەچەسپێنێ لە چوارچێوەی یەکێتی عێراق"[٣].

کاتێکیش ئەنجوومەنی سەروەریی (سیادە) پێکهات، سێ کەس بۆ ئەندامێتی دیاریکران، یەکێک لەو کەسانە (خالید نەقشبەندی)[٤]بوو کە وەک کوردێک بوو لەم سەرۆکایەتییە[٥].

دوای شۆڕشەکە، لە سەرەتاوە بە ئاراستەی دیموکراتی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە کۆمەڵێک کاری گرنگ کران، جگە لەوانەی کە باسمان کرد لە ١١ی کانوونی دووەمی ١٩٥٩ پارتی مۆڵەتی یاسایی دەرکردنی ڕۆژنامەی (خەبات/نضال)ی وەرگرت[٦].

لە لایەکی ترەوە دوای دەرچوونی یاسای مۆڵەتی پارتەکان داواکاریی مۆڵەت وەرگرتنی پارتی پێشکەش بە حکومەت کرا، لە ٩ی شوباتی ١٩٦٠ پارتی مۆڵەتی وەرگرت و وەک پارتێکی یاسایی کارەکانی دەستپێکرد[٧].

---

(١) بۆ دەقی نامەکان بڕوانە هەمان سەرچاوە، ل٤١-٤٣؛ خەبات، ژمارە (١٤)، ١٤ی تەموزی ١٩٥٩، ل٤.

(٢) کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، و: حەمە کەریم عارف، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چ٦، (هەولێر، ٢٠١١)، ل٢٦٨؛ عبدالفتاح علي يحيى البوتاني، م.س، ص٦٧.

(٣) الوقائع العراقية، العدد (٢)، ٢٨تموز١٩٥٨.

(٤) خالید عەبدول غەفار نەقشبەندی، ساڵی ١٩١٥ لە گوندی بامەڕنێ لە قەزای ئامێدی لەدایک بووە، دەرچووی کۆلێژی سەربازی بووە لە سالی ١٩٣٧، دواتر لە کۆلێژی ئەرکان بە پلەی ڕەئیس ڕوکن دەردەچێ لە ساڵی ١٩٤٥، ساڵی ١٩٥٠ کۆلێژی یاساش تەواو دەکات، ماوەیەک دەبێ بە ئامر فەوج و ئامری حامیەی ڕواندز، دوای جێ هێشتنی سوپا دەبێتە قایمقامی ڕانیە و دواتر کۆیە و هەڵەبجە، ساڵی ١٩٥٧ دەبێتە پارێزگاری هەولێر، ساڵی ١٩٥٨ دەبێتە ئەندامی ئەنجوومەنی سیادەی عیراق، ساڵی ١٩٦١ کۆچی دوایی کردووە.جمال بابان، اعلام الكرد، ج١، ط٢، دار اراس للطباعة والنشر، (اربيل، ٢٠١٢)، ص١٩٦-١٩٧.

(٥) نوری شاویس، من مذكراتي، منشورات حزب الشعب الديمقراتي الكوردستاني، د.م، ١٩٨٥، ص٦٩؛ مێڤان عارف بادی، موقف الأحزاب السياسية العراقية من القضية الكوردية، مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر، مطبعة خاني، (دهوك، ٢٠٠٨)، ص١٦٤.

(٦) بۆ بینینی دەقی دیکۆمێنتی مۆڵەتی یاسایی ڕۆژنامەی خەبات بڕوانە: فرهاد محمد أحمد، جريدة خەبات/النضال ١٩٥٩-١٩٦١ دراسة تاريخية، دار سبيريز للطباعة والنشر، (دهوك، ٢٠٠٨)، ص٢٨٥.

(٧) مسعود بارزانی، بارزانی و...١٩٥٨-١٩٦١، س.پ، ل٧٤-٧٥؛ أوريل دان، م.س، ص٣٧٥-٣٧٦.

سەرەڕای ئەم دەستکەوتانە کورد چەندین دەستکەوتی تری چ لە ئاستی ناوخۆ و چ لە ئاستی دەرەوە بەدەستهێنا و ئاسۆیەکی نویٚ بۆ گەلی کورد کرایەوە[1].

لە بەرانبەردا پارتی پشتیوانیی زۆری لە کۆماری عێراق کرد، تەنانەت پارتی بەشداریی سەربازیشی لە دژی نەیارانی کۆمار کرد، وەک بەشداری لە لێدانی هەوڵەکەی (عەبدولوەهاب شەواف)[2] بۆ کودەتا کە لە ٨ی ئاداری ١٩٥٩ ئەنجامیدا، پارتی لە دامرکاندنەوەی جووڵانەوە چەکداریەکەی شێخ ڕەشیدی لۆلانیش، کە لە ساڵی ١٩٥٩ لە دژی حکومەت ئەنجامیدا، بەشداریکرد[3].

سەرەڕای یارمەتی و پشتیوانییەکانی پارتی بۆ کۆماری عێراق، لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٩ و سەرەتای ساڵی ١٩٦٠ پەیوەندییەکانی نێوان قاسم و سەرکردایەتیی کورد جۆرە ساردیەکی بەخۆیەوە بینی، هۆکاری گۆڕانی سیاسەتەکانی قاسم بەرانبەر بە کورد، سەرباری بۆچوونەکانی خۆی کەوتبووە ژێر کاریگەریی ڕەوتە شۆڤێنیزمەکانی عەرەبی عێراق و بەهەل قۆستنەوەی چەند ڕووداوێکی نێوخۆیی بچووک لە لایەک و دەستێوەردانی وڵاتانی وەک تورکیا و ئێران و بەریتانیا لە کاروباری نێوخۆی عێراق و هاندانی نەیارەکانی قاسم لە لایەکی ترەوە[4].

پەیوەندیەکانی نێوان قاسم و کورد تا دەهات بەرەو خراپتر دەچوو، بەشێوەیەک قاسم وردە وردە لەو بەڵێنانەی پاشگەز بووەوە کە لە سەرەتای دەسەڵاتەکەی بە کوردی دابوون، دەستکرا بە گرتنی ئەندامانی پارتی و داخستنی ڕۆژنامەی خەبات و گواستنەوەی فەرمانبەرە کوردەکان بۆ بەشەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق و چەندان کاری تر، ڕەوشەکە خراپتر بوو کاتێک مەلا مستەفای بارزانی بۆ بەشداری لە یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەر سەردانی ڕوسیای کرد و قاسم لێکدانەوەی جیای بۆ سەردانەکە کرد و پەیوەندی قاسم و بارزانی بەرەو خراپتر چوو[5].

---

(1) بڕوانە: کەوسەر عەزیز گەڵاڵی، ئەو ڕووداو و کارەساتانەی کە کێشەی کوردیان بە جیهان ناساند، چاپخانەی شەهاب، (هەولێر، ٢٠١١)، ل١٧-١٩؛ صلاح سعدالله، المسألة الكردية في العراق، ط٢، الناشر مكتبة مدبولي، (القاهرة، ٢٠٠٦)، ص٨٩-٩٠.

(2) عبدالوهاب شواف، لە ساڵی ١٩١٨ لە بەغدا لەدایک بووە، چۆتە نێو ڕێکخستنەکانی ئەفسەرانی ئازاد، لەدوای شۆڕشی تەمموز کراوە بە سەرکردەی لیوای پێنج لە موسڵ، دواتر لە ٨ی ئایاری ١٩٥٩ لە دژی قاسم ڕاپەڕی لە موسڵ، بە بزووتنەوەکەی (شواف) ناوبانگی دەرکرد، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو و هەوڵەکەی بووە هۆی کوژرانی.بڕوانە: هاوکار کریم حمە شریف، شۆڕشی ئەیلوول- لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویە ڕێکخستن و چالاکیە سەربازیەکان (١٩٦١-١٩٧٠)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، (هەولێر، ٢٠١٢)، ل٢٦-٢٧.

(3) بۆ زانیاری لەمەڕ بەشداری کورد لە هەردوو هەوڵدانە چەکدارییەکە بڕوانە: میڤان عارف بادي، الحركة القومية الكوردية التحررية في كردستان العراق (١٩٥٨-١٩٦٣)، مطبعة وزارة التربية، (اربيل، ٢٠٠٥)، ص٧١-٧٦.

(4) ئامانج حەسەن ئەحمەد، برایم ئەحمەد..ڕۆڵی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی و ڕووناکبیری گەلی کورددا، چاپخانەی ڕەنج، (سلێمانی، ٢٠٠٩)، ل١٦٢.

(5) بۆ زیاتر زانیاری لەمەڕ گۆڕانی هەڵوێستی عبدالکریم قاسم بەرامبەر بە کورد بڕوانە: ئیبراهیم جەلال، خواروی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول بنیاتنان و هەڵتەکاندن ١٩٦١-١٩٧٥، چ٣، چاپخانەی ژیار، (سلێمانی، ١٩٩٩)، ل٦٤-٦٨.

لەلایەکی تریشەوە قاسم بە خۆنزیککردنەوە لە هەندێک لە سەرۆک هۆزەکانی نەیاری بارزانی، توانی هەندێک هۆزی کوردی لە دژی بارزانی هانبدات و دژی بوەستنەوە[١].

لەگەڵ ئەمانەدا پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئارامکردنەوە و بیرهێنانەوەی قاسم سەبارەت بە داخوازییەکانی گەلی کورد و دەرخستنی ناڕەزایی بەرانبەر بە داخستنی بارەگا و ڕۆژنامەکانی، شێوازی دیبلۆماسیانەی لەگەڵ قاسمدا گرتەبەر[٢]، بۆ ئەم مەبەستە پارتی دوو بیرخەرەوەی بۆ قاسم نارد، یەکەمیان لە ٨ی حوزەیرانی١٩٦١ و دووەمیان لە ٢٠ی تەموزی ١٩٦١، لە هەردووکیاندا پارتی داوایکرد بارودۆخەکە ئارامبکرێتەوە و قاسم پابەندبێت بە جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی بە کوردی داون[٣]، بەڵام قاسم وەڵامی هەڵوێستە دیبلۆماسییەکانی پارتی بە بەهێزکردنی ناوەندە سوپاییەکانی لە کوردستان دایەوە و هێزێکی زۆری لە بەشەکانی تری عێراقەوە هێنایە کوردستان[٤].

لە بەرانبەریشدا پارتی چەکی بەڕووی حوکمی قاسمدا هەڵگرت؛ چونکە قاسم هەموو دەروازەکانی بەڕووی هەوڵە ئاشتیخوازیەکانی پارتی و گەلی کورددا داخست[٥]. سەرەڕای چەندین هەوڵدان بە مەبەستی ڕێگریکردن لە پێکدادانی سەربازیی، بەڵام دواجار چەندین هۆکار وایکرد شەڕێکی خوێناوی لە کوردستان بە درێژایی ١٤ساڵ دروستبێت[٦].

---

(١) شێرکۆ فەتحوڵا عومەر، پارتی دیموکراتی کوردستان و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە عێراق ١٩٤٦-١٩٧٥، و: سوارە قەڵادزێی، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، (کەرکوک، ٢٠١٣)، ل١٧٢-١٧٣.

(٢) ئامانج حەسەن ئەحمەد، س.پ، ل١٦٨.

(٣) شيرزاد زكريا محمد، الحركة القومية الكوردية في كوردستان-العراق ٨ شباط ١٩٦٣-١٧ تموز١٩٦٨، دار سپیرێز للطباعة والنشر، (دهوك، ٢٠٠٦)، ص٤٤.

(٤) ئیبراهیم جەلال، س.پ، ل٧٠.

(٥) جەلال تاڵەبانی، س.پ، ل٣٠٤.

(٦) بۆ زیاتر زانیاری لەسەر هۆکارەکانی بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلوول بڕوانە: ڕەفیق ڕەحمان مام خول، س.پ، ل٨٩-٩٩؛ هاوکار کریم حمه شريف، س.پ، ل٢٨-٤٣.

# بەشـــــی دووەم

## ڕووداوەکانی سەرەتای شۆڕش لە باڵەکایەتی و ڕزگارکردنی و بوونی بە بنکەی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول

## تەوەری یەکەم

## باڵەکایەتی لە ماوەی ململانێی نێوان هەندێک لە هۆزەکانی کوردستان و حکومەتی عێراقی و ڕاپەڕینی خەڵکی باڵەکایەتی لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول

باڵەکایەتی لە ماوەی کێشەی نێوان هەندێک لە هۆزەکانی کوردستان و حکومەتی عێراقی لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا، وەک زۆرێک لە ناوچەکانی کوردستان، بارودۆخەکەی ئاڵۆز بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ جموجۆڵێکی سەربازی لە ناوچەکەدا نەکراوە و چەند جارێک شاندی باڵەکایەتی بەرەو بارزان بۆ دیداری بارزانی چووە، بەڵام دوای ئەوەی فڕۆکەکانی حکومەت لە ١٤ی ئەیلوولی ١٩٦١ بۆردومانی ناوچەکەیان کرد و چەند کەسێک بوونە قوربانی، خەڵکی ناوچەکە ڕاپەڕینێکی چەکدارییان دژی هێزەکانی میری لە ناوچەکەدا ئەنجامدا و زۆرینەی ناوچەکە ئازادکرا.

### أ/ باڵەکایەتی لە ماوەی ململانێی نێوان هەندێک لە هۆزەکانی کوردستان و حکومەتی عێراقی

دوای دەرکەوتنی ئاماژەکان بە تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان کورد و دەسەڵاتەکەی عەبدولکەریم قاسم، هەر وەکو لەمەوبەر باسمانکرد، کۆمەڵێک ڕووداو لە کوردستان ڕوویاندا، یەکێک لە ڕووداوە هەرە گرنگەکان، ڕاپەڕینە خێڵەکییەکان بوون لە پێش هەڵگیرسانی شۆڕش و دوای هەڵگیرسانی، دواتر ئەم ڕاپەڕینانە بوون بە بەردی بناغەی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول.

حکومەتی کۆماری هەوڵیدا لە زووترین کاتدا چاکسازیەکانی بواری کشتوکاڵ ئەنجامبدات، بۆ ئەم مەبەستە دوو پسپۆڕی ئەم بوارەی لە میسرەوە هێنا، بۆ دانانی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی[1].

دوابەدوای دەرچوونی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی، کە لە ٣٠ی ئەیلوولی ١٩٥٨ دەرچوو، خاوەن موڵکە گەورەکان و پاشماوەی دەرەبەگایەتی وەک چینێکی دەستەڵاتدار هەستیان بە هەڕەشە و مەترسی کرد لەسەر بەرژەوەندییەکانیان، بۆیە دژایەتیی جێبەجێکردنی یاساکەیان کرد[2].

لەگەڵ ئەوەی سەرۆک عەشیرەتەکان و خاوەن موڵکە گەورەکان دژی یاساکە بوون و داوای هەموارکردنەوەی یاساکەیان دەکرد، بەڵام حکومەت نەک هەر گوێی پێنەدان، بەڵکو لەساڵی ١٩٦١ باجی زەویشی بەسەر جوتیاراندا سەپاند[3].

---

(١) مەسعوود محەمەد، گەشتی ژیانم، (ستۆکهۆڵم، ١٩٩٢)، ل٣٥٩.
(٢) ڕەفیق ڕەحمان مام خول، س.پ، ل٨٢.
(٣) فەتاح تۆفیق فەتاح، س.پ، ل٣١.

لەبەرانبەردا لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٦١ شاندێکی سەرۆک هۆزەکانی کوردستان بە مەبەستی دیدەنی قاسم سەردانی بەغدایان کرد، یاداشتێکیان نووسیبوو تیایدا داوایانکردبوو یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی هەمواربکرێتەوە و یاسای باجی زەویش هەڵبوەشێندرێتەوە، بەڵام شاندەکە پێشوازی لێنەکرا[١] و داواکارییەکەیان جێبەجێنەکرا، هەر بۆیە چەکداریان لە دژی حکومەتی عێراق کۆکردەوە[٢].

هەرچەندە پارتی و خودی بارزانیش لەگەڵ ئەوەدا نەبوون، لەم کاتەدا بەم جموجۆڵە سەربازیانە بەهانە بە هێزەکانی عێراق بۆ دژایەتیکردنی زیاتری کورد بدرێت، بارزانی لە کۆتایی مانگی ئابی ١٩٦١ ڕای خۆی بە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ڕاگەیاند، کە پێیوابوو پێویستە کورد لەسەر سیاسەتەکانی پێشووی خۆی بڕوات و لە شەڕکردن لەگەڵ هێزەکانی حکومەت دووربکەوێتەوە، مەگەر حکومەت هێرشبکات و بیەوێ بە هێزی چەکداری لەناومان ببات، ئەوکات بە ناچاری بەرگری لە نیشتیمان دەکەین[٣].

سەرەڕای ئەمە، بارودۆخەکە زۆر بەپەلە گۆڕدرا، لەوە دەرچوو بتوانرێت کۆنترۆڵبکرێت، بەتایبەت چەند خێڵێک لە ناوچەی خەلەکان و بازیان کۆبوونەوە و گوێیان بە بڕیار و ڕێنماییەکانی پارتی و خودی بارزانیش نەدا[٤].

لەم کاتدا لە ناوچەی باڵەکایەتی هیچ جموجۆڵێکی سەربازی نەکراوە، دەتوانین بڵێین هۆکاری ئەمەش ئەوە بووە کە خەڵکی ناوچەکە و ئاغاکانی ناوچەکە بە ڕێنماییەکانی پارتی و خودی بارزانی پەیوەستبوون، بەڵگەش ئەوەیە، لەگەڵ تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان کورد و حکومەتی عێراق، لە هەر پێشهاتێکی گرنگدا گەورە پیاوانی ناوچەکە و ڕێکخستنەکانی پارتی نوێنەریان بۆ لای مەلا مستەفای بارزانی ناردووە، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٦٠ پەیوەندیەکانی نێوان کورد و حکومەتی عێراق بەرەو خراپی چوو و دەنگۆی پەیوەندیی بەشێک لە ئاغاکانی کوردستان بە حکومەتەوە بڵاوبووەوە، ڕێکخستنەکانی پارتی و بەشێک لە ئاغا و کەسایەتییەکانی ناوچەکە بڕیاریاندا شاندێک بۆ لای بارزانی لە ناوچەی بارزان بنێرن، دوو کەس بە ناوەکانی (حاجی ئیبراهیم سۆفی)[٥] و (قادر عەبدوڵڵا مەلا) بە نوێنەرایەتیی

---

([١]) دیڤید ماکداوڵ، مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ٢، (هەولێر، ٢٠٠٥)، ل٥٠٨.

([٢]) فەتاح تۆفیق فەتاح، س.پ، ل٣١.

([٣]) مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، ٣-١٩٦٢/٣/٤، ڕوون کردنەوەیەک لەبارەی وەزع لە کوردستانی خوارو"عێراق" وە ڕاپەڕینە چەکدارە پیرۆزەکەی گەلی کوردمان.گواستراوەتەوە لە کتێبی، نەوزاد عەلی ئەحمەد، پارتی دیموکراتی کوردستان لە نێوان کوتەک و تەسلیم بووندا ١٩٦١-١٩٦٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، (هەولێر، ٢٠٠٩)، ل١١٧.

([٤]) مسعود بارزانی، بارزانی و.....١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٣٢.

([٥]) ئیبراهیم حەمەد عەبدوڵڵا، ناسراو بە حاجی برایم سۆفی دەربەندی، لە ساڵی ١٩٣٠ لە گوندی دەربەندی ڕایات لە ناوچەی باڵەکایەتی لەدایک بووە، لە تەمەنی شەش ساڵی چۆتە حوجرەی فەقێیان، لە ساڵی ١٩٤٣ پەیوەندی بە

ناوچەی باڵەکایەتی بەرەو ناوچەی بارزان چوون و مەلا مستەفایان بینی، بارزانی بارودۆخەکەی بۆ ڕوونکردنەوە و ڕێنماییەکانی خۆی بۆ ڕێکخستنەکانی پارتی و ئاغاکانی ناوچەکە نارد[١].

هەروەها لە تەمووزی ساڵی ١٩٦١، ئاغاکانی ناوچەی پشدەر و ڕانیە کۆبوونەوە و بڕیاریاندا خۆپیشاندانێکی چەکداری لە دژی حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم ئەنجامبدەن و ڕێگاکان بگرن[٢]. بەهۆی ئەوەی ناوچەی پشدەر هاوسنوورە لەگەڵ ناوچەی باڵەکایەتی ئەم ڕووداوانە کاریگەرییان لەسەر ناوچەکە دروستکرد، بەڵام ڕێکخستنەکانی پارتی و بەشێک لە ئاغاکانی ناوچەکە لە گوندی (کەوەرتە)[٣] کۆبوونەوە و بڕیاریاندا شاندێک بە مەبەستی زانینی ڕای بارزانی سەبارەت بەم بارودۆخەی کوردستان بەرەو بارزان بچێت، شاندێکی ٢٥ کەسی بە نهێنی لە باڵەکایەتییەوە بەرەو بارزان بە پیادە و شەوڕۆیی بەڕێکەوتن، دوای گەیشتنیان بە ناوچەی بارزان لەگەڵ بارزانی کۆبوونەوە، بارزانی بە شاندەکەی ڕاگەیاند بارۆدۆخ لەم کاتەدا بۆ شۆڕش گونجاو نییە؛ چونکە ئامادەکاریی بۆ نەکراوە و ڕەنگە ئەم کارە بە زیانی زۆر بۆ میللەتی کورد تەواو بێت، بەڵام داوا لەشاندەکەی باڵەکایەتی دەکات کە هەوڵبدەن بە شێوەی (شەڕی پارتیزانی)[٤] پەلاماری ئۆتۆمبێلی سەربازی حکومەتی عێراق بدەن، بۆ

---

کۆمەڵەی ژێکافەوە دەکات، لە ساڵی ١٩٤٥ دەبێتە ئەندامی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە ساڵی ١٩٤٧ دەبێتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، لە ساڵی ١٩٥٨ دەبێتە ئەندامی لیژنەی ناوچەی باڵەکی پارتی، بەشداری ڕاپەڕینی خەڵکی باڵەکایەتی کردووە دژی هێزەکانی حکومەتی عێراق لە ناوچەکەدا، ساڵی ١٩٦٣ بۆتە کارگێڕی ناوچەی باڵەکی پارتی، بەشداری چەندان شەڕی کردووە لە ماوەی شۆڕشی ئەیلوول و بەردەوام بووە تاوەکو نسکۆی شۆڕش، لە ٢٠٠٤/٦/١٧ کۆچی دوایی کرد.کوردستانی نوێ (ڕۆژنامە)، ژمارە (٣٤٣٦)،٢٠٠٤/٨/٣، ل٤.

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ قادر عەبدوڵڵا مەلا ناسراو بە مەلا قادر دەربەندی، ٢٠١٦/٧/٢٥، گوندی دەربەند.ناوبراوله ساڵی ١٩٣٢ لە گوندی دەربەندی ڕایات لە ناوچەی باڵەکایەتی لەدایک بووە، لە ساڵی ١٩٥٨ دەبێتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ساڵی ١٩٦٠ دەچێتە ناوچەی بارزان بۆ دیداری بارزانی، لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول بەشداری ڕاپەرینی خەڵکی باڵەکایەتی دەکات دژی هێزەکانی حکومەت، لە شۆڕشی ئەیلوول دەبێتە پێشمەرگە، لەدوای نسکۆی شۆڕش ماوەیەک ئاوارەی ئێران دەبێت، لە ساڵی ١٩٨١ بە بانگدەر لە مزگەوتی گوندی دەربەند دامەزراوە، لە ساڵی ١٩٩٣ خانەنشین کراوە، ئێستا لە گوندی دەربەند نیشتەجێیە.

(٢) عبدالله احمد ڕسول پشدەری، بەشی دووەم لە یاداشتەکانم ( شۆڕشی ئەیلوول ساڵی ١٩٦١ دژی ڕژێمی قاسم)، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، (هەولێر، ١٩٩٧)، ل١٤.

(٣) کەوەرتە گوندێکە دەکەوێتە نزیک ڕێگای هامڵتۆن، نزیکەی ٥کم بە ئاراستەی ڕۆژ ئاوا لە قەزای چۆمان دوورە، لەڕووی کارگێڕیەوە سەربە قەزای چۆمانە.

(٤) شەڕی پارتیزانی واتا بەکارهێنانی هەموو جۆرە وەسیلەیەک بەرامبەر دوژمن جگە لە شەڕی جەبهە، بە مەبەستی لێدانی هێزی دوژمن یاخود بەرژەوەندییەکانی، کە تیایدا گرینگی دەدرێت بە خاڵی لاوازی دوژمن بۆ پەلاماردانی، ئەو تاقمەی کە بەم شەڕە هەڵدەستن پێویستە ژمارەیان کەم بێت و هەمیشە لە جووڵەدابن، ئەم جۆرە شەڕە پێویستی بە وریایی زۆر و تاکتیکی سەربازی هەیە، ئەم جۆرە شەڕە سوودی زۆر بە هەر شۆڕشێک دەگەیەنێ و هێزی دوژمنیش شپرزە دەکات، وە هێزی پارتیزانیش دەبێ پەیوەندی پتەوی لەگەڵ جەماوەردا هەبێت.بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: مەحمود عوسمان، شۆڕشی کوردستانی عیراق ١٩٦١، پارتی دیموکراتی کوردستان- مەکتەبی سیاسی- ١٩٧٠/٣/١٧، گۆڤاری k21، ژمارە (٥-٦)، ٢٠٠٩، ل٦٩؛ قارەمان حەیدەر ڕەحمان، شەڕی پارتیزانی لە ماوەی شۆڕشی ئەیلولدا، گۆڤاری مێژوو، ژمارە (١٤)، بەهاری ٢٠١٠، ل٩-٤٨.

ئەوەی  حکومەت و عەبدولکەریم ناچار بێن گوێ لە داواکارییەکانی کورد بگرن، لەم سەردانەدا شاندەکەی باڵەکایەتی سەردانی شێخ ئەحمەدی بارزانیان کرد، بەڵام باسیان لە ناوەڕۆکی گفتوگۆکەیان لەگەڵ مەلا مستەفا نەکردووە، بەڵکو باس لە ئامادەیی عەشیرەتی باڵەک کراوە بۆ پشتیوانی لە بارزانییەکان لە دژی هۆزە نەیارەکانیان، دوای دوو ڕۆژ مانەوەی شاندەکە گەڕانەوە باڵەکایەتی و خۆیان لە هێزەکانی میری لە ناوچەکە حەشاردا [1].

## ب/ ڕاپەڕینی خەڵکی باڵەکایەتی لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول

بارودۆخی ناوچەکە هەر بەم شێوەیە مایەوە کە باسمان کرد،  تاکو ئەوکاتەی کە لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ کوردستان لە جموجۆڵدا دەبێت، بەتایبەتی کە ژمارەیەک لە سەرانی عەشیرەتەکان خۆیان ئامادە دەکەن و دەکەونە پەلاماردانی یەکەکانی سوپای عێراقی، لە بەرانبەردا سوپای عیراق لە ٩ی مانگی ئەیلوولەوە دەستدەکات بە هێرشی سەربازی بۆسەر گردبوونەوە عەشاییریەکان، لە ئەنجامدا گردبوونەوە عەشاییریەکان کۆتاییان هات و شوێنەکانیان چۆڵ کرد[2].

دوای ئەوەی سوپای عێراقی پەلاماری کوردستانیدا، لە ناوچەی باڵەکایەتیش بە مەبەستی خۆ ئامادەکردن و دانانی پلانێک بۆ پەلاماردانی بنکەکانی هێزی حکومەت لە ناوچەکەدا جموجۆڵ دەستپێکرد، ڕێکخستنەکانی پارتی لە گوندی (مەمیخەلان)[3] کۆبوونەوە، لەو کۆبوونەوەیەدا (مەلا تەهای شێخوەتمان)[4] بە ئامادەبوانی ڕاگەیاند، مەلا مستەفای بارزانی داوای لێکردوون پەلاماری

---

([1]) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەسەن قادر حەمەد، ناسراو بە مەلا حەسەنی مژدەینان، ٢٠١٦/٩/٣، چۆمان.ناوبراو لە ساڵی ١٩٤٤ لە گوندی مژدەینان لە ناوچەی باڵەکایەتی لەدایک بووە، لەسەرەتادا لە حوجرە خوێندویەتی، لە ساڵی ١٩٧٣ پەیمانگای ئیسلامی تەواو کردووە لە گەلاڵە، لە ساڵی ١٩٥٦ بۆتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەندامی ئەو وەفدە بووە کە لە مانگی ٧ی ١٩٦١ لە باڵەکایەتییەوە چوونەتە بارزان، لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول بەشداری ڕاپەڕینی باڵەکایەتی کردووە دژی هێزەکەنی ڕژێم لە باڵەکایەتی، لە ساڵی ١٩٦١ بۆتە ئەندامی لیژنەی ناوچەی باڵەکی پارتی، لە ساڵی١٩٦٣ بۆتە جێگری بەرپرسی لقی عەسکەری لە هێزی باڵەک، ئەندامی کۆنگرەکانی پێنجەم تا هەشتەمی پارتی بووە، دووجار لە ساڵەکانی ١٩٦٤و١٩٦٦ بووەتە بەرپرسی لێژنەی ناوچەی باڵەکی پارتی، لە کاتی نسکۆی شۆڕش ئاوارەی ئێران بووە، لە ساڵی ١٩٧٦ بۆتە ئەندامی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بەشداری شۆڕشی نوێی کردووە، چەندین پلەی سەربازی و سیاسی هەبووە لە ڕیزەکانی یەکێتی نیشتیمانی، ئێستا جێگری یەکەمی مەڵبەندی ٦ی ڕێکخستنی سۆرانی یەکێتیە، لە قەزای چۆمان نیشتەجێیە.

([2]) كاوس قفطان، الحركة القومية التحررية الكردية في كردستان العراق ١٩٥٨-١٩٦٤، وزارة الثقافة- المديرية العامة للطباعة والنشر، (سليمانية، ٢٠٠٤)، ص١٥٦؛ كريس كۆچێرا، س.پ، ل٢٨٣.

([3]) مەمیخەلان گوندێکە دەکەوێتە سنووری قەزای چۆمان.

([4]) مەلا تەهای شێخ وەتمان، ساڵی ١٩٢٥ لە گوندی شێخوەتمانی ناوچەی باڵەکایەتی لەدایک بووە، لە تەمەنی شەش ساڵی دەستی بە خوێندنی ئایینی کردووە، چەندین شوێن گەڕاوە بە مەبەستی خوێندن، لە ساڵی ١٩٤٢ بۆ خوێندن چۆتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لەوێ ساڵی ١٩٤٣ بۆتە ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف، بەشداری کۆماری کوردستانی کردووە لە مهاباد، دوای نەمانی کۆمار هاتۆتە ڕواندز بۆ خوێندن، ساڵی ١٩٤٨ مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە، ساڵی ١٩٥٢

هێزەکانی حکومەت بدەن و ناوچەکە لە سەربازانی حکومەت پاکبکرێتەوە، بەشداربووانی کۆبوونەوەکەش ئامادەیی خۆیان بۆ ئەم کارە دەربڕی، دوای کۆبوونەوەکە پەیوەندی بە خەڵک و ئاغاکانی ناوچەکەوە کرا و زۆرینەیان ئامادەیی خۆیان بۆ پشتیوانی لەم ڕاپەڕینە دەربڕی(١).

هاوکات مەلا مستەفای بارزانی لە ڕێگەی نامەیەکەوە داوای لە شێخ عوبەیدوڵڵای زینوێ کرد کەوا ناوچەی باڵەکایەتی لە هێزەکانی میری پاک بکەنەوە و هێرش بکەنە سەر دامودەزگاکانی میری لە ناوچەکەدا(٢).

هێزەکانی میری لە ناوچەی باڵەکایەتی لە ئەنجامی هەستکردنیان بە پلانی هێرش کردنە سەریان لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە چەند شوێنێکیان چۆڵکرد و خۆیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی خەڵکی ناوچەکە ئامادەکرد، بۆ نموونە کاتێک (قادر ئاغای ڕوستێ)(٣) چەند نامەیەکی نارد بۆ ڕێکخستنەکانی پارتی و بەرەبابەکانی شێوەزووری و مەلا شەرەفی بە مەبەستی ڕاگەیاندنی ئامادەییان بۆ ئەنجامدانی ڕاپەڕین، ڕێکخستنەکانی پارتیش نوێنەری خۆیان بۆ گوندی ڕوست نارد(٤)، هێزەکانی میری لە ئەنجامی

---

بووەتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان، ساڵی ١٩٦٠ بووەتە بەرپرسی ڕێکخستنەکانی پارتی لە باڵەکایەتی، لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول بووەتە پێشمەرگە و سەرکردایەتیی ڕاپەڕینی باڵەکایەتی لە دژی هێزەکانی میری لە ناوچەکەدا کردووە، بەشداری چەندین شەڕی کردووە لە ناوچەکە، لە کەرتبوونەکەی پارتی بەلای مەکتەبی سیاسیدا کەوتووە و بەم هۆیەشەوە بۆ ماوەی ساڵێک و نیو دەستگیر دەکرێت، لە یەکەم خولی پەرلەمانی کوردستان بووەتە ئەندامی پەرلەمان، ساڵی ٢٠١٢ کۆچی دوایی کردووە: شێرزاد ئیبراهیم تاهیر، کورتەیەک لە ژیاننامەی مامۆستا مەلا تەهای شێخوەتمانی، ٢٠١٣، بڵاونەکراوە.

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ قادر عەبدوڵڵا مەلا ناسراو بە مەلا قادر دەربەندی، ٢٠١٦/٧/٢٥، گوندی دەربەند.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ مستەفا شێخ عوبەیدوڵڵای زینوێ، ٢٠١٦/١٢/١٣، هەولێر.

(٣) قادر ئەسعەد عەوڵا، ناسراو بە قادر ئاغای ڕوستێ، ساڵی ١٩١٦یاخود ١٩١٧ لە گوندی ڕوستێ لە ناوچەی باڵەکایەتی لەدایک بووە، ساڵی ١٩٢٧ چووەتە قوتابخانە لە گوندی ڕۆست، ساڵی ١٩٤٥ پەیوەندی لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی دروست کردووە کاتێک بارزانی سەردانی کردووە لە گوندی ڕۆست، لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلول بەشداری کردووە و ڕۆڵی هەبووە لە ڕاپەڕینی باڵەکایەتی دژی هێزەکانی میری لە ناوچەکەیان، دوای شکستی ڕاپەڕینەکەش لە لایەن هێزەکانی میری دوو جاردەستگیر کراوە، لەگەڵ هاتنی مەلا مستەفای بارزانی لە ساڵی ١٩٦٢ بۆ ناوچەی باڵەکایەتی بەشداری شۆڕشی کردووە و ڕۆڵی دیاری هەبووە و تا نسکۆی شۆڕش بەردەوام بووە، ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ تەواوی خەڵکی دۆڵی ڕۆست ڕاگوێزراوە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان بۆ مەلا ئۆمەر، ساڵی ١٩٩١ لە ڕێگای گەڕانەوەی بۆ زێدی خۆی لە جوندیان کۆچی دوایی کردووە.چاوپێکەوتن لەگەڵ عصمت قادر ئەسعەد، ٢٠١٦/١٢/٥، هەولیر.ناوبراو کوڕی قادر ئاغای ڕوستێیە.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ تەلعەت نەجم ئەحمەد، ٢٠١٦/٨/١٨، گوندی ڕوست.ناوبراو لە ساڵی ١٩٣٤ لە گوندی ڕوست لەدایک بووە، لە ساڵی ١٩٤٥ دەستی بە خوێندن کردووە لە قوتابخانەی گوندی ڕوست، لە ساڵی ١٩٦١ نامەکانی قادر ئاغای بردووە بۆ ناوچەی باڵەکی پارتی و ئاغاکانی تر، لە شۆڕشی ئەیلوول کادیری پارتی بووە و ئەرکی کۆکردنەوەی ئابوونە و زەکات و نان بووە، بەشداریشی لە چەند شەڕێکی کردووە، لە دوای ڕاپەڕین بووەتەوە بە پێشمەرگە، لە ساڵی ٢٠٠٨ خانەنشین کراوە، ئێستا لە گوندی ڕوست نیشتەجێیە.

هەستکردنیان بەم جمووجۆڵانە مەخفەری گرتکیان چۆڵکرد[1]، مەخفەری حاجی ئۆمەرانیش هەر بەهۆی هەستکردنیان بە جمووجۆڵی خەڵکی ناوچەکە چۆڵکرا، هێزەکەی هەردوو مەخفەری گرتک و حاجی ئۆمەران لەگەڵاڵە جێگیرکران، چونکە گەڵاڵە ناوەندی ناحیەی باڵەک بووە[2].

لە سەرەتادا بڕیاربوو خەڵک لەڕۆژی ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ بچنە سەر ڕێگای گشتیی هاملتۆن و چەند کەسێکیش نامەیەک بدەن بە بەڕێوەبەری ناحیەی باڵەک، لە نامەکەدا داواکرابوو حکومەت دەست لە بۆردومانکردنی کوردستان هەڵبگرێت و ئەو بەڵێنانەی پێشتر بە کوردی دابوون جێبەجێیان بکات، لە بەرانبەردا بەڕێوەبەری ناحیە بەڵێنی پێدان کە داواکارییەکەیان بەرز بکاتەوە و بەزووترین کات وەڵامیان بداتەوە[3].

ڕۆژی ١٣ی مانگی ئەیلوول ڕێکخستنەکانی پارتی لە باڵەکایەتی هەواڵیان پێگەیشت کە هێزەکانی ڕژێم بەنیازن ڕەشماڵی کوێستانەکانی باڵەکایەتی[4] بۆردومان بکەن، بۆیە چەند کەسێک بە پەلە چوونە ناوچە کوێستانیەکان و هەواڵەکەیان بە خەڵکەکە ڕاگەیاند، بەم هۆیەوە زۆربەی خەڵکەکە ڕەشماڵەکانیان خست و چوونە شوێنە پاریزراوەکان و هەندێکیشیان گەڕانەوە گوندەکانیان[5].

لەکاتێکدا خەڵک چاوەڕوانی بۆردومانکردنی ناوچە کوێستانیەکانیان بوون، لە ١٤ی ئەیلوول فڕۆکەکانی حکومەت ڕێگای هاملتۆن و ئەو گوندانەی کەوتبوونە سەر ڕێگاکە بە چڕی بومباباران کرد و خەڵکی گوندەکان و ڕێبوارانیان بە ئامانج گرت، لە ئەنجامدا دوو کەس بە ناوەکانی خالید حەسەن و محەمەد ڕەسوول دەبنە قوربانی و ١٢ کەسیش بریندار دەبن[6].

---

(1) چاوپێکەوتن لەگەڵ عالی حوسێن حەمەدەمین ناسراو بە حاجی عالی، ٢٠١٦/٨/١٨، گوندی ئاشی بێکۆر لە دۆڵی ڕوست،

(2) چاوپێکەوتنێکی ئیسماعیل گوندەژۆری لەگەڵ مەلا تەهای شیخ وەتمان، تۆمارێکی دەنگیە لای ئیسماعیل گوندەژۆری پارێزراوە.

(3) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد نەبی نەبی ناسراو بە (شێخ ئەحمەد نەبی)، ٢٠١٦/٧/١٠، گوندی ئاشی بڕەگوێز-چۆمان.ناوبراو یەکێک بووە لەو کەسانەی کە نامەکەیان داوەتە بەڕێوەبەری ناحیەی باڵەک.

(4) لە ناوچەی باڵەکایەتی وا باوبووە کەوا لە کۆتاییەکانی وەرزی بەهار دانیشتوانی گوندەکان ماڵەکانیان دەگواستەوە بۆ کوێستانی گوندەکانیان، کە هەر گوندەو کوێستانی تایبەت بەخۆی هەبوو، بە مەبەستی کشتووکاڵ کردن و بەخێوکردنی مەڕوماڵات، کە تاکوو هاتنی وەرزی سەرماو سۆڵە لە کوێستانەکانیان دەمانەوە و دواتر دەگەڕانەوە گوندەکانیان.

(5) چاوپێکەوتن لەگەڵ قادر عەبدوڵڵا مەلا ناسراو بە مەلا قادر دەربەندی، ٢٠١٦/٧/٢٥، گوندی دەربەند.

(6) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد نەبی نەبی ناسراو بە (شێخ ئەحمەد نەبی)، ٢٠١٦/٧/١٠، گوندی ئاشی برەگوێز-چۆمان؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمەدەمین صۆفی خالند عەبدوڵڵا، ٢٠١٦/٨/٢٤، چۆمان.حمدامین صۆفی خالند لە ساڵی ١٩٤٧ لە گوندی زینوەی باڵەکایەتی لەدایک بووە، لە ساڵی ١٩٤٧ چۆتە قوتابخانە لە گوندی زینوە، دوای تەواوکردنی قۆناغی سەرەتایی بۆ خوێندنی ناوەندی چۆتە قەزای ڕواندز، لە ڕۆژی ١٤ی ئەیلوولی ١٩٦١ بەهۆی بۆردومانکردنی ناوچەی باڵەکایەتی لە لایەن فڕۆکەکانی حکومەتەوە بریندار بووە، ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە و لە قەزای چۆمان نیشتەجێیە.

ئەم هێرشەی فڕۆکەکانی حکومەت بۆ سەر ناوچەی باڵەکایەتی هاوکاتبوو لەگەڵ هێرشی زەمینی و ئاسمانی هێزە عێراقییەکان بۆسەر چەند ناوچەیەکی تری کوردستان کە گردبوونەوەی خێڵەکی تێدا هەبوو، تەنانەت هەندێک ناوچە بۆردومان کرا کە دژی هێزەکانی میری هیچ جموجۆڵێکی چەکداری تێدا ڕووی نەدابوو[١].

لە بەرانبەردا ڕێکخستنەکانی پارتی لە باڵەکایەتی کە پێشتر ئامادەکاریان کردبوو، توانییان بە هاوکاری خەڵکی ناوچەکە هێرش بکەنە سەر ناوەندی ناحیەی گەڵاڵە[٢]، تەنانەت ئەوانەی چەکیشیان پێنەبووە بە هەڵگرتنی دار و بەرد بەشدارییان لە ڕاپەڕینەکەدا کرد[٣]، دوای ماوەیەک لە بەرگریکردن، هێزەکانی ڕاپەڕیوی باڵەکایەتی توانییان دەست بەسەر ناحیەی گەڵاڵەدا بگرن، لەبەر نەبوونی چەکی پێویست، خەڵکی ناوچەکە هەوڵیانداوە خۆیان تەقەمەنی دروستبکەن، بۆ نموونە کەسێک بەناوی (ئەحمەد باوەکر) خۆی قونبەلەیەکی دروست کردووە و فڕێییانداوەتە ناو قشڵەی گەڵاڵە و ئەمەش بووەتە هۆکارێک بۆ خۆبەدەستەوە دانی هێزەکانی حکومەت لەگەڵاڵە[٤]، لەکاتی هێرشەکەدا بۆ سەر ناحیەی گەڵاڵە خەڵکی دانیشتووی گەڵاڵە لە دژی هێزەکانی حکومەت ڕاپەڕیون و ڕۆڵێکی دیاریان لە

(١) ئیبراهیم جەلال، س.پ، ل٧٤.

(٢) عبدوڵڵا ئەحمەد ڕەسول پشدەری، پاشکۆی یاداشتەکانم لە شۆڕشی ئەیلولی مەزن، بەرگی دووەم، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، (کەرکوک، ٢٠٠٧)، ل٧-٨.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ قادر عەبدوڵڵا مەلا ناسراو بە مەلا قادر دەربەندی، ٢٠١٦/٧/٢٥، گوندی دەربەند؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵڵا حوسێن حەسەن، ٢٠١٦/٨/١٠، چۆمان، عەبدوڵڵا حوسێن حەسەن لە ساڵی ١٩٣٣ لە گوندی مەمیخەلان لەدایک بووە، لە ساڵی ١٩٦١ بەشداری ڕاپەڕینی خەڵکی باڵەکایەتی کردووە لە دژی هێزەکانی حکومەت لە ناوچەکەدا، دوای شکستی ڕاپەڕینەکە لەلایەن هێزەکانی حکومەتەوە دەستگیر دەکرێت و بۆ ماوەی چوار ساڵ لە نوگرەسەلمان زیندانی دەکرێت، لە ساڵی ١٩٦٥ بڕیاری ئازادکردنی دەدرێت، بەڵام کاتێک کە دەیگەڕێننەوە بۆ هەولێر، ڕێگەی پێنادەن بگەڕێتەوە ناوچەی باڵەکایەتی بەڵکوو نەفی دەکەن لەگەڵ چەند کەسێکی تری باڵەکایەتی بۆ قەزای دەغارە لە پارێزگای دیوانیە، دوای ساڵێک مانەوە لە دیوانیە دەگەڕێتەوە ناوچەی باڵەکایەتی و دەچێتە هێزی بەرگری میللی، ساڵی ١٩٦٨ بەهۆی تۆپبارانی ناوچەکەوە لەلایەن سوپای عێراقی ماڵی دەسووتێت و دوو کوڕی بەناوەکانی خدر و قادر گیان لەدەست دەدەن، ئێستا خانەنشینە لە فەرمانگەی کشتوکاڵی چۆمان، لە قەزای چۆمان نیشتەجێیە.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد ئیبراهیم ئەحمەد گەڵاڵی، ٢٠٠٧/٢/١، سۆران.ناوبراو ساڵی ١٩٤٩ لە گەڵاڵەی ناوچەی باڵەکایەتی لەدایک بووە، تاکو پۆلی چوارەمی سەرەتایی لە گەڵاڵە خوێندویەتی، ساڵی ١٩٥٨ بووەتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ئەیلولی ١٩٦١ بەشداری لە ڕاپەڕینی باڵەکایەتیدا کردووە، دوای شکستی ڕاپەڕینەکەش چوەتە ناوچەی پشدەر و بووەتە پێشمەرگە و لەو ناوچەیە بەشداری چەند شەڕێکی کردووە، تاوەکو نسکۆی شۆڕش پێشمەرگە بووە و دوای نسکۆ ئاوارەی ئێران بووە، ئێستا خانەنشینە و لە سۆران نیشتەجێیە.

گرتنی گەڵاڵە هەبوو[١]، لە ئەنجامی گرتنی ناحیەی گەڵاڵە چەند کەسێک دەستگیرکران، بەڵام زۆربەی پۆلیس و کارمەندە کارگێڕیەکان بە شەو ڕایانکرد و پەنایان بۆ مەخفەری ڕایات برد[٢].

بەشێکیش لە خەڵکی ناوچەکە هێرشیان بۆ سەر مەخفەری ڕایات برد، بەڵام نەیانتوانی دەستی بەسەردا بگرن، بەڵکو گەمارۆی ئەم مەخفەرەیاندا، تا شکستی ڕاپەڕینەکە و هاتنەوەی هێزەکانی میری بۆ ناوچەکە ئەم مەخفەرە بە گەمارۆدراوی دەمێنێتەوە[٣].

هۆکاری ئەوەی نەتوانرا دەست بەسەر ئەم مەخفەرەدا بگیرێت، ئەوە بوو خەڵکی ناوچەکە هیچ جۆرە چەکێکی بەهێزیان پێنەبووە، تا بتوانن بەهۆیەوە مەترسی بخەنە سەر گەمارۆدراوان[٤]؛ چونکە ئەم مەخفەرە زۆر پتەو بوو کە لە قەڵا دەچوو، بە مەبەستی دەستگرتن بەسەر ناوچەکەدا لەسەردەمی پاشایەتی دروستکرابوو، توانای ئەوەی هەبوو فەوجێکی سەربازی لەناویدا ڕووبەڕووی گەمارۆ بوەستێتەوە[٥].

کاتێک مەخفەرەکانی ناوچەی باڵەکایەتی و ناحیەی گەڵاڵە لەلایەن ڕاپەڕیوانەوە دەستیان بەسەردا گیرا و مەخفەری ڕایاتیش گەمارۆ درا، هێزێکی زۆری میری بە پشتیوانی هێزێکی بەکرێگیراوان (جاش) لە ١٥ی ئەیلوولی ١٩٦١ دەستیان بە هێرشکردن بۆ سەر ناوچەی باڵەکایەتی کرد[٦]، کاتێک گەیشتنە پردی حافیز و نزیک گوندی ئۆمەراوە، ڕووبەڕووی چەکدارانی ڕاپەریوی باڵەکایەتی بوونەوە، لە ئەنجامی ئەم هێرشەدا هێزەکانی حکومەت شکستیان هێنا و بەرەو گوندی بەرزێوە پاشەکشێیانکرد[٧].

هێزەکانی حکومەت لەکاتی شکستی هێرشەکەیان ئۆتۆمبیلێکی جۆری ئیڤای سەربازییان لە دوای خۆیان جێهێشت، کەلوپەلێکی زۆری سەربازی و خۆراکی تێدا بوو و کەوتە دەست ڕاپەڕیوان و سوودی

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد نەبی نەبی ناسراو بە (شێخ ئەحمەد نەبی)، ٢٠١٦/٧/١٠، گوندی ئاشی بڕەگوێز-چۆمان.
(٢) چاوپێکەوتنێکی ئیسماعیل گوندەژۆری لەگەڵ مەلا تەهای شیخ وەسمان، تۆمارێکی دەنگیە لای ئیسماعیل گوندەژۆری پارێزراوە.
(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ قادر عەبدوڵڵا مەلا ناسراو بە مەلا قادر دەربەندی، ٢٠١٦/٧/٢٥، گوندی دەربەند؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد نەبی نەبی ناسراو بە (شێخ ئەحمەد نەبی)،٢٠١٦/٧/١٠، گوندی ئاشی بڕەگوێز-چۆمان.
(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەسەن قادر حەمەد، ناسراو بە مەلا حەسەنی مژدەینان، ٢٠١٦/٩/٣، چۆمان.
(٥) مسعود بارزانی، بارزانی و.....١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٧٧.
(٦) مەلا ئەحمەدی حەداد دەرگەڵەیی، س.پ، ل١٤٠.
(٧) زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، بیرەوەریەکانم لە ساڵانی ١٩٤٣-١٩٧٧ دا، چاپخانەی ڕەهەند، (سلێمانی، ب.س)، ل٢٨٣.

زۆری لێبینرا، هەر لەو ڕوبەڕووبوونەوەیەدا ( سەید ئەحمەد باوەکر) بووە قوربانی و ( عەبدوڵڵا ئاغای گۆرۆنی)[1] بریندار بوو، لە دوای چەند ڕۆژێک ئەویش بەهۆی برینەکەیەوە گیانی سپارد[2].

حکومەتی عێراق هەوڵی زۆریدا تا بتوانێت ناوچەی باڵەکایەتی بگرێتەوە، زۆر بەپەلە بوو بگەنە ڕایات؛ چونکە مەخفەری ڕایات گەمارۆ درابوو، بۆ ئەم مەبەستە چەکێکی زۆری بەسەر ئەوانەدا دابەشکرد کە لە ناوچەی ڕواندز و دەوروبەری لەگەڵ حکومەتدا بوون[3]. حکومەتی عێراقی بە مەبەستی زیاترکردنی هێزەکانی لە دەوروبەری ڕواندز بۆ هێرشکردنە سەر باڵەکایەتی، لیوای ٣ لە هەولێرەوە گواستەوە بۆ گوندی بەرزێوەی نزیک ڕواندز[4].

حکومەت هەوڵیدا بۆ ئەوەی بەزوویی ئەم ڕاپەڕینەی باڵەکایەتی کۆتایی پێبهێنێت تاوکو کاریگەریی لەسەر ناوچەکانی تری کوردستان نەبێت، بۆیە دوای ئەوەی هەوڵەکانیان بۆ گرتنەوەی ناوچەی باڵەکایەتی بە ئاراستەی ڕێگای هاملتۆن سەرکەوتوو نەبوو، پەنای بۆ بەشێك لە ئاغایانی برادۆست و هەرکی برد، کە هاوکاری حکومەت بوون، بۆ ئەم مەبەستە کۆبوونەوەیەکی فراوان لە نێوان بەدرەدین عەلی پارێزگاری هەولێر و هەندێک لە ئاغایانی ئەم عەشیرەتانە لە سیدەکان ئەنجامدرا، لەو کۆبوونەوەیە بڕیار درا کەوا لە ناوچەی برادۆستەوە و لە ڕێگای دۆڵی رۆستەوە هێرش بکرێتە سەر ناوچەی باڵەکایەتی، دەنگوباسی ئەم کۆبوونەوەیە بە حەمید ئەفەندی گەیشت، ئەویش نامەیەکی بۆ قادر ئاغای ڕۆستێ نارد و لە پلانی حکومەت ئاگاداری کردەوە[5].

---

(1) عەبدوڵڵا ئاغا کوڕی حەمەد ئاغا کوڕی ئەحمەد ئاغا، لە ساڵی ١٨٩٥ لە گوندی گۆرۆنی ناوچەی باڵەکایەتی لەدایک بووە، لە ڕاپەڕینی باڵەکایەتی لە دژی هێزەکانی حکومەت لە ناوچەکەدا سەرکردایەتیی چەند چەکدارێکی کردووە و ڕۆڵی دیاری هەبووە لە گرتنی ناحیە و مەخفەری گەلاڵە، لە ١٥ی ئەیلول ١٩٦١ لە ڕووبەڕوبونەوەدا لەگەڵ هێزەکانی میری بریندار دەبێت، ٢٤ی ئەیلوول ١٩٦١ بەهۆی کاریگەری برینەکەی گیان لەدەست دەدات: مەلا ئەحمەدی حەداد دەرگەڵەیی، س.پ، ل١٣٩-١٤٠.

(2) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد ئیبراهیم ئەحمەد گەلاڵی، ٢٠٠٧/٢/١، سۆران؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد نەبی نەبی ناسراو بە (شێخ ئەحمەد نەبی)، ٢٠١٦/٧/١٠، گوندی ئاشی برەگوێز-چۆمان؛ چاوپێکەوتنێکی ئیسماعیل گوندەژۆری لەگەڵ مەلا تەهای شیخ وەتمان، تۆمارێکی دەنگیە لای ئیسماعیل گوندەژۆری پارێزراوە.

(3) زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، بیرەوەریەکانم......، ل٢٨١-٢٨٩.

(4) خورشید شێرە، خەبات و خوێن- بیرەوەریەکانی سالانی خەباتی پێشمەرگایەتی، چاپخانەی حاجی هاشم، چ٣، (هەولێر، ٢٠١٥)، ل٢٣.

(5) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمید حوسێن محەمەد ناسراو بە حەمید ئەفەندی، ٢٠١٧/١/٥، هەولێر.ناوبراو لە ساڵی ١٩٣٢ لە سیدەکان لە ناوچەی برادۆست لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە سیدەکان و سۆران و ناوەندی لە ڕواندز و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە، ساڵی ١٩٥٨ بووەتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان، ساڵی ١٩٦١ بەشداری شۆڕشی ئەیلوولی کردووە، دوا پلەی سەربازی لە شۆڕش ئامر بەتالیۆن بووە لە هێزی باڵەک، سەرەتای کاری پێشمەرگایەتی هاتۆتە ناوچەی باڵەکایەتی لە ساڵی ١٩٦١، دوای نسکۆ ئاوارەی ئێران بووە، بەشداری شۆڕشی گوڵانی کردووە، دوای ڕاپەڕین لە کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی پێنج ساڵ وەزیری پێشمەرگە

دوای ئەوەی ئەم نامەیە گەیشتە دەستی قادر ئاغا، ئەویش لە ڕێگەی (حاجی ئەبابەکر دەربەندی)[١] نامەکەی گەیاندە دەستی ئاغاکانی تری ناوچەکە و ڕێکخستنەکانی پارتی لە باڵەکایەتی، بۆیە هێزێکی زۆری باڵەکایەتی بەرەو دۆڵی ڕۆست ڕۆیشتن[٢].

لیوای سێی سوپای عێراق کە گەیشتە بەرزێوە، ژمارەیەک لە ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو لیوایە سەرباز بوون و بڕیاریاندا لە سوپا یاخیبن، بەرنامەڕێژییان بۆ ئەم کارە کرد، هەروەک (خورشید شێرە)[٣] نووسیویەتی: "ئەو کاتەی لیوای ٣ گەیشتە بەرزێوە ناوبانگێکی زۆری (مینەی عەلیاغای ڕایات)[٤] هەبوو، وا نیشان دەدرا کە سەرۆک هۆزێکی کوردی باشە و ئێستا ڕێگای حاجی ئۆمەرانی گرتووە، ئێمەش دوای گفتوگۆیەکی دوور و درێژ بڕیارماندا کەوا پەیوەندی بە حزبەوە بکەین، پێیان ڕابگەیێنین کە دەتوانین ئامر لیوا بکوژین و دەست بەسەر عەمباری چەکدا بگرین و سەرباز و

---

بووە، ماوەیەک بەرپرسی دەزگای ئەیلوول بووە، ئێستا خانەنشینە بەپلەی وەزیر و بەرپرسی میحوەری باشیکی هێزەکانی پێشمەرگەیە، لە هەولێر نیشتەجێیە.

(١) ئەبابەکر کەریم ئەحمەد، ناسراو بە حاجی ئەبابەکر دەربەندی، لە ساڵی ١٩٢٠ لە گوندی ڕایات لە ناوچەی باڵەکایەتی لەدایک بووە، ساڵی ١٩٤٢ پەیوەندی کردووە بە کۆمەڵەی ژێکاف، ساڵی ١٩٤٥ پەیوەندی کردووە بە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ساڵی ١٩٤٧ پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە، بەشداری چوار کۆنگرەی پارتی کردووە، هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولەوە بەشداری کردووە، پلەی سەربازی لە شۆڕشدا سەر لق بووە، ئەندامی لیژنەی ناوچەی باڵەکی پارتی بووە، لە کاتی کەرتبوونەکەی پارتی بە هۆی پەیوەندی بە باڵی مەکتەبی سیاسی کۆن ناوبراو بۆ ماوەی ساڵێک و شەش مانگ لە گەلاڵە دەستگیر دەکرێت، دوای ئازادبوونی بەردەوام دەبێ لە شۆڕش تا نسکۆی ساڵی ١٩٧٥، لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە دەکات، بەشداری شۆڕشی نوێی کردووە، لە ٤ی تەموزی ٢٠٠٢ کۆچی دوایی کردووە.چاوپێکەوتن لەگەڵ فوئاد ئەبابەکر کەریم، ٢٠١٦/١١/٦، گوندی دەربەند.ناوبراو کوڕی حاجی ئەبابەکر دەربەندیە.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ عصمت قادر ئەسعەد، ٢٠١٦/١٢/٥، هەولیر.ناوبراو لە ساڵی ١٩٤٧ لە گوندی ڕوستێی ناوچەی باڵەکایەتی لەدایک بووە، ساڵی ١٩٥٤ دەستی بە خوێندن کردووە لە قوتابخانەی گوندی ڕۆست، لە پۆلی چوارەمی سەرەتاییەوە چۆتە ڕواندوز سەرەتایی و ناوەندی لەوێ تەواو کردووە، ساڵی ١٩٦٧ لە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی هەولێر وەرگیراوە، ساڵی ١٩٧٠ خوێندنی پەیمانگای تەواو کردووە و بووەتە مامۆستا لە چەند گوندێکی ناوچەی باڵەکایەتی، ساڵی ٢٠١٠ خانەنشین کراوە و ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە.

(٣) خورشید سەلیم شێرە، لە ساڵی ١٩٣٨ لە دیبەگە لەدایک بووە، لە ساڵی ١٩٤٥ دەستی بە خوێندن کردووە، لە ساڵی ١٩٥٣ لەبەر هەژاری وازی لە خوێندن هێناوە، لە ساڵی ١٩٥٤ دەبێتە سەرباز لە سوپای عێراقی، هەر لە سەرەتای کاری سەربازیەوە لە ڕێکخستنەکانی پارتی کاری کردووە لەناو ڕیزەکانی سوپا، چەند پلەیەکی سەربازی بەدەست هێناوە، لەساڵی ١٩٦١ یەکێک بووە لەو سەربازانەی لیوای سێ کە لە هەولێرەوە گواسترانەوە بۆ بەرزێوە، لە ساڵی ١٩٦٢ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە دەکات و چەندین پلەی بەرزی پێشمەرگایەتی لە شۆڕشدا بەدەست دەهێنێت.بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: خورشید شێرە، س.پ.

(٤) حەمەدەمین عەلی خان، ناسراو بە میناغای ڕایات، ساڵی ١٩٠٢ لە گوندی ڕایاتی ناوچەی باڵەکایەتی لەدایک بووە، ماوەیەک لە حوجرەی فەقێیان خوێندویەتی، دوای مردنی باوکی ساڵی ١٩٥٥ بووە بە سەرۆکی بەرەبابی شێوەزووری لە عەشیرەتی باڵەک، بەشداری شۆڕشی ئەیلوولی کردووە و لە ڕاپەڕینی باڵەکایەتی لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول سەرکردایەتیی هێزی عەشاییری باڵەکایەتی کردووە، دوای ڕاپەڕینەکەش ماوەیەک دەستگیر کراوە، ساڵی ١٩٧٢ کۆچی دوایی کردووە.چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا حەمەدەمین عەلی، ناسراو بە مستەفا ئاغای ڕایات، ٢٠١٦/١٢/٢٦، چۆمان.ناوبراو کوڕی میناغای ڕایاتە.

دەرەجەدارەکانی عەرەب دەستگیر بکەین، بەڵام لەبەرئەوەی سەربازگەکەمان لە حاڵەتی (انذار) دابوو نەمانتوانی بگەینە هەولێر، بۆیە بڕیارماندا پەیوەندی بە (وەهاب ئاغای جوندیان)[1] بکەین، منیش چووم بۆ لای و هەموو پێشنیازەکانم پێوت، بەڵام ئەو پێیوتم ئەم هەڵوێستەی ئێوە نیشانەی بەرزی کوردایەتییە، بەڵام حەز دەکەم بزانن ئەو کارەی مینەی عەلیاغا دەیکات هیچ پەیوەندیەکی بە کوردایەتییەوە نییە، بۆیە هیچ جووڵەیەک مەکەن و خۆتان بپارێزن، ئێمەش لەسەر ڕای ئەو هیچمان نەکرد"[2].

پێمانوایە ئەو هەوڵدانەی سەربازە کوردەکانی لیوای سێی سوپای عێراقی ئەگەر جێبەجێ بکرابایە، هەوڵدانێکی بەسوود و گرنگ بوو بۆ ڕاپەڕینەکەی باڵەکایەتی؛ چونکە ئەو ناوچەیەی کە لیوای سێی لێبوو زۆر نزیکبوو لە هێڵەکانی بەرگریی خەڵکی باڵەکایەتی و پەیوەندی کردنیان بە ڕێکخستنەکانی پارتی لە باڵەکایەتی ورەیەکی زیاتری بە خەڵکی ناوچەکە دەدا و چەک و تەقەمەنی باشیشیان دەستدەکەوت، ئەو کارەی سەربازە کوردەکانیش دەنگدانەوەی باشی دەبوو لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، لەسەرەتای شۆڕش درز دەکەوتە نێو سوپای عێراقی، پێمانوایە وەڵامی وەهاب ئاغاش بۆ سەربازە کوردەکان وەڵامێکی هەڵە بووە؛ چونکە لەگەڵ ئەوەی مینەی عەلی ئاغای ڕایات ناوبانگێکی زۆری هەبوو بەهۆی ئەم ڕاپەڕینە، بەڵام هۆکارەکەی ئەوە بووە ناوبراو سەرکردایەتیی هێزی عەشایەری ناوچەکەی کردووە، ئەگەر نا ڕاپەڕینەکە لەژێر سەرکردایەتیی ڕێکخستنەکانی پارتی بووە، وەک پێشتر باسمان کرد، ڕاپەڕینەکەی باڵەکایەتی لە ١٤ی ئەیلوول دەستیپێکردووە لە دوای هێرشی فڕۆکەکانی ڕژێم بۆ سەر ناوچەکە.

پرس و ڕای سەربازە کوردەکان بە وەهاب ئاغا لە کاتێکدا بووە شۆڕش بەرپا ببوو، وەک خورشید شێرە نووسیویەتی: "لە پایزی ساڵی ١٩٦١ لیوای (٣) لە هەولێر چوو بۆ (فرضیات) لە گوندی بەرزێوەی ناوچەی ڕواندز جێنشین بوو"[3]. پایزی ساڵی ١٩٦١ شۆڕش بە تەواوی بەرپا ببوو.

پێدەچێت سەربازە کوردەکان ئاگاداری ڕاپەڕینەکەی باڵەکایەتی نەبووبن، زیاتر پشتیان بە زانیاریەکانی وەهاب ئاغا بەستبێت؛ چونکە خورشید شێرە دەڵێ: ڕاپەڕینەکەی باڵەکایەتی پەیوەندی بە

---

(1) عبدولوەهاب محەمەد عەلی ئاغا جوندیانی، لە ساڵی ١٩١٢ لە کاولۆکان لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە ڕواندز تەواو کردووە و بۆ درێژەدان بە خوێندن چۆتە هەولێر، ئەندامی پارتی هیوا بووە، بەشداری لە شۆڕشی (١٩٤٣-١٩٤٥)ی بارزان و کۆماری کوردستاندا کردووە، لە ساڵی ١٩٤٨ لە کاتی گەڕانەوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستگیر کراوە، تاوەکو ساڵی ١٩٥٣ لە زیندان ماوەتەوە، دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول بەشداری لە شۆڕشدا کردووە، هاوڕێی نزیکی مەلا مستەفای بارزانی بووە، لە ١٩٧٢/٢/٦ کۆچی دوایی کردووە: ئەحمەد حەمەدئەمین هۆمەر، ڕەواندز ......، ل١٤٦.

(2) خەبات و خوێن، ل٢٣-٢٥.

(3) خورشید شێرە، س.پ، ل٢٣.

پارتییەوە نەبووە و کارێکی ڕێگری بووە و دواتر ڕێکخستنەکانی پارتی لە باڵەکایەتی ڕاپەڕینیان لە ناوچەکەدا کردووە[1]، بەڵام دوای شکستی ئەم ڕاپەڕینە هیچ ڕاپەڕینێکی تر لە ناوچەکەدا نەکراوە، بەڵکو ناوچەکە کەوتۆتە دەستی حکومەتی عێراقی، تاوەکو هاتنی مەلا مستەفای بارزانی بۆ ناوچەکە لە ساڵی ١٩٦٢، لە دواتردا هەر لەم بەشە بە درێژی باسی دەکەین.

ئەم ڕاپەڕینەی باڵەکایەتی دەنگدانەوەی باشی هەبوو، کاریگەریشی کردە سەر ناوچەکانی تری کوردستان، بۆ ئەوەی ئەوانیش دژی هێزەکانی حکومەت دەستبکەن بە چالاکی نواندن، بۆ نموونە (عەبدوڵڵا ئەحمەد ڕەسول پشدەری)[2] نووسیویەتی: "دوای ئەوەی هێزی عەشایر بڵاوەیان کرد لە بەرەکانی خەلەکان، دەربەندی بازیان، دەربەندی خان، ئەزمڕ، قەیوان و شوێنەکانی تر، ئێمەش چووین بۆ گەڵی جەلی، کە هیچ مەبەستێکمان نەبوو جگە لە خۆشاردنەوە لە فڕۆکەکانی میری، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک ئاگادارکراین کەوا ئەندامانی پارتی لە چەند ناوچەیەکی کوردستان بەتایبەتی لە ناوچەکانی خۆشناوەتی و باڵەکایەتی دەستیان کردووە بە چالاکی نواندن لە دژی هێزەکانی میری، بۆیە ئێمەش کە ئەندامانی پارتی بووین خۆمان بەخاوەنی بیروباوەڕی کوردایەتی دەزانی هەستی شۆڕشگێڕیمان کەوتە جووڵە و خۆمان بەشەرمەزار دەزانی کە بەم شێوەیە دابنیشین و خۆمان بشارینەوە، بۆیە لەگەڵ سەرۆکە عاشیرەکان کۆبووینەوە و بڕیارماندا دەستبکەین بە پەلاماردانی هێزەکانی میری"[3].

دوای ئەوەی بۆ ماوەی نزیکەی یەک مانگ هێزەکانی میری هەموو ڕێگایەکیان گرتە بەر بە مەبەستی گرتنەوەی ناوچەی باڵەکایەتی و شکاندنی گەمارۆی سەر هێزەکانیان لە ڕایات، سەرجەم هەوڵەکانیان بێ سوودبوون و نەیانتوانی بەسەر ڕاپەڕیوانی باڵەکایەتیدا زاڵبن، پاشان بە مەبەستی زاڵ بوون بەسەر ڕاپەڕینەکە پەنایان بۆ عەشیرەتە دۆستەکانیان برد، ئەم هەواڵە لە ڕێگای نامەیەکەوە بە سەرانی ڕاپەڕینەکەی باڵەکایەتی گەیشت وەک پێشتر باسمان کرد، دواتر نامەیەک لەلایەن ئاغاکانی

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ خورشید سەلیم شێرە، ٢٠١٧/١/٥، هەولێر.

(٢) عەبدوڵڵا ئەحمەد ڕەسول پشدەری، لە ساڵی ١٩٢٢ لەدایک بووە، ئەندامی حزبی هیوا و ژێکاف بووە، بەشداری کۆماری کوردستانی کردووە لە مهاباد، ساڵی ١٩٥٠ بووەتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول بەشداری کردووە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٢ بووەتە لێپرساوی سەربازی ناوچەی شارباژێر، هەر لەو ساڵەدا هاتۆتە ناوچەی باڵەکایەتی و بەشداری شەڕەکانی ناوچەی برادۆستی کردووە، ساڵی ١٩٦٤ بووەتە ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستان، هەر لەو ساڵەدا بووەتە فەرماندەی هێزی باڵەک، بەشداری و سەرکردایەتی لە زۆرینەی شەڕەکانی بەرەی باڵەکدا هەبووە، تاوەک و نسکۆ بەردەوام بووە، دوای نسکۆ ئاوارەی ئێران بووە و بووە بە بەرپرسی لێژنەی کاروباری پەناهەندە کوردەکان لە ئێران، لە دوای کۆچی دوایی مەلا مستەفای بارزانی وازی لە کاروباری سیاسی هێناوە و گەڕاوەتەوە کوردستان، ساڵی ٢٠١٦ کۆچی دوایی کردووە، بڕوانە: عەبدوڵڵا ئەحمەد ڕەسوول پشدەری، یاداشتەکانم، بەشی یەکەم و دووەم.

(٣) بەشی دووەم لە یاداشتەکانم، ل٢٦-٢٧.

برادۆستەوە نێردرا بۆ ئاغاکانی باڵەکایەتی کە تیایدا هاتبوو ئەوان دژی عەشیرەتی باڵەک نین و شەڕی ئەوان ناکەن، بەڵکو کێشەی ئەوان لەگەڵ بارزانییەکانە، بۆیە بەشێک لە چەکدارانی باڵەك کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەم نامەیە[١].

دواتر چەند ئاغایەکی باڵەک پەیوەندییان بە حکومەتەوە کرد، هەر بۆیە بیروڕای جیاواز لەسەر ڕاپەڕینەکە دروست بوو، بەم شێوەیە بۆ ئەوەی شەڕ لە نێوان خەڵکی ناوچەکە سەر هەڵنەدات، سەنگەرەکان چۆڵکران، هیچ هاوکاریەکیش لە دەوروبەری ناوچەی باڵەک بۆ ڕاپەڕیوانی باڵەک نەهاتووە[٢].

بەم هۆیەوە لیوای سێی سوپای عێراقی لە بەرزێوەوە بەرەو ناوچەی باڵەکایەتی پێشڕەوی کرد و بەبێ تەقە و هیچ بەرگریەکی خەڵکی ناوچەکە، سوپای عێراقی گەیشتەوە ناوچەی باڵەکایەتی و گەمارۆی سەر هێزەکانی لە ڕایات شکاند و ڕاپەڕینەکە شکستیهێنا[٣].

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ عصمت قادر ئەسعەد، ٢٠١٦/١٢/٥، هەولیر.

(٢) چاوپێکەوتنێکی ئیسماعیل گوندەژۆری لەگەڵ مەلا تەهای شیخ وەتمان، تۆمارێکی دەنگیە لای ئیسماعیل گوندەژۆری پارێزراوە؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ قادر عەبدوڵلا مەلا ناسراو بە مەلا قادر دەربەندی، ٢٠١٦/٧/٢٥، گوندی دەربەند.

(٣) خورشید شێرە، س.پ، ل٢٥؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد نەبی نەبی ناسراو بە (شێخ ئەحمەد نەبی)، ٢٠١٦/٧/١٠، گوندی ئاشی برەگوێز-چۆمان.

# تەوەری دووەم

# باڵەکایەتی لە دوای شکستی ڕاپەڕینەکە تا ڕزگارکردنی ساڵی ١٩٦٢

دوای شکستی ڕاپەڕینەکەی باڵەکایەتی و هاتنەوەی هێزەکانی حکومەت بۆ ناوچەکە، باروودۆخی باڵەکایەتی بەتەواوی ڕووی لە خراپی کرد و هێزەکانی حکومەت بە هەموو شێوەیەک هەوڵیاندا کارێک بکەن لە داهاتوودا خەڵکی ناوچەکە نەتوانن هیچ جموجۆڵێکی چەکداری دژی هێزەکانی میری لە ناوچەکەدا بکەنەوە.

لە ئەنجامی شکستی ڕاپەڕینەکە و هاتنەوەی هێزەکانی بەکرێگیراوان و سوپای حکومەت بۆ ناوچەی باڵەکایەتی، ئەو کەسانەی لەسەرەتا ڕاپەڕینەکەیان ئەنجامدابوو و بەڵێنیان دابوو ناوچەکەیان لە هێزەکانی حکومەت پاکبکەنەوە و بەرگری لە ناوچەکەیان بکەن و ڕێگە نەدەن جارێکی تر هێزەکانی حکومەت بگەڕێنەوە ناوچەکە، پەرتەوازە بوون و بوون بەچەند بەشێک، بەشێکیان کە زۆرینە بوون گەڕانەوە ماڵی خۆیان و دانیشتن، بەشێکیشیان پەنایان بردە بەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان[١].

بەشێکی تر لە بەشداربوانی ڕاپەڕینەکە بە سەرکردایەتیی (مینەی عەلیاغا) چوونە چیایەکانی ناوچەکە، دواتر بڕیاریاندا بچنە گوندی ( گوندەژۆر)[٢] بەهۆی ئەوەی کە خەڵکی ئەم گوندە خزمایەتیان لەگەڵ شێخ ڕەشیدی لۆلان هەبووە ڕەنگە لە پەلاماری فڕۆکەکانی حکومەت پارێزراوبێت، بەڵام فڕۆکەکانی حکومەت پەلاماری ئەم گوندەشیاندا[٣]، دوای پەلاماری فڕۆکە بۆسەر ئەم گوندە لەلایەن چەند سۆفیەکی شێخ ڕەشیدەوە هەواڵ بە میناغا گەیشت کە ئەگەر بێت و بچێتە لای شێخ ڕەشید ئەوا پارێزراو دەبن، بۆیە بڕیاریاندا بچنە ناوچەی برادۆست کە ژمارەیان ١٨ کەس بوو، سەرەتا چوونە لای شێخ ڕەشید ئەویش بۆلای (مەحمود بەگی برادۆستی) ناردن[٤]، چوار ڕۆژ لە لای مەحمود بەگ مانەوە،

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ قادر عەبدوڵلا مەلا ناسراو بە مەلا قادر دەربەندی، ٢٠١٦/٧/٢٥، گوندی دەربەند؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد نەبی نەبی ناسراو بە (شێخ ئەحمەد نەبی)، ٢٠١٦/٧/١٠، گوندی ئاشی بڕەگوێز-چۆمان.

(٢) گوندەژۆر دەکەوێتە سنووری ناحیەی حاجی ئۆمەران لە ناوچەی باڵەکایەتی، کەوتۆتە نێوان چەند چیای بەرز.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ حوسێن حوسێن حەسەن ناسراو بە حاجی شەریف گوندەژۆری، ٢٠١٦/٧/١٣، چۆمان.ناوبراو لە ساڵی ١٩٣٤ لە گوندی گوندەژۆر لەدایک بووە، بەشداری لە ڕاپەڕینی خەڵکی باڵەکایەتی کردووە لە سەرەتای شۆڕش، ماوەیەک بووەتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول، لە سەرەتای شۆڕشی نوێ دەبێتە پێشمەرگە، ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە و لە قەزای چۆمان نیشتەجێیە.

(٤) مەحموود خەلیفە عەبدولسەمەد، ناسراو بە مەحموود بەگی برادۆست، لە ساڵی ١٩١٢ لەدایک بووە، لە حوجرە خوێندویەتی و زمانی کوردی و تورکی زانیوە، سەرۆکایەتی عەشیرەتەکەی کردووە، لە خولی پازدەهەم و شازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بووەتە ئەندامی پەرلەمان، دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ دژایەتی حکوومەتەکەی عەبدولکەریم قاسمی کردووە، دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول

دواتر ١٦ کەسیان بۆ ناوچەی باڵەکایەتی نێردرانەوە و هەریەکە لە میناغای ڕایات و شێخ ئەحمەد نەبی بە بیانووی ئەوەی کە حکومەت دەیەوێ گفتووگۆیان لەگەڵدا بکات بۆ ڕواندز نێردران، بەڵام هەر کە گەیشتنە ڕواندز دەستگیرکران و ڕەوانەی هەولێر کران[١].

بەشێکی تری خەڵکی ناوچەکە کە سەرپەرشتیی ڕاپەڕینەکەیان کرد، کادیر و ئەندامانی پارتی بوون، ئەوان بەپێچەوانەی هێزی عەشاییری ناوچەکە بڕیاریاندا خۆیان نەدەنە دەست هێزەکانی میری و بەرگری لەخۆیان بکەن، بۆیە دوای چۆڵکردنی سەنگەرەکانیان لەسەر ڕێگای گشتیی هاملتۆن، پەنایان بۆ گوندە دوورەکان برد و سەرەتا چوونە گوندی (دیلمان)[٢] لەوێوە بە شێوەی مەفرەزەی پارتیزانی پەلاماری ئۆتۆمبێلی سەربازیی هێزەکانی میرییان دەدا، ئەم هێزەی باڵەکایەتی کە ژمارەیان نزیکەی (٤٠) کەس بوو لە چیایەکانی باڵەکایەتی و ناوچەی پشدەر وەک پێشمەرگە مانەوە، تا ساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ گەیشتنی مەلا مستەفای بارزانی بۆ ناوچەی باڵەکایەتی ئەوانیش گەڕانەوە ناوچەکە[٣].

سەبارەت بە هەڵوێستی هێزەکانی میری بەرانبەر بە دانیشتوانی ناوچەکە، لە دوای شکستی ڕاپەڕینەکە و گەیشتنەوەی هێزەکانی حکومەت بەناوچەکە، ئازاری زۆری خەڵکیاندا، تەنانەت منداڵی ساواش لە ئازار و خراپەکارییەکانی هێزی بەکرێگیراوان (جاش) دەربازنەبوو، بۆ نموونە کاتێک کە بەکرێگیراوان گەیشتنە گەڵاڵە و چوونە سەر ماڵان، منداڵێکی ساوای ناو لانکە بە ناوی (هەندرێن عەزیز قادر) بەهۆی ئازاردانی بووە قوربانی[٤].

---

حکومەت بڕیاری لێبوردنی بۆ دەرکردووە، ساڵی ١٩٦٦ لە بەغداد کۆچی دوایی کردووە: ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر، ئەندامە کوردەکانی......، ل٨٦.

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد نەبی نەبی ناسراو بە (شێخ ئەحمەد نەبی)، ٢٠١٦/٧/١٠، گوندی ئاشی بڕەگوێز-چۆمان.

(٢) دیلمان گوندێکە دەکەوێتە سنووری ناحیەی قەسرێ لە ناوچەی باڵەکایەتی، لە ساڵی ١٩٦٥ بەدواوە تاوەکو نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول بارەگا و ماڵی مەلا مستەفای بارزانی لە وەرزی زستان لەم گوندە بووە.

(٣) عەریف سلێمان، لە دەنکەوە بۆ گوڵە گەنمەکان-کارەسات و ڕووداوەکانی تەمەنی خەباتم لە نێوان (١٩٤٩-١٩٦١)، ب١، چاپخانە و ئۆفسێتی ئاسا، ١٩٩٩، ل١٩٠-١٩١؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ حەسەن قادر حەمەد، ناسراو بە مەلا حەسەنی مژدەینان، ٢٠١٦/٩/٣، چۆمان؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ برایم ئەحمەد عالی ناسراو بە برایمی کامەلا، ٢٠١٦/٨/٢٢، چۆمان.برایم ئەحمەد عالی لە ساڵی ١٩٣٩ لە گوندی دەربەند-ڕایاتی ناوچەی باڵەکایەتی لەدایک بووە، لە ساڵی ١٩٦١ دەبێتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەشداری ڕاپەڕینی خەڵکی باڵەکایەتی کردووە لە دژی هێزەکانی ڕژێم لە ناوچەکە لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول، دوای شکستی ڕاپەڕینەکەش دەچێتە شاخ، لە ساڵی ١٩٦٣ بە شێوەیەکی فەرمی دەبێتە پێشمەرگە لە هێزی باڵەک، لە پاش نسکۆی شۆڕش ئاوارەی وڵاتی ئێران دەبێت، لە ساڵی ١٩٧٦ دەبێتە پێشمەرگە و بەشداری شۆڕشی نوێ دەکات، ئێستا خانەنشینە و لە قەزای چۆمان نیشتەجێیە.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ نەژاد عەزیز سورمێ، ٢٠١٦/٩/٢٧، هەولێر.ناوبراو لە ساڵی ١٩٥٣ لە گەڵاڵەی ناوچەی باڵەکایەتی لەدایک بووە، لە سەرەتاوە هەر لە گەڵاڵە دەستی بە خوێندن کردووە، لە دوای ساڵی ١٩٧٤ بەشداری کارای لە کاروباری ڕاگەیاندندا کردووە، وەک کارکردنی لە بەشی پەخش و ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی پارتی و بوونی بە پەیامنێری ڕۆژنامەی برایەتی، ساڵی ١٩٧٤ بووە بە یەکەمین پەیامنێری جەنگی ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە بەرەکانی جەنگ تا نسکۆی شۆڕش، لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٢ تاوەکو ٢٠٠٠ سکرتێری ڕۆژنامەنووسی مەسعود بارزانی

کاتێکیش هێزی سوپا و بەکرێگیراوان گەیشتنە مەخفەری ڕایات و گەمارۆی سەر هێزەکەیان شکاند، ڕاستەوخۆ گوندی ڕایاتیان سووتاند، بەهۆی ئەوەی ئەم گوندە ماڵی مینەی عەلیاغای لێبوو؛ چونکە ناوبراو ڕۆڵێکی دیاری هەبوو لە ڕاپەڕینەکە و سەرکردایەتیی هێزی عەشاییری کردبوو، خەڵکی گوندەکەش پەنایان بۆ چیاکان برد و خزم و کەسەکانی مینەی عەلیاغا چوونە گوندی (دەربەند) و لەوێ نیشتەجێبوون، ئێستاش لە لای زۆرێک لە بەتەمەنەکانی ناوچەکە ساڵی ١٩٦١ بە ساڵی (ڕایات سووتا) دەناسرێتەوە[١].

دوای ئەوەی هێزەکانی حکومەت بنکە و بارەگاکانیان ڕێکدەخەنەوە لە ناوچەکەدا، داوا لە خەڵک دەکەن کەوا سەردانی بارەگای ناحیەی باڵەک بکەن، بە مەبەستی ڕاگەیاندنی پشتیوانیی خۆیان بۆ حکومەت و ئاراستەکردنی بروسکەی پشتیوانی بۆ عەبدولکەریم قاسم بە واژۆی خەڵکی ناوچەکە، بەڵام دوای ئەوەی خەڵکەکە سەردانی گەلاڵەیان کرد و واژۆیان لێوەرگرتن، هەندێک لەو کەسانە جیا کرانەوە و دەستگیرکران کە گومانیان لێکرا بەشداریی ڕاپەڕینەکەیان کردبێت[٢] و ڕەوانەی زیندانەکانی هەولێر و دواتریش بەشێک لەوانە دوای چەند مانگێک هەر لە هەولێر ئازادکران و بەشێکیشیان ڕەوانەی بەندیخانەی (نوگرە سەلمان) کران، تەنانەت بەشێکیان دوای بەسەربردنی دوو ساڵ لە زیندان، بەڵێنی ئازادکردنیان پێدرا، بەڵام دوای ئەوەی هێنانیانەوە بۆ هەولێر بە مەبەستی ئازادکردنیان بە پێچەوانەوە دوورخرانەوە بۆ دیوانیە و لەوێش لەیەکتریان جوداکردنەوە و بەشێکیان نێردران بۆ قەزای دەغارە و بەشێکیشیان بۆ قەزای حەفەک، لە پارێزگای دیوانیە، دوای ساڵێک خۆیان داواکارییان دایە بەرپرسانی حکومەت و بەم هۆیەوە ئازادکران[٣].

بەهۆی ئەوەی هێزەکانی حکومەت ژمارەیەک لە ئاغاکانی ناوچەکە و خەڵکێکی زۆریان دەستگیرکرد، بەشێکی خەڵکەکەش ڕوویان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و بەشێکیش کە کادیرانی

بووە، لە ساڵی ٢٠٠٠ بەرپرسی دەزگای برایەتی و خەبات بووە، لە ساڵی ٢٠١٢ بۆتە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، ئێستا خانەنشینە و لە هەولێر نیشتەجێیە.

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا حەمەدەمین عەلی، ناسراو بە مستەفا ئاغای ڕایات، ٢٠١٦/١٢/٢٦، چۆمان؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ قادر عەبدوڵڵا مەلا ناسراو بە مەلا قادر دەربەندی، ٢٠١٦/٧/٢٥، گوندی دەربەند.

(٢) ئەوانەی کە دەستگیر دەکرێن بریتی دەبن لە ( تەها حەمەد، محەمەد قادر، قادر ئیبراهیم مستەفا، حوسێن تەها حەمەد، سەلیم مەلا ئیبراهیم، عەولا حوسێن حەسەن، عەباس ئەحمەد حەمەد، مستەفا خدر شکاک، عەبدوڵڵا تەها حەمەد و حەمەدەمین حوسێن حەسەن)، پێشتریش هەریەکە لە میناغای ڕایات و شێخ ئەحمەد نەبی و قادر ئاغای ڕوست و چەند کەسێکی تریش دەستگیر کرابوون: سەلیم ئیبراهیم (سەلیم ئاغا)، وێنەو مێژوو، لە بەندیخانەی نوگرە سەلمان ١٩٦٢، هەفتەنامەی هەڵگۆرد، ژمارە (٢١)، ٢٨-٥-٢٠٠٧ ، ل٥؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد نەبی نەبی ناسراو بە (شێخ ئەحمەد نەبی)، ٢٠١٦/٧/١٠، گوندی ئاشی بڕەگوێز-چۆمان.

(٣) سەلیم ئیبراهیم (سەلیم ئاغا)، س.پ، ل٥؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵڵا حوسێن حەسەن، ٢٠١٦/٨/١٠، چۆمان.ناوبراو یەکێک بووە لەوانەی کە لە گەلاڵە گیراوەو دواتر ڕەوانەی زیندانەکانی هەولێر و نوگرە سەلمان کراوە و دواتریش بۆ پارێزگای دیوانیە دوورخراوەتەوە.

ڕێکخستنەکانی پارتی بوون لە باڵەکایەتی، ڕوویان کردە چیاکان، وەک لەپێشتر باسمان کرد جۆرێک لە بۆشایی دروستبوو بۆ ڕابەرایەتیکردنی خەڵکی ناوچەکە.

هێزەکانی میری سەرەڕای ئەو هەوڵانەی بە مەبەستی دەستبەرداگرتنی تەواوەتیی ناوچەکە گرتنیانەبەر، هەنگاوێکی تر کە کاریگەریی زۆری لەسەر ناوچەکە دروستکرد، ئەوەبوو داوای لە ئاغاکان و خەڵکی ناوچەکە کرد، چەکی حکومەت وەربگرن و دژی هێزەکانی پێشمەرگە پارێزگاری لە ناوچەکەیان بکەن، ژمارەیەک لە ئاغا و خەڵکی ناوچەکەش بە داواکەی حکومەت ڕازیبوون[١].

کاتێکیش میناغای ڕایات لە ساڵی ١٩٦٢ لە زیندان ئازاد کرا و بەرەو ناوچەی باڵەکایەتی گەڕایەوە، خەڵکێکی زۆر لەدەوری کۆبوونەوە، لەو کاتەشدا هێزەکانی پێشمەرگە لە نێوان ناوچەی باڵەکایەتی و پشدەر دەستیان بە جموجۆڵ کرد و لە ناوچەی باڵەکایەتی نزیکبوونەوە و گەیشتنە گوندی وەرتێ، بۆیە بەدرەدین عەلی پارێزگاری هەولێر سەردانی ڕواندزی کرد و خوانێکی میوانداریی بۆ ئاغاکانی ناوچەکە ڕێکخست و لەگەڵیاندا کۆبووەوە، لەم کۆبوونەوەیە بەدرەدین عەلی بە نهێنی لەگەڵ میناغا کۆبووەوە و پێیوت حکومەت ئامادەیە ١٠٠٠ پارچە چەکی بۆ دابینبکات، بەڵام بەو مەرجەی هێرش بکاتە سەر گوندی وەرتێ و بسووتێنێ، میناغا لەوەڵامدا داوای کات دەکات، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئاغاکانی تری ناوچەکە لەم بارەیەوە گفتوگۆ بکات، دوای گەڕانەوەیان بۆ ناوچەی باڵەکایەتی و ئەنجامدانی گفتوگۆ، ئەم داوایەی پارێزگاری هەولێر ڕەتکرایەوە و ئامادە نەبوون شەڕی پێشمەرگە بکەن، بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی هۆکاری ڕازینەبوونی خەڵکی ناوچەکە بە داواکە، هەریەکە لە (حەمەدەمین ئاغای ناوپردان) و (شێخ ئەحمەد نەبی) سەردانی پارێزگاریانکرد لە هەولێر، حەمەدەمین ئاغا بە پارێزگاری وت: حکومەت خۆی مۆڵەتی بە پارتی داوە خەڵکێکی زۆریش لە ناوچەکە لەوکاتدا بوونەتە ئەندامی پارتی، ئەگەر لەسەر داواکەتان سووربن لەوەی کە عەشاییری ناوچەکە هێرش بکاتە سەر پێشمەرگە، ئەوا زۆرینەیان دەچنە پاڵ هێزەکانی پێشمەرگە و شەڕ ناکەن و ئەوەی لایەنگری حکومەتیشە هەمویان دەکوژرێن، پارێزگاریش بیانوەکەی قبووڵکرد و وازی لە داواکاریەکەی هێنا[٢].

لەگەڵ ئەوەی کە لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٦٢ خەڵکێکی زۆری ناوچەکە لەژێر سەرپەرشتیی ئاغاکانیان چەکی حکومەتیان هەڵگرتبوو و لە دەوروبەری گەڵاڵە جێگیر کرابوون، بەڵام بەردەوام خەڵکەکە لەلایەن ئاغاکانیانەوە ئامۆژگاری دەکران کە شەڕی هێزەکانی پێشمەرگە نەکەن[٣].

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەسەن قادر حەمەد، ناسراو بە مەلا حەسەنی مژدەینان، ٢٠١٦/٩/٣، چۆمان؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ قادر عەبدوڵڵا مەلا ناسراو بە مەلا قادر دەربەندی، ٢٠١٦/٧/٢٥، گوندی دەربەند.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد نەبی نەبی ناسراو بە (شێخ ئەحمەد نەبی)، ٢٠١٦/٧/١٠، گوندی ئاشی بڕەگوێز-چۆمان.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ قادر عەبدوڵڵا مەلا ناسراو بە مەلا قادر دەربەندی، ٢٠١٦/٧/٢٥، گوندی دەربەند.

هێزەکانی میری لە ناوچەکەدا دەستەڵاتێکی بەهێزیان نەبووە، بەشێوەیەک هەندێک لەوانەی بڕیاری گرتنیان هەبوو چووبوونە ئەو گوندانەی دووربوون لە ڕێگای هاملتۆن و لەناو دۆڵە قووڵ و نزیک چیاکان بوون، حکومەت نەیدەتوانی بچێتە ئەو گوندانە لەبەر مەترسی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لەگەڵیان[1].

تەنانەت خەڵکی ناوچەکە بە بڕیارەکانی پۆلیس و لایەنی کارگێڕیش پابەند نەبوونە، بۆ نموونە کاتێک هێزەکانی میری کەسێکیان بەناوی (عالی مستەفا دەربەندی) دەستگیرکرد و بڕیاریاندا بینێرن بۆ ڕواندز، چەند کەسێکی ناوچەکە لە نزیک گەلاڵە ڕێگایان بە دوو ئۆتۆمبێلی پۆلیس گرت کە لەڕێگادا بوون بۆ گواستنەوەی دەستگیرکراوەکە، لە ئەنجامدا دەستگیرکراوەکەیان ئازادکرد بەبێ ئەوەی پۆلیسەکان ڕووبەڕویان ببنەوە[2].

ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە هێزەکانی میری لە دوای شکستی ڕاپەڕینی باڵەکایەتی تا ئازاد کردنی لە ساڵی ١٩٦٢ دەستەڵاتێکی وایان نەبووە و نەیانویستووە ڕووبەڕووی خەڵکی ناوچەکە ببنەوە.

بارودۆخی ناوچەکە تا ئەو کاتەی هێزەکانی پێشمەرگە گەیشتنە گوندەکانی دۆڵی سەکرایەتی لە ناوچەی باڵەکایەتی وەک خۆی مایەوە، لەوکاتەدا حکومەت داواکاریەکەی پێشووی لە هێرشکردنە سەر هێزەکانی پێشمەرگە لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە دووبارە کردەوە، سەرەڕای هەوڵدانی زۆری خەڵک، بۆ ئەوەی حکومەت لەم داواکاریەی پەشیمان بێتەوە، بەڵام بێسوود بوو و حکومەت سووربوو لەسەر ئەوەی دەبێت هێزەکانی پێشمەرگە لە باڵەکایەتی دووربخرێنەوە، لەلایەن خەڵکی ناوچەکە خۆیان[3].

دوای ئەوەی ئاغاکانی ناوچەکە لەوەگەیشتن حکومەت لەسەر داواکاریەکەی سوورە، هەوڵیاندا پەیوەندیەک لەگەڵ ئەو هێزەی پێشمەرگە کە گەیشتبوونە ناوچەی باڵەکایەتی دروستبکەن، بۆیە کەسێکیان بەناوی (حوسێن حوسێن حەسەن) وەک نوێنەر نارده لای بەرپرسەکانی هێزی پێشمەرگە لە دۆڵی سەکرایەتی و بارودۆخەکەیان بۆ ڕونکردنەوە لە فشاری زۆری حکومەت لەسەریان بۆ

---

(1) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەسەن قادر حەمەد، ناسراو بە مەلا حەسەنی مژدەینان، ٢٠١٦/٩/٣، چۆمان.

(2) چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر ڕەسول ئەحمەد، ٢٠١٦/٧/١٢، گوندی دەربەند.ناوبراو ساڵی ١٩٢٩ لە گوندی دەربەندی ڕایاتی ناوچەی باڵەکایەتی لەدایک بووە، لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول بەشداری ڕاپەڕینی باڵەکایەتی کردووە لە دژی هێزەکانی میری لە ناوچەکەدا، لە شۆڕشی ئەیلوول پلەی سەر دەستەی هەبووە و تاکو نسکۆی شۆڕش بەردەوام بووە، دوای نسکۆ ئاوارەی ئێران بووە و دوای چەند مانگێک گەڕاوەتەوە ناوچەی باڵەکایەتی، ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ تەواوی خەڵکی ناوچەکە ڕاگوێزراون بۆ ئۆردووگا زۆرەملێکان و لە هەریر نێشتەجێ کراوە، ئێستا خانەنشینە و لە گوندی دەربەند ڕایات نیشتەجێیە.

(3) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد نەبی نەبی ناسراو بە (شێخ ئەحمەد نەبی)، ٢٠١٦/٧/١٠، گوندی ئاشی بڕەگوێز-چۆمان.

هێرشکردنە سەر هێزەکانی پێشمەرگە، بەم شێوەیە پەیوەندی لە نێوان هێزی عەشاییری باڵەک و هێزەکانی پێشمەرگە دروستبوو[1].

لەئەنجامی دروستبوونی ئەم پەیوەندییە، هێزی عەشاییری باڵەکایەتی بە هێزەکانی میرییان ڕاگەیاند کە بۆ هێرشکردنە سەر پێشمەرگە ئامادەن، حکومەتیش چەک و تەقەمەنی زۆری بۆ دابین کردن، هێزی عەشاییری باڵەکایەتی بەرەو گوندەکانی دۆڵی سەکرایەتیی ئەو شوێنەی هێزی پێشمەرگەی لێبووە کەوتنەڕێ، کە گەییشتنە سەر ڕووباری باسان، هێزەکە وەستا، هەر هەمان شەو کۆبوونەوەیەکی نهێنی لە نێوان بەرپرسانی پێشمەرگە و هێزی عەشاییری باڵەک کرا، لەو کۆبوونەوەیە بڕیاردرا کەوا لەگەڵ هەڵاتنی خۆر هێزی عەشاییری باڵەک بەرەو گوندی سەکران بەڕێبکەون، کاتێک گەیشتنە گوندی ناوبراو دەستبکرێت بە تەقەکردن بەڵام بە ئاراستەی یەکتر نا بەڵکو تەقەکردنەکە بۆ ئاسمان بێت و هێزی پێشمەرگەش گوندی سەکران چۆڵ بکەن، بۆ بەیانی پلانەکە جێبەجێکرا، تەنانەت تەقەمەنییەکی زۆریش کە حکومەت بۆ هێزی عەشاییری باڵەکایەتی دابینی کردبوو، درا بە هێزەکانی پێشمەرگە، بەم شێوەیە فشاری حکومەت لەسەر عەشاییری ناوچەکە کەمبوویەوە و برووسکە لەگەڵاڵەوە بۆ هەولێر کرا کە عەشاییری باڵەک هێزی پێشمەرگەیان لە ناوچەکەیان دوورخستەوە و مەترسی پێشمەرگە لەسەر ناوچەکە نەماوە[2].

هەر تایبەت بە پەیوەندیی نێوان هێزی عەشاییری باڵەکایەتی و هێزەکانی پێشمەرگە حەمید ئەفەندی دەڵێ: "ئێمەی پێشمەرگە لەبەرئەوە چووینە ناوچەی باڵەکایەتی؛ چونکە دەمانزانی هاوکاری دەکرێین و بیری کوردایەتی لەم ناوچەیەدا بەرزە، هەر بۆیە کە گەیشتینە باڵەکایەتی نوێنەر لە نێوان ئێمەو هێزی عەشاییری باڵەکایەتی ئاڵوگۆڕ کران، بۆیە کاتێک هێزی عەشایری باڵەک بە سەرکردایەتیی ئاغاکانیان بەرەو گوندی سەکران هاتن، لە باسان کۆبوونەوەیەک لە نێوان ئێمەو ئاغاکانی ناوچەکەدا کرا و تەواوی کۆبوونەوەکە باسکردن بوو لە بیروڕا گۆڕینەوە تایبەت بە شۆڕش بەبێ ئەوەی ترسمان لە یەکتری هەبێت، بۆیە لەسەر ئەوە ڕێککەوتین کە بۆ بەیانی هەردوولامان هەندێک تەقەی هەوایی بکەین تا وابزاندرێ شەڕە، هێزی عەشاییری باڵەک هاوکاری زۆریان کردین لە پێدانی فیشەک و

---

(1) چاوپێکەوتن لەگەڵ حوسێن حوسێن حەسەن ناسراو بە حاجی شەریف گوندەژۆری، ٢٠١٦/٧/١٣، چۆمان.

(2) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد نەبی نەبی ناسراو بە (شێخ ئەحمەد نەبی)، ٢٠١٦/٧/١٠، گوندی ئاشی بڕەگوێز-چۆمان.ناوبراو خۆی یەکێک بووە لە بەشداربوانی کۆبوونەوەکە لە هێزی عەشاییری باڵەکایەتی؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ قادر عەبدوڵڵا مەلا ناسراو بە مەلا قادر دەربەندی، ٢٠١٦/٧/٢٥، گوندی دەربەند.

تەقەمەنی و پێداویستی تری پێشمەرگە و پێیان وتین تا بە تەواوی ئامادە دەبین، ئینجا دەست دەکەین بە شەڕ لە دژی هێزەکانی میری"[١].

سەرەڕای ئەوەی هێزی عەشایری باڵەکایەتی شەڕیان لە دژی هێزەکانی پێشمەرگە نەکردووە و بگرە هاوکاریشیان کردوون، بەڵام پێمانوایە ئەمە دەرفەتێک بووە بۆ خەڵکی ناوچەکە گەر هێزەکانیان لەگەڵ هێزی پێشمەرگە یەکیان گرتبایە و هێرشیان کردبایە سەر هێزەکانی میری، بەڵام هۆکاری ئەنجامنەدانی ئەم کارە لەلای ئەوانەی کە لە ژیاندا ماون ڕوون نییە، بەڵام ئێمە پێمانوایە هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە دوای شکستی ڕاپەڕینەکەی خەڵکی باڵەکایەتی لە دژی هێزەکانی میری، ڕێکخستنەکانی پارتی لاواز بوون؛ چونکە زۆرینەی ئەندامە دیارەکانی پارتی بەهۆی هاتنەوەی هێزەکانی میری  ناوچەکەیان جێهێشتبوو و ببوون بە پێشمەرگە و لە ناوچەی پشدەر بوونە، ژمارەیەک خەڵکی ناوچەکەش دوای شکستی ڕاپەڕینەکە دەستگیرکرابوون و لە زیندانەکانی میریدا بوون.

هێزی عەشاییری باڵەک لەچەند شوێنێکی باڵەکایەتی وەک پاسەوانی ناوچەکە مانەوە، تا ئەو کاتەی مەلا مستەفای بارزانی خۆی و هێزەکەی بەرەو ناوچەی باڵەکایەتی بەڕێکەوتن، مەلا مستەفای بارزانی بەر لە هاتنی بۆ باڵەکایەتی پەیامی هاتنی بۆ ڕێکخستنەکانی پارتی لە باڵەکایەتی ناردبوو[٢]، بەم هۆیەوە خەڵکی ناوچەکە ئاگاداری هاتنی بارزانی بوون، کاتێکیش بارزانی و هێزەکەی لەگەڵاڵە نزیکبوونەوە، هێزی عەشاییری باڵەک لە دەورووبەری گەڵاڵە کشانەوە و ئەو بەڵێنەیان نەبردەسەر کە بۆ بەرگری کردن لە ناوچەکەیان لە دژی هێزی پێشمەرگە بە هێزەکانی حکومەتیان دابوو، بۆ نموونە کاتێک بارزانی لەگەڵاڵە نزیک بوویەوە بەڕێوەبەری ناحیەی باڵەک بەدوای میناغای ڕایاتیدا نارد و داوای لێکرد ڕووبەڕووی هێزەکەی بارزانی ببێتەوە، بەڵام ئەو داواکەی جێبەجێنەکرد و بۆ دەورووبەری گوندی ڕایات گەڕایەوە[٣]، کاتێکیش بارزانی و هێزەکەی گەیشتنە ناوچەی باڵەکایەتی زۆرینەی ئەوانەی چەکیان لە حکومەت وەرگرتبوو هاتنە پاڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان[٤].

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمید حوسێن محەمەد ناسراو بە حەمید ئەفەندی، ٢٠١٧/١/٥، هەولێر.ناوبراو خۆی یەکێک بووە لە پێشمەرگەکان و بەشداری کۆبوونەوەکەی نێوان هێزی پێشمەرگە و نوێنەرانی هێزی عەشاییری باڵەکایەتی کردووە.

(٢) مسعود بارزانی، بارزانی و.....١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٧٦.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر ڕەسول ئەحمەد، ٢٠١٦/٧/١٢، گوندی دەربەند ڕایات.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ قادر عەبدوڵڵا مەلا ناسراو بە مەلا قادر دەربەندی، ٢٠١٦/٧/٢٥، گوندی دەربەند؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد نەبی نەبی ناسراو بە (شێخ ئەحمەد نەبی)، ٢٠١٦/٧/١٠، گوندی ئاشی بڕەگوێز-چۆمان

# تەوەری سێیەم
# ڕزگارکردنی باڵەکایەتی ساڵی ١٩٦٢

ڕزگارکردنی باڵەکایەتی لەلایەن سەرکردایەتیی شۆڕشەوە پلانێکی وردی بۆ دانرابوو؛ چونکە مەبەستیان بوو ناوچەکە بکەن بە بنکەی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول، پلانەکەش بە شێوەیەک سەرکەوتوانە بوو، توانرا هێزە عێراقییەکان گەمارۆ بدرێن و دواتر خۆیان بەدەستەوە بدەن و ناوچەکە کەوتە دەست هێزەکانی پێشمەرگە.

## أ/ گەیشتنی هێزەکانی پێشمەرگە بە باڵەکایەتی

دوای ئەوەی بە پێی ڕێککەوتنێکی شێخ ئەحمەدی بارزانی لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم بڕیار درا ناوچەی بارزان ببێت بە گۆڕەپانێکی بێلایەن، مەلا مستەفا بارزانی بڕیاریدا کەوا بچێتە ناوچەیەکی تر و شەڕی حکومەت بکات[١]، هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی بارزان هاتنە دەرەوە و دەستیان بە شەڕ کرد و چەندین سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، دەستیانگرت بەسەر ژمارەیەکی زۆر لە ناحیە و مەخفەرەکانی ناوچەی بادیناندا[٢].

دوای ئەو سەرکەوتنانەی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکانی بادینان، بارزانی پێیوابووە هێزەکەی گەیشتوونەتە پلەیەکی وا بەهێز کە بتوانن مەودای چالاکیی ئۆپەراسیۆنەکانی بەرەو بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی عێراق لە نزیک سنوورەکانی ئێران فراوانتر بکەن، بۆیە بڕیاریدا بەرەو ناوچەی سیدەکان و ناوچەی باڵەکایەتی بڕوات[٣].

هەرچەندە لەو کاتەی هێزەکانی بارزانی خەریکی خۆ ئامادەکردن بوون بۆ بەڕێکەوتن بەرەو ناوچەکانی سۆران، (مەحمود کاوانی)[٤] گەیشتە لای بارزانی و نامەیەکی زارەکی لە مەکتەبی سیاسیەوە

---

(١) شەوکەت ملا ئیسماعیل، ڕۆژانێ لە مێژووی شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١-١٩٧٥، بڵاوکردنەوەی نووسینگەی تەفسیر، چ٢، (هەولێر، ٢٠١٦)، ل١٩٠.

(٢) نجم الدين اليوسفي، ثورة أيلول المجيدة، مطبعة جامعة دهوك، ط٢، (دهوک، ٢٠٠٣)، ص١٩؛ عبدالله احمد ڕسول پشدەری، بەشی دووەم لە یاداشتەکانم، ل٨٨.

(٣) دانا ئادامز شمیدت، سەفەرێک بۆ ناو پیاوە ئازاکانی کوردستان، و: ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل، چاپخانەی خانی، (هەولێر، ٢٠٠٨)، ل١٦١؛ نجم الدين اليوسفي، م.س، ص١٩.

(٤) مەحمود حەمەد عەلی ناسراو بە مەحموود کاوانی، ساڵی ١٩٢٦ لە گوندی کاوانیان لە نزیک شەقڵاوە لەدایک بووە، لە ناوەڕاستی پەنجاکان پەیوەندی بە پارتییەوە دەکات، لە ساڵی ١٩٦١ لەگەڵ ١٥ کەسی تر فەرمانی دەستگیر کردنی بۆ دەرچووە لە لایەن حکومەتی عێراقی کە تۆمەتبار کرابوون بە کوشتنی صدیق میران، ناوبراو خۆی بەدەستەوە نەدا و لە ناوچەکانی چیای سەفین بە نهێنی کاریان دەکرد، لە کاتی شۆڕشی ئەیلوول بوون بە یەکەم دەستەی پێشمەرگە لە ناوچەی شەقڵاوە، لە شەڕەکانی ناوچەی خۆشناوەتی و باڵەکایەتی بەشداری کردووە وەک فەرماندەیەکی پێشمەرگە،

به بارزانی ڕاگەیاند، کە تیایدا داوا لە بارزانی کراوە لە زێی گەورە نەپەڕێتەوە؛ چونکە ناوچەکانی سۆران مەکتەبی سیاسی سەرپەرشتیان دەکات و دەبێ بارزانی خۆی و هێزەکەی لە بادینان بمێننەوە، بارزانی بەم نامەیە دڵگران بوو و لەسەر بڕیاری ڕۆیشتن بەرەو ناوچەکانی سۆران سوور بوو[1].

بارزانی لە ٢١ی ئایاری ١٩٦٢ بڕیاریدا هێزەکانی پێشمەرگە لە زێی گەورە بپەڕنەوە، دوای گەڕانێکی زۆر بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەک، دواجار هێزەکان لە زێیەکە پەڕینەوە، ئامانجی پلانە نەخشە بۆ کێشراوەکەش ئەوەبوو کە هێزی پێشمەرگە بەرەو ناوچەی باڵەکایەتی بڕوات و دەستی بەسەردا بگرێت، کە دەگونجێت وەک باشترین شوێن بکرێت بە بارەگای گشتیی بارزانی و پارتی[2].

دوای پەڕینەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە زێی گەورە، چەند شەڕێک لە نێوان پێشمەرگە و سۆفییەکانی برادۆست کە هاوکاری حکومەتی قاسم بوون ڕوویدا، هێزەکانی پێشمەرگە سەرکەوتوو بوون و بەرەو ناوچەی باڵەک ڕۆیشتن[3].

هێزەکانی پێشمەرگە لە ٢٩ی ئایاری ١٩٦٢ گەیشتنە یەکەم گوندی ناوچەی باڵەکایەتی کە گوندی (بێشێ)[4] بوو[5]، لە گوندی بێشێ بارزانی چووە ماڵی (خدر ئاغای بێشێ)[6]، بارزانی و خدر ئاغا باسی بارودۆخی ناوچەی باڵەکایەتییان کردووە و خدر ئاغا بە بارزانی وتووە: "چەند کەسێک لە ئاغاکانی باڵەک چەکیان لە حکومەت وەرگرتووە، بەڵام بەڵێنت پێدەدەم هیچ کەسیان شەڕی تۆ ناکات و ڕووبەڕووت ناوەستێ، بۆیە لە خەڵکی باڵەکایەتی دڵنیابە"، ئەم قسەیە ڕاست دەرچوو؛ چونکە خەڵکی ناوچەی باڵەکایەتی یەک فیشەکیان ڕووبەڕووی هێزەکانی پێشمەرگە نەتەقاند[7].

---

لە ١٩٦٢/٨/١٦ بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەوە بەسەختی بریندار دەبێت، لە ١٩٦٢/٩/٢ بەهۆی برینەکەیەوە گیان لەدەست دەدات: محەمەد مەلا قادر، سەربوردەی نەمران، ل١٨٠-١٨٢.

(١) شەوکەت ملا ئیسماعیل، س.پ، ل٧٩.

(٢) مسعود بارزانی، بارزانی و......١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٧٣.

(٣) شەوکەت ملا ئیسماعیل، س.پ، ل٨٢-٨٣.

(٤) گوندێکە لە ناوچەی باڵەکایەتی لە دۆڵی ڕۆست، سەربە ناحیەی سمیلانە.

(٥) مسعود بارزانی، بارزانی و......١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٧٥.

(٦) خدر قادر محەمەد، ناسراو بە خدر ئاغای بێشێ، لە ساڵی ١٩٢٦ لە گوندی بێشێی ناوچەی باڵەکایەتی لەدایک بووە، لە پێش شۆڕشی ئەیلوول پەیوەندی لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانیدا هەبووە، لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول بووەتە پێشمەرگەو دۆستێکی نزیکی بارزانی بووە، بەشداری چەندین شەڕی کردووە، چەند جارێک گوندەکەی و ماڵی خۆی بەر تۆپ بارانی حکومەت کەوتوون، لە ١٩٧٤/١٠/٢٣ ئاوارەی ئێران بووە و لە ئەهواز نیشتەجێ بووە، دوای گەڕانەوەی لە ئێران دوورخراوەتەوە بۆ ڕومادی، لە ١٩٩٣/٤/٩ لە گوندی بێشێ کۆچی دوایی کردووە.چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمەد خدر قادر، ٢٠١٦/١٢/٢١، سۆران.ناوبراو کوڕی خدر ئاغای بێشێیە.

(٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ زێرۆ حارس خانو حوسێن، ٢٠١٦/١٢/٢١، سۆران.ناوبراو لە ساڵی ١٩٣٤ لە گوندی بێدارونی دەڤەری بارزان لەدایک بووە، لە دوای گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٥٨ دەبێتە پاسەوانی بارزانی، لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلوول بووەتە پێشمەرگە، بەشداری شەڕەکانی ناوچەی بادینانی کردووە، یاوەری بارزانی بووە لە کاتی هاتنی بارزانی بۆ ناوچەی باڵەکایەتی، دوای دانانی جبەخانەی شۆڕش دەبێتە پاسەوانی جبەخانە لە چۆمان، لە دوای

دوای گوندی بێشێ هێزەکانی پێشمەرگە بە ئاراستەی ڕێگای هاملتۆن بەڕێکەوتن، شەوێک لە گوندی (داروسەلام)[1] بوون و بارزانی بووە میوانی (مەلا مستەفای داروسەلام)[2]، بۆ ڕۆژی دوایی هێزەکانی پێشمەرگە بوون بە چەند قۆلێک و بەرەو چەند شوێنێکی گرنگی باڵەکایەتی کەوتنەڕێ[3].

مەلا مستەفای بارزانی سەرەتا چووە دەوروبەری گوندی ماویلیان، دواتر دەرگەڵە، قەسرێ، مەمی خەلان، ناوەندە، دەربەند و دواتر ناوچەی ڕایات[4]، بەشێکی تری هێزەکانی پێشمەرگەش بەرەو ڕێگای هاملتۆن چوون و لە دەورووبەری ڕێگاکە دامەزرێنران[5]، بەم شێوەیە هێزێکی زۆری پێشمەرگە بەسەرکردایەتیی مەلا مستەفای بارزانی گەیشتنە ناوچەی باڵەکایەتی و ڕێگای ڕواندزیان داخست[6].

## ب/ جموجۆڵە سەربازیەکان و ڕزگارکردنی باڵەکایەتی

جموجۆڵە سەربازییەکانی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی باڵەکایەتی لە ساڵی ١٩٦٢ بە چەند قۆناغێک بووە، سەرەتا هێزەکانی پێشمەرگە هێزەکانی عیراقیان گەمارۆ داوە و ڕێگای گەیشتنی یارمەتیان لێگرتوون، دواتر توانیویانە ناوچەکە بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان.

---

نسکۆ ئاوارەی ئێران بووە، دوای ڕاپەڕین گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان، ئێستا خانەنشینی ئەیلوولە و لە سۆران نیشتەجێیە.

(١) گوندێکە دەکەوێتە ناوچەی باڵەکایەتی، لە سنووری ناحیەی گەڵاڵە لە قەزای چۆمان.

(٢) مستەفا خدر حەسەن، ناسراو بە مەلا مستەفا داروسەلامی، ساڵی ١٩٣٣ لە گوندی داروسەلامی ناوچەی باڵەکایەتی لەدایک بووە، خوێندنی ئایینی و زمانی فارسی لای باپیری خوێندووە، دواتر بۆ خوێندن چەند شوێنێک گەڕاوە، دوای وەرگرتنی بڕوانامەی مەلایەتی بووەتە پێشنوێژ و وتار خوێنی مزگەوتی داروسەلام، بە هۆی لێهاتوویی و شارەزایی لە بواری ئاین بە قازی شۆڕشی ئەیلوول دەست نیشان کراوە، ڕۆڵی دیاری هەبووە لە دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، یەکێکیش بووە لەو زانا ئایینیانەی پێش بەستنی کۆنگرەی یەکێتی زانایان ئەندامی لێژنەی ناونووسکردنی زانایانی ئایینی بووە: فاخر عالی خان ئاودەلی، ڕۆڵی زانایانی ئایینی لە ژیانی سیاسی هەولێردا ١٩٤٥-١٩٧٥، چاپخانەی هێڤی، (هەولێر، ٢٠١٤)، ل٢٤٥-٢٤٦.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەزیز سوار حوسێن، ٢٠١٦/١٢/٢١، سۆران.ناوبراو لە ساڵی ١٩٣٩ لە گوندی کەلۆک لە سنووری قەزای مێرگەسۆر لەدایک بووە، ساڵی ١٩٦١ بووەتە پێشمەرگە، یاوەری بارزانی بووە لە کاتی هاتنی بارزانی بۆ ناوچەی باڵەکایەتی، پاسەوانی بارەگای بارزانی بووە لە قەسرێ و بەردەوام بووە تاکو نسکۆی شۆڕش، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە شۆڕشی گوڵانەوە کردووە و خۆی و خانەوادەکەی چوونەتە ناوچەی خواکورک، دواتر چوونەتە ئێران، ساڵی ١٩٩٩ گەڕاونەتەوە باشووری کوردستان، لە ساڵی ٢٠٠٠ خانەنشین کراوە وەک پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و ئێستا لە سۆران نیشتەجێیە.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ زێرۆ حارس خانو حوسێن، ٢٠١٦/١٢/٢١، سۆران.

(٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەزیز سوار حوسێن، ٢٠١٦/١٢/٢١، سۆران.

(٦) میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی، بەسەرهاتی سیاسی کورد لە ١٩٥٨/٧/١٤ تا ١٩٨٥، ب١، بڵاوکردنەوەی بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژ، چاپخانەی داناز، چ٢، (سلێمانی، ١٩٩٩)، ل١٤٠-١٤١.

## ١/ شەڕەکانی سەر ڕێگای هاملتۆن و گرتنی ناحیەی باڵەک (گەڵاڵە)

شێوازی گەیشتنی هێزەکانی پێشمەرگە بە ناوچەی باڵەکایەتی بە پلانێکی سەربازی تۆکمە دادەنرێت؛ چونکە لەسەرەتاوە توانییان خۆیان بگەیێنن بە پردی بنکێلان نزیک گوندی (بەرسیرین)[١] لەسەر ڕێگای هاملتۆن، بۆ ئەوەی ئەو هێزانە گەمارۆ بدەن کە لەگەڵاڵە و حاجی ئۆمەران و ڕایات هەبوون و ڕێگای گەیشتنی هاوکاریان لێبگرن، لەم کارەدا هێزەکانی پێشمەرگە سەرکەوتوو بوون.

کاتێک هێزەکانی پێشمەرگە گەیشتنە سەر ڕێگای هاملتۆن لە نزیک گوندی بەرسیرین، هێزێکی سوپا لە ڕواندزەوە بەرەو ناوچەی باڵەک چوون کە نەیاندەزانی ڕێگاکە لەلایەن پێشمەرگەوە کۆنترۆڵ کراوە، بۆیە کەوتنە بۆسەی پێشمەرگە و ژمارەیەکی زۆریان کوژران و ئەوانی تریش خۆیان بەدەستەوەدا[٢].

دوای ئەوەی پێشمەرگە بەشێک لە باڵەکایەتی گرت و ڕێگەی هاملتۆنی بڕی و گەمارۆی هێزێکی زۆری ڕژێمیدا، هێزەکانی میری لە زۆر شوێنەوە بروسکەکانیان جگە لە هەولێر ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی بەرگری لە بەغدا دەکرد، کە لەوەوپێش ئەو دەستەڵاتەیان پێنەدرابوو، هێزەکانی پێشمەرگەش بەسەر چیایەکانی دەوروبەری گوندەکانی چۆمباڵۆک و داروسەلام ، بەرسیرین و ماویلیان دابەشبوون و یەکەم شوێنپێی شۆڕش لە ناوچەی هەولێر جێگیرکرا[٣].

بەم جۆرە ناوچەی نێوان گوندی بەرزێوە و گوندی (ناوکێلەکان)[٤] و گەلیی ڕەژووکەریان کەوتنە ژێر دەستەڵاتی پێشمەرگەوە، پۆلیسخانەکانی ناحیەی گەڵاڵە، ڕایات و حاجی ئۆمەران گەمارۆ دران و ڕێگای ڕواندزیان لێگیرا، هەر لەو کاتەشدا ژمارەیەک لە بەرپرسانی پارتی و سەرۆک خێڵە دۆستەکانی شۆڕش لە ناوچەکانی ترەوە هاتنە باڵەکایەتی بە مەبەستی پیشاندانی لایەنگریی خۆیان بۆ شۆڕش[٥].

هاوکات لەگەڵ گەیشتنی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ باڵەکایەتی، هێزە عێراقییەکان بە پەلە لیوای سێ و چواری هێنایە نزیک باڵەکایەتی بە مەبەستی هێرشکردنە سەر ناوچەکە، چەندین بەرپرسی سەربازیش

---

(١) گوندێکە دەکەوێتە سەر ڕێگای هاملتۆن، لەڕووی کارگێڕییەوە سەربە قەزای ڕواندزە.

(٢) لەم ڕووبەڕوو بوونەوەیەدا دەستکەوتی پێشمەرگە بریتی بوون لە شەش لۆری جۆری زیلی سەبازی و دوو ئۆتۆمبێلی جێب و ژمارەیەکی زۆری چەک و تەقەمەنی، ئەم دەستکەوتانە لەم کاتەدا یەکجار گرنگ و دڵخۆشکەر بوونە: مسعود بارزانی، بارزانی و......١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٧٥.

(٣) شەوکەت ملا ئیسماعیل، س.پ، ل٨٤.

(٤) دەکەوێتە سەر ڕێگای هاملتۆن، سەربە ناحیەی گەڵاڵەیە لە سنووری قەزای چۆمان، بە دووری نزیکەی ١٠کم دەکەوێتە ڕۆژئاوای گەڵاڵە.

(٥) مسعود بارزانی، بارزانی و......١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٧٦.

به فرۆکه گەیشتنه ناوچەکه به مەبەستی دانانی پلانێکی تۆکمه بۆ دەست بەسەر داگرتنەوەی باڵەکایەتی[١].

هێزەکانی پێشمەرگه له سەرەتای مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٢ گەیشتنه دەوروبەری گەڵاڵه، له ٣ی حوزەیرانی هەمان ساڵ بارزانی نامەیەکی بۆ بەڕێوەبەری ناحیەی باڵەک نارد و داوای لێکرد بەبێ شەڕ خۆیان و دامودەزگاکانی ناحیه و سریەی پۆلیس و هەموو پۆلیسخانەکانی ناوچەی باڵەک بەدەستەوە بدەن؛ چونکه پردی حافز ڕووخاوه و لەشکری پێشمەرگه له سەر چیایەکانی دەوروبەری باڵەکن، له وەڵامی نامەکەی بارزانی بۆ ڕۆژی دواتر واته ٤ی حوزەیرانی ١٩٦٢ فڕۆکەی بۆمبهاوێژ و هێرشبەر له بەیانیەوه هەتا ئێوارەیەکی درەنگ ناوچەکەی بۆردومان کرد، هەر ئەو شەوه سەنگەرێکی هێزی پۆلیس خۆیان بەدەستەوەدا[٢]، کارمەندانی دامودەزگاکانی ناحیەی باڵەک و سریەکانی پۆلیس هیچ چارەیەکیان نەما جگه لەوەی شوێنەکانی خۆیان جێبهێڵن و پەنابەرنه بەر مەخفەره قایم و پتەوەکەی ڕایات که له قەڵا دەچوو[٣].

دوای ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگه به هۆی ئەوەی، بنکەی پۆلیس برووسکەکانیان ڕۆژی پێشتر لەسەر ناونیشانی مەرکەزی ناحیه واتا گەڵاڵه بۆ سەرووی خۆیان دەنارد، بەڵام بۆ ڕۆژی دواتر برووسکەکانیان لەسەر ناونیشانی مەخفەری ڕایات دەنارد، بۆیه دڵنیابوون که تەواوی هێزەکانی حکومەت چوونەته ناو مەخفەری ڕایات[٤]، دوای ئەوه بارزانی و هێزەکەی بەرەو گوندەکانی شێوەزوور بەڕێکەوتن و لەم گوندانه مانەوه و گەمارۆی مەخفەری ڕایاتیاندا[٥].

بەم شێوەیه هێزەکانی پێشمەرگه بەسەرکردایەتیی بارزانی له قۆناغی دووەمی شۆڕش توانییان ناوچەی باڵەک بگرن و ڕێگای ڕواندز له هێزه گەمارۆدراوەکان ببڕن و ڕێگا نەدەن هێزی یارمەتی له ڕواندزەوه بگاته ڕایات[٦].

---

(١) كافى محمد النبوي، سيرة ودور العميد الركن المتقاعد كافي محمد النبوي، مطبعة وزارة الثقافة لأقليم كوردستان العراق، (اربيل، ٢٠٠١)، ص١٢٠-١٢١.

(٢) شەوکەت ملا ئیسماعیل، س.پ، ل٨٧-٨٨.

(٣) مسعود بارزانی، بارزانی و.....١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٧٦.

(٤) شەوکەت ملا ئیسماعیل، س.پ، ل٨٨.

(٥) زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، بیرەوەریەکانم......، ل٣٠٥.

(٦) عصمت شريف وانلى، كردستان العراقية هوية وطنية (دراسة في ثورة ١٩٦١)، ت: سعاد محمد خضر، مؤسسة ژين، مطبعة شڤان، (السليمانية، ٢٠١٢)، ص٢٠٤.

## ٢/ گەمارۆدانی مەخفەری ڕایات

مەخفەری ڕایات مەخفەرێکی سەخت و پتەو بووە، لە سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتی لە عیراق دروستکراوە، وەک بەشێک لە پلانی حکومەت بۆ دەستگرتن بەسەر ناوچەکەدا، بە بەرد و چیمەنتۆ دروستکرابوو، جێگای فەوجێکی سەربازی تیادا دەبووەوە، لەتوانایدابوو ماوەیەکی درێژ لەڕووی گەمارۆدا خۆی بگرێ و بەربەرەکانی بکات[1]، زۆر بە تۆکمەیی دروستکرابوو تەنها یەک دەرگای هەبووە، بەسەر دەورووبەرەکەشیدا زاڵبووە[2]، هەر بۆیەش هەرکاتێک هێزەکانی حکومەت لەم ناوچەیە تووشی هەر هەوڵێکی هێرشکردن بوبانەوە پەنایان بۆ مەخفەری ڕایات بردووە و لەوێوە بەرگریان کردووە، بۆ نموونە کاتێک لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول خەڵکی باڵەکایەتی لە دژی هێزەکانی حکومەت ڕاپەڕین، زۆربەی ناوچەکە ئازادکرا و دامەودەزگاکانی ناحیە و پۆلیسەکان پەنایان بردە بەر مەخفەری ڕایات، سەرەڕای ئەو سەرکەوتنانەی خەڵکی ناوچەکە، لەبەر پتەوی مەخفەرەکە نەیانتوانی بیگرن[3].

دوای هاتنی هێزەکانی پێشمەرگە بە سەرکردایەتیی مەلا مستەفای بارزانی، بنکەکانی پۆلیس و بەڕێوەبەری ناحیەی باڵەک و کاربەدەستانی ناحیە کە هەندێکیان خێزانیشیان لەگەڵدابوو، هەمان ڕێگایان گرتە بەرو لە مەخفەری ڕایات بەرگریان دەکرد[4]، هێزەکانی پێشمەرگە گەیشتنە دەورووبەری مەخفەری ڕایات و لە ٥ی حوزەیرانی ١٩٦٢ پێنج قۆڵی پێشمەرگە لە چوارلاوە گەمارۆی قەڵاکەیاندا[5].

دوای ئەوەی مەخفەرەکە گەمارۆ درا هێزەکانی پێشمەرگە داوایان لە گەمارۆدراوەکان کرد خۆیان بەدەستەوە بدەن، بەڵام گەمارۆدراوان داواکەیان قبووڵنەکرد و بەرگرییانکرد و بروسکەیان بۆ سەرووی خۆیان دەنارد تاوەکو بەهانایانەوە بچن، تەنانەت هەندێک لە برووسکەکانیان بۆ خودی عەبدولکریم قاسم دەنارد، ئەوانیش دەستخۆشییان لێدەکردن و داوایان لێ دەکردن کە بەرگری بکەن و لەزووترین کاتدا یارمەتییان بۆ دەنێرن[6].

لەو کاتەدا هێزەکانی پێشمەرگە یەک دانە (بازووکا)[7]ی هەبوو لەگەڵ سێ گوللە، لە یەکەم هەفتەی گەمارۆدانەکەدا گوللەیەکی بازوکا ئاراستەی دەرگای مەخفەرەکە کرا، بەڵام ئامانجەکەی نەپێکا،

---

[1] مسعود بارزانی، بارزانی و.....١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٧٧.

[2] مستەفا نێروەیی، بۆ ئازادیی یا وەلاتی، بیرهاتنێن مستەفا نێروەیی، ب١، ئامادەکرنا، یوسف صبری و دلوڤان مستەفا، چاپخانەیا خانی، (دهۆک، ٢٠١٢)، ل١٨٥ .

[3] بڕوانە تەوەری یەکەمی بەشی یەکەم لەم توێژینەوەیە.

[4] خورشید شێرە، س،پ، ل٥٠؛ مسعود بارزانی، بارزانی و.....١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٧٧.

[5] شەوکەت ملا ئیسماعیل، س.پ، ل٨٨.

[6] مسعود بارزانی، بارزانی و.....١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٧٧.

[7] بازوکا، جۆرە چەکێکی نوێ بوو، وەکو چەکی R.B.G وابو لە دژی دەبابە و زرێپۆش بەکاردەهات، لە دووری ٥٠٠م ئامانجی دەپێکا، لەو کاتەدا بۆ شۆڕش بە چەکی قورس هەژمار دەکرا: هاوکار کریم حمە شریف، س.پ، ل١٢٣.

دووەم گوللە دای لە چوارچێوەی دەرگاکە، کەمێک زیانی پێگەیشت، لەوکاتە هێزەکانی پێشمەرگە داوایان لە گەمارۆدراوان کردەوە خۆیان بەدەستەوە بدەن، ئەگەر نا بە گوللەی بازووکا مەخفەرەکەیان بەسەردا دەڕووخێنن، بەڵام هێزە گەمارۆدراوەکە ئامادە نەبوون خۆیان بەدەستەوە بدەن، چونکە ئاگاداری ئەوەبوون کە هێزەکانی پێشمەرگە تەنها سێ گوللەی بازوکایان هەبووە[1].

لە ماوەی گەمارۆدانی مەخفەری ڕایات، حکومەت باڵەفڕی نارده سەر ناوچەکە و بۆمبارانی کوێرانەی کرد، هەندێ جاریش بە پەڕەشووت خواردن و تەقەمەنیان بۆ گەمارۆدراوەکان فڕێدەدا، بەڵام زۆرینەیان نەدەکەوتنە ناو مەخفەرەکە و دەکەوتنە دەست هێزەکانی پێشمەرگە[2]، پێشمەرگەش سوودی زۆریان لەم خواردن و تەقەمەنی و کەلوپەلانە وەردەگرت[3].

چەندینجار هێزەکانی پێشمەرگە داوایان لە هێزە گەمارۆدراوەکە کرد خۆیان بەدەستەوە بدەن، پێشمەرگە بەڵێنی بە گەمارۆدراواندا کە دوای خۆبەدەستەوەدانیان ئازاد دەکرێن، بەڵام ئەوان ئامادە نەبوون خۆیان بەدەستەوە بدەن و سووربوون لەسەر شەڕ کردن[4].

بە مەبەستی دەستگرتن بەسەر مەخفەرەکەدا هێزەکانی پێشمەرگە دەبوایە بەدوای پلانێکدا بگەڕێن بۆ ئەوەی هێزە گەمارۆدراوەکان ناچاربکەن خۆیان بەدەستەوە بدەن؛ چونکە پێشمەرگە نە تۆپی هەڵتەکێنێان هەبوو نە بۆمبی بازووکا تاکو دیواری مەخفەرەکەی پێ هەڵتەکێنن، تاکە چەکیان تفەنگ بوو[5]، بۆیە لەسەر فەرمانی بارزانی لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٢ دەستکرا بە لێدانی بوودڕ (تونێل) بەرەو یەکەم قولەی مەخفەری ڕایات بە مەبەستی ئەوەی ئەگەر خۆیان بەدەستەوە نەدەن لە ژێرەوە مەخفەرەکە دەتەقێندرێتەوە[6].

هەوڵەکانی حکومەت بۆ شکاندنی گەمارۆی سەر مەخفەری ڕایات بەردەوامبوون، کە لەدواتردا باسیان دەکەین، هەروەها بە مەبەستی ڕێگریکردن لە هێرشی سوپا و بەکرێگیراوان کە ئەنجامیاندەدان

---

([1]) شەوکەت ملا ئیسماعیل، س.پ، ل٨٩-٩٠.

([2]) مستەفا نێروەیی، س.پ، ل١٨٥؛ مسعود بارزانی، بارزانی و......١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٧٧.

([3]) پێشمەرگەکان نەک هەر تەنیا سوودیان لە خواردن و تەقەمەنیەکان وەردەگرت، بەڵکوو لە خودی پەڕەشووتەکانیش ژنە گوند نشینەکان توورەگەی بچووکی تووتن و توورەگەی شەکر و جانتا بۆ دووربینیان لێ دروست دەکردن، وە لە قوماشە حەریرەکەی کراسیان دروست دەکرد.بڕوانە: دانا ئادامز شمیدت، س.پ.ل١٦٣.

([4]) مستەفا نێروەیی، س.پ، ل١٨٥.

([5]) مسعود بارزانی، بارزانی و......١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٧٩.

([6]) لە کاتی لێدانی تونێلەکە، شازدە پێشمەرگە و دوو وەستای کارێزکەن کە ئەمانیش پێشمەرگە بوون، دەستیان کرد بە هەڵکەندن و لێدانی تونێل لە دووری ٣٥٠ مەترەوە، لەناو چاڵاییەکەوە بەرەو یەکەم قولەی مەخفەرەکە، ئەو ئامێرانەی بۆ دروستکردن و لێدانی تونێلەکە بەکار دەهێنران بریتی بوون لە پاچ، قوڵینگ، باریە (نوێڵ)، خاکەناس، تورەکە و گوێنی، بڕوانە: شەوکەت ملا ئیسماعیل، س.پ، ل٩٠.

بۆ سەر ناوچەی باڵەکایەتی، مەلا مستەفای بارزانی خۆی ڕۆیشت سەرپەرشتی کردنی گەمارۆکەی بە (عەلی عەسکەری)[١] سپارد[٢].

لە ماوەی ٥٢ ڕۆژدا[٣]، دەمی تونێلەکە گەیشتە بەردەم یەکەم قولەی مەخفەرەکە لە دیوی دەرەوەی بن دیوارە بەردینەکانی[٤]، ئەم کارە هێزە گەمارۆدراوەکەی خستە دوڕیانێکی مەترسیدارەوە؛ چونکە هەتا ڕادەیەک بەهۆی سەرسەختیان لە خۆبەدەستەوەدان لە ڕابردوو، ئێستا کرداری خۆبەدەستەوەدان بە مەترسی دەزانن لەسەر ژیانیان، لەگەڵ ئەوەشدا بارودۆخیان لە درێژە کێشانی گەمارۆکە و سەرنەکەوتنی هەوڵەکانی ڕژێم بۆ ڕزگارکردنیان، یان فراوانکردنی بەرەی جەنگ لە ناوچەکەدا هێندەی تر ورەی داتەپاندبوون[٥].

کاتێکیش دەنگی پاچ لێدان و تونێل هەڵکەندن کەوتە بەر گوێی گەمارۆدراوان، دەستبەجێ ئامادەیی خۆیان بۆ خۆبەدەستەوەدان دەربڕی[٦]، بۆیە بەرپرسانی پێشمەرگە بەناو تونێلەکەدا چوونە بن دیواری مەخفەرەکە و لەگەڵ بەڕێوەبەری ناحیەی باڵەک کە یەکێک بوو لە گەمارۆدراوەکان کەوتنە گفتووگۆ، هێزە گەمارۆدراوەکە داوای پاراستنی گیانیان دەکرد، عەلی عەسکەری بەڵێنی بە بەڕێوەبەری ناحیەدا دوای خۆبەدەستەوەدانیان ئازاد دەکرێن[٧]، بەم شێوەیە دوای ٣٨ ڕۆژ گەمارۆدان هێزەکانی حکومەت لە شەوی ١٢ی تەموزی ١٩٦٢ خۆیان بەدەستەوەدا[٨].

دوای خۆبەدەستەوەدانیان، عەلی عەسکەری لە نامەیەکدا کە بۆ بارزانی نارد داوایکرد دوو ئافرەتیان بۆ بنێرێت بۆ پشکنینی ئافرەتانی ناو مەخفەری ڕایات[٩]، بۆیە دوو ئافرەتی گوندی دەربەند لە

---

(١) علی عەبدوڵلا ، ناسراو بە علی عەسکەری، لە ساڵی ١٩٣٧ لە گوندی عەسکەری سەر بە پارێزگای کەرکوک لەدایک بووە، لە ساڵی ١٩٥٩ لە کۆنگرەی چوارەمی پارتی بووە بە ئەندامی لیژنەی چاودێری و پشکنین، لە ساڵی ١٩٦٠ لە کۆنگرەی پێنجەمی پارتی بووە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، لە ١٩٦١ بووە بە بەرپرسی ڕێکخستنی شۆڕشگێڕی لە بادینان، لە ساڵی ١٩٦٤ بوەتە ئامر هێزی خەبات، لە کەرتبوونەکەی پارتی ١٩٦٤ چوەتە پاڵ بەرەی مەکتەبی سیاسی، لە ساڵی ١٩٧٦ بۆتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، ساڵی ١٩٧٨ لە کارەساتی هەکاری گیانی لەدەست داوە.بڕوانە: پیاونامە ( گوڵبژێرێکی ژیاننامەی شەهید عەلی عەسکەریە)، لە نووسینی کۆمەڵێک هاوڕێی شەهید، ب.ش، (سلێمانی:٢٠٠٤).

(٢) مسعود بارزانی، بارزانی و.....١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٧٨.

(٣) ئەم ژمارەیە پێدەچێ هەڵەی چاپ بێت، چونکە لە ١٩٦٢/٦/١٠ دەست کراوە بە لێدانی تونێل، وە لە شەوی١١/١٢-٧-١٩٦٢ هێزە گەمارۆ دراوەکە خۆیان بەدەستەوە داوە، کەواتە ماوەی تەواو کردنی تونێلەکە ٣١ ڕۆژ بووە نەک ٥٢ ڕۆژ.بڕوانە: شەوکەت ملا ئیسماعیل، س.پ، ل٩٠؛ مسعود بارزانی، بارزانی و.....١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٧٩.

(٤) شەوکەت ملا ئیسماعیل، س.پ، ل٨٨.

(٥) هاوکار کریم حمە شریف، س.پ، ل١٦٢.

(٦) مسعود بارزانی، بارزانی و.....١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٧٩.

(٧) شەوکەت ملا ئیسماعیل، س.پ، ل٨٩-٩٠.

(٨) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٥).

(٩) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٦).

ناوچەی باڵەکایەتی بە ناوەکانی( ئەسمەر و نەسرین ) کە لەم کاتدا ماڵەکانیان لە کوێستانی کیکان بووە و نزیک بووە لە مەخفەری ڕایات ئەرکی پشکنینی ئافرەتەکانیان پێسپێردراوە[1].

پلانی گرتنی مەخفەری ڕایات چاکترین نموونە بوو لە شارەزایی هێزەکانی پێشمەرگە لە هەڵخەڵەتاندنی پۆلیس و سەربازانی عێراقی[2]؛ چونکە پێشمەرگە هیچ نیازێکی نەبوو کە مەخفەرەکە بتەقێنێتەوە چونکە ژمارەیەک لە ژن و منداڵ لە ناو مەخفەرەکەدا بوون[3].

دوای خۆبەدەستەوەدانیان، تەنها بەڕێوەبەری ناحیە و چەند پۆلیسێک نێردران بۆ (بێتواتە)[4]، ئەوانی تر حکومەتی ئێران بە نابەدڵیەوە لە ڕێگەی سنووری حاجی ئۆمەرانەوە وەریگرتن بەناو ئێراندا بردنی و لە ڕێگەی (قەسری شیرین)[5] تەسلیم بە هێزە عێراقییەکان کرانەوە[6].

لە ئەنجامی ئەم سەرکەوتنە هێزەکانی پێشمەرگە دەستکەوتێکی زۆریان لە چەک و بێتەل و پێداویستیی سەربازی هەبوو، کە بۆ ئەو کاتی شۆڕش زۆر گرنگ بوون و شۆڕش سوودی زۆری لەم دەستکەوتانە بینی[7]، کاتێک گەمارۆدراوانی مەخفەرەکەش خۆیان بەدەستەوەدا عەلی عەسکەری لەو نامەیەی کە بۆ مەلا مستەفای بارزانی ناردی، سەرجەم ئەو دەستکەوتانەی تیادا نووسی کە بەدەستهاتبوون[8].

ئەم سەرکەوتنەی هێزەکانی پێشمەرگە لە گرتنی مەخفەری ڕایات، لە دواتردا کاریگەریی لەسەر هێزەکانی حکومەت هەبوو، بەوەی کە لەکاتی گەمارۆدانیاندا یارمەتیان پێناگات و دواجار دەستگیر دەکرێن، ئەمە لە برووسکەیەکی فەرماندەیەکی سەربازی لە ٢٧ی تەموزی ١٩٦٢ لە بنکەیەکی گەمارۆدراو لە ئامێدی دەردەکەوێت کە بۆ سەرووی خۆی ناردووە، تێیدا هاتووە: "پیاوەکانمان وا گوێ بیست بوونە کە هەمان چارەنووسی تاقمەکەی بریفکا و ڕایات و ئەوانی ترمان دەبێ، بۆ خاتری خوا و

---

(1) چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر ڕەسول ئەحمەد، ٢٠١٦/٧/١٢، گوندی دەربەند.

(2) دانا ئادامز شمیدت، س.پ.ل١٣١.

(3) مسعود بارزانی، بارزانی و.....١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٧٩.

(4) دەکەوێتە سنووری قەزای ڕانیە لە پارێزگای سلێمانی.

(5) دەروازەیەکی سنوورییە لە نێوان ئێران و عیراقدا.

(6) ئەم کارە کە لەسەر فەرمانی بارزانی ئەنجام درا، مەبەستی ئەوەبوو کە دەنگی شۆڕشی کوردی بگاتە ئەودیو سنووری کوردستان، کە دوای ئەم کارە ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانی ئەوروپا ئەم دەنگوباسەیان بڵاو دەکردەوە: شەوکەت ملا ئیسماعیل، س.پ، ل٩٠-٩١.

(7) مستەفا نێروەیی، س.پ، ل١٩٠.

(8) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٦).

مناڵەکانمان فریامان کەون"[١]، جگە لەمە لە شوێنی تریش سەربازانی عێراقی ترسی ئەوەیان هەبووە هەمان چارەنووسی مەخفەری ڕایاتیان هەبێت بۆیە داوای هاوکاری بەپەلەیان کردووە[٢].

ئەم هەوڵەی هێزەکانی پێشمەرگە جێگای هەڵوەستە لەسەر کردنە، توانا و ئاستی بەرز و تاکتیکی جەنگیی هێزەکانی پێشمەرگە دەردەخات، کە بە توانای خۆماڵی و بە هێزێکی تەمەن کەمتر لە ساڵێک بتوانن ٣٥٠ مەتر تونێل لە ژێر زەوی لێبدەن[٣].

## ٣/ هەوڵەکانی حکومەت بە مەبەستی شکاندنی گەمارۆی ڕایات

دوای ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگە گەمارۆی مەخفەری ڕایاتیاندا، بە بەردەوامی هێزە گەمارۆدراوەکە لە ڕێی بێتەلەوە داوای یارمەتییان لە سەرووی خۆیان کردووە، ئەوانیش بەڵێنی بە هاناوە هاتنیان پێداون، بەڵام هێزەکانی حکومەت سەرەڕای زۆریی هەوڵەکانی نەیتوانی بەهانای گەمارۆدراوانەوە بچن، چونکە پێشمەرگە ڕێگاکانی گەیشتن بە مەخفەرەکەیان گرتبوو[٤].

یەکێک لەو ڕێگایانەی کە هێزەکانی حکومەت گرتیانەبەر، بۆردومانێکی سەختی ناوچەکە بوو لەلایەن فڕۆکەکانی حکومەتەوە، بە مەبەستی ناچارکردنی هێزەکانی پێشمەرگە کە گەمارۆی سەر مەخفەرەکە بشکێنن؛ بەڵام لەم کارەیان سەرکەوتوو نەبوون؛ چونکە بۆردومانەکان زیانیان بە پێشمەرگە نەگەیاند[٥].

حکومەت دوای سەرنەکەوتنی لە پلانەکانی، داوای وتووێژیکرد، بۆ ئەم مەبەستە لە ٥ی تەموزی ١٩٦٢ شاندێک کە لە چەند ئەفسەرێکی لیوای سێ پێکهاتبوون بەناوی عەبدولکەریم قاسمەوە چوونە لای بارزانی لە حاجی ئۆمەران، لە کاتێکدا مەخفەری ڕایات هەر لەژێر گەمارۆدابوو، ئەو ئەفسەرانە بەناوی وتووێژەوە هاتبوون، بەڵام تەنها ئامانجیان دەستنیشانکردنی سەنگەرەکانی پێشمەرگە بوو لە هەردوو بەری ڕێگای هامڵتۆن؛ چونکە هێزەکانی پێشمەرگە بەهۆی بروسکەی شیفرەکراوی هەمان لیوا، زانیارییان هەبوو کە لیوای ٣ لە ٧ی تەموزی ١٩٦٢ بە مەبەستی گەیشتن بە مەخفەری ڕایات هێرش دەکات[٦].

---

(١) نقلا عن: عبدالكريم فندي، فصول من ثورة أيلول في كردستان العراق، مطبعة كلية الشريعة- جامعة دهوك، (دهوك، ١٩٩٥)، ص٤٠؛ دانا ئادامز شمیدت، س.پ.ل١٧٣.

(٢) کاوس قفطان، الحركة القومية......، ص١٨١.

(٣) هاوکار کریم حمه شریف، س.پ، ل١٦٤.

(٤) مستەفا نێروەیی، س.پ، ل١٨٩.

(٥) مسعود بارزانی، بارزانی و.....١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٧٧.

(٦) شەوکەت ملا ئیسماعیل، س.پ، ل١٠٠-١٠١.

کاتێک هێزێک لە فەوجی سێیەمی لیوای سێ هێرشەکەی دەستپێکرد، بەرلەوەی هێزەکە بگاتە پردی بنکێلان، شەڕ لە نێوان پێشمەرگە و هێزەکەی حکومەت ڕوویدا، لەم شەڕەدا تەواوی سریەی پێشەوەی هێزەکە لەناوبردران یان بەدیلگیران، پاشماوەی هێزەکە بە سەختی توانییان خۆیان ڕزگار بکەن[1].

هێزەکەی حکومەت دەیانزانی کاریگەریی لێدانی تونێل بۆ ژێر مەخفەرەکە چیدەبێت، دەیانزانی هێزەکانیان توانای خۆڕاگریی زیاتریان نەماوە، بۆیە سەرەڕای شکستە گەورەکەیان لە ٧ی تەموزی ١٩٦٢، زۆر بەچڕی بەردەوامبوون لە هێرشەکانیان بە مەبەستی گەیشتن بە مەخفەری ڕایات[2].

دوای ئەوەی هێزەکانی حکومەت لە گەیشتن بە مەخفەری ڕایات لە ڕێگای هاملتۆنەوە بێهیوا بوون، داوای یارمەتیان لە بەشێک لە هەرکی و برادۆستییەکان کرد، بۆ ئەوەی لە چیای (هەڵگۆرد)ی بەرانبەر ڕایاتەوە بێنە باڵەکایەتی و لە پشتەوە و لە ناکاو لە هێزەکانی پێشمەرگە بدەن و گەمارۆکە بشکێنن[3]، هێزەکانی حکومەت هیوایەکی زۆریان بەم پلانە هەبوو، بۆئەوەی لە پشتەوە لە هێزەکانی پێشمەرگە بدەن و پێشمەرگە لە چەند لایەکەوە بکەوێتە شەڕەوە بۆ ئەوەی بەسەریاندا سەربکەون[4].

ئەم پلانەی حکومەت ئەگەر سەرکەوتوو بوایە زۆر مەترسیدار بوو، دوورنەبوو سەرجەم دەستکەوت و سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی باڵەکایەتی بەفیڕۆ بچێت، بۆیە مەلا مستەفای بارزانی هێزێکی لەگەڵ خۆیدا برد بۆ ئەوەی پێش ئەوەی پلانەکە جێبەجێبکرێت هێزی پێشمەرگە لێیان بدات، لە ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٦٢ هێزی پێشمەرگە هێرشی دەستپێکرد و دوای شەڕێکی سێ ڕۆژە توانرا مەترسی لەسەر ناوچەی باڵەکایەتی لەم بەرەیە کەمبکرێتەوە، بەهۆی سەرکەوتنی هێزەکانی پێشمەرگە ئەم پلانەش بۆ شکاندنی گەمارۆکە شکستیهێنا[5].

---

(1) مسعود بارزانی، بارزانی و.....١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٧٧-٧٨.

(2) شەوکەت ملا ئیسماعیل، س.پ، ل١٠١.ناوبراو کە یەکێک بووە لە پێشمەرگە بەشداربووەکانی ئەم ناوچەیە دەنوسێت: (زۆر بە گەرمی شەوو ڕۆژ هێرشی بەرامبەرێن کۆتایی پێ نایەت، بە ڕۆژ هێزەکانی حکومەت بە پاڵپشتی فڕۆکە و چەکی هەمە چەشنە هێرش دەکەنە سەر پێشمەرگە و پێشمەرگەش بە شەو هێرش دەکاتە سەر هێزەکانی حکومەت، تۆپبارانی هێزەکانی حکومەت بۆسەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە و ناو گوندەکان ناپچڕێ، شەوی وا هەیە بریسکەی گوللە وەک ئەوە وایە ٣٠٠-٤٠٠ ئەستێرە لە ئاسماندا پێکرا بکشێن ئەوها تاریکی بەری ئاسمان ڕووناک دەبێتەوە، هاژەو ناڵەی گوللە تۆپ و تەقەی چەکی هەمە چەشنە ئارامی و بێ دەنگی شەوی ناو ئەم شاخ و دۆڵانە دەڕەوێنێتەوە).

(3) مسعود بارزانی، بارزانی و.....١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٧٨.

(4) مستەفا نێروەیی، س.پ، ل١٩١.

(5) مسعود بارزانی، بارزانی و.....١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٧٨-٧٩.

سەرەڕای ئەم شکستەی هێزە عێراقییەکان، بەڵام لە شکاندنی گەمارۆی مەخفەری ڕایات بێهیوا نەبوون، ئەمەش لە نامەیەکی (عومەر دەبابە)[1] دەردەکەوێ کە بۆ بارزانی ناردووە، تیایدا هاتووە، لە شەوی ١٠/٩ی تەموزی ١٩٦٢ هێزی بەکرێگیراوان و سوپا هێرشێکی زۆر گەورە و بەربڵاویان کردە سەر هێزەکانی پێشمەرگە، بە ئاراستەی گوندی ڕۆست، سەرەتا بەهۆی ئەوەی هێزی پشدەریەکان لە بەرزاییەکانی پشتی گوندی ڕۆست شوێنەکانی خۆیان بە باشی قایم نەکردبوو، بەرزاییەکان کەوتنە دەست بەکرێگیراوان، بۆیە هێزی پێشمەرگە بەهۆی باڵادەستبوونی بەکرێگیراوان لەڕووی شوێنەکەیانەوە، ناچار بوو پاشەکشێ بکەن لە گوندی ڕۆست و دەوروبەری و لە پشتی (گوندی ناوەندە)[2] جێگیر بن، ئەم پلانەش مەترسی ئەوەی لێدەکرا کە بەهۆی سەرکەوتنی بەکرێگیراوان، هێرش بکەنە سەر گەڵاڵە و ڕێگای هامڵتۆن و بیگرن، بەڵام هێزەکانی پێشمەرگە لەبەر مەترسی بارودۆخەکە و گرنگیی ئەو شوێنانەی کە بەکرێگیراوان دەستیان بەسەردا گرتووە، بەپەلە داوای یارمەتییان لە بارزانی کردووە بۆ ناردنی هێزێکی بارزانیان و ناردنی تەقەمەنی[3]. دوای ئەوە مەلا مستەفای بارزانی خۆی سەرکردایەتیی هێزێکی پێشمەرگەی کرد و چووە ناوچەکە و هێرشێکی فراوانی بۆ سەر بەکرێگیراوان کرد، توانییان ئەو شوێنانەی پێشتر بەکرێگیراوان دەستیان بەسەردا گرتبوو وەربگیرێنەوە[4].

بەم شێوەیە سەرجەم هەوڵەکانی حکومەت بۆ شکاندنی گەمارۆکەی سەر مەخفەری ڕایات شکستیانهێنا، کە لە سەرەتادا حکومەتەکەی قاسم لەو بڕوایەدا نەبوو گەمارۆی سەر هێزەکانی لە ڕایات ئەوەندە بخایەنێت و هەوڵەکانی بەم شێوەیە شکستخواردووبن، ئەمەش سەکەوتنێکی گەورە بوو بۆ شۆڕشی کوردی کە هێزێک بەم هەموو توانا سەربازییەی بەرانبەر هێزێکی تەنیا تفەنگ بەدەست چۆک

---

(1) عومەر مستەفا حەمەد ئەمین: ناسراو بە عومەر دەبابە، ساڵی ١٩٢٣ لە شاری کۆیە لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری کۆیە و کەرکووک تەواو کردووە، کۆلێژی مافی لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە، لە کۆنگرەی دووەمی پارتی لە ئاداری ١٩٥١ بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردراوە، لە نیسانی ١٩٦١ بۆتە بەرپرسی گشتی ڕێکخستنی شۆڕشگێڕی کوردستان، ساڵی ١٩٦٢ وەک سەرکردەیەکی پێشمەرگە لە ناوچەی باڵەکایەتی بووە، ساڵی ١٩٦٣-١٩٦٤ بۆتە ئامر هێزی کاوە کە ناوچەی باڵەکایەتی دەکەوتە سنووری چالاکییەکانی ئەم هێزە، لە کەرتبوونەکەی پارتی ساڵی ١٩٦٤ چۆتە پاڵ باڵی مەکتەبی سیاسی، ساڵی ١٩٧١-١٩٧٥ سەرۆکی دادگای باڵای شۆڕشی ئەیلوول بووە، لە ٢٩ی کانوونی دووەمی ١٩٩٢ کۆچی دوایی کردووە.بڕوانە: کاکە مەم بۆتانی، کاکی کاکان- مرۆڤ و ڕووناکبیر و شۆڕشگێڕ- خەباتی سیاسی ساڵانی (١٩٢٤-١٩٦١) ی سەرکردەی نەمر عومەر دەبابە، ب١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، (هەولێر، ١٩٩٨)؛ هاوکار کریم حمە شریف، س.پ، ل٤٥،٩٤.

(2) گوندێکە دەکەوێتە ناوچەی باڵەکایەتی، لە بناری چیای هەڵگۆرد، لەڕووی کارگێڕیەوە سەربە ناحیەی حاجی ئۆمەرانە لە قەزای چۆمان.

(3) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٧).

(4) مسعود بارزانی، بارزانی و.....١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٨٠.

دابدات[1]، هاوکاریی خەڵکی کوردستانیش بۆ پێشمەرگە هۆکارێکی کاریگەر بووە لە سەرکەوتنەکانی شۆڕشدا.

(1) هاوکار کریم حمە شریف، س.پ، ل١٦٢.

# تەوەری چوارەم
# بوونی باڵەکایەتی بە مەڵبەندی شۆڕش و بنکە و بارەگاکانی شۆڕش لە ناوچەکە

باڵەکایەتی هەر لە ساڵی ١٩٦٢ بنکەیەکی گرنگی شۆڕشی ئەیلوول بووە، بەڵام ساڵی ١٩٦٥ سەرکردایەتیی شۆڕش بڕیاریدا باڵەکایەتی بکرێتە ناوچەی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول، بەم هۆیەشەوە تەواوی بنکە و بارەگاکانی سەرکردایەتیی شۆڕش لە ناوچەکەدا دامەزران.

## أ/ باڵەکایەتی وەک بنکەی سەرکردایەتیکردنی شۆڕشی ئەیلوول

هەڵبژاردنی شوێنیک بۆ بنکە و بارەگای سەرکردایەتیی هەر شۆڕش و ڕاپەرین و جوڵانەوەیەکی چەکداری یەکێکە لە کارە هەرە گرنگەکانی سەرکردایەتیی جووڵانەوەکە، کە پێویستە ئەو شوێنەی کە دەستنیشان دەکرێت کۆمەڵێک تایبەتمەندیی سیاسی و سەربازی و ئابووریی هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت لە کاتی پێویستدا سوود لە ناوچەکە وەربگیرێت، بەمەبەستی ڕێگەگرتن لە گەمارۆدان و تەنگەتاوکردنی سەرانی جووڵانەوەکە.

ناوچەی باڵەکایەتی کۆمەڵێک تایبەتمەندی گرنگ لەخۆدەگرێت، کە وایکرد سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول بڕیاربدات بکرێتە شوێنی سەرکردایەتیی شۆڕش و بارەگاکانی خۆی تیادا دابمەزرێنێت، هەروەک مسعود بارزانی نوسیویەتی: "سەرکردایەتیی شۆڕش ناوچەی باڵەکی هەڵبژارد بۆ ئەوەی بیکاتە بارەگای خۆی؛ چونکە یەکێک بوو لە شوێنە هەرە گونجاوەکان"[١].

هەر لەبەر ئەمەش لە هاوینی ١٩٦٥ سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول لە ناوچەی باڵەکایەتی جێگیربوو و بارەگای سەرکردایەتی و تەواوی بنکە و بارەگاکانی شۆڕش لەم ناوچەیە بوون[٢].

سەبارەت بە گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە بوونە هۆکاری هەڵبژاردنی ناوچەی باڵەکایەتی بە بنکەی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلول، بریتین لە:

**یەکەم/** هۆکاری بەرگریکردن لە ناوچەی سەرکردایەتیی شۆڕش، فاکتەرێکی گرنگ بووە لە هەڵبژاردنی باڵەکایەتی بە بنکەی سەرکردایەتیکردنی شۆڕش.

ناوچەی باڵەکایەتی یەکێکە لە شوێنە هەرە سەختەکانی کوردستان کە دوژمن بەئاسانی نەیدەتوانی دەستی بەسەردا بگرێت و ناوچەیەکی گونجاو بووە بۆئەوەی بتوانرێت لەکاتی هێرشی دوژمن

---

(١) بارزانی و......١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٧٤.

(٢) سەعید ناکام، بیرەوەریەکانی سەعید ناکام، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، (هەولێر، ٢٠٠٣)، ل١٣٠؛ نجم الدين اليوسفی، م.س، ص١٠٥.

بارەگاکانی سەرکردایەتی بپارێزرێن[1]. دوو لەمپەری بەهێز رێ لە گەیشتنی سوپای عێراقی دەگرێت بە ناوچەی باڵەکایەتی، ئەوانیش هەردوو چیای زۆزک و (هندرێن)[2]ن، کە دەروازە و دەرگای چوونە ناو باڵەکایەتین[3].

لە دوای هەردوو چیای هەندرێن و زۆزک، چەندین بەربەستی سروشتیی تر هەن، کە هەموویان بۆ ئەوە دەستدەدەن کە هەریەکەیان بکرێت بە هێڵێکی تۆکمە و پتەوی وا کە زەحمەت بێت ببڕدرێت، بۆیە هەموو ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی کە هێزەکانی حکومەت دەیاندا بۆ ئەوەی ناوچەی باڵەکایەتی داگیر بکەن و گشت هۆیەکانی داگیرکردنیان تێدا بەکاردەهێنا بەهەدەر چوون[4].

**دووەم/** بەهێزیی ڕێکخستنەکانی پارتی: ڕێکخستنەکانی پارتی لە ناوچەی باڵەکایەتیدا بەهێز بوون، ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ناوچەکە ئەندامی پارتی بوون[5].

هەر بۆیە مەلا مستەفای بارزانی بەر لەوەی بەرەو ناوچەی سۆران بەڕێ بکەوێت، کاتێ کە لە نەهلە دەبێت ڕاسپاردەی خۆی بۆ بارەگای پارتی لە ناوچەی باڵەکایەتی نارد و هانیدان ڕیزەکانی خۆیان پتەو بکەن و پەیوەندیان بە خێڵە دڵسۆزەکانەوە درێژە پێبدەن و بیانکەن بە چەکداری شۆڕش و ئەندامانی پارتی کۆبکەنەوە و بە پێی ئەو بارودۆخەی کە پێویست دەکات و لەبەر ڕووناکی جێپێ قایمبوونی شۆڕش لە کوردستاندا بە گوێرەی ئەوە بەرپرسیاریان بەسەردا دابەشبکرێت[6].

**سێیەم/** هۆکاری جوگرافیی ناوچەکەش یەکێک بووە لە هۆکارەکانی دەستنیشان کردنی ناوچەکە بە بنکەی سەرکردایەتیکردنی شۆڕش، چونکە ناوچەکە ناوچەیەکی شاخاویە و چەندان چیای بەرز و دۆڵی قووڵ و ئەشکەوتی تیایە کە هەموو ئەمانە لە ڕووی سەربازیەوە زۆر گرنگن[7].

---

(1) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحمود عوسمان ( دکتۆر )، ٢٠١٦/٩/٢٧، هەولێر.ناوبراو لە ساڵی ١٩٣٨ لە شارۆچکەی پێنجوین لەدایک بووە، لە ساڵی ١٩٥٤ پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە، لە ساڵی ١٩٦٣ دەچێتە ڕیزی شۆڕشی ئەیلوول، لە کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و پاشان دەبێتە ئەندامی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندنی شۆڕش، ماوەی ١٠ ساڵ لە ناوچەی باڵەکایەتی ژیاوە کە جگە لە کاری سیاسی کاری پزیشکیشی لە ناوچەکەدا کردووە، ئێستا خانەنشینە و لە شاری هەولێر نیشتەجێیە.

(2) هەندرێن: چیایەکە (٢٨٧٥)م بەرزە و دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی قەزای ڕواندز، درێژیەکەی ٤٥کم دەبێت لە ڕۆژهەڵاتی ڕواندز تاک و گوندی دەرگەڵە، چیایەکی سەخت و وشکە، دوای سەرکەوتنی پێشمەرگە لە چیای هەندرێن لە ١٢ی ئایاری ١٩٦٦، ناوی ئەم چیایە چووە مێژووەوە: هاوکار کریم حمە شریف، س.پ، ل١٩١.

(3) کریس کۆچێرا، س.پ، ل٣٩٦.

(4) مسعود بارزانی، بارزانی و.....١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٧٤-٧٥.

(5) حاجی ئەحمەد محەمەد عەلی ئاغای جندیانی ( ئەحمەد دیاب )، ل٤٢؛ شاپوور ڕواندوزی، س.پ، ل٣.

(6) مسعود بارزانی، بارزانی و.....١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٧٦.

(7) لە تەوەری یەکەمی بەشی یەکەم بە درێژی باسی لایەنی جوگرافی ناوچەکەمان کردووە.

**چوارەم/** هۆکارێکی تر ئەوە بوو کە باڵەکایەتی دەکەوێتە ناوەڕاستی کوردستانەوە و سۆران و بادینان بەیەکەوە دەبەستێتەوە[1]، ئەمەش بە مەبەستی ئەوەی کەوا ئەو ناوچەیەی کە هەڵدەبژێردرێت بۆ بنکەی سەرکردایەتیی شۆڕش ناوچەیەک بێت کە پەیوەندیکردن لە نێوان ناوچەکە و بەشەکانی تری کوردستان ئاسان بێت.

**پێنجەم/** پێش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٦١ خەڵکی ناوچەی باڵەکایەتی چەند جارێک پشتگیرییان لە هەوڵەکانی مەلا مستەفای بارزانی کردووە، بۆ نموونە کاتێک کە شۆڕشی بارزان (١٩٤٣ ــ ١٩٤٥) هەڵگیرسا، خەڵکی ناوچەی باڵەکایەتی پشتیوانیی شۆڕشەکەیان کردووە و بەشێکیان بوون بە پێشمەرگەی شۆڕش و بەدەم بانگەوازی شۆڕشەوە چوونە، کاتێکیش لە ساڵی ١٩٥٩ جوڵانەوەیەک دژی کۆماری عێراق لەلایەن شێخ ڕەشیدی لۆلان لە ناوچەی سیدەکان بەرپا بوو، عەبدولکەریم قاسم داوای لە مەلا مستەفای بارزانی کرد کە یارمەتی بدات لە زاڵبوون بەسەر بزووتنەوەکە، خەڵکی باڵەکایەتی ڕۆڵێکی گرنگیان لە دامرکاندنەوەی جووڵانەوەکە گێڕا[2].

**شەشەم/** هاوسنووربوونی ناوچەی باڵەکایەتی لەگەڵ وڵاتی ئێران یەکێکی تر بووە لەو هۆکارانەی کە هاندەر بوون بۆ هەڵبژاردنی ناوچەکە بە بنکەی سەرکردایەتیی شۆڕش[3]؛ چونکە هاوسنووربوونی بنکەی سەرکردایەتیی شۆڕش لەگەڵ وڵاتیکی تر جگە لەو وڵاتەی کە لەگەڵی لەشەڕدایە هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە لەکاتی تەنگانەدا سوودی ئابووری و سەربازی لێوەربگیرێ، کە دواتر لە ڕووداوەکانی شۆڕش ئەمە بەرچاو دەکەوێ کە شۆڕش سوودی زۆری بینیوە لە هاوسنووربوونی ناوچەکە لەگەڵ وڵاتی ئێران بەتایبەتی لەرووی سەربازی و ئابووری.

**حەوتەم/** ناوچەی بارزان بە پێی ڕێککەوتنێکی شێخ ئەحمەدی بارزان کە لەگەڵ عەبدولکەریم قاسمدا کردبووی، ڕێگە نەدەدرا جمووجۆڵی سیاسی و سەربازی تێدا ئەنجامبدرێت، بۆیە مەلا مستەفای بارزانی بیری لە شوێنێکی تر کردەوە بۆ ئەوەی لێیەوە سەرکردایەتیی شۆڕش بکات[4] و ڕایگەیاند گرنگ ئەوەیە ئێمە سەر بۆ سوپای عێراق دانەنوێنین، لێرە شەڕ ناکەم، دەچمە ناوچەیەکی تر شەڕیان دەکەم، دوژمن هەمان دوژمنە لێرە بێ یان لەوێ[5].

---

(1) مسعود بارزانی، بارزانی و......١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٧٤؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحمود عوسمان ( دکتۆر )، ٢٠١٦/٩/٢٧، هەولێر.

(2) لەبارەی بەشداری خەڵکی باڵەکایەتی لە دامرکاندنەوەی جوڵانەوەکەی شێخ ڕەشیدی لۆلان و بەشداریان لە شۆڕشی (١٩٤٣-١٩٤٥)ی بارزان بڕوانە: خاڵی (ج) لە تەوەری سێیەمی بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە.

(3) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحمود عوسمان ( دکتۆر)، ٢٠١٦/٩/٢٧، هەولێر؛ مسعود بارزانی، بارزانی و......١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٧٤.

(4) شاپوور ڕواندزی.س.پ، ل٣-٤.

(5) شەوکەت ملا ئیسماعیل، س.پ، ل١٩٠.

**هەشتەم/** تێپەڕبوونی ڕێگە ستراتیجییەکەی هاملتۆن بە باڵەکایەتیدا، کە ناوچەکە دەکات بە دوو بەشەوە، هۆکاریکی تر بووە، ئەمەش یارمەتیدەر بووە بۆ ئاسانکاریی هاتووچۆ لەنێوان بەرەکانی پێشەوەی شەڕ و بارەگاکانی شۆڕش لە دواوە[1].

**نۆیەم/** هۆکارێکی تر بوونی چەند کەسایەتییەک بوو لە ناوچەی باڵەکایەتی و ڕواندز کە پشت پێبەستراوی بارزانی بوون و ڕۆڵی نیشتیمانپەروەرانەی دیار و بەرچاویان هەبوو، لەوانە شێخ عوبەیدوڵڵا کەمالی زادە لە گوندی زینوێی باڵەکایەتی[2].

**دەیەم/** یەکێکی تر لە هۆکارەکان ئەوەبوو شۆڕش لە سەرەتا نەیدەویست دەست بگرێت بەسەر شارە گەورەکاندا، بەڵکو زیاتر مەبەست شەڕی پارتیزانی و مانەوەی شۆڕش بوو لە ناوچە چیاییەکان[3]، باڵەکایەتیش هەم ناوچەیەکی شاخاوی بوو هەمیش ناوچەکە شاری گەورەی تیا نەبوو.

## ب/ بنکە و بارەگا سیاسی و سەربازی و خزمەتگوزارییەکانی شۆڕشی ئەیلوول لە ناوچەی باڵەکایەتی

بنکە و بارەگاکانی شۆڕش لە ناوچەی باڵەکایەتی زیاتربوون، کاتێک لە ساڵی ١٩٦٥ سەرکردایەتیی شۆڕش لە ناوچەی پشدەرەوە گواسترایەوە بۆ ناوچەی باڵەک و کرا بە بارەگای سەرکردایەتی تاکو نسکۆی ساڵی ١٩٧٥[4].

ئەگەر سەرەتا باس لە بارەگاکانی بارزانی بکەین، تێبینی دەکرێت کە لە سەرەتای هاتنی هیچ بارەگایەکی دیاریکراوی نەبووە، بەڵام دواتر لە ناوچەکە چەند بارەگایەکی تایبەت بە بارزانی دروست کران، کە بارەگای زستانە و بارەگای هاوینە بوون، ئەمەش بە هۆی سەختی کەشوهەوای ناوچەکەوە بوو[5].

لە بەهاری ١٩٦٥ خانوویەک بۆ بارزانی لە گوندی (وەسان)[6] دروستکرا[7]، دوای ماوەیەک مانەوە لە گوندی وەسان، بارزانی کە خانەوادەکەشی لەگەڵی دابوون، لەبەر مەترسی فرۆکە لەسەر گوندەکە

---

(١) مسعود بارزانی، بارزانی و.....١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٧٤؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحمود عوسمان ( دکتۆر)، ٢٠١٦/٩/٢٧، هەولێر.

(٢) مسعود بارزانی، بارزانی و.....١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٧٧.

(٣) شەوکەت ملا ئیسماعیل، س.پ، ل ٢٤٩-٢٥٠.

(٤) مسعود بارزانی، بارزانی و.....١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل١٩١.

(٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحمود عوسمان ( دکتۆر )، ٢٠١٦/٩/٢٧، هەولێر.

(٦) دەکەوێتە سنووری ناحیەی قەسرێ لە ناوچەی باڵەکایەتی.

(٧) ئاری فاروق حەسەن نانەکەلی، دامەزراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول لە نێوان ساڵانی ١٩٦١-١٩٧٥، چاپخانەی ڕەڤزە، (هەولێر، ٢٠١٦)، ل٤٣.

چوونە شوێنێک لە دەرەوەی گوندی وەسان کە پێی دەوترا (شیوێ زێوەی)[1] لەوێ لە ئەشکەوتێک بوون[2]، هەر لە هەمان ساڵ بارەگاییەکی تایبەت بە بارزانی لە گوندی دیلمان بنیاتنرا، کە پێکهاتبوو لە چەند ژوورێک و دیوەخانێک بۆ میوانان[3]، بارزانی خۆی سەردانی گوندی دیلمانی کردووە و داوای لە ( ئیبراهیم محەمەدئەمین ئەمین ) کردووە کەوا بۆ دروستکردنی خانوو شوێنێکی پێ بدات، ئەویش ڕەزامەندی دەربڕیوە و بارزانی خۆی شوێنەکەی هەڵبژاردووە[4].

لە ساڵی ١٩٦٨ چەند خانوویەک لە (کەندی شەختانان)[5] بۆ بارزانی دروستکران کە بۆ ماوەی دوو ساڵ بارزانی لەوێ مایەوە، لە (قەسرێ)[6] بارەگایەکی تایبەت بە بارزانی دروستکرا، کە لەلایەن کوڕەکانی ئیدریس بارزانی و مسعود بارزانی بەڕێوەدەبرا، ساڵی ١٩٦٩ شوێنێکی تری تایبەت بە بارزانی لە حاجی ئۆمەران دروستکرا، لە ساڵی ١٩٧٠ بە یەکجاری خانووی تایبەت بە بارزانی لە گوندی دیلمان دروستکرا[7]، لە ساڵی ١٩٧٣ چەند ئەندازیارێکی شارەزا خانوویەکی نوێیان لە گوندی دیلمان بۆ بارزانی دروستکرد، لەگەڵ نەخۆشخانە و میوانخانە و شوێنی دیمانەی تایبەت بە پەیامنێرانی بیانی، ئەم خانووە پێکهاتبوو لە حەوت نهۆم بەتەک شاخێکەوە بەرزکرابوەوە، لەناو شاخەکەدا ڕێگای هەر حەوت نهۆمەکە بەیەکەوە بەسترابوونەوە، واتە ناو شاخەکە ببو بە ئەشکەوت، لە کاتی هاتنی فڕۆکە ناو شاخەکە

---

(1) شیوێ زێوەی، دۆڵێکە دەکەوێتە نێوان گوندەکانی ڕەزوێلکە و وەسان، لە سنووری ناحیەی قەسرێ.

(2) سەفەر یوسف میرخان ژاژوکی، ئافرەت و تێکۆشان بەشێک لە سەروەریەکانی خەباتی پێشمەرگایەتی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، (هەولێر، ٢٠١٥)، ل١٠.

(3) عەبدوڵلا ئەحمەد ڕەسوول پشدەری، بارزانی نەمر کەسایەتییەکی ناودار و ناسراو لە مێژووی کورد و کوردستاندا، کۆنگرەی یادەوەریی سەد ساڵەی بارزانی نەمر، ئامادەکردنی مومتاز حەیدەری و کوردستان موکریانی و دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس، ب٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، (هەولێر، ٢٠٠٣)، ل١٢١٦؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحمود عوسمان ( دکتۆر )، ٢٠١٦/٩/٢٧، هەولێر.

(4) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیبراهیم محەمەدئەمین ئەمین، ناسراو بە حاجی برایم دیلمانی، ٢٠١٧/٢/٨، گوندی دیلمان.ناوبراو ساڵی ١٩٤٣ لە گوندی کەوەرتەی ناوچەی باڵەکایەتی لەدایک بووە، لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلول بەشداری ڕاپەڕینی خەڵکی باڵەکایەتی کردووە لە دژی هێزەکانی میری لە ناوچەکە، ساڵی ١٩٦٢ بووەتە پێشمەرگە، لەلایەن بارزانیەوە نازناوی کوێخای پێدراوە، دوای نسکۆ بۆ ماوەی یەک ساڵ دوورخراوەتەوە بۆ عەمارە لە خوارووی عیراق، ئێستا خانەنشینە و لە گوندی دیلمان نیشتەجێیە.

(5) دەکەوێتە سنووری ناحیەی قەسرێ لە قەزای چۆمان.

(6) شارەدێیەکە، دەکەوێتە دووری نزیکەی ١٥کم لە قەزای چۆمان، ئێستا بووەتە ناحیە.

(7) ئاری فاروق حەسەن نانەکەلی، س.پ، ل٤٤.

شوێنێکی پارێزراو بوو، بەڵام تەنها ماوەی سێ مانگ لە ساڵی ١٩٧٤ ئەم خانووە ئاوەدان بوو[١]، بارەگای هاوینەش لە حاجی ئۆمەران بوو لە نزیک سنووری ئێران[٢].

هەریەکە لە مەکتەبی سیاسی و مەکتەبەکانی کارگێڕی وەک تەندروستی و پەروەردە و ئازووقە و دارایی و ڕاگەیاندن و مەکتەبەکانی تری خزمەتگوزاری بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری شۆڕش لە گوندی (ناوپردان)[٣] بوون[٤].

نووسینگەی ڕاپەڕاندن (مەکتەبی تەنفیزی) کە لە ساڵی ١٩٦٤ دامەزرا، بارەگای سەرەکی لە کانی سماقۆک بوو، کە زەویەک بوو دوو کیلۆمەتر لە باکووری گوندی ڕێزانۆک دووربوو[٥].

دادگای باڵای کوردستان، بارەگاکەی لە گوندی ناوپردان بوو، ئەرکی لێکۆڵینەوە بوو لەو بڕیارانەی کە لەلایەن دادگاکانی ناوچە ڕزگارکراوەکانەوە دەردەکران[٦]، لەهەر ناوچەیەکی ئازادکراوی کوردستان هەر بڕیارێک بدرایە بە نووسراو ئاراستەی دادگای باڵای کوردستان دەکرا لە گوندی ناوپردان، لەوێ بڕیاری کۆتاییان لەسەر دەدرا[٧].

شۆڕش دادگای باڵای سەربازیی دامەزراند، پێکهاتبوو لە سەرۆکی دادگا و دادوەر و ئەندامان و داواکاری گشتی و نووسەرانی دادگا، بارەگای دادگای باڵای سەربازی تاکو نسکۆی شۆڕش لە چۆمان بوو[٨].

بارەگای دەزگای موخابەرە لە دۆڵی (قەیماسان)[٩] بوو کە بارەگایەکی گرنگ و تەواو نهێنی بوو، ئەرکی شیکردنەوەی جفرەی بروسکەکانی دەزگای بێتەلی هێزەکانی حکومەت بوو[١٠].

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیبراهیم محەمەدئەمین ئەمین، ناسراو بە حاجی برایم دیمانی، ٢٠١٧/٢/٨، گوندی دیلمان؛ ئیسماعیل گوندەژۆری، ئەو بارەگایانەی دابەش ببوون بەسەر ناوچەکانی باڵەکایەتی، گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ژمارە (١٠)، هەولێر، حوزەیران و تەمموزی ٢٠٠٩، ل٦٠-٦١.

(٢) مسعود بارزانی، بارزانی و......١٩٦١-١٩٧٥، ب٢، ل٦٨؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحمود عوسمان ( دکتۆر )، ٢٠١٦/٩/٢٧، هەولێر.

(٣) دەکەوێتە ڕۆژ ئاوای قەزای چۆمان بە دووری نزیکەی ٢کم، لە ماوەی شۆڕشی ئەیلوول بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی و زۆرینەی دامودەزگاکانی شۆڕش لەم گوندە بوونە.

(٤) عصمت شریف وانلی، م.س، ص٣٢٧، ٣٢٨؛ یۆنان هورمز، س.پ، ل٤٤؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحمود عوسمان ( دکتۆر )، ٢٠١٦/٩/٢٧، هەولێر.

(٥) محەمەد مەلا قادر، خەباتنامە-کورتە مێژووی پارتی و کولتووری بارزانی نەمر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چ٢، (هەولێر، ٢٠٠٧)، ل١٨.

(٦) مسعود بارزانی، بارزانی و......١٩٦١-١٩٧٥، ب٢، ل٢٢٣-٢٢٤.

(٧) ئاری فاروق حەسەن نانەکەلی، س.پ، ل١١٢.

(٨) بیرەوەری هەڤاڵی پێشمەرگە و مامۆستای شۆڕشی مەزنی ئەیلوول هەڤاڵ کەریم حەمەد حوسێن گەردی، پەیامی ئەیلوول، ژمارە (١٤)، شوباتی ٢٠١٠، ل٦٨.

(٩) قەیماسان، دۆڵێکە دەکەوێتە نێوان هەردوو گوندی ناوپردان و شێخان، لە ناوچەی باڵەکایەتی.

(١٠) یۆنان هورمز، س.پ، ل٧٦.

یەکێکی تر لە بارەگاکان (بەداله) بوو، کە تەواوی تەلەفۆنەکانی ناوچەی باڵەکی پێوە بەسترابوونەوە، خەتی بەداله لە نێوان حاجی ئۆمەران و گەڵاڵە و قەسرێ و گەڵاڵە و بازگەی بەرزێوە و گەڵاڵە و گەروەبێشێ و گەڵاڵە و چەند شوێنێکی تر هەبووە، بارەگای گشتی بەداله لەگەڵاڵە بووە[1].

تۆپخانەی شۆڕش کە ڕۆڵێکی دیاری هەبوو لە سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە، بارەگای سەرەکی تۆپخانە لە سەرەتای دروستبوونیدا لە نزیک ناحیەی گەڵاڵە لە ڕەشماڵێکدابوو[2]، تۆپخانەی شۆڕش قوتابخانەیەکی هەبوو، ئەو کەسانەی لە تۆپخانەی شۆڕش کاریان دەکرد سەرەتا لەم قوتابخانەیە ڕاهێنانیان پێدەکرا بۆ ئەوەی بە باشی ئامادەی ئەم کارەبن، بارەگای ئەم قوتابخانەیە لە گوندی حاجی ئۆمەران بووە، لە چەند خێوەتێک کە بەبێ گوێدانە مەترسی بۆردومانی فڕۆکەکان مەشقە سەربازیەکانیان ئەنجامداوە[3]، ماوەیەکیش قوتابخانەی تۆپخانە لەگەڵاڵە بووە[4].

یەکێکی تر لەو بارەگایانەی لە ناوچەکەدا هەبوو کۆشکی ئاشتی (قصر السلام) بوو، ئەم باڵەخانەیە لە ساڵی ١٩٦٩ لە ڕۆژئاوای چۆمان دروستکرا، ئەم باڵەخانەیە زیاتر وەک میوانخانە و شوێنی پێشوازی بەکاردەهات، لە ساڵی ١٩٧٠ مەلا مستەفای بارزانی و سەدام حوسێن لەم باڵەخانەیە کۆبوونەتەوە[5]، لە ئێستادا لە شوێنی ئەم باڵەخانەیە پارکێکی قەشەنگ بەناوی پارکی ١١ی ئازار بنیادنراوە.

دوای ئەوەی ژمارەی ئەو کەسانەی پەیوەندیان بە شۆڕشەوە کرد لە ساڵی١٩٧٤ زۆر زیادبوو، حکومەتیش ئۆتۆنۆمیەکەی خۆی ڕاگەیاند کە لەلای سەرکردایەتیی شۆڕشەوە قبووڵ نەکرا، بۆیە سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول نۆ دەزگای کارگێڕی لەسەر شێوەی وەزارەت پێکهێنا کە پێیان دەوتن ئەمانەت، هەم بۆ وەڵامدانەوەی حکومەت هەمیش بۆ باشتر بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵک، بارەگای ئەم

---

(1) چاوپێکەوتن لەگەڵ لەتیف سەعید قادر ناسراو بە لەتیف شاڵی، ١٠١٧/١/١١، پیرمام.ناوبراو ساڵی ١٩٤٢ لە گوندی (البوصباح) لە سنووری دووزخورماتوو لەدایک بووە، ساڵی ١٩٦٠ چووەتە ڕیزی سوپای عێراق، ساڵی ١٩٦٣ دەستگیر کراوە بۆ ماوەی دوو ساڵ، ساڵی ١٩٦٥ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە کردووە لە سنووری هێزی قەرەداغ، دواتر گواستراوەتەوە چیای هەندرین لە سنووری هیزی باڵەک و بەشداری شەڕی هەندرێنی بەناوبانگی کردووە، دواتر بۆ ماوەی دوو ساڵ لە بازگەی بەرزێوە دەوامی کردووە، دوای ئەوە چوەتە گەڵاڵە و لەسەر چیای گەڵاڵە لەسەر چەکی دژە ئاسمانی بووە، دواتر بووەتە بەرپرسی دەزگای بەدالەی گەڵاڵە، دوای نسکۆ ئاواری ئێران بووە، دوای گەڕانەوەشی دوورخراوەتەوە بۆ خواروی عێراق، ساڵی ١٩٧٩ گەڕاوەتەوە بۆ هەولێر، ئێستا ئەندامی مەکتەبی ناوەندیە و لە ئیدارەی مەکتەبی سیاسی دەوام دەکات لە پیرمام.

(2) ئاری فاروق حەسەن نانەکەلی، س.پ، ل١٥٥.

(3) گوینتەر دیشنەر، کورد گەلی لەخشتەبراوی غەدر لێکراو، و: حمە کریم عارف، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، (هەولێر، ٢٠٠٤)، ل٣٠٥-٣٠٦.

(4) خدر عەبدوڵڵا دەباغ، بیرەوەریەکانم و تۆپخانەی شۆڕشی ئەیلولی مەزن-کوردستانی عێراق، ب٢، چاپخانەی ڕۆشنبیری، (هەولێر، ٢٠٠٣)، ل١٢٧.

(5) ئیسماعیل گوندەژۆری، ئەو بارەگایانەی ......، ل٤٦.

دەزگایانە کەوتبوونە ناوچەی باڵەکایەتی بە درێژایی ڕێگای هاملتۆن لە حاجی ئۆمەرانەوە تا ناوپردان بارەگاکانیان دەنرابوون[1].

دوای ساڵی ١٩٦٨ بڕیار درا هەر هێزێکی سەربازی بنکەیەکی تەندروستی بۆ بکرێتەوە، چەند گوندێکی نزیکی یەکتری بنکەیەکی تەندروستیان هەبێت، بڕیاری کردنەوەی نەخۆشخانەی مەرکەزی شۆڕشیش درا کە بارەگاکەی لە گوندی ناوپردان بوو[2]، نەخۆشخانەیەکی تریش کە زۆربەی بریندارەکان لەوێ چارەسەر دەکران، بنکەی نەخۆشخانەکە لە گوندی کەوەرتە بوو لە نزیک ڕێگای هاملتۆن[3].

شۆڕش خاوەنی چەند بەندیخانەیەک بوو، گرنگترین بەندیخانەکانی شۆڕش لە ناوچەی باڵەکایەتی بوون کە دەکەوتنە هەردوو گوندی خەلان و ڕایات[4].

دوای فراوانبوونی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی ئەیلوول، حکومەتی عیراقی بڕیاری داخستنی قوتابخانەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی دەرکرد، بەم هۆیەوە ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش لە ساڵی ١٩٦٨ بڕیاری کردنەوەی بەشی زانیاری و تەندروستی دا، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی خوێندن و لایەنی تەندروستی بوو، بارەگای گشتی ئەم بەشەش لە گوندی ناوپردان بوو[5].

بارەگای چاپخانەی شۆڕش کە بڵاوکراوەکانی (کادر) و (دەنگی پێشمەرگە) و (خەبات) و چەند بڵاوکراوەیەکی تریشی لێدەردەچوو، هەندێک جاریش بەرهەمی نووسەر و شاعیرانی شۆڕشی لێ چاپدەکرا، بۆ نموونە دیوانی هەژاری شاعیر و وەرگێڕدراوەکەی خەیامیشی هەر لەو چاپخانەیە چاپکراون، بارەگای چاپخانە لە ناوچەی باڵەکایەتی سەرەتا لە گوندی (سۆرەبان)[6] بووە، کە لە دوو ژوور پێکهاتبوو، دواتر بۆ (بێخۆڵان)[7] گوازراوەتەوە[8].

ڕادیۆی دەنگی کوردستان کە کاریگەری و گرنگیەکی زۆری هەبوو بۆ شۆڕش؛ چونکە لەم ڕێگەیەوە پەیام و دەنگوباسەکانی شۆڕش بڵاودەکرانەوە، دوای ئەوەی ڕادیۆ لە ساڵی ١٩٦٥ لە ناوچەی ماوەتەوە گوازرایەوە تاوەکو نسکۆی شۆڕش هەر لە ناوچەی باڵەکایەتی بوو[9].

---

(١) کریس کۆچێرا، س.پ، ل٣٩٨-٣٩٩؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحمود عوسمان ( دکتۆر )، ٢٠١٦/٩/٢٧، هەولێر.

(٢) ئاری فاروق حەسەن نانەکەلی، س.پ، ل١٢٢.

(٣) مستەفا چاوڕەش، یادەوەریەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، (سلێمانی، ٢٠١٤)، ل٨٢.

(٤) یۆنان هورمز، س.پ، ل٧٤.

(٥) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە، ئاری فاروق حەسەن نانەکەلی، س.پ، ل١١٤-١٢٤.

(٦) گوندێکە دەکەوێتە سنووری ناحیەی قەسرێ لە قەزای چۆمان.

(٧) دەکەوێتە مەزرای مەمی خەلان، نزیکەی ٣کم لە قەزای چۆمان دووره و دەکەوێتە نزیک ڕێگای هاملتۆن.

(٨) هەژار، س.پ، ل٤٤٤،٤٥٧؛ هێدی، بیرەوەریەکانم لە باڵەکایەتی، گۆڤاری باڵەک، ژمارە (٢)، حوزەیرانی ٢٠٠٨، ل١٨؛ سەعید ناکام، س.پ، ل١٤٣.

(٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ بارزان خالید عزیز، ناسراو بە بارزانی مەلا خالید،٢٠١٦/١٢/١٣، هەولێر.ناوبراو ساڵی ١٩٤٥ لە گوندی مورتکەی گەورە لە قوشتەپە لەدایک بووە، ساڵی ١٩٥٢ چۆتە قوتابخانە و تاوەک و پۆلی پێنجەمی ئامادەیی خوێندووە، ساڵی ١٩٦٦ بووەتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول، ساڵی ١٩٦٨ هاتۆتە ناوچەی باڵەکایەتی و لە دەنگی

بەهۆی گرنگی ڕادیۆ و کاریگەرییەکانی لەسەر گوێگرانی، هێزەکانی ڕژێم بەردەوام لەهەوڵدابوون بۆ دۆزینەوەی شوێنی ڕادیۆ، تەنانەت بە شەویش فرۆکەکان بۆمبی ڕۆشنکەرەوەیان بەکاردەهێنا بۆ دۆزینەوەی شوێنی ڕادیۆ، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بووە کە شوێنی ڕادیۆ لە ناوچەی باڵەکایەتی جێگیر نەبووە و گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، بۆ نموونە لەچەند شوێنێک بووە وەک (گۆڕی گاجوتان)(١) و دواتر گواستراوەتەوە بۆ ئەشکەوتی (سەردێمان)(٢)، دوای ئەوەی بارەگای ئێستگە لەم شوێنە بەر بۆردومانی فرۆکەکان دەکەوێ بارەگای ئێستگە گواسترایەوە بۆ( کانی خاتوون)(٣)، بەڵام بەهۆی ئەوەی ڕێگای گەیشتن بەم شوێنە شوێنێکی زەنەک و ئاوی بووە هاتووچۆی زەحمەت بووە، لەڕووی تەکنیکیشەوە شوێنەکە بۆ ئێستگە لەبار نەبووە، بۆیە ئێستگە لە چەند شوێنێکی تر دانرا وەک (ئەشکەوتی گاوانان)(٤) و (شیناوە)(٥)، دواتر ئێستگە گوازرایەوە بۆ ( بێخۆڵان) لە مەزرای مەمیخەلان، لەوێ لەژێر زەوی بنکەی ڕادیۆ دروستکرا، شوێنەکەی لەوێ لە هەموو ڕویەکەوە سەرکەوتوو بوو، بۆیە ئێستگە لەوێ مایەوە تاوەک و نسکۆی شۆڕش، هەرچەندە دوای ئەوەی بڕیاردرا ئێستگەیەکی باشتر دابینبکرێ، دەستکراوە بە دروستکردنی بینای بارەگای ڕادیۆ لە گوندی خەلان، بەڵام بارەگاکە تەواو نەکراوە، بەهۆی ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، چونکە بە پێی ڕێککەوتنەکە دەبوایە ئێستگە لەکار بوەستێ(٦)، ئێستاش شوێنەواری ئێستگە لەم شوێنانەی کە باسمان کردن ماون.

یەکێکی تر لە بنکە و بارەگا ڕۆشنبیرییەکانی شۆڕش، شوێنی تیپی مۆسیقای شۆڕش بووە، بارەگای ئەم تیپە لە ناوچەی باڵەکایەتی بووە، بەڵام چەند جارێک بەهۆی بۆردومانەکانەوە بارەگاکەیان لە گوندێک بۆ گوندێکی تر شوێنی گۆڕدراوە، سەرەتا بارەگاکەیان لەگەڵاڵە بووە و لەوێ ستۆدیۆیەکی سادەیان دروستکردووە، دواتر بارەگاکەیان گواستراوەتەوە بۆ گوندی وەسان، دواتریش بۆ چۆمان، تیپی

---

کوردستان کاری کردووە وەک بێژەری بەشی سۆرانی، لە دوای نسکۆ ئاوارەی ئێران بووە، هەر لەو ساڵە گەڕاوەتەوە عیراق و دوورخراوەتەوە بۆ ناحیەی گەرمە لە فەلوجە، لە بەهاری ١٩٧٩ پەیوەندی بە شۆڕشی گوڵانەوە کردووە، ساڵی ١٩٨٣ چوەتەوە ڕادیۆی دەنگی کوردستان وەک نووسەر و بێژەر، لە یەکەمین خولی پەرلەمانی کوردستان بووەتە ئەندامی پەرلەمان و بڕیاردەری لیستی زەرد، لە ١٩٩٣ بووەتە بریکاری وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێم، لە کۆنگرەی ١١ی پارتی بووەتە ئەندامی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندی، ساڵی ٢٠٠٦ خانەنشین کراوە بە ئەندام پەرلەمان و ئێستا لە گەڕەکی ڕووناکی لە هەولێر نیشتەجێیە.

(١) دەکەوێتە نزیک گوندی وەڵاش لە ناوچەی باڵەکایەتی.

(٢) ئەشکەوتێکە دەکەوێتە نزیک ڕێگای نێوان هامڵتۆن و گوندی شیناوە.

(٣) کانی خاتوون، شوێنێکە دەکەوێتە نزیک گوندی ماوەتان لە ناحیەی حاجی ئۆمەران.

(٤) ئەشکەوتێکە دەکەوێتە سنووری ناحیەی قەسرێ لە قەزای چۆمان.

(٥) گوندێکە دەکەوێتە سنووری ناحیەی قوسرێ لە قەزای چۆمان.

(٦) ئازاد عوبێد ساڵح، کاریگەری شۆڕشی ئەیلوول لەسەر ڕۆژنامەوانی کوردی ١٩٦١-١٩٧٥، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، (هەولێر، ٢٠٠٧)، ل٩٦-١٠١؛ هەژار، س.پ، ل٤٢٤، ٤٢٦؛ سەعید ناکام، س.پ، ل١٣١-١٣٥؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ بارزان خالید عزیز، ناسراو بە بارزانی مەلا خالید،٢٠١٦/١٢/١٣، هەولێر.

مۆسیقای شۆڕش چەند بەرهەمێکی نیشتیمانییان لە ناوچەی باڵەکایەتی تۆمار کردووە، وەک(ئێمە ڕۆڵەی کوردین) و (من پێشمەرگەی کوردستانم) و ( گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن)، لەگەڵ ئەوەشدا چالاکی شانۆییشیان هەبووە، بۆ نموونە لە ٢٢_٢٣ کانوونی یەکەمی ١٩٧٤ شانۆیەکیان لە خێوەتێکی گەورەدا لە حاجی ئۆمەران پێشکەشکردووە[١].

بنکە و بارەگای یەکێتیی نووسەرانی کورد لە ساڵی ١٩٧٤ لە باغەکانی گوندی ڕایات بووە، کە چەند کەپرێک کرابوون بە بارەگا[٢].

دوای ئەوەی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان یەکەم کۆنگرەی خۆی لەگەڵاڵە ئەنجامدا، لە ٢١ی ئەیلوولی ١٩٧٠ بارەگایەکی تایبەتی لە نهۆمی دووەمی مزگەوتی گەورەی گەڵاڵە بۆ کرایەوە[٣].

دوای ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگە توانییان چەک و تەقەمەنییان دەستکەوێت، ژمارەیەکیش لە ئەفسەرانی سوپا و پۆلیس پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کرد[٤]، چەند شوێنێکیان بۆ کۆکردنەوە و پاراستنی ئەو چەکانە دەستنیشان کرد، سەرەتا جبەخانەی چەک لە (پردی زەرد)[٥] و چۆمان بوو، دواتر گواسترایەوە گەڵاڵە، بەشێکی جبەخانەش لە سەردێمان و مەمی خەلان و کۆسرەتان و ناوپردان و قەسرێ بوون، جبەخانەی شۆڕش لە چەند شوێنێکی پەنهان دادەنران بۆ ئەوەی لە بۆردومانی فرۆکە بەدووربن[٦].

کاتێکیش پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان لە ١٠ی شوباتی ١٩٧١ بەیاننامەی هەڵوەشاندنەوەی پارتەکەی و چوونەوە پاڵ پارتی دیموکراتی کوردستانیان ڕاگەیاند، ئیدی سەرکردەکانی پارتی شۆڕشگێڕی پێشوو هەریەکەیان لە ناوچەیەک لە دەوروبەری بارەگای بارزانی لە ناوچەی باڵەکایەتی جێگیر کران، ئیبراهیم ئەحمەد و خێزانەکەی لە ناوپردان و عەلی عەسکەری و خێزانەکەی لەگەڵاڵە و عومەر دەبابە و خێزانەکەی لە دەربەند و جەلال تاڵەبانیش ماوەیەک لە قەسرێ[٧].

لەمەوە بۆمان بەدیار دەکەوێت کەوا زۆرینەی بنکە و بارەگا سیاسی و سەربازی و خزمەتگوزارییەکانی شۆڕشی ئەیلوول لە ناوچەی باڵەکایەتی بوو، زۆرینەی بنکە و بارەگاکان لە نزیک ڕێگای هاملتۆن دانراون.

---

(١) ئەنوەر قەرەداغی، بیرەوەریەکانم لە باڵەکایەتی، گۆڤاری باڵەک، ژمارە (٤)، چۆمان، ئەیلوولی ٢٠٠٨، ل١٤-١٨.

(٢) سەعید ناکام، س.پ، ل١٦٧.

(٣) ئاری فاروق حەسەن نانەکەلی، س.پ، ل١٨٦.

(٤) عەبدوڵڵا ئاغای پشدەری، بیرەوەریەکانم لە باڵەکایەتی، ل٢٣.

(٥) دەکەوێتە سەر ڕێگای هاملتۆن لە نزیک گەڵاڵە.

(٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ زێرۆ حارس خانو حوسێن، ٢٠١٦/١٢/٢١، سۆران؛ ئیسماعیل گوندەژۆری، ئەو بارەگایانەی ......، ل٤٤-٤٨.

(٧) فەرەیدوون عبدالرحیم عبدالله، بارودۆخی سیاسی کوردستان-عیراق-١١ی مارتی ١٩٧١-١١ی مارتی ١٩٧٤، چاپخانەی منارە، (هەولێر، ٢٠٠٨)، ل١٠٥-١٠٦.

# بەشـــی سێیـەم

# پێگەی باڵەکایەتی و ڕۆڵی خەڵکەکەی لە شۆڕش و کاریگەرییەکانی شۆڕش لەسەر ناوچەکە

## تەوەری یەکەم

## پێگەی سیاسیی باڵەکایەتی ١٩٦١ ـــ ١٩٧٥

پێگەی سیاسیی ناوچەیەک یاخود شارێک یاخود وڵاتێک، لە ئەنجامی کۆمەڵێک فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکی گۆڕانکاری بەخۆیەوە دەبینێ، کە هەندێ شوێن لە هەندێک کاتدا بە هۆی ئەوەی دەبنە ناوەندی بڕیاری هێزێک یاخود دەوڵەتێک پێگەیەکی سیاسی گرنگیان دەبێت.

دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٥ بڕیاری گواستنەوەی سەرکردایەتیی شۆڕش لە ناوچەی پشدەرەوە بۆ باڵەکایەتی درا[١]، ناوچەکە بوو بە ناوەندێکی سیاسیی گرنگ کە پێگەیەکی سیاسیی گەورە و بەهێزی بە ناوچەکە بەخشی، ئەمەش بەهۆی بوونی تەواوی بنکە و بارەگاکانی شۆڕش لە ناوچەکەدا، کە هەر شاندێک سەردانی شۆڕشی بکردبایە دەهاتە باڵەکایەتی، لەوێوە گفتوگۆ دەکرا و ناوچەکە وەک ناوەندێکی بڕیار سەیردەکرا[٢].

باڵەکایەتی لەڕووی مێژووییەوە ناوچەیەکی گرنگە، ناوی گەلاڵە و چۆمان و ناوپردان و حاجی ئۆمەران و دیلمان و قەسرێ و ماکۆسان و زۆر شوێنی تری باڵەکایەتی بە هۆی شۆڕشی ئەیلوولەوە ناسراون، کە ئەمەش ناسینێکی سیاسییە بۆ ئەم ناوچەیە[٣].

بەهۆی بوونی بارەگاکانی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول لە ناوچەی باڵەکایەتی، قورسایی شۆڕش لەم ناوچەیە لە هەموو ناوچەکانی تری کوردستان زیاتربوو[٤]، بەم هۆیەشەوە باڵەکایەتی لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا لەڕووی سیاسییەوە بەرانبەر بەغدای پایتەختی عێراق بووە، حکومەت وەک پایتەختی کوردستان دەیڕوانییە باڵەکایەتی[٥].

گرنگی و پێگەی سیاسیی ناوچەی باڵەکایەتی لەو هەموو هەوڵ و تەقەڵایانەی هەر دوو لای ناکۆک دەردەکەوێ کە دەیاندان، لەلایەک حکومەتی عیراق هەموو توانای خۆی خستبووە گەڕ و زۆرترین و باشترین هێزەکانی خۆی هێنابووە بەرەی باڵەک بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئەم ناوچەیە، لە لایەکی تریش سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول هەموو هەوڵێکیدا کەوا ئەم ناوچەیە بپارێزێ، هەر بۆیە خوێناویترین شەڕەکانی سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول لە بەرەی باڵەک ئەنجامدراون[٦].

---

(١) مسعود بارزانی، بارزانی و......١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل١٩١.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحمود عوسمان ( دکتۆر )، ٢٠١٦/٩/٢٧، هەولێر.

(٣) چاوپێکەوتنێکی گۆڤاری باڵەک لەگەڵ نەوزاد هادی، گۆڤاری باڵەک، ژمارە (١)، چۆمان، ئایاری ٢٠٠٨، ل٣.ناوبراو خۆی لە ماوەی شۆڕشی ئەیلوول لە باڵەکایەتی ژیاوە، ئێستا پارێزگاری هەولێرە.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحمود عوسمان ( دکتۆر )، ٢٠١٦/٩/٢٧، هەولێر.

(٥) چاوپێکەوتنێکی گۆڤاری باڵەک لەگەڵ نەوزاد هادی، س.پ، ل٣.

(٦) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە تەوەری دووەمی ئەم بەشەی توێژینەوەکەمان.

باڵەکایەتی ئەگەرچی بەشێکی بچووکی باشووری کوردستانە و هەموو کوردستان نەبوو، بەڵام دەستبەسەرداگرتنی ناوچەکە لەلایەن ڕژێمەوە مانای کۆتایی شۆڕشی دەگەیاند[١].

باڵەکایەتی وەک دڵی شۆڕشی ئەیلوول بووە هەروەک (یۆنان هورمز) نوسیویەتی: "ناوپردان ئەو گوندە بچووکەی کە تەنانەت لەسەرنەخشە سەربازییەکانی بەریتانیاشدا کە زۆر بە وردی داڕێژراون دەرناکەوێ، بەڵام لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا دڵی شۆڕش بوو، ناوپردان، گوندی (کوملبیلیدە ئگلیز)ی کە ژەنەڕاڵ دیگۆل لە کاتی شکستەکانی لە هەڵبژاردنەکاندا پەنای بۆ دەبرد، ئەو ڕۆڵەی کە ئەو گوندە بچووکە لە ژیانی سیاسی فەڕەنسیدا گێڕای وەبیر دێنامەوە"[٢].

کاتێک مەلا مستەفای بارزانی گەیشتە ناوچەی باڵەکایەتی و بەتەواوەتی دەستی بەسەر ناوچەکەدا گرت و هێزەکانی پێشمەرگە لەم بەرەیە بەسەر هێزەکانی حکومەتدا زاڵبوون، حکومەت دەستیکرد بە ناردنی نوێنەرەکانی بۆ باڵەکایەتی بۆ لای بارزانی بە مەبەستی گفتوگۆ و ئاگربەست[٣].

لە کاتی هەر هەوڵدانێک بە مەبەستی ئەنجامدانی گفتوگۆ لە نێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد و حکوومەتی عێراق بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێک لە نێوانیاندا، شاندە سەربازی و حکومییەکانی عێراق زۆرترین جار سەردانی ناوچەی باڵەکایەتییان کردووە و لەوێ لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕش و بارزانی کۆبوونەتەوە، شاندەکان لە نێوان بەغدا و باڵەکایەتی ئاڵوگۆڕ کراون[٤].

سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول لە کاتی کۆبوونەوەکانی نێوان مەلا مستەفا بارزانی و سەرکردە عێراقییەکان، سوور بوون لەسەر ئەوەی کە کۆبوونەوەکان لە ناوچەی ڕزگارکراوی سەرکەردایەتیی شۆڕش بێت، واتە باڵەکایەتی، ئەمەش بە مەبەستی ئەوەی شۆڕشی کورد خۆی وەک بەهێز نیشانی بەرپرسە عێراقییەکان بدات، نەک ئەوەی سازش بۆ هەموو داوایەکیان بکات، بۆ نموونە کاتێک بە مەبەستی سەردانی (عەبدولڕەحمان عارف)[٥] بۆ لای بارزانی ئامادەکاری کراوە، سەرانی سوپای عێراقی داوایانکردووە کۆبوونەوەکە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئەواندا بێت، بۆ نموونە کاتێک کە وەزیری

---

(١) کریس کۆچێرا، س.پ، ل٣٩٧.

(٢) س.پ، ل٤٣-٤٤.

(٣) زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، بیرەوەریەکانم ......، ل٣٨٣.

(٤) مسعود بارزانی، بارزانی و......١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل١٥٥، ل٢١٤، ٢٢٧، ٢٣١، ٢٤٠، ٣٨٧؛ مسعود بارزانی، بارزانی و......١٩٦١-١٩٧٥، ب٢، ل٢٦، ٣٣، ٣٩، ٤٣، ٥٤، ١١٠.

(٥) عبدالرحمان محەمەد عارف، لە ساڵی ١٩١٦ لە گەڕەکی (کەرخ) لە شاری بەغدا لەدایک بووە، خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە، لە ١٢تشرینی دووەمی ١٩٣٦ لە کۆلێژی سەربازی وەرگیراوە، لە ٤ی تەمموزی ١٩٣٧ بە پلەی ئەفسەری دوو دەرچووە، چەندان پلەی سەبازی هەبووە تا پلەی سوپا سالار (رئيس الاركان الجيش) بە وەکالەت، دوای گیرانی عەبدولسەلامی برای لە سەردەمی قاسمدا خانەنشین کراوە، لە دوای کودەتای ٨ شوباتی ١٩٦٣ گەڕاوەتەوە خزمەتی سەربازی، لە دوای مردنی براکەی لە ١٦نیسانی ١٩٦٦ کرایە سەرۆک کۆماری عێراق تاکوو کودەتای ١٧تەمموزی ١٩٦٨ بەردەوام بوو، پاشان دوورخرایەوە: هاوکار کریم حمە شرەیف، س.پ، ل٢٠١.

بەرگری ئەوکاتی عێراق شاکر مەحمود شوکری لە ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٦ سەردانی بارزانی کرد لەگەڵاڵە، داوای لە بارزانی کرد کە کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆک کۆمار لە هەولێر یان سپیلک یان لە ڕواندز بێت و شیاو نییە سەرۆک کۆمار ئەم هەموو ڕێگایە ببڕێ[١]، بەڵام مەلا مستەفای بارزانی داواکاریەکەی پەسند نەکرد، بەڵکو لەسەر ئەوە سووربوو کە کۆبوونەوەکە لە ناوچەی ڕزگارکراو بێت و ئەو ئامادە نییە بچێتە ئەو شوێنەی ئەوان دیاریان کردووە، کۆبوونەوەکە لە ٢٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٦ لە نێوان بەرزێوە و دیانە لەژێر ڕەشماڵدا واتە نێوان هەردوولایان ئەنجامدرا[٢].

ڕووداوەکانی دواتر و بەهێزبوونی شۆڕشی کوردی وای لە سەرکردایەتیی حزبی بەعس کرد کە خۆیان لەگەڵ داواکاریان بۆ کۆبوونەوە لە بەغدا، پێشنیازی کۆبوونەوەش بکەن لەگەڵ بارزانی لە ناوچەی باڵەکایەتی[٣].

بەهۆی بوونی سەرکردایەتیی شۆڕش لە ناوچەکە و هاتنی وەفدە دانوستانکارەکان بۆ باڵەکایەتی، ئەوا زۆربەی ڕووداوە سیاسییە مێژووییەکانی شۆڕشی ئەیلوول لەم ناوچەیە سەرچاوەیان گرتووە و چەندین بەڵێننامە و ڕێککەوتن لە باڵەکایەتی واژۆکراون[٤].

لە گرنگترین ڕێکەوتنەکانی لەم ناوچەیەدا بڕیاریان لەسەر دراوە یان هەر لەم ناوچەیە واژۆ کراون، بریتین لە ڕێکەوتننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦، لە سەرەتادا دەسەڵاتدارانی بەغدا لە ١٥ی حوزەیرانی ١٩٦٦ شاندێکیان لە بەغداوە ناردە گەلاڵە، هاتنی ئەم شاندە وەک ڕێخۆشکردنێک بوو بۆ هاتنی شاندێکی گەورە لە عەرەب و کورد و تورکمان،  ئەم شاندەش لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩٦٦ گەیشتە باڵەکایەتی، لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە مافی گفتوگۆکردنیان لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕش پێدرابوو، دوای گفتوگۆکانی ئەم شاندە، شاندێکی شۆڕشیش لە ٢٢ی حوزەیران سەردانی بەغدایان کرد، دوای سێ ڕۆژ مانەوە شاندەکە گەڕایەوە باڵەکایەتی و سەرنجی دەستەڵاتدارانی عێراقیان بۆ سەرکردایەتیی شۆڕش هێنایەوە، لە ئەنجامی ئەم گفتوگۆیانە لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ ڕێکەوتنەکە واژۆ کرا[٥].

یەکێکی تر لە ڕێکەوتنە هەرە گرنگەکانی مێژووی گەلی کورد، ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ بوو، ئەم ڕێککەوتنە دوای ئاڵوگۆڕکردنی چەندین شاندی هەردوولا لە نێوان بەغدا و باڵەکایەتی، دواجار

---

(١) موحسین دزەیی، وێستگەکانی ژیانم، و: ئیسماعیل بەرزنجی، ب٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، (هەولێر، ٢٠٠٩)، ل١٥٤؛ مسعود بارزانی، بارزانی و.....١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٢٣١.

(٢) عبدالله ئاغای پشدەری، نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، بەرگی سێیەم، چاپخانەی شەهاب، (هەولێر، ٢٠٠٩)، ل١٦١؛ مسعود بارزانی، بارزانی و.....١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٢٣١.

(٣) مسعود بارزانی، بارزانی و.....١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٧٩.

(٤) چاوپێکەوتنێکی گۆڤاری باڵەک لەگەڵ نەوزاد هادی، س.پ، ل٣.

(٥) عصمت شریف وانلی، م.س، ص٣٦٨؛ موحسین دزەیی، س.پ، ل١٤١-١٤٣ ؛ مسعود بارزانی، بارزانی و.....١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٢٢٧-٢٢٨؛ واحد عومەر محێدین، دانوستانەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد و حکومەتەکانی عیراق (١٩٢١-١٩٦٨)، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، (سلێمانی، ٢٠٠٦)، ل٢٨١-٢٨٣.

لە ١١ی ئازاری ١٩٧٠ لە گوندی ناوپردانی ناوچەی باڵەکایەتی لە نێوان مەلا مستەفای بارزانی و سەدام حوسێن ڕێکەوتنەکە واژۆ کرا[١].

سەرەڕای شاندە عێراقییەکان کە بە مەبەستی گفتوگۆکردن سەردانی ناوچەی باڵەکایەتییان کردووە، ناوچەکە لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول پێگەیەکی سیاسیی نێودەوڵەتیشی هەبووە، چەندین شاندی بیانی وڵاتانی جیهان سەردانی ناوچەی باڵەکایەتیان کردووە بە مەبەستی وتووێژ لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی[٢].

بەهۆی ئەوەی باڵەکایەتی هەم بنکەی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، هەم بنکەی سەرکردایەتیی شۆڕش[٣]، سەرەڕای گفتوگۆکان کە لەم ناوچەیەدا کراون سەبارەت بە شۆڕش وەک پێشتر باسمان کرد، تەواوی چالاکییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانیش لەم ناوچەیەدا بوون، بەتایبەتی لە دوای ساڵی١٩٦٥ تا نسکۆی شۆڕش، بۆ نموونە کۆنگرەی حەوتەمی پارتی، لە ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٦٦ لە (گەڵاڵە)ی ناوچەی باڵەکایەتی بەسترا کە بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ بەردەوامبوو[٤]، هەروەها کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە ١ تەممووزی ١٩٧٠ لە گوندی ناوپردان لە ناوچەی باڵەکایەتی بەسترا[٥].

لە ساڵی ١٩٦٨ بڕیاری کردنەوەی پەیمانگای کادیران درا، بڕیاردرا هەر لقەێک چەند کەسێک بنێرێت بۆ بەشداریکردن لە خولەکانی پەیمانگای کادیران، خولەکانی پەیمانگای کادیران بۆ

---

(١) فؤاد عارف، م.س، ص٢٦٣-٢٦٤؛ مسعود بارزانی، بارزانی و......١٩٦١-١٩٧٥، ب٢، ل٤١-٤٣؛ موحسین دزەیی، س.پ، ل٢١٣-٢٢٤.

(٢) کریس کۆچێرا، س.پ، ل٣٧٣،٣٦٦؛ مسعود بارزانی، بارزانی و......١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل١٧٧؛ مسعود بارزانی، بارزانی و......١٩٦١-١٩٧٥، ب٢، ل٩٤؛ فەرەیدوون عبدالرحیم عبدالله، س.پ، ل١٥٥،١٧٩.

(٣) موحسین دزەیی، س.پ، ل٣٠٣.

(٤) کۆنگرەی حەوتەم لە مێژووی پارتیدا بە قۆناغێکی ڕاگوێزی دادەنرێت، بە یەکێک لە کۆنگرە سەکەوتوەکانیش دەژمێردرێت، ٢٤٥ نوێنەر لەم کۆنگرەیەدا بەشداربوون، لە کۆنگرەیەدا چەندین بڕیاری گرینگ دران لەبارەی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ناوچە ئازادکراوەکان، چەند بڕیارێکیش تایبەت بە چاکسازی کۆمەڵایەتی دران وەک قەدەغەکردنی بەشوودانی کچ بەزۆر و گەورە بە گچکە، لە بواری تەندروستی و پەروەردەییشدا چەند بڕیارێکی گرینگ دران، وەک دابینکردنی کادیری پەروەردەیی و تەندروستی و دابەشکردنیان بەسەر گوندەکاندا و کردنەوەی خولی پێویست بۆیان: مسعود بارزانی، بارزانی و......١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٢٣٢.

(٥) کۆنگرەی هەشتەمی پارتی لەدوای ڕێککەوتنی یازدەی ئازاری ١٩٧٠ بەسترا، بەهۆی بارودۆخی ئاشتی دوای ڕێککەوتنەکە، کە هەموو کوردستانی گرتبووەوە کۆنگرەکە ناونرا کۆنگرەی ئاشتی و یەکێتی نیشتیمانی، لەم کۆنگرەیەدا جگە لە ٥٠٠ ئەندامی کۆنگرە، شاندی پارتە کوردییەکان و عیراقییەکان و شاندێکی باڵای حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست و کوردانی لوبنان و کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپاو ئەمریکا و ژمارەیەک لە کەسایەتی وەک کامیران بەدرخان و هاوسەرەکەی ئامادەبوون، لەم کۆنگرەیەدا چەندین بڕیاری گرینگ دران: موحسین دزەیی، س.پ، ل٢٣٢.

بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاریی کادیرانی پارتی بوو کە سوودی زۆری هەبوو[١]، ئەم پەیمانگایە لە ناوچەی باڵەکایەتی کرایەوە و یەکەم خولیش لە ٥ی تشرینی دووەمی ١٩٦٨ بڕیاری لەسەر دراو لە ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٦٨ دەستکرا بە خوێندنی وانەکان، لە ماوەی شۆڕشی ئەیلوول ٦ خولی پەیمانگای کادیران کراونەتەوە، لەو شەش خولە پێنجیان لە ناوچەی باڵەکایەتی کراونەتەوە، خولی یەکەم لە چۆمان و خولەکانی دووەم و چوارەم لە ناوپردان و خولەکانی پێنجەم و شەشەمیش لە گوندی زینوێ شێخی[٢]، ئاهەنگی دەرچوونی یەکەم خولی پەیمانگای کادیران لە ٢٠ی ئاداری ١٩٦٩ بە ئامادەبوونی چەندان بەرپرس ئەنجامدراوە[٣].

سەرەڕای کار و چالاکییە سیاسییەکان لە باڵەکایەتی، بەهۆی پێگەی سیاسیی ناوچەکە لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول، لە ناوچەکەدا کار بۆ دامەزراندن و کاری ڕێکخراوە پیشەییەکانیش کراوە، بۆ نموونە دروستبوونی ڕێکخراوی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لە باڵەکایەتی بووە، کە یەکەم کۆنگرەی دامەزراندنی ڕێکخراوەکە لە ٢١ی ئەیلوولی ١٩٧٠ لە شارۆچکەی (گەڵاڵە) بە ئامادەبوونی ٦٤٠ ئەندام بەسترا. ئەندامانی کۆنگرە لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستان بە شاری بەغدا و موسڵیشەوە ڕویان لە ناوچەی باڵەکایەتی کرد و لەلایەن مەلا و فەقێیانی ناوچەکەوە پێشوازییان لێکرا[٤].

جگە لە گۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی کوردستان، چەند ڕێکخراوێکی تری پیشەییش کۆنگرەکانیان لە ناوچەی باڵەکایەتی ئەنجامداوە، بۆ نموونە یەکێتی قوتابیانی کوردستان کۆنگرەی شەشی خۆی لە ١٥ـ١٧ تەمووزی١٩٧٠ بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە ناوپردان ئەنجامداوە، یەکێتی مامۆستایانی کوردستان کۆنگرەی سێیەمی خۆی لە ٥ــ ٨ ئابی١٩٧٠ لە ناوپردان ئەنجامداوە[٥]. کۆنگرەی دووەمی یەکێتی نووسەرانی کورد لە ١٨ی نیسانی ١٩٧٤ بە بەشداربوونی ٨٢ ئەندام لە چۆمان بەستراوە[٦].

باڵەکایەتی لە ماوەی شۆڕشی ئەیلوول وەک ناوچەیەکی سەربەخۆ بووە و لەلایەن کورد خۆیەوە بەڕێوەبردراوە، کە وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ بووە لە ماوەی شۆڕش[٧].

---

(١) محەمەد مەلا قادر، سەربردە- کورتەیەک لە بیرەوەریەکان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، (هەولێر، ٢٠٠٩)، ل٧٨.

(٢) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٨).

(٣) دەنگی پێشمەرگە (گۆڤار)، ژمارە (١٩)، نیسانی ١٩٦٩، ل١٦.

(٤) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە فاخر عالی خان ئاودەلی، س.پ، ل١٧٨-١٩٢.

(٥) ئاری فاروق حەسەن نانەکەلی، س.پ، ل١٦٩.

(٦) سەعید ناکام، س.پ، ل١٦٤.

(٧) سەلاحەدین ڕاستگەلدی، شەڕە لەبیرکراوەکە-راپۆرتێک لە کوردستانەوە، و: کاوە ئەمین، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، (هەولێر، ٢٠٠٤)، ل٣٩.

هەر بەهۆی ئەوەی کە ناوچەی باڵەکایەتی ناوچەیەک بووە کە دووربووە لە دەستی حکومەتی عێراقی و دەسەڵاتی کوردی لە ناوچەکەدا هەبووە، بۆیە خەڵکێکی زۆر لە کوردستان و تەنانەت پێشمەرگەکانی ناوچەکانی تریش سەردانی ئەم ناوچەیان کردووە، هەروەک (یۆنان هورمز) دەنووسێت: "سەردانی گەلاڵە ببووە خەونی هەر پێشمەرگەیەک و بگرە هەر کوردێک هەروەک بڵێی ئەوێ زیارەتی شوێنە پیرۆزەکانە"[١].

ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش بەتایبەتی ناوچەی باڵەکایەتی ببوون بە شوێنێکی ئارام بۆ ئەو کەسانەی کە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتەکانی عێراق هەڵاتوون، بەهۆی ئەوەی کە نەیانتوانیبوو بە ئازادی بژین[٢].

هەر بەهۆی ئەوەی ناوچەکە وەک هەرێمێکی ئازاد بووە لە ماوەی شۆڕش و کورد خۆی ئەم ناوچەیەی بەڕێوە بردووە، ناوچەکە بووە بە شوێنێکی باش بۆ پارتە کوردییەکانی پارچەکانی تری کوردستان بۆ ئەنجامدانی چالاکییە سیاسییەکانیان، بۆ نموونە هەر کاتێک کوردی ڕۆژهەڵات ڕووبەڕووی مەترسی دەبوونەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێران ڕوویان لە ناوچەی باڵەکایەتی کردووە، لە باڵەکایەتی دوو بنکەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەبوونە، لە هەریەکە لە گوندەکانی زینوێ و (شێخان)[٣] بوون، ئەمە بۆ یەکەمجار بووە کە ئەم حزبە بنکەی خۆی لە باشووری کوردستان بکاتەوە[٤]، هەروەها کۆنفرانسی دووەمی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ١٥ی ئابی ١٩٦٩ لە گوندی وەرتێ ئەنجامدراوە[٥].

دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ پارتی دیموکراتی کوردستان لە تورکیا بڕیاریدا کۆنگرەی خۆی لە ناوچەی ئازادکراودا ببەستێت، بۆیە هەموو ئامادەکارییەکیان بۆ کۆنگرەکەیان کرد و ئەندامانی کۆنگرە گەیشتنە شارۆچکەی گەلاڵە بە مەبەستی ئەنجامدانی کۆنگرەکەیان لە ناوچەی باڵەکایەتی، بەڵام کۆنگرەکەیان ئەنجام نادرێت بەهۆی کوژرانی سکرتێری پارتەکەیان لە کێشەیەکی ناوخۆی حزبەکەیاندا[٦].

---

(١) س.پ، ل٢٢٣.

(٢) گوینتەر دێشنەر، س.پ، ل٢٦٤؛ یۆنان هورمز، س.پ، ل١٧١.

(٣) گوندێکە سەر بە قەزای چۆمانە، کەوتۆتە نزیک گوندی ناوپردان، نزیکەی ٥کم لە قەزای چۆمان دوورە.

(٤) ئەمیر قازی، لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم، چاپخانەی شڤان، چ٢، سلێمانی، ٢٠١٤، ل٥١-٥٤، ١٠٣؛ ڕەسول پیش نماز، بارزانیم چۆن ناسی، کۆنگرەی یادەوەری سەد ساڵەی بارزانی نەمر، ب٢، ل١١٩٧.

(٥) حامید گەوهەری، ئەحمەد تۆفیق سەرکردەیەکی ون لە مێژوویەکی شێوێندراودا، دازگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، (هەولێر، ٢٠١٥)، ل٣٢٩.

(٦) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: مسعود بارزانی، بارزانی و......١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل١٨٨-١٨٩.

کاتێکیش لە ساڵی ١٩٦٣ دەسەڵاتی قاسم لە ڕێگەی کودەتاوە کۆتاییپێهات، پەیوەندیی نێوان دەستەڵاتدارانی عێراقی لەگەڵ شوعییەکان تێکچوو، فەرمانی کوشتن و گرتنی سەرکردە و ئەندامانی حزبی شیوعی درا[1]، ناوچەی باڵەکایەتی بوو بەو شوێنە ئارامەی ئەوان پەنایان بۆ هێناوە و بەشداریی شۆڕشی ئەیلوولیان کرد، بارەگای حزبی شیوعی لە گوندی ناوکێلەکان و بەرسیرین بوو لەسەر ڕێگای هاملتۆن[2].

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت ناوچەی باڵەکایەتی، بەهۆی بوونی بارەگاکانی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول، پێگەیەکی سیاسیی گەورەی هەبووە.

---

(1) کەریم ئەحمەد، ڕێڕەوی تێکۆشان، و: جەلال دەباغ، چاپخانەی ڕەهەند، (سلێمانی، ٢٠٠٧)، ل٢٠٧.
(2) مستەفا چاوڕەش، س.پ، ل٨٢؛ کەریم ئەحمەد، س.پ، ل٢٣٥.

## تەوەری دووەم

## پێگەی سەربازیی باڵەکایەتی ١٩٦١ـ١٩٧٥

دیاریکردنی ناوچەی باڵەکایەتی بە بنکەی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول، لەڕووی سەربازیەوە بڕیارێکی گرنگ و دروستبوو؛ چونکە ناوچەیەکی شاخاوی و سەختبوو، ئەگەر دەروازەکانی ناوچەکە وەک چیاکانی هەندرێن و زۆزگ بگیرابان هێزەکانی حکومەت نەیاندەتوانی بگەن بە ناوچەی باڵەکایەتی و بە باشی دەتوانرا بارەگاکانی سەرکردایەتیی شۆڕش بپارێزرێن [١].

لەمپەرێکی بەهێز ڕێگەی گەیشتنە بارەگا سەرەکییەکانی شۆڕشی لە ناوپردان و گەلاڵە و حاجی ئۆمەران گرتبوو، کە چیاکانی زۆزک (٢٢٠٠م) و هندرێن (٢٨٧٥م) بوون، کە لە دەروازەی ڕێگای هاملتۆندا بوون، دەرگای چوونە ناو باڵەکایەتی بوون[٢].

ئەم دوو چیایە ستراتیجیترین شوێن بوون بۆ زاڵبوونی هەر لایەکیان لە ناوچەکەدا؛ چونکە بەرزاییەکانی ئەم دوو چیایە گرەنتیی پاراستن و کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی باڵەکایەتی و ڕواندز و شارێگەی هاملتۆن بوون[٣].

لە دوای هەردوو چیای هەندرێن و زۆزکیش، چەندین بەربەستی سروشتی تر هەبوون، کە هەموویان بۆ ئەوە دەست دەدەن کە هەریەکەیان بکرێت بە هێڵێکی ئەستوور و پتەوی وا کە زەحمەت بێت ببڕدرێت، هەر بۆیەش هەموو ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی کە هێزەکانی حکومەت بۆ داگیرکردنی ناوچەی باڵەکایەتی دایان و گشت هۆیەکانی داگیرکردنیان تێدا بەکار دەهێنا بەهەدەرچوون[٤].

ڕێگای گەیشتنی هێزەکانی حکومەت بە ناوچەی باڵەکایەتی ڕێگایەکی سەربازیی گرنگ بووە، کە بەئاسانی نەدەتوانرا هێزەکانی حکومەت بگەن بە حاجی ئۆمەران؛ چونکە ڕێگاکە بە دۆڵێکی قووڵدا ڕەت دەبێ کە بە چەندان چیای بەرز دەورەدراوە، هەروەک مسعود بارزانی نوسیویەتی: "هەردوو چیای هەندرێن و زۆزک دەرگای ناوچەی باڵەک یان لێ پێکدێ، بەر لە گەیشتنە حاجی ئۆمەران و سنووری ئێرانیش پێنج قۆناغی تری وەک زۆزک و هەندرێن هەن، ئەگەر تەنانەت ئەوانیش بگیرابان ئەوا شۆڕشی لاواز دەکرد بەڵام مانای کۆتایی هاتنی شۆڕشی نەدەگەیاند"[٥].

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحمود عوسمان ( دکتۆر )، ٢٠١٦/٩/٢٧، هەولێر.

(٢) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٩)؛ کریس کۆچێرا، س.پ، ل٣٩٦.

(٣) ئیبراهیم جەلال، س.پ، ل٣٨٣.

(٤) مسعود بارزانی، بارزانی و.....١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٧٤-٧٥.

(٥) بارزانی و......١٩٦١-١٩٧٥، ب٢، ل١٦١.

یاخود (گوینتەر دێشنەر)[1] نوسیویەتی: "ئەم جادەیەی کە بە ناوەندی دۆڵی قووڵ و گەڵی پڕ پێچوپەنا و بەسەر پردی تەنگ و تەسکی سەر ڕووباری بە هاڕە و هاژەی باڵەک و ناوچەیەکی شاخاوی سەختدا تێدەپەڕی، بەدرێژایی شەڕی ئەهلی کوردان لە ساڵانی شەستەکاندا ڕەگی ژیانی شەڕگەکانی پێکدەهێنا، هەر بۆیەشە خوێناویترین شەڕ لە دەورووبەری کراوە بە مەبەستی کۆنترۆڵکردن و دەستبەسەرداگرتنی، ئەم جادەیە نەک هەر شوێنەوار و کاریگەری لە مێژووی کوردستاندا بەجێهێشتووە بگرە ئەو مێژووەشی گۆڕیوە"[2].

دەرخەری ڕاستیی گرنگیی پێگەی سەربازیی ناوچەی باڵەکایەتی ئەوەیە کە دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٢ ناوچەکە لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کۆنترۆڵکرا، ئیدی تا نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول هیزەکانی میری سەرەڕای هەوڵە زۆرەکانیان نەیانتوانی بێنەوە ناوچەکە[3].

لە زۆر ناوچەی کوردستان هێزەکانی پێشمەرگە شەڕی پارتیزانیان ئەنجام دەدا، بەڵام لە بەرەی باڵەک بەهۆی گرنگیی پێگە سەربازییەکەی شەڕێکی سەخت و خوێناوی بەرەیی دەکرا، تا نسکۆی شۆڕش هێزەکانی میری هەموو هەوڵێکیاندا نەیانتوانی هێڵی بەرگری لە ناوچەی باڵەک ببڕن، کە هەڵکەوتەی ستراتیژیی ناوچەکە بۆ هەردوو لا لەوپەڕی گرنگیدابوو[4].

ئەگەر باس لە گرنگترین ئەو هەوڵانەی هێزە عێراقییەکان بکەین کە دایان بە مەبەستی گەیشتنیان بە ناوچەی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول لە باڵەکایەتی، ئەوا دەبینین هەر لەگەڵ گەیشتنی هێزەکانی پێشمەرگە بە ناوچەی باڵەکایەتی و گەمارۆدانی مەخفەری ڕایات و دەستبەسەرداگرتنی مەخفەرەکانی تری ناوچەکە، هێزەکانی حکومەت چەندین هەوڵیاندا لە هێرشی بەردەوام و هێنانی هێزی زۆری جاش و سەرباز بە مەبەستی گەیشتنەوەیان بە ناوچەکە و شکاندنی گەمارۆی سەر هێزەکانیان لە مەخفەری ڕایات، بەڵام سەرجەم هەوڵەکانیان بێسوود بوونە[5].

لە ساڵەکانی ١٩٦٢،١٩٦١ هێزەکانی پێشمەرگە سەکەوتنی گەورەیان بەدەستهێنا و چەندین ناوچەیان لە کوردستان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، لەلایەن هێزە عێراقییەکانیش هەموو هەوڵێک

---

(١) گوینتەر دێشنەر: لە ساڵی ١٩٤١ لەدایک بووە، لە زانکۆکانی ئەڵمانیا و بەلجیکا لە بەشی مێژوو خوێندویەتی، ماوەیەکی زۆر کاری ڕۆژنامەگەری کردووە، بۆتە سەرۆکی بەشی تەحقیقاتی ڕۆژنامەگەری لە گۆڤاری (دی ڤێلت)ی ئەڵمانی، لە سەردەمی کاری ڕۆژنامەگەری خۆیدا چەند سەفەرێکی بۆ ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە، لەم سەفەرانەیدا هاتۆتە کوردستان و بایەخیکی گرنگی بە مێژووی کورد داوە، زۆر لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەوروپا بابەتەکانی ناوبراویان بڵاودەکردەوە کە تایبەت بوون بە مێژووی گەلی کورد: گوینتەر دیشنەر، س.پ، ل٦.

(٢) هـ.س، ل٢٥٩.

(٣) ئەحمەد دڵزار، بیرەوەری ڕۆژانی ژیانم، ب٣، (ستۆکهۆڵم، ١٩٩٤)، ل٣٣؛ کریس کۆچێرا، س.پ، ل٢٩٥.

(٤) هێدی، بارزانی چیرۆکی هەرە شیرینی سەدە، لە: کۆنگرەی یادەوەری سەد ساڵەی بارزانی نەمر، ب٢، ل١١٨٧.

(٥) بۆ زیاتر زانیاری لەمەڕ هەوڵەکانی ڕژێم بۆ شکاندنی گەمارۆی سەر هێزەکانیان لە مەخفەری ڕایات بڕوانە، تەوەری سێیەم لە بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیە.

دەدرا بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەم ناوچانە بگرنەوە، چەند جارێکیش حکومەت داوای وتووێژی لە سەرکردایەتیی شۆڕش کردووە، لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ کودەتایەک بەسەر عەبدولکەریم قاسمدا کرا و لە کۆتاییپێهێنانی حوکمی قاسم لە عێراقدا سەرکەوتووبوون، ئەگەرچی کودەتاچییەکان بەڵێنیاندابوو کە سەرجەم داخوازییەکانی شۆڕشی کورد جێبەجێبکەن، لەو پێناوەشدا چەندین کۆبوونەوە کران، بەمەبەستی گەیشتن بە ئەنجامێکی باش لەو بارەیەوە، بەڵام لە ئەنجامی وتووێژەکان و کردەوەکانی حکومەتی عێراق دەرکەوت کە بەڵێنی کودەتاچییەکان تەنها بۆ ئەوە بووە کە لەکاتی کودەتاکەیان سەرکردایەتیی کورد بێلایەن بێت، بۆیە سەرکردایەتیی شۆڕشیش بە مەبەستی پاراستنی کوردستان ئامادەکاریکرد، ناوچەکانی کوردستان بەسەر یازدە بەرەی شەڕدا دابەشکران و سەرکردەی بەرەکانیش دیاریکران[1].

ڕادیۆی بەغدا لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣ بڵاوی کردەوە کەوا ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی عێراقی بڕیاریداوە دەستبەجێ دەستبکرێت بە پەلاماردانی هێزەکانی پێشمەرگە و پرۆسە سەربازییەکان دەستپێبکەنەوە[2].

دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ ناوچەی باڵەکایەتی یەکێک بوو لەو ناوچانەی کە بەبەردەوامی هێرشی کراوەتەسەر، بە تایبەتی دوای ساڵی ١٩٦٥ کە سەرکردایەتیی شۆڕش بڕیاریدا بنکەی سەرکردایەتیی شۆڕش لە ناوچەی پشدەرەوە بگوازێتەوە بۆ ناوچەی باڵەکایەتی، بۆیە حکومەت بە تەواوی پێداویستیی سەربازی و گشت هۆیەکانی سەرکەوتنەوە هەموو هەوڵێکیدەدا بۆ گەیشتن بەم ناوچەیە، بەڵام سەرکەوتوو نەدەبوو. [3].

دوای ئەوەی عەبدولڕەحمان عارف دەسەڵاتی گرتە دەست، تەسلیم بە ویستی کەسایەتییە سەربازییەکان بوو، ڕایگەیاند هەرگیز ئۆتۆنۆمی بە کورد نادرێت و گفتوگۆیان لەگەڵدا ناکەین، بەم شێوەیە جارێکی تر شەڕ دەستپێکردەوە و سوپا هەوڵی دەدا ناوچەی باڵەکایەتی بگرێت، کە بارەگا سەرەکییەکانی پێشمەرگەی لێبوو، بەڵام سوپا لە هێرشەکانیدا تووشی شکستێکی وابوو کە هەرگیز لە شەڕەکانیدا لە بەرانبەر کورددا تووشی نەهاتبوو[4].

---

(1) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: مسعود بارزانی، بارزانی و.....١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٩٢-١١٦.

(2) کریس کۆچێرا، س.پ، ل٣٠٩.

(3) نجم الدین الیوسفی، م.س، ص٣٩؛ مسعود بارزانی، بارزانی و.....١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل١٩٢،٧٥.

(4) دیڤید ماکداول، س.پ، ل٥٢٢-٥٢٣.

له شەڕی بەناوبانگی هەندرێندا[١] له ساڵی ١٩٦٦ كه لەلایەن حكومەتەوە لەژێر ناوی پلانی (توكلت علی الله) دەستپێكرد، نەخشەی پلانەكه لەلایەن (عەبدولعەزیز عوقەیلی)[٢] دانرابوو، ئامانجی سەرەكیی هێرشەكه دەستگرتن بوو بەسەر بارەگاكانی سەركردایەتی له ناوچەی باڵەكایەتی، كه هێزێكی یەكجار زۆر و باشترین چەكی هێنابوو، پلانی هێزەكانی حكومەت بەشێوەیەك بوو كه سەرەتا دەستبگرن بەسەر هەردوو چیای زۆزك و هەندرێن تاكو گرتنی (دەرگەڵە)[٣] و بەرسیرین، دواتر بەرەو گەڵاڵە پێشڕەوی بكەن و دەستی بەسەردا بگرن له كۆتاییشدا بەرەو حاجی ئۆمەران پێشڕەوی بكەن، ئەگەرچی لەسەرەتاوە هێزەكانی حكومەت كەمێك پێشڕەوییانكرد، بەڵام پلانەكه لەكۆتاییدا شكستیخوارد[٤].

ئامانجی سوپا له دەستنیشانكردنی ئەم ناوچەیە بۆ جێبەجێكردنی پلانەكەیان، ئەوەبوو كه ئەو ناوچەیە ناوچەی سەركردایەتیی شۆڕشگێڕانی كورد بووە، بارەگای بارزانی و پارتی دیموكراتی كوردستان و هەموو دەزگاكانی شۆڕشی كوردستان بووە، لەو ڕێگەیەوە ویستی ورەی سەربازەكانی خۆی بەرزبكاتەوە و ورەی پێشمەرگەش دابەزێنێت بە گیرانی سەركردایەتیی شۆڕش[٥]، بە گرتنی چیای هەندرێنیش حكومەت دەیتوانی هاتوچۆی هێزەكانی پێشمەرگە ئەستەم بكات؛ چونكه چیایەكه بەسەر دۆڵی باڵەكایەتیدا دەیڕوانی و حكومەت بە ئاسانی دەیتوانی تۆپبارانی ناوچەكه بكات[٦].

له شەڕەكانی ساڵی ١٩٦٩ دیسان پلانی سەرەكیی هێزەكانی عیراقی دەستگرتن بوو بەسەر ناوچەی سەركردایەتیی شۆڕش له باڵەكایەتی، دوای ئەوەی نەیانتوانی بەربەستی زۆزك و هەندرێن ببڕن بە مەبەستی گەیشتن بە ناوچەی باڵەكایەتی، بیریان لەوە كردەوە كه له ناوچەی پشدەرەوە بەرەو باڵەكایەتی پێشڕەوییبكەن، له ناوچەی پشدەر و له ڕێگەی دۆڵی شەهیدانەوە حكومەت چەند

---

(١) بۆ زانیاری لەبارەی شەڕی هەندرێن، بڕوانە: هاوكار كریم حمه شریف، س.پ، ل١٩١-٢٢٦.

(٢) عەبدولعەزیز عوقەیلی: ساڵی ١٩٢٠ له مووسڵ لەدایك بووە، خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی هەر لەو شارە تەواو كردووە، پەیوەندی بە كۆلێژی سەربازی له بەغدا كردووە، ساڵی ١٩٣٨ بە پلەی ئەفسەری پلە دوو دەرچووە، ساڵی ١٩٥٤ كۆلێژی ئەركانی تەواو كردووە، له بواری سەبازی چەندان پلەی بڕیوە، یەكێك بووە له گرووپی (ئەفسەرانی ئازاد) كه شۆڕشی ١٤ی تەممووزیان بەرپاكرد، پلەكانی سوپاسالاری و وەزیری بەرگری بینیوە، ناوبانگی بەوە دەركردبوو كه دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردە، له ساڵی ١٩٨١ كۆچی دوایی كردووە.هـ.س، ل١٩١-١٩٢.

(٣) گوندێكی كۆن و گەورەریە، دەكەوێتە پشت چیای هەندرێن، لەڕووی كارگێڕیەوە سەربە ناحیەی وەرتێیە له قەزای ڕواندز، دانیشتوانی ئەم گوندە ڕۆڵی دیاریان هەبووە له شەڕی هەندرێن، ساڵی ١٩٦٥-١٩٧٢ بارەگای مەكتەبی هەرێمی حزبی شیوعی عێراقی لەم گوندە بووە، كۆنگرەی دووەمی ئەم حزبەش ساڵی ١٩٧٠ له نزیك دەرگەڵە له بناری چیای كارۆخ بەستراوە: مەغدید حاجی ئەمین، عەزیز شەریف و كورد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، (هەولێر، ٢٠١٢)، ل٢٥٢.

(٤) مسعود بارزانی، بارزانی و.....١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٢١٣-٢٢١؛ چاوپێكەوتنێكی گۆڤاری پەیامی ئەیلوول لەگەڵ لەتیف سەعید قادر ناسراو بە لەتیف شاڵی، ئامادەكردنی مامۆستا جەلال خدر، پەیامی ئەیلوول، ژمارە (٣٠)، ئاب و ئەیلوولی ٢٠١٣، ل٦٣.ناوبراو خۆی یەكێك بووە له پێشمەرگە بەشداربووەكانی داستانی هەندرێن.

(٥) هاوكار كریم حمه شریف، س.پ، ل١٩٨.

(٦) نەجم سەنگاوی، كوردستان و سەركردە وراپەڕین وشۆڕشەكانی له (١١٦٩-١٩٩٥)، (ب.ش، ٢٠١٤)، ل٦٨٨.

سەرکەوتنی کاتیی بەدەستهێنا، پلانی هێرشەکەیان ئەوە بوو بگەن بە گوندی دیلمان لە ناوچەی باڵەکایەتی کە بارەگای بارزانی لێبوو، هەڕەشەکردنیش لە بارەگای بارزانی سەرەڕای مەترسییەکەی واتای تریشی هەبوو، بۆیە لە شەوی ٣١/٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩ هێرشێک بۆسەر بەکرێگیراوان (جاش) و سوپا دەستپێکرد و هێزەکانی پێشمەرگە سەرکەوتوو بوون، مەترسی لەسەر ناوچەی سەرکردایەتی دوور خرایەوە[١].

ئەم ڕێگایەی هێرشکردن بۆ سەر ناوچەی باڵەکایەتی لە ڕێگەی ناوچەی پشدەرەوە پێشتریش حکومەت تاقیکردبووەوە، بەڵام سەرکەوتو نەبوو، بۆ نموونە لە ٢٥ی مایسی ١٩٦٦ لیوای ٢٠ی سوپای عێراقی هێرشی کردبووە سەر ڕانیە و دەورووبەری بە ئامانجی گەیشتن بە ناوچەی باڵەکایەتی، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو[٢].

سوپای عێراق لە هێرشەکانی ساڵی ١٩٦٩یدا بەهۆی باڵادەستیی چەکەوە سەرەتا هەندێ سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەڵام مەبەستی سەرەکیی هێرشەکەی کە گەیشتن بوو بە سنوور و کۆنترۆڵکردنی نەهاتەدی و سەرینەگرت[٣].

بەرەی شەڕەکانی باڵەک، گەرمترین بەرەی شەڕبوون لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراقی لە بەهاری ١٩٧٤ تاوەکو بەهاری ١٩٧٥، بۆیە سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلول ناچاربوو داوا لە هەریەکە لە هێزەکانی هەڵگورد، زمناکۆ، کاوە، زاخۆ، ئەزمر، سەفین و دەشتی هەولێر بکات، کە هەریەکەیان بەتالیۆنێکی پێشمەرگە بە مەبەستی یارمەتیدانی هێزی باڵەک بنێرێتە ناوچەکە[٤].

لە هێرشەکانی ساڵی ١٩٧٤ دا هێزەکانی حکومەت تەواوی هێزی خۆیان بۆ بەرەی باڵەک تەرخانکرد، ئەم هێرشەی سوپای عێراقی هێرشێکی زۆر گەورە بوو، ژمارەیەکی زۆری سەرباز و تانکی سەربازی خستە مەیدانی شەڕەوە، سەرەڕای هاوکاریی فڕۆکە و فڕۆکەوانەکانی ڕوس، زۆر شەڕی گەورە لە چیاکانی زۆزک و هەندرێن ڕویاندا کە ئامانجیان دەست بەسەرداگرتنی ناوچەی باڵەکی شادەماری شۆڕش بوو، ئەم پەستانە زۆرەی حکومەت لەسەر ناوچەی باڵەک و بەردەوامیی شەڕەکان هەردوولای بەتەواوی ماندوو کردبوو، سەرەڕای ئەو گرنگیە زۆرەی حکومەتی عێراقی بە شەڕەکانی ساڵی ١٩٧٤ی دا

(١) موحسین دزەیی، س.پ، ل٢٠٧؛ مسعود بارزانی، بارزانی و......١٩٦١-١٩٧٥، ب٢، ل١٣-١٤.

(٢) میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی، س.پ، ل١٤٠-١٤١.

(٣) کریس کۆچێرا، س.پ، ل٣٥٥.

(٤) قادرعەزیز، وتارێک لەلایەن قادر عەزیز، لە: کۆنگرەی ٩٠ ساڵەی لەدایک بوونی بارزانی نەمر، ئامادەکردن و سەرپەرشتی: مومتاز حەیدەری و نەژاد عزیز سورمێ، چاپخانەی خەبات، (دهۆک، ١٩٩٧)، ل٩٣-٩٤؛ وەسفی حەسەن، داستانی چیایێ سەرتیز لە پاییزی ساڵی ١٩٧٤، گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ژمارە (١٠)، هەولێر، حوزەیران و تەمموزی ٢٠٠٩، ل٦٠-٦١.

له لایەک و پشتیوانی و ئامادەبوونی شارەزا سەربازییەکانی ڕوس لەم شەڕەدا، بەڵام نەیانتوانی بەتەواوی هێڵی بەرگریی پێشمەرگە لە ناوچە چیایی و سەختەکانی کوردستاندا ببڕن[١].

هێزە عێراقییەکان دەیانەویست ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی کوردی بکەن بە دوو بەشەوە، ئەویش بە پەلاماردانی ناوچەی باڵەکایەتی و دەست بەسەرداگرتنی[٢].

سوپای عێراق لە هێرشەکانی بەهارە و هاوینە و پاییزەی ساڵی ١٩٧٤ وێڕای سەرکەوتنەکانی لە گرتنی شارەکان وەک قەڵادزێ لە ١٩ی ئابی ١٩٧٤ و ڕواندز لە ٢٢ی ئابی ١٩٧٤ بەڵام نەیانتوانی بە ئامانجی سەرەکی بگەن لە گرتنی ناوچەی باڵەک کە ئامانجی سەرەکیی هێرشەکان بوو لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولەوە[٣]، وەک لە ڕاپۆرتی دەزگای پاراستندا دەردەکەوێ کە لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤ بە ناونیشانی (ڕاپۆرتێکی گشتی لەبارەی بارودۆخی عێراق)ەوە بەرزی کردبوەوە بۆ سەرکردایەتیی شۆڕش، باس لە پلانی سوپا دەکات، کە تیایدا هاتووە پلانی سوپا ئەوەیە بەردەوامبێت لە هێرشکردن بۆ سەر ناوچەی باڵەک، کە دەیەوێ هەردوو چیای هەندرێن و زۆزک بگرێت و دواتر تانکەکانی لە بەرزێوەوە بە ڕێگای گشتیدا بەرەو ناوچەی باڵەک پێشڕەوی بکەن. پلانێکی تریان ئەوە بوو کە لە هێرشەکانیان بۆ سەر ڕانیە تاوەکو گوندی وەرتێ بەردەوامبن، کە ئەوەش کرا ناوچەی باڵەک دەکەوتە ژێر چاوی ئەوان و بەمەش دیلمان و قەسرێ و گەڵاڵە و بێشێ بە ناوچەیەک دادەنران کە لەژێر دەستەڵاتی ئەواندا بێت، هەر لە ڕاپۆرتەکەدا هاتوە کە ئەو باوەڕەی لەناو بەعسیەکاندا باوە، ئەوەیە کە قوربانی و زیان هەرچەند بێت، دەبێ ئەم پلانە سەربگرێ[٤].

هەر بۆ ئەم مەبەستە ڕژێم هەوڵی دەدا هێرش بکاتە سەر هێزەکانی پێشمەرگە لە چیای ماکۆک، مەبەستیشی ئەوەبوو بگاتە چیای کارۆخ و لەوێوە بچێتە ناوچەی باڵەکایەتی[٥].

لە بەرانبەریشدا شۆڕش بەرگرییەکی بەهێزی لەم ناوچەیە دەکرد، هەربۆیە بارزانی لە مانگی ئەیلولی ١٩٧٤ داوای لە شای ئێران کرد یارمەتیی شۆڕشی کوردی بدات، بۆ ئەوەی هێزە عێراقییەکان نەتوانن ناوچەی سەرکردایەتیی شۆڕش بگرن، لە بەرانبەر داواکەی بارزانی شای ئێران لە ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤ کەتیبەیەکی چەکی دژە ئاسمانی ناردە ناوچەی باڵەکایەتی بەتایبەتی دەوروبەری حاجی

---

(١) جیرارد جالیاند، المأساة الكوردية، ت: عبدالسلام النقشبندي، دار اراس للطباعة والنشر، ط٢، (أربيل، ٢٠١٢)، ص١١٤؛ مسعود بارزانی، بارزانی و......١٩٦١-١٩٧٥، ب٢، ل١٥٣-١٦٢؛ مستەفا نێروەیی، س.پ، ل٣٤٨.

(٢) گوینتەر دیشنەر، س.پ، ل٣٠٧.

(٣) ئۆفرا بینگیۆ، کوردی عێراق بنیادنانی دەوڵەتێک لەناو دەوڵەتدا، و: سۆران مستەفا کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، (هەولێر، ٢٠١٣)، ل٢٠١؛ ممدوح سليم مزوری، س.پ، ل٣٦٨؛ کریس کۆچێرا، س.پ، ل٣٩٢-٣٩٧.

(٤) گواستراوەتەوە لە: مسعود بارزانی، بارزانی و......١٩٦١-١٩٧٥، ب٢، ل١٦٣؛ خورشید شێرە، س.پ، ل٢٧٣.

(٥) سەید کاکە، بیرەوەری پێشمەرگەیەک، چ٣، چاپخانەی شەهاب، (هەولێر، ٢٠١٢)، ل٩٥-٩٦؛ عومەر عوسمان، ژیانی کوردێک، بەرگی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، (هەولێر، ٢٠٠٥)، ل٩٦.

ئۆمەران، هەرچەندە سەرکردە ئێرانییەکان بۆ ڕای گشتی نکۆڵیان لەم هاوکاریانە کرد، بەڵام شاردنەوەی ئەم چەک و ئۆتۆمبێلە سەربازیانە لەبەر چاوی ڕۆژنامەنووسان ئەستەم بوو[1].

لە شەڕەکانی ساڵی ١٩٧٤ سوپای عێراقی تەنها توانی دەست بەسەر دەشتەکان و شارە گەورەکاندا بگرێت، بەڵام نەیتوانی دەستبەسەر ناوچە شاخاویەکاندا بگرێت، بۆیە سوپا ماندوو بوو و ناچار بوو داوای ئەندامە یەدەگەکانی بکات و دارایی یەدەگی حکومەتیش تەواو ببوو، تەنانەت دەنگی ناڕەزایی لە هەندێک ناوچەی عێراق بەرزبووەوە، بەتایبەت زانا ئایینیەکانی شیعە کە لە وتارەکانی عاشورادا ناڕەزاییان دژی جەنگ دەربڕی، حکومەتیش ٣٠ سەرکردەی شیعەی دەستگیرکرد و پێنجیانی لەسێدارەدان[2].

لە شەڕەکانی ساڵی ١٩٧٥یشدا لەپێش نسکۆی شۆڕش، سوپای عێراق کە دەستی بە هێرشەکانی کردەوە بەتایبەتی بەرەو ناوچەی باڵەکایەتی دەستی بەجووڵە سەربازییەکانی کرد[3].

دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر ئێران هەموو ئەو چەکە قورس و دژە ئاسمانیانەی کە بۆ پشتگیری لە شۆڕشی ئەیلوول لە ناوچەی باڵەکایەتی جێگیری کردبوون کشاندەوە ناو خاکی ئێران، بۆیە لە ٨ی ئاداری ١٩٧٥ سوپای عێراق ڕێگای هاملتۆنی لە سەرەوە بۆ خوارەوە بۆردومان کرد و ئەمەی بە دەرفەت زانی هێرشێکی چڕی بۆ سەر بارەگاکانی پێشمەرگە دەستپێکرد، بەڵام هێرشەکەیان ڕووبەڕووی بەرگریی پێشمەرگە بووەوە[4].

کاتێکیش کە سوپای عێراقی گەیشتەوە ناوچەی باڵەکایەتی، هێزی پێشمەرگە سەنگەرەکانیان بەردابوو نەوەک بەشەڕ ناوچەکە گیرابێت، بەڵکو گیرانەوەی ناوچەکەو شکستی شۆڕش لەڕووی سیاسییەوە بوو نەوەک لەڕووی سەربازیەوە[5].

بە درێژایی شۆڕشی ئەیلوول دەستبەسەرداگرتنی ناوچەی باڵەکایەتی ببوو بە گرێکوێرەی دەستی سەرکردەکانی سوپای عیراق، بەشێوەیەک سەرکردەکانی سوپا لەکاتی دەستپێکردنی هەڵمەتە

---

(1) شکیب عقراوی، سنوات المحنة فی کردستان- اهم الحوادث السیاسیة والعسکریة فی کردستان و العراق من ١٩٥٨ الی ١٩٨٠، مطبعة منارە، (أربیل، ٢٠٠٧)، ص٣٧٤؛ نازناز محەمەد عەبدولقادر، سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراقدا ١٩٦١-١٩٧٥، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چ٢، (هەولێر، ٢٠١٠)، ل٢٢٠.

(2) چارلز تریپ، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی عێراق- لێکۆڵینەوەیەکی بەڵگەنامەییە لە مێژووی عێراقی نوێ لەوەتای دروستبوونی دەوڵەتی نوێ تا ناوەڕاستەکانی ٢٠٠٢، و: مەحەمەد حوسێن ئەحمەد و عەبدولقادر کەلهور، پێداچوونەوەی مەحەمەد عەبدوڵڵا کاکە سوور، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، چ٣، (هەولێر، ٢٠١٣)، ل٢٧٨-٢٧٩.

(3) زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، بیرەوەریەکانم ......، ل٤٧٢.

(4) کامەران بابان زادە، ڕێکەوتننامەی جەزائیر و ڕەهەندەکانی لەسەر کێشەی کورد لە کوردستانی باشوور، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کەمال، (سلێمانی، ٢٠١٣)، ل١٥٨.

(5) ئۆفرا بینگیۆ، س.پ، ل٢٣٤.

سەربازیەکانیان بەڵێنی گەیشتنیان بە گەڵاڵە بە سەربازەکان  و بە سەرووی خۆیان دەدا و گرەویان لەسەر دەکرد، بۆ نموونە لە کاتی دەستپێکردنی شەڕەکانی ساڵی ١٩٦٩ دا و بەدەستهێنانی هەندێ سەرکەوتن لەلایەن سوپای عێراقی، سەعید حەمۆ (فەرماندەی لیوای پێنجی سوپای عێراقی) بەڵێنی دابوو وتبووی: "ریشم بەردەدەمەوە و نایتاشم تا دەگەمە گەڵاڵە"[١].

لە کاتی هێرشەکانی ساڵی ١٩٧٤یشدا سەرکردەکانی سوپای عیراق زۆر متمانەیان بە سەرکەوتنیان هەبوو و بە خۆشحاڵیەوە ڕایاندەگەیاند "لە مانگی نۆدا لەگەڵاڵە فراڤین دەخۆین"[٢].

حکومەتی عێراقی دوای ئەوەی گرتنی باڵەکایەتی بۆ نەچووەسەر هەوڵیدا ناوچەی باڵەکایەتی دابڕێت لە ناوچەکانی تری کوردستان بۆ ئەوەی پەیوەندی لەنێوان سەرکردایەتی و ناوچەکانی تردا نەمێنێ، بۆ نموونە لە هەندێک کاتدا ڕێگاکانی گرت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرکەوتو نەبوو، کاتێک پێشمەرگەکانی ناوچەی سلێمانی بیانویستایە سەردانی باڵەکایەتی بکەن ئەوا لە شارەکانی ئێران چەندین شاریان دەبڕی و لەوێوە جارێکی تر لە ڕێگەی حاجی ئۆمەرانەوە دەهاتنەوە کوردستان و ناوچەی سەرکردایەتی[٣].

حکومەتی عێراقی چەندین جار لە ڕێگەی ناردنی وەفد و پاکەتی شیرینی و چەندین شێوەی تر هەوڵیداوە لە ڕێگەی کردەوەی تیرۆرستیەوە لە ناوچەی باڵەکایەتی مەترسی بخاتە سەر ژیانی بارزانی و بەرپرسەکانی شۆڕش، سەرەڕای ئەوەی کە لە کردەوەکانیان چەند کەسێک شەهید و بریندار بوون، بەڵام ئامانجە سەرەکییەکانیان جێبەجێنەبوون[٤].

---

(١) گواستراوەتەوە لە: مسعود بارزانی، بارزانی و......١٩٦١-١٩٧٥، ب٢، ل٢١٧.

(٢) گواستراوەتەوە لە: کریس کۆچێرا، س.پ، ل٣٩٢.

(٣) عزالدین ملا سلێمان، بەشێک لە چیرۆکی داستانەکانی شۆڕشی ئەیلول بۆ مێژوو، ب٢، چاپەمەنی و ئۆفسێتی ئەژین، ٢٠٠٧، ل٤٢؛ ئۆفرا بینگیۆ، س.پ، ل٢١١.

(٤) حامید گەوهەری، ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانیەکان باشتر بناسین، چاپخانەی شەهاب، (هەولێر، ٢٠١٤)، ل١٨٤-١٨٨.

## تەوری سێیەم
## پێگەی ئابوریی باڵەکایەتی ١٩٦١-١٩٧٥

ناوچەی باڵەکایەتی پێگەیەکی گرنگی ئابووریی هەبوو، ئەویش هاوسنووربوونی بوو لەگەڵ وڵاتی ئێران، لە زۆربەی کاتەکاندا شۆڕش سوودی زۆری لەم سنووره بینی بەمەبەستی دابینکردنی خواردن و جلوبەرگ و پێداویستی بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان[١].

گرنگیەکی تری ئابووری ئەوەبوو کە ناوچەکە خۆی لە ناوەخۆیدا ناوچەیەکی کشتوکاڵی بوو، بەرهەمی گەنم و جۆ و بەرهەمەکانی تری زۆر بووە، هەر ئەمەش بووە کە ئابڵووقەی حکومەتی عێراقی لەسەر ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی پێشمەرگە زۆر کاریگەری لەسەر ناوچەی باڵەکایەتی دروستنەکرد و هەوڵی خۆبژێویانداوە بە پشتبەستن بە بەرهەمەکانی ناوچەکە[٢]، ئەمەش ئاسانکاری بووە بۆ شۆڕش لە دوو لایەنەوە، لە لایەک شۆڕش خەمی سەرهەڵدانی قەیرانی برسییەتی لە ناوچەکە نەبوو، لە لایەکی تریش سوود لە بەرهەمی گەنم و جۆ وەرگیروە بۆ هێزەکانی پێشمەرگە، لە دواتردا زیاتر باسی دەکەین.

ڕەتبوونی ڕێگای هاملتۆن بە ناوچەی باڵەکایەتیدا پێگەی ئابووریی ناوچەکەی زیاتر کردبوو، کە ڕێگایەکی قیرتاوبوو، بە ئاسانی دەتوانرا پێداویستیی سەربازی و خواردن بە بەشێک لە سەنگەرەکانی پێشەوەی شەڕ بگات[٣]، ئەم ڕێگایە، ڕیگای سەرەکیی دابینکردنی ئازووقەی کورد بوو لە ماوەی شۆڕش[٤]؛ چونکە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی ئەیلوول لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ئابڵووقەیەکی ئابووریی سەختیان خرابووە سەر، کە حکومەت زۆر بە توندی چاودێری ڕێگاکانی دەکرد بۆ ئەوەی هیچ خواردەمەنییەک نەگاتە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی شۆڕش، تەنها هەندێک ڕێگای وڵاخی باری هەبوون کە هەندێک جار بە قاچاغ کەلووپەلیان دەگواستەوە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی شۆڕش، هەر بۆیەش حکومەت زۆر جار بڕیاری دەستبەسەرداگرتنی گوێدرێژ و وڵاخی باریشی دەدا[٥]، تەنانەت ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش (عێراق) لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤ یاسایەکی دەرکرد کە تیایدا سزای لەسێدارەدانی بەسەر ئەوانەدا سەپاند کە هەوڵیان دەدا خۆراک و ماددەکانی تر بە قاچاغ ببەنە ناوچە ڕزگارکراوەکانی شۆڕش[٦].

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحمود عوسمان ( دکتۆر )، ٢٠١٦/٩/٢٧، هەولێر.

(٢) ئەبوبەکر ئەحمەد عەبال، میوانداره بەرهەمهێنەرەکانی شۆڕشی ئەیلوولی مەزنی دوێنێ، چاولەدەستەکانی ئەمڕۆ، گۆڤاری باڵەک، ژمارە (٧)، چۆمان، ئاداری ٢٠٠٩، ل٣٠.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحمود عوسمان ( دکتۆر )، ٢٠١٦/٩/٢٧، هەولێر.

(٤) دیڤید ماکداول، س.پ، ل٥٥٣.

(٥) سەلاحەدین ڕاستگەلدی، س.پ، ل٤٧؛ عەبدوڵڵا ئەحمەد ڕەسول پشدەری، بەشی دووەم لە یاداشتەکانم، ل١٠٩.

(٦) ئۆفرا بینگیۆ، س.پ، ل٢١٤.

لەبەر گرنگیی ڕێگای هاملتۆن هێزەکانی حکومەتی عێراق لە زۆرێک لە شەڕەکاندا پلانیان دەستبەسەرداگرتنی ئەم ڕێگایە بووە؛ چونکە یارمەتییەکانی دەرەوە لە ڕێگەی ئێرانەوە بەم ڕێگایەدا دەگەیشتنە دەستی شۆڕش، ئامانجی هێرشەکان بڕینی ئەم شادەمارە ژیانیە بوو کە ڕەگەزی ژیانی بە شۆڕش دەگەیاند[1].

بەهۆی هاوسنووربوونی ناوچەی باڵەکایەتی لەگەڵ وڵاتی ئێران و بوونی ڕێگای هاملتۆن، پێداویستییەکان بە ئاسانی دەگەیشتنە ناوچەکە، بەڵام ڕێگاکانی گەیاندنی هاوکارییەکان بە ناوچەکانی تر لەلایەن ڕژێمەوە گیرابوون، بۆیە لەلایەن شۆڕشی ئەیلوولەوە ڕێگایەک لە ناوچەی باڵەکایەتیەوە دروستکرا بۆ ناوچەی بادینان، کە پێی دەوترا ڕێگای مێرگەسۆر، ئەم ڕێگایە بۆ ئەوەبوو هاوکارییەکان بگەیێندرێنە ناوچەی بادینان، گرتنی ئەم ڕێگایەش واتای کۆتایی هاتنی شۆڕشی دەگەیاند لە ناوچەی بادینان؛ چونکە هەم حکومەتی عێراقی و هەم تورکیا گەمارۆیان خستبووە سەر ناوچەکە، هەردوولای شەڕکەریش بەگرنگیی زۆری ئەم ڕێگایەیان دەزانی، ڕێگای مێرگەسۆر ڕۆحی پتر لە نیو ملیۆن خەڵکی مەدەنی پێیەوە بەندبوو لەگەڵ چارەنووسی نزیکەی دە هەزار پێشمەرگە، بۆیە لەلایەن شۆڕشەوە بە شێوەیەکی باش بەرگری لێدەکرا[2].

بەهۆی گرنگیی ئەم ڕێگایە حکومەتی عێراقی بەردەوام هەوڵیدا کە دەستبگرێت بەسەر ڕێگای مێرگەسۆر، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستبوو هێزە عێراقییەکان لە ڕواندزەوە بەرەو گەڵاڵە بێن و دەستی بەسەردا بگرن، بەڵام نەیانتوانی ئەم کارە ئەنجامبدەن[3].

ناوچەی باڵەکایەتی بەهۆی هاوسنووربوونی لەگەل وڵاتی ئێران دیاردەی بازرگانی و ئاڵوگۆڕی کەلووپەل لە نێوان دانیشتوانی ناوچەکە و دانیشتوانی ئێران هەبووە، بە تایبەتی گوندە سنوورییەکانی وەک زینوێی شێخی، لەم گوندەدا جووڵانەوەیەکی سەرنجڕاکێشی ئابووری هەبووە، کە هەموو چەشنە دانەوێڵەیەک و شەکر و چا و پێداویستیی لەشکری کوردستانی لێ دەستکەوتووە، ئەم کەلوپەلانە دانیشتوانی گوندەکە لە ئێرانەوە دەیانهێنا و کڕین و فرۆشتنیان پێوەدەکردن[4].

گەڵاڵە یەکێکی تر بووە لە ناوەندە بازرگانییەکانی ناوچەکە لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا، کە بازاڕێکی گەورە بووە، لەشێوەی شارێکی گەورە بووە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکان، دوکانەکانی لە شوێنی قووڵ و لە بچووکترین سووچ و پەنا دروست کرابوون، لە بازاڕی گەڵاڵە هەر شتێکت بویستایە لە پێداویستی و کەلوپەلی جوانکاری و حەلوای ماڵئاوایی، لە کاتی چوون بۆ بەرەکانی جەنگ و دیاری

---

(1) مسعود بارزانی، بارزانی و.....١٩٦١-١٩٧٥، ب٢، ل١٥٨-١٥٩.

(2) گوینتەر دیشنەر، س.پ، ل٣٠٨؛ عومەر عوسمان، س.پ، ل٨٣-٨٤.

(3) یۆنان هورمز، س.پ، ل٢٠٣.

(4) شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، س.پ، ل١٩٥.

بەبۆنەی گەڕانەوە بەسەلامەتی، فرۆشیاری دەستگێڕ و وردەواڵەفرۆشی و چێشتخانە و قوماشفرۆش و پێڵاوفرۆش و بەرگدووری و چایخانە و فرۆشیاری سەوزە و میوە و بازرگانی ناوەخۆش هەبوون، هەموو جۆرە پارەیەک هەر لە دیناری عێراقی تا ڕیالی ئێرانی و پاوەن و دۆلار وەرگیراوە و مامەڵەیان پێوەکراوە[1]، بەهۆی ئەو پێگە ئابووری و بازرگانییەی کە شارۆچکەی گەلاڵە هەیبووە لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول، بە پایتەختی بازرگانیی شۆڕشی ئەیلوول ناوی هاتووە لە سەرچاوەکاندا[2].

فرۆشگای شۆڕش بازاڕێکی دیکەی ناوچەکە بووە، ئەم فرۆشگایە لە ساڵی ١٩٦٤ لە چۆمان لە شوێنی ئێستای ئاسایشی چۆمان دروستکرا، ئەم فرۆشگایە زۆربەی پێداویستییەکانی تیادا بەدەستدەکەوت و لە بازاڕەکانی تری ناوچەکەش کەلووپەلەکانی هەرزانتر بوو، ئەم فرۆشگایە لەلایەن شۆڕشەوە سەرپەرشتیدەکرا و قازانجەکەی بۆ شۆڕش بوو[3]، بەشێوەیەک فرۆشگای شۆڕش جگە لەو سوودەی کە بۆ خەڵکی هەبوو، سوودی زۆریشی بۆ شۆڕش هەبوو؛ چونکە لە کاتی ئاشتیدا ئەو بازرگانە عێراقییانەی پێشتر لەلایەن شۆڕشەوە مۆڵەتیان پێ دەدرا کە لە ڕێگەی حاجی ئۆمەرانەوە بچن بۆ ئێران و کەلووپەل بێنن و بیبەن بۆ ناوچەکانی تری عێراق، ئەمجارەیان نەدەچوونە ئێران و لە فرۆشگای شۆڕش لە ناوچەی باڵەکایەتی کەلوپەلەکانیان دەکڕی و دەیانبرد بۆ ناوچەکانی تر، بۆیە بزاوتێکی ئابووری و بازرگانیی زۆر بەهێز لە ناوچەکەدا سەریهەڵدا[4].

بوونی بەردی مەڕمەڕیش لە شارۆچکەی گەلاڵە هەندێکجار سەرچاوەیەکی دارایی هێزی باڵەک بوو، کە لە کاتی نەبوونی شەڕدا لە هەولێرەوە خاوەن کارەکان بۆ بردنی ئەم جۆرە بەردە هاتوونەتە باڵەک و بڕێک پارەیان لێوەرگیراوە[5].

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی ناوچەکە لە ڕووی ئابوورییەوە بوونی باغ و باغاتی زۆرە، لەگەڵ بوونی زۆر جۆر داری میوەی خۆرسکی وەک، کرۆسک، هەرمێ، توو، ترێ، هەنجیر و چەندانی تر لە ناوچەکەدا، ئەمەش وای دەکرد ئەگەر پێشمەرگە یاخود خەڵکی ناوچەکە لە هەندێ وەرزی ساڵدا تووشی نەبوونی خۆراکیش بهاتبان، دەستیان دەکرد بە خواردنی میوەجاتەکان تاوەکو گەیشتونەتە خواردن، بەشێک لەو کەسانەی لە ماوەی شۆڕشی ئەیلوولدا لە باڵەکایەتی بوون لە یاداشتەکانیاندا باسی خۆشی و گرنگیی ئەم جۆرە میوە سروشتی وماڵیانەی ناوچەکەیان کردووە[6].

---

(١) یۆنان هورمز، س.پ، ل٤٠-٤١؛ ڕێنیە مۆریس، کوردستان یان نەمان، و: ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل، چاپخانەی خانی، (دهۆک، ٢٠٠٨)، ل٤٢.

(٢) یۆنان هورمز، س.پ، ل٦١.

(٣) ئیسماعیل گوندەژۆری، ئەو بارەگایانەی ......، ل٤٥.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ بارزان خالید عەزیز، ناسراو بە بارزانی مەلا خالید،٢٠١٦/١٢/١٣، هەولێر.

(٥) عەبدوڵڵا ئەحمەد ڕەسول پشدەری، پاشکۆی یاداشتەکانم .......، ل٦٤.

(٦) هەژار، س.پ، ل٤٢٤؛ دانا ئادامز شمیدت، س.پ، ل٣٨٤.

# تەوەری چوارەم

# ڕۆڵی خەڵکی باڵەکایەتی لە شۆڕشی ئەیلوولدا

هەر لە سەرەتای بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلوول، خەڵکی ناوچەی باڵەکایەتی ڕۆڵی دیاریان لە ڕووداوەکانی شۆڕش هەبووە و قوربانیی زۆریان لەم پێناوەدا داوە، کاتێکیش سەرکردایەتیی شۆڕش ڕووی لە ناوچەی باڵەکایەتی کرد خەڵکی ناوچەکە بەگشتی نەک هەر تەنها ئەوانەی لە بەرەکانی شەڕ بوون، بەڵکوو تەواوی خەڵکی ناوچەکە ئامادەییان هەبوو بۆ پێشوازی لە شۆڕش و خزمەتکردنی، خەڵکی ناوچەکە لەماوەی شۆڕشدا ئازاری زۆریان بەدەستی فڕۆکەکانی حکومەتەوە بینیوە و چەندان قوربانیانداوە، بوونی سەرکردایەتیی شۆڕشیش لەم ناوچەیە کاریگەریی خۆی لەسەر ناوچەکە دروستکردووە.

## أ/ ڕۆڵی خەڵکی باڵەکایەتی لە پێشوازی و خزمەتکردنی پێشمەرگە

لە دوای شکستی ڕاپەڕینی خەڵکی باڵەکایەتی و هاتنەوەی هێزەکانی میری بۆ ناوچەکە، چیاکان و گوندە دوورەکانی باڵەکایەتی بوونە ئەو شوێنەی کە ژمارەیەک پێشمەرگە ڕووی تێبکەن، لەو کاتەدا خەڵکی ناوچەکە لە دابینکردنی پێداویستییەکانیان هاوکاریی زۆریان کردووە [١].

ئەندام و لایەنگرانی پارتی لە سنووری باڵەکایەتی ئاگاداری هاتنی هێزی پێشمەرگە بوون و خۆیان بۆ کاتی هاتنی هێزەکانی پێشمەرگە ئامادەکردبوو[٢]؛ چونکە کاتێک مەلا مستەفای بارزانی بڕیاریدا ناوچەی بادینان جێبهێڵێت و بەرەو ناوچەی باڵەکایەتی بەڕێبکەوێ، کاتێ کە لە نەهلە بوو، ڕاسپێردراوی خۆی ناردووە بۆ بارەگای پارتی لە ناوچەی باڵەک و هانی دابوون ڕیزەکانی خۆیان پتەو بکەن و پەیوەندی بە خەڵکەوە بکەن و هانیان بدەن لەسەر شۆڕش و ئەندامانی پارتی کۆبکرێنەوە و ئەرک و بەرپرسیاریەتیان بەسەردا دابەشبکرێت[٣].

کادیرانی پارتیش ئەوانەی لە ناوچەی باڵەکایەتی بە نهێنی کاریان کردووە و نەچووبوونە چیا، خەڵکیان هاندا لەسەر شۆڕش و خەڵکیان لە هاتنی مەلا مستەفای بارزانی بۆ باڵەکایەتی ئاگادارکردەوە[٤].

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمید حوسێن محەمەد ناسراو بە حەمید ئەفەندی، ٢٠١٧/١/٥، هەولێر.
(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ مستەفا شێخ عوبەیدوڵلای زینوێ، ٢٠١٦/١٢/١٣، هەولێر؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ قادر عەبدوڵڵا مەلا (مەلا قادر دەربەندی) ٢٠١٦/٧/٢٥، گوندی دەربەند.
(٣) مسعود بارزانی، بارزانی و.....١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٧٦.
(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ قادر عەبدوڵڵا مەلا ناسراو بە مەلا قادر دەربەندی، ٢٠١٦/٧/٢٥، گوندی دەربەند.

له كاتی گەیشتنی بارزانی و هێزەكەی، خەڵكی ناوچەكە پێشوازییەكی گەرمیان كردوون، هەروەک مسعود بارزانی نووسیویەتی: "كە هێزەكانی پێشمەرگە گەیشتنە گوندی بێشێ و گوندەكانی دەوروبەری ئازادكران، دانیشتوانی ئەو گوندانە بە قەدر و حورمەتەوە پێشوازی و بەخێرهاتنێكی وایان لە پێشمەرگە و كادیرە پارتییەكان كرد كە لە هەموو سنوورێک بەدەربوو، پێیان وتین ئێمە چاوەڕێی هاتنتان بووین"[١].

ئەم جۆرە پیشوازییە گەرمە لە هێزەكانی پێشمەرگە، لە زۆربەی گوندەكانی تری باڵەكایەتیش بە هەمان شێوە بووە؛ چونكە خەڵكی ناوچەكە شۆڕشیان بە هی خۆیان زانیوە، خزمەتكردنی شۆڕشیشیان بە ئەركێكی سەر شانیان زانیوە و بەوپەڕی تواناوە هاوكاریی شۆڕشیان كردووە[٢].

كاتێكیش هێزی پێشمەرگە گەیشتە ناوچەی باڵەكایەتی، هەریەكە لە مەلا تەهای شێخ وەتمان و (سلێمان نەبی حاجی ئۆمەرانی)[٣] خۆیان و هێزەكانیان پەیوەندییان بە هێزەكەی بارزانییەوە كردووە[٤].

(دانا ئادامز شمیدد)[٥]، باس لەوە دەكات كە هێزەكەی مەحمود كاوانی هێرشی بردە سەر سلێمان نەبی لە چیایەكانی هاوینەهەواری حاجی ئۆمەران و كۆسپی سپی[٦]، ئەم نووسەرە كەوتۆتە هەڵەوە؛ چونكە سلێمان نەبی حاجی ئۆمەرانی، لە سەرەتای شۆڕشەوە بەشداریی ڕاپەڕینی خەڵكی باڵەكایەتیی كردووە، دوای شكستی ڕاپەڕینەكەش خۆی نەداوە بە دەست هێزەكانی میری و لەگەڵ پۆلێک پێشمەرگەی باڵەكایەتی ڕوویان لە چیا كردووە، لەگەڵ گەیشتنی بارزانیش بۆ ناوچەی باڵەكایەتی پەیوەندی بە هێزی بارزانییەوە كردووە، وەک پێشتر باسمان كرد. دواتر ناوبراو بەشداریی لە شەڕەكانی

---

(١) بارزانی و......١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٧٥.

(٢) چاوپێكەوتن لەگەڵ ئەحمەد نەبی نەبی ناسراو بە (شێخ ئەحمەد نەبی)، ٢٠١٦/٧/١٠، گوندی ئاشی بڕەگوێز-چۆمان.

(٣) سلێمان نەبی مەحمود، ساڵی ١٩٢٠ لە گوندی حاجی ئۆمەران لە ناوچەی باڵەكایەتی لەدایک بووە، لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلوول بووەتە پێشمەرگە و بەشداری ڕاپەڕینی باڵەكایەتی كردووە دژی هێزەكانی ڕژێم لە ناوچەكەدا، دوای شكستی ڕاپەڕینەكە لەگەڵ پۆلێک پێشمەرگەی باڵەكایەتی چووەتە شاخ و دواتر چوونەتە ناوچەی پشدەر، لەگەڵ هاتنی مەلا مستەفای بارزانی بۆ ناوچەی باڵەكایەتی ئەویش هاتۆتەوە ناوچەكە، بەشداری چەند شەڕێكی كردووە، دواتر لە شەڕی دژی بەكرێگیراوان لە ١١/٣/ ١٩٦٢ لە گەرووی عومەر ئاغا شەهید بووە.چاوپێكەوتن لەگەڵ حاجی سلێمان نەبی، ٢٠١٧/١/١٢، هەولێر.ناوبراو كوڕی سلێمان نەبی حاجی ئۆمەرانیە.

(٤) شەوكەت ملا ئیسماعیل، س.پ، ل٨٧.

(٥) پەیامنێری ڕۆژنامەی (نیویورک تایمز) بووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە ساڵی ١٩٦٢ مەلا مستەفای بارزانی نامەیەک ئاراستەی ڕۆژنامە نووسانی بیانی دەكات بۆ سەردانی كردنیان بۆ كوردستان، ئەركی پەیوەندی كردن و بردنی نامەكەش بە ئەحمەد تۆفیق دەسپێرێ، لە لوبنان نامەكەی بارزانی بەم ڕۆژنامە نووسە دەدرێت و ئەویش ئامادەی هاتن دەبێت بۆ چیاكانی كوردستان، بۆ ماوەی ٣٦ ڕۆژ سەردانی زۆر لە ناوچە ئازادكراوەكانی كوردستان دەكات و پەرتووكی سەفەرێک بۆ ناو پیاوە ئازاكانی دەركردووە، كە پەرتووكەكەی لە وڵاتی خۆی خەڵاتی ساڵی وەرگرتووە، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: دانا ئادامز شمیدد، س.پ.

(٦) هـ.س، ل١٦٢.

دژ بە جاش و سوپای عێراق کردووە ، ناوبراو لە بەرەی شەڕی سەری بەردی ئەرکی پێشمەرگایەتیی جێبەجێکردووە[١]، هەرلە ساڵی١٩٦٢ لەم بەرەیەی شەڕ ناوبراو بووەتە قوربانی[٢].

بەشێکی تری خەڵکەکە دوای شکستی ڕاپەڕینی خەڵکی ناوچەکە لە دژی هێزەکانی حکومەت لە باڵەکایەتی کە چەکیان لە ڕژێم وەرگرتبوو کە پێشتر باسمان کرد بوون بە سێ بەشەوە، ئەگەرچی ئەوانیش دژی شۆڕش شەڕیان نەکرد، بەشێکیان لەگەڵ گەیشتنی هێزی پێشمەرگە چوونە ناو شۆڕش و چەکی پێشمەرگایەتییان کردە شان، بەشێکی تریشیان چوونەوە سەر کاری خۆیان[٣]، بەشێکی کەمیشیان لەگەڵ هاتنی هێزی پێشمەرگە بەرەو وڵاتی ئێران ڕۆیشتن، ڕۆیشتنەکەشیان لەبەر پاراستنی گیانیان بوو نەبادا هێزی پێشمەرگە بیانگرن کە پێشتر چەکیان لە ڕژێم وەرگرتبوو، بڵاوبوونەوەی دەنگوباسی سزادان و گیرانی هەموو ئەو کەسانەی کە چەکیان لە ڕژێم وەرگرتووە لەلایەن پێشمەرگەوە لە ناو خەڵک هۆکاری سەرەکیی ڕۆیشتنی چەند کەسێک بوو بەرەو وڵاتی ئێران، بەڵام دوای ماوەی نزیکەی یەک ساڵ هەموو ئەوانەی چوبوونە وڵاتی ئێران گەڕانەوە ناوچەی باڵەکایەتی[٤].

بەشێکی تری خەڵکی ناوچەکە کە خەڵکی گوندی گوندەژۆر بوونە، لەگەڵ هاتنی مەلا مستەفای بارزانی چوونە لای شێخ ڕەشیدی لۆلان؛ چونکە خەڵکی ئەم گوندە خزمایەتیان لەگەڵ شێخ ڕشیددا هەبووە و وایان پێوترابوو کە بارزانی تەواوی دۆستانی شیخ ڕەشید سزادەدات، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٣ تەنها دوو کەسی خەڵکی گوندەژۆر لە لای شێخ ڕەشید مابوونەوە ئەوانی تر هەموویان هاتبوونەوە ناوچەی باڵەکایەتی[٥].

هاوکات بەشی زۆری خەڵکی ناوچەی باڵەکایەتی لەکاتی هاتنی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوچەکەیان پێشوازیان کردوون و بوون بە هاوکار و پاڵپشتی سەرەکی شۆڕش[٦].

هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەتایبەتی لە ساڵانی سەرەتای شۆڕش، تەنها چەک و جلووبەرگی خۆیان پێبووە، شۆڕشیش خاوەنی پارە و داهاتێکی وا نەبووە کە بتوانێ لەڕێیەوە پێداویستییەکانی هێزی پێشمەرگە دابینبکات، بەڵکو گوندنشینانی کوردستان ئەم ئەرکەیان خستە سەر شانی خۆیان و بەوپەڕی توانای خۆیان هاوکاریی پێشمەرگەیان کردووە[٧].

---

(١) عەبدوڵڵا ئەحمەد ڕەسول پشدەری، بەشی دووەم لە یاداشتەکانم، ل٩٠،٩٩.

(٢) مسعود بارزانی، بارزانی و......١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٨٤.

(٣) هـ.س، ل٧٦-٧٧.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ حوسێن حوسێن حەسەن (حاجی شەریف گوندەژۆری) ٢٠١٦/٧/١٣، چۆمان.

(٥) ئیسماعیل گوندەژۆری، گوندەژۆر، ل٧٦-٧٧.

(٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ مستەفا شێخ عوبەیدوڵڵای زینوێ، ٢٠١٦/١٢/١٣، هەولێر.

(٧) عبدوڵڵا ئەحمەد ڕەسول پشدەری، پاشکۆی یاداشتەکانم ......، ل٨؛ دانا ئادەم شمیدد، س.پ، ل١٢٧.

لەگەڵ گەیشتنی هێزەکانی پێشمەرگە بە ناوچەی باڵەکایەتی، خەڵکی ناوچەکە لە چەند ڕویەکەوە هاوکاریی پێشمەرگەیان کردووە، کاتیک کە هێزەکانی پێشمەرگە شەو لە گوندێک دەمانەوە، دابینکردنی خواردن بۆ پێشمەرگە بووەتە ئەرکی گوندنشینان و زۆربەشیان ئەم ئەرکەیان بەدڵەوە ئەنجامداوە بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە ترسێکیان لەسەر بێت[١]، کاتێکیش کە هەر هێزێکی پێشمەرگە لە هەر ناوچەیەکی کوردستانەوە دەگەیشتە ناوچەی باڵەکایەتی بۆ لای هێزەکەی بارزانی، ئەوا دابینکردنی خواردنی ئەوانیش لەسەر گوندنشینانی ناوچەکە بووە سەرەڕای کەمدەرامەتیی خەڵکی ناوچەکە، بەڵام ئەم کارەیان بە خۆشحاڵییەوە کردووە[٢]، گوندنشینان ئەم کارەیان بۆ خۆشەویستیی شۆڕش ئەنجامداوە و لە بەرانبەردا داوای هیچ جۆرە پاداشتێکیان نەکردووە و باسکردنی پاداشتیشیان بە سووکایەتی زانیوە بۆ خۆیان[٣].

کۆکردنەوەی نان و خواردن لە ناوچەکە لەلایەن چەند کەسێکەوە ئەنجامدراوە کە لەلایەن لیژنەی ناوچەی باڵەکی پارتییەوە بۆ ئەم کارە دیاریکرابوون، ڕێژەی وەرگیراویش بەپێی ئاستی بژێوی هەر ماڵێک بووە، دوای کۆکردنەوەی دابەشی سەر بەرەکانی شەڕ و بارەگاکانی شۆڕش کراوە، هەر ئەو کەسانە زەکاتی گەنم و جۆی ناوچەکەیان کۆدەکرەوە، کۆکردنەوەی زەکاتی گەنم و جۆ دوای ئەوە هات کە یەکێتی زانایان ڕایگەیاند دەتوانرێ زەکات بە شۆڕش بدرێت[٤].

دوای کۆکردنەوەی زەکاتی بەروبوومەکانی ناوچەکە، خەڵکەکە خۆیان یان لەلایەن چەند کەسێکی تر کە بۆ ئەم کارە دیاریکرابوون، زەکاتەکە دەگەیێنرایە عەمبارەکانی دانەوێڵە و لەوێ هەڵدەگیرا و بەپێی پێویست دابەش دەکرا[٥]، لە ساڵی ١٩٦٥ عەمباری دانەوێڵە لەگەڵاڵە دروستکرا کە بەرهەمەکانی گەنم و جۆ و تووتن و نیسک و ماش و خۆژە و هەرزنی تێدا کۆ دەکرایەوە، لە ساڵی ١٩٧٠ هۆڵێکی گەورە لە (شکان)[٦] بۆ عەمباری گەنم دروستکرا، لە قەسرێ و دۆڵی ڕۆستیش عەمباری دانەوێڵە هەبووە[٧].

هەرچەندە دابینکردنی خواردن بۆ هەر میوانێ کە سەردانی هەر ناوچەیەک بکات، ئەرکێکە لەسەر شانی خەڵکی ناوچەکە و پێویست بە باسکردن ناکات، بەڵام مەبەست لەم باسکردنە ئەوەیە کە

---

(١) شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، س.پ، ل٨٤.

(٢) عەبدوڵڵا ئەحمەد ڕەسول پشدەری، بەشی دووەم لە یاداشتەکانم، ل١٠١؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ مستەفا شێخ عوبەیدوڵڵای زینوێ، ٢٠١٦/١٢/١٣، هەولێر.

(٣) دانا ئادامز شمیدد، س.پ، ل١٢٧.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەل عالی حوسێن حەمەدەمین ناسراو بە حاجی عالی، ٢٠١٦/٨/١٨، گوندی ئاشی بێکۆر لە دۆڵی ڕوست؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ حەسەن قادر حەمەد، ناسراو بە مەلا حەسەنی مژدەینان، ٢٠١٦/٩/٣، چۆمان.

(٥) کافی محمد النبوی، م.س، ص١٨١-١٨٢.

(٦) شکان شوێنێکە دەکەوێتە نزیک گەڵاڵە.

(٧) ئیسماعیل گوندەژۆری، ئەو بارەگایانەی ......، ل٤٤-٤٧.

دابینکردنی خواردن بۆ هێزی پێشمەرگە هۆیەکی گرنگی بەردەوامیی شۆڕش بووە کە خەڵکی ناوچەکە ئەنجامیانداوە.

مەلا مستەفای بارزانی لەسەر گرنگیی دابینکردنی خواردن بۆ پێشمەرگە وتویەتی: "ئەگەر پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕدا برسی و تینوو بێت، ئەگەر دوژمن شکستیشبهێنێت، ئەوا پێشمەرگە ناتوانی شوێنی بکەوێت، ئەگەریش پێشمەرگە شکستیخوارد ئەوا ناتوانێ ڕابکات و خۆی لەدەستی دوژمن ڕزگاربکات، بۆیە ئەو کەسەی نان و ئاو فریای پێشمەرگە دەخات، ئەرکی سەرشانی پڕبایەخەو جێی دەستی دیارە"[1].

زەکاتی گەنم و جۆی ناوچەی باڵەکایەتی، لە ئاشی ئاوی گوندەکان دەکرا بە ئارد و دواتر نان و دابەشی سەر بەرەکانی شەڕ کراوە[2]، هەر ئەمەش هۆکار بووە بۆ ئەوەی فڕۆکەکانی حکومەت بە بەردەوامی ئاشی گوندەکانی ناوچەکەی بۆردوومان کردووە بۆ ئەوەی نەتوانرێ سوودیان لێوەربگیرێ[3]، و هێرشی فڕۆکەکانی حکومەت دەکرایە سەر دەغڵ و دانی ناوچەکە و دەیانسووتاند[4].

لە ناوچەی باڵەکایەتی لە زۆر شوێن ئافرەتان کۆبوونەتەوە و بە ژمارەیەکی زۆر، بەیەکەوە نانیان بۆ هێزەکانی پێشمەرگە کردووە، یاخود ئافرەتان لە ماڵەوە ئەم کارەیان کردووە، زۆر جار لە دۆڵە قووڵ و پڕ دارەکان ئەم کارەیان کردووە، لەبەر مەترسی بۆمبارانی فڕۆکەکانی عێراق[5]، بۆ نموونە لە (کەندێ ئاشان)[6] کە ئاشی لێبوو، نزیکەی ٤٠ ئافرەتی ڕۆست لەو شوێنە کە گەنم لە ئاش کراوە ئەوانیش کردویانەتە نان و گوازراوەتەوە بۆ بەرەکانی شەڕ[7].

---

(١) گواستراوەتەوە لە: شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، س.پ، ل٣٠١.

(٢) عەبدوڵڵا ئەحمەد ڕەسول پشدەری، بەشی دووەم لە یاداشتەکانم، ل١٠١؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ قادر عەبدوڵڵا مەلا ناسراو بە مەلا قادر دەربەندی، ٢٠١٦/٧/٢٥، گوندی دەربەند؛ چاوپێکەوتن لەگەل عالی حوسێن حەمەدەمین ناسراو بە حاجی عالی، ٢٠١٦/٨/١٨، گوندی ئاشی بێکۆر

(٣) شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، س.پ، ل١٠٥.

(٤) سەلاحەدین ڕاستگەلدی، س.پ، ل٧٥.

(٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولڕەحمان ڕسول عومەر، ناسراو بە عەبدولڕەحمان مەلا ڕەسول، ٢٠١٦/١١/٢٣، چۆمان.ناوبراو لە ساڵی ١٩٥٢ لە گوندی گرتکی ناوچەی باڵەکایەتی لەدایک بووە، قۆناغی سەرەتایی خوێندنی لە دەرگەڵە تەواو کردووە، قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی لە گرتک و وڵاتی ئێران تەواو کردووە، ساڵی ١٩٦٧ دەبێتە کادیری لێژنەی ناوچەی باڵەکی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەشداری شۆڕش دەکات، ساڵی ١٩٧٥ ئاوارەی ئێران دەبێت، بەشداری شۆڕشی گوڵانی کردووە، ساڵی ١٩٧٩ بووە بە جێگری هێزی سەربازی باڵەک، ساڵی ١٩٨٦ بووە بە بەرپرسی ناوچەی باڵەکی پارتی و ئامر هێزی باڵەک، ئەندامی بەرەی کوردستانی بووە لە سۆران، لە یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووەتە قائیمقامی قەزای چۆمان، ساڵی ١٩٩٣ بووەتە کارگێڕی لقی ١٠ی پارتی، ساڵی ٢٠١٣ بووەتە بەرپرسی لقی ٢٦ی گوڵانی پارتی لە باڵەکایەتی تا ئێستا، لە سۆران نیشتەجێیە.

(٦) کەندێ ئاشان دۆڵێکە دەکەوێتە نزیک گوندی ڕۆست، لە ناوچەی باڵەکایەتی.

(٧) حاجی خەلیل دەرگەڵەیی، قادر ئاغای ڕوستێ دۆستێکی نزیکی بارزانی نەمر بووە، گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ژمارە (٣٠)، ئاب و ئەیلوولی ٢٠١٣، ل٨١؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ نیعمەت سادق سەعید، ٢٠١٦/١٢/١٢، هەولێر.ناوبراو لە

کارێکی تر کە خەڵکی ناوچەکە زۆرجار ئەنجامیانداوە، گواستنەوەی کەلوپەلی خواردەمەنی و چەک و تەقەمەنی و پێداویستیی سەربازی بوو بە (بارهەڵگرەکانیان)[1] بۆ بەرەکانی پێشەوەی شەڕ[2]، یاخود کاتێک بڕیاردرا کەوا هەر جۆرە پێداویستییەک لە ناوچەی سەرکردایەتیی شۆڕشەوە بنێردرێت بۆ ناوچەیەکی تر ئەوا زۆر جاران بەهۆی بەفر و بارانەوە ڕێگاکان گیراون، بۆیە داوا لە خەڵکی ناوچەکە کراوە کەوا کەلوپەلەکان بگوازنەوە شوێنی مەبەست و خەڵکەکەش ئەرکەکەیان ئەنجامداوە[3].

زۆر جاریش بارزانی پشتی بە خەڵکی ناوچەکە بەستووە بۆ ناردنی نامەکانی بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی[4]، تەنانەت لە گەیاندنی نامەکانی شۆڕش بۆ کونسوڵخانەی وڵاتانی بیانیش لە ئێران خەڵکی ناوچەی باڵەکایەتی ڕۆڵیان هەبوو، بۆ نموونە (شێخ عوبەیدوڵڵای زینوێ) نامەی شێخ ئەحمەدی بارزانی گەیاندووەتە سەفارەتخانەی ئەمریکا لە ئێران[5]. ئەمەش نیشانەی پشتپێبەستن و دڵنیایی بووە لە خەڵکی ناوچەکە.

بەشێک لە خەڵکی ناوچەکە کە چەکی زیادیان هەبووە، لەکاتی هاتنی هێزی پێشمەرگە بە بارزانیان بەخشیوە، بارزانیش پرسیاری ئەوەی دەکرد کە ئەمە چەکی دووەمتە ئەگەر کەسەکە وتبای بەڵی ئەوا چەکەکەی لێوەرگرتووە[6].

---

ساڵی ١٩٤٢ لە گوندی ڕۆستی ناوچەی باڵەکایەتی لەدایک بووە، قۆناغی سەرەتایی خوێندنی لە گوندی ڕۆست و کەرکوک و ڕواندوز و قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی لە کەرکووک تەواو کردووە، لەبەر بژێوی ژیان نەچۆتە کۆلێژ، ساڵی ١٩٦٢ بووەتە فەرمانبەر لە کەرکوک، ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە کردووە و بووەتە بەرپرسی کۆکردنەوەی زەکاتی دۆڵی ڕۆست، ساڵی ١٩٦٤ گەڕاوەتەوە سەر کاری فەرمانبەری لە کەرکوک، ساڵی ٢٠٠٦ خانەنشین کراوە و ئێستا لە شاری هەولێر نیشتەجێیە.

(١) بارهەڵگری ئەوکاتی خەڵکی ناوچەکە پێکهاتبوو لە ئەسپ و ئێستر و گوێ درێژ، کە هەبوونیان لەو کاتدا زۆر گرنگ بوو، چونکە خواردن و چەک و تەقەمەنیان پێ دەگوازرایەوە سەنگەرەکان کە زۆرێک لە سەنگەرەکان ڕێگای ئۆتۆمبێلی نەبوو، یاخود ئۆتەمبێلیش کەم بوون.چاوپێکەوتن لەگەڵ نەژاد عەزیز سورمێ، ٢٠١٦/٩/٢٧، هەولێر.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ حوسێن مامەند ڕەسول، ٢٠١٦/١١/٢٤، چۆمان.ناوبراو لە ساڵی ١٩٥٠ لە گوندی دێڵزێی باڵەکایەتی لەدایک بووە، ساڵی ١٩٦٤ بوەتە پێشمەرگە لە هێزی باڵەک، لە ماوەی شۆڕشی ئەیلوول بەشداری زۆر لە شەڕەکانی بەرەی باڵەکدا کردووە، وەک شەڕەکانی زۆزک و هەندرێن و گۆڕەز و گەروی عومەر ئاغا، لە ساڵی ١٩٧٤ دوو جار برینداربووە، لە سەرەتای شۆڕشی گوڵان بەشداری کردووە، بەشداری ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ی کردووە لە ناوچەی سۆران، لە دوای ڕاپەڕین بوەتە پێشمەرگە تاوەکو ئێستا، چەندین پلەی سەربازی بینیوە وەک جێگری لیوا و ئامر لیواو جێگر هێز و سوپا، ئێستا ئامر هێزی باڵەکە، لە چۆمان نیشتەجێیە؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ قادر عەبدوڵڵا مەلا ناسراو بە مەلا قادر دەربەندی، ٢٠١٦/٧/٢٥، گوندی دەربەند.

(٣) عومەر عوسمان، س.پ، ل٦٣-٦٤.

(٤) ئیسماعیل گوندەژۆری، گوندەژۆر، ل٧٩-٨١.

(٥) حامید گەوهەری، س.پ، ل١٨٤.

(٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد نەبی نەبی ناسراو بە (شێخ ئەحمەد نەبی)، ٢٠١٦/٧/١٠، گوندی ئاشی بڕەگوێز-چۆمان.

له ساڵانی سەرەتای شۆڕش کاتێک بنکەی نەخۆشخانە دانەمەزرابوو، لە کاتی برینداربوونی پێشمەرگە ماڵی خەڵکی ناوچەی باڵەکایەتی بووەتە نەخۆشخانە و بریندارەکان لە ماڵەکان چارەسەریان بۆ کراوە، لەلایەن خاوەن ماڵیش خزمەتی زۆری بریندار کراوە تاوەکو ئەو کاتەی چاکدەبوویەوە[١].

خەڵکی ناوچەی باڵەکایەتی ئەوەندەی توانیبێتیان هاوکاری شۆڕشیان کردووە و هەر پێداویستییەکی شۆڕش کە لە لای ئەوان هەبوایە ئەوا دەیانبەخشیە شۆڕش، هەروەک عەبدوڵڵا پشدەری دەنووسێت: "کاتێک کە لە ساڵی ١٩٦٢ بارزانی ڕووی کردە ناوچەی باڵەکایەتی، هەموو دانیشتوانی ئەم ناوچەیە بەرەو پیری بارزانی هاتن و هەموو جۆرە یارمەتیەکی خۆیان لە پێناوی سەرخستنی شۆڕشەکەدا ڕاگەیاندو هەرچی پێداویستیەکانی ئەو لەشکرەی بارزانی هەبوو هەر لە خواردن و چەک و فیشەک و گواستنەوەی کەلووپەل بە وەڵاغ، هەموویان خستە سەر شانی خۆیان"[٢].

سەرەڕای ئەم هەڵوێستەی خەڵکی ناوچەی باڵەکایەتی لە ئامادەییان بۆ هاوکاریکردنی شۆڕش، بەڵام خورشید شێرە باس لەوە دەکات کە لە ساڵی ١٩٦٢ کاتێک لە ناوچەی باڵەکایەتی بوون بارودۆخیان خراپبووە و بە هێزێک نەبوایە نەیاندەتوانی بچنە گوندێک؛ چونکە خەڵکی ناوچەکە زۆربەی هەرەزۆریان بەکرێگیراوی حکومەت بوونە و بەزەحمەت توانیویانە خواردن پەیدا بکەن[٣].

باسکردنی ئەوەی کە خەڵکی ئەم ناوچەیە هاوکاریی شۆڕشیان نەکردووە، جگە لەم سەرچاوەیە، هیچ سەرچاوەیەکی نووسراو یاخود ئەوانەی کە دیمانەمان لەگەڵدا ئەنجامداوە باس نەکراوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە زۆر باس لە ڕۆڵی باشی خەڵکی ئەم ناوچەیە کراوە لە شۆڕشدا، بەتایبەتی لە دابینکردنی خواردن بۆ هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکەدا، هیچ سەرچاوەیەکیش باس لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی پێشمەرگە ناکات لەگەڵ گوندنشینانی ناوچەکە، لە لایەکی ترەوە لە ساڵی ١٩٦٢ شۆڕش بۆ دابینکردنی خواردن هیچ سەرچاوەیەکی نەبووە، جگە لە هاوکارییەکانی گوندنشینان بۆ هێزی پێشمەرگە وەک پێشتر باسمان کرد.

خەڵکی ناوچەکەش پێیانوایە ئەوان خۆیان خواردنیان بۆ هێزی پێشمەرگە کۆکردۆتەوە و خۆشیان بۆیان بردوونەتە بەرەکانی شەڕ[٤]، بۆ نموونە عصمت قادر ئەسعەد دەڵێ: "من لە چیای حەساری سەکران لای مستەفا ئاغای وەڵاش بووم، حاجی ئیبراهیم سۆفی هات بە مستەفا ئاغای وت دەبی بەیانی

---

(١) مستەفا نێروەیی، س.پ، ل١٨٦.

(٢) پاشکۆی یاداشتەکانم، ل٨؛ عەبدوڵڵا ئاغای پشدەری، بیرەوەریەکانم لە باڵەکایەتی، گۆڤاری باڵەک، ژمارە (١)، چۆمان، ئایاری٢٠٠٨، ل٢١.

(٣) س.پ، ل٥٣.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەسەن قادر حەمەد، ناسراو بە مەلا حەسەنی مژدەینان، ٢٠١٦/٩/٣، چۆمان؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولرەحمان ڕەسول عومەر، ناسراو بە عەبدولرەحمان مەلا ڕەسول، ٢٠١٦/١١/٢٣، چۆمان؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عالی حوسێن حەمەدەمین ناسراو بە حاجی عالی، ٢٠١٦/٨/١٨، گوندی ئاشی بێکۆر لە دۆڵی ڕوست.

نان و خواردن لە ڕەوەندەکان و ماڵەکان کۆبکەینەوە بۆ هێزەکەی (مەحموود کاوانی) و بۆیان ببەین، بۆ بەیانیش نان و خواردن کۆکرایەوە"[١]. خورشید شێرەش جێگری مەحموود کاوانی بووە لەو کاتەدا[٢].

یاخود عەزیز سوار حوسێن دەڵێ: "خەڵکی ناوچەی باڵەکایەتی زۆر هاوکاریان دەکردین و بە خۆشی خۆیان خواردنیان پێ دەدایین، هاوکاریان دەکردین وەک ئەوەی بڵێی ئێمە لە یاری ئەوانین، بۆیەش باڵەکایەتی لە هەموو شوێنێکی تر بۆ پێشمەرگە بێ کێشەتر بوو و خەڵکەکەی ڕۆڵی دیاریان هەبوو لە بەردەوامیدان بە شۆڕش"[٣].

یاخود (حەمید ئەفەندی) دەڵێ: "خەڵکی باڵەکایەتی بە هەموو شێوەیەک یارمەتییان دەدایین، ئەگەر یەک نانیان هەبوایە دەیاندایە ئێمەی پێشمەرگە"[٤].

پێمانوایە ئەم ڕایەی (خورشید شێرە) زیاتر گومان بووە لە خەڵکی ناوچەکە بەوەی کە بچنە گوندەکان هاوکاریان نەکەن؛ چونکە خورشید شێرە خۆی دەڵێت: "سەردانی هیچ گوندێکمان نەکرد بۆ هێنانی خواردن و هیچ جارێک نەبوو بچینە گوندێک و هاوکاریمان نەکەن، بەڵام لە ترسی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گوندنشینان نەدەچووینە گوندەکان، بەڵام هەندێک جار لە ڕێگای پێشمەرگەکانمانەوە لە گوندەکانی دۆڵی ڕۆست خواردنمان بۆ دەهات"[٥].

سەبارەت بەوەی کە خەڵکی ناوچەی باڵەکایەتی زۆرینەیان بەکرێگیراو بوون، وەک خورشید شێرە باسی دەکات[٦]، ئەوا دەڵێین دوای شکستی ڕاپەڕینەکەی خەڵکی باڵەکایەتی دژی هێزەکانی میری لە ناوچەکەیان، بەشێک لە خەڵکی ناوچەکە چەکی حکومەتیان وەرگرتووە، بەڵام شەڕی پێشمەرگەیان نەکردووە، بەڵکوو هەر بەو تەقەمەنییەی کە حکومەت پێی داون هاوکاریی پێشمەرگەیان کردووە[٧].

کاتێکیش مەلا مستەفای بارزانی گەیشتە ناوچەکە، ئەوانەی چەکی حکومەتیان وەرگرتبوو و چووبوونە پاڵ حکومەت شەڕی هێزی پێشمەرگەیان نەکردووە، هەروەک مەسعود بارزانی دەنووسێت: "بەشێکی کەمی خەڵکی خێڵەکانی ناوچەی باڵەک وەک تاخمەکەی مستەفا ئاغای وەلاش و چەند کەسێکی تر ئەوەیان بە باشتر زانیبوو بچنە پاڵ حکومەت، بەڵام هیچ کام لەمانە بەرەوڕووی ئێمە

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ عصمت قادر ئەسعەد، ٢٠١٦/١٢/٥، هەولیر.

(٢) خورشید شێرە، س.پ، ل٥٠.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەزیز سوار حوسێن، ٢٠١٦/١٢/٢١، سۆران.ناوبراو یەکێک بووە لەو پێشمەرگانەی کە لە ساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ بارزانی هاتۆتە ناوچەی باڵەکایەتی.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمید حوسێن محەمەد ناسراو بە حەمید ئەفەندی، ٢٠١٧/١/٥، هەولێر.

(٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ خورشید سەلیم شێرە، ٢٠١٧/١/٥، هەولێر.

(٦) خورشید شێرە، س.پ، ل٥٣.

(٧) بڕوانە تەوەری دووەمی بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیە.

نەوەستان و ڕێیان بە هێزەکانمان نەگرت و بەشی هەرە زۆریان هاتنە پاڵ شۆڕش و ئەوانی تریان گەڕانەوە سەر ئیش و کاری ڕۆژانەی خۆیان"[1].

## ب/ ڕۆڵی خەڵکی باڵەکایەتی وەک پێشمەرگە

سەبارەت بە ڕۆڵی خەڵکی ناوچەی باڵەکایەتی لە کاری پێشمەرگایەتی و بەشدارییان لە شەڕەکاندا لە دژی هێزەکانی میری، خەڵکی ئەم ناوچەیە هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول، دەستیانداوەتە چەک و بەشداریی کارایان لە شەڕەکاندا هەبووە، بەشێوەیەک توانیویانە بەر لە دەستپێکردنی شۆڕش ڕاپەڕینێک لە دژی هێزەکانی میری لە ناوچەکەیان ئەنجامبدەن و زۆرینەی ناوچەکەیان ئازاد بکەن[2].

دوای شکستی ڕاپەڕینەکەشیان ئەوانەی بڕیاریاندا شەڕ لە دژی هێزەکانی میری بکەن دەچنە ناوچەی پشدەر، لەم ناوچەیە بەشداریی چەندین شەڕیان کرد، بۆ نموونە هێزێکی ناوچەکە لە ساڵی ١٩٦١ بەشداریی شەڕی (چوارتا)یان کرد، هەر لەو شەڕەدا سێ کەسی ناوچەی باڵەکایەتی بە ناوەکانی ( ئیسماعیل حوسێن، حوسێن وەستا حوسێن و شێخە بنزێری) دەستگیرکران، ساڵی ١٩٦٣ ئازادکران، جگە لەم شەڕە خەڵکی ناوچەکە بەشداریی چەند شەڕێکی تریشیان کردووە لە ماوەی مانەوەیان لە ناوچەی پشدەر[3].

لە دروستکردنی یەکەمین ڕێکخستنی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان کە لە کۆبوونەوەی (عەودالان) لە ٢٥ــ٢٩ کانوونی یەکەمی ١٩٦١ بڕیاری لێدرابوو، لە ١ی کانوونی دووەمی ١٩٦٢ ئەم ڕێکخستنە سەربازییە دروستکرا، خەڵکی باڵەکایەتی ڕۆڵیان تێدا هەبووە، بۆ نموونە لە یەکەمین ڕێکخستنی لەشکری شۆڕشگێڕیی کوردستان دوو (لقی سەربازی) دروستکران، کە هەر (لقێکی سەربازی لە سێ پەل)[4] پێکدەهات، مەلا تەهای شێخوەتمانی بووە بە یاریدەدەری سەرلق، ئەم دوولقەی پێشمەرگە سنوورێکی دیاریکراویان نەبووە لە چالاکییەکانیان، بەڵکوو بەپێی پێویست لە ناوچەیەکەوە

---

(1) بارزانی و......١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٧٦-٧٧.

(2) بۆ زیاتر زانیاری لەمەڕ ڕاپەڕینی باڵەکایەتی لە ئەیلوولی ١٩٦١ بڕوانە تەوەری یەکەم و دووەمی بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیە.

(3) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد ئیبراهیم ئەحمەد گەلاڵی، ٢٠١٧/٢/١، سۆران.ناوبراو خۆی یەکێک بووە لەو پێشمەرگانەی باڵەکایەتی کە بەشداری ئەم شەڕانەی کردووە.

(4) لقی سەربازی پێکهاتبوولە (٣)پەل، ١٥٠-٣٠٠ پێشمەرگە دەبوون، لەگەڵ سەر لق و یاریدەدەری سەر لق و ڕابەری سیاسی و لێپرسراوی ئیداری، پەل پێکهاتبوو لە ٣ دەستە ٣٥-٥٠ پێشمەرگە دەبوون لەگەڵ سەرپەل و یاریدەدەری سەرپەل و ڕابەری سیاسی و لێپرسراوی ئیداری پەل، دەستە پێکهاتبوو لە ١٠-١٥ پێشمەرگە و فەرماندەکەیان سەردەستە: کاوس قفطان، م.س، ص١٧٨؛ ئیبراهیم جەلال، س.پ، ل٧٨.

چوونەتە ناوچەیەکی تر، ئەم جۆرە دابەشکردنە سەربازییە سەرەتا تەنها لە ناوچەی سۆران پەیڕەو کراوە[١].

کاتێکیش بارزانی گەیشتە ناوچەی باڵەکایەتی ئەو پێشمەرگانەی ناوچەکە کە چووبوونە شاخ لە سەرەتای شۆڕش وەک پێشتر باسمان کرد هاتنە پاڵ هێزەکەی بارزانی و ئەرک و بەرپرسیاریەتییان لە شۆڕشدا پێسپێردرا[٢].

هەر لە سەرەتای هاتنی هێزی پێشمەرگە بەسەرکردایەتیی مەلا مستەفای بارزانی بۆ باڵەکایەتی، خەڵکی ناوچەکە هاوکاریی باشی هێزی پێشمەرگەیان کردووە و خۆشیان بەشداربوونە لە ئازادکردنی تەواوی ناوچەی باڵەکایەتی[٣]، لە گەمارۆدانی مەخفەری ڕایاتیش کە ٣٨ ڕۆژی خایاند وەک پێشتر باسمان کرد، خەڵکی ناوچەکە بەشدارییێکی چالاکانەیان لە گەمارۆدانەکەدا کردووە، تاکو خۆبەدەستەوەدانی مەخفەرەکە[٤].

هێزێکی عەشاییری باڵەکایەتی بە سەرکردایەتیی مینەی عەلی ئاغای ڕایاتی لە پردی بەرسیرین بوون لەسەر ڕێگای هامڵتۆن، بە مەبەستی ڕێگریکردن لە هەر هێرشێکی هێزەکانی حکومەت کە بیانەوێ بیکەن بە مەبەستی گرتنەوەی ناوچەکە[٥].

هێزێکی تری ناوچەکە بەسەرکردایەتیی (عەلی کۆ حاجی ئۆمەرانی)[٦] کە نزیکەی ٣٠ پێشمەرگە دەبوون لە وارەکۆن بوون لە نزیک ڕێگای هامڵتۆن[٧].

---

(١) هاوکار کریم حمە شریف، س.پ، ل٩١-٩٢.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەسەن قادر حەمەد، ناسراو بە مەلا حەسەنی مژدەینان، ٢٠١٦/٩/٣، چۆمان .

(٣) عەبدوڵڵا ئەحمەد ڕەسول پشدەری، پاشکۆی یاداشتەکانم ، ل٨.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەزیز سوار حوسێن، ٢٠١٦/١٢/٢١، سۆران؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد نەبی نەبی ناسراو بە (شێخ ئەحمەد نەبی)،٢٠١٦/٧/١٠، گوندی ئاشی بڕەگوێز-چۆمان، چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمید حوسێن محەمەد ناسراو بە حەمید ئەفەندی، ٢٠١٧/١/٥، هەولێر.

(٥) حاجی ئەحمەد محەمەد عەلی ئاغای جندیانی( ئەحمەد دیاب )، س.پ، ل٤٢؛ عەبدوڵڵا ئەحمەد ڕەسول پشدەری، بەشی دووەم لە یاداشتەکانم، ل١٣٠.

(٦) عەلی نەبی مەحمود، ناسراو بە عەلی کۆ حاجی ئۆمەرانی، ساڵی ١٩٢٦ لەدایک بووە، سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول بووەتە پێشمەرگە و بەشداری ڕاپەڕینی خەڵکی باڵەکایەتی کردووە لە دژی هێزەکانی میری لە ناوچەکەدا، لە شۆڕشی ئەیلوول پلەی سەر لق بووە لە هێزی باڵەک، بەشداری زۆربەی شەڕەکانی بەرەی باڵەکی کردووە، ساڵی ١٩٧٢ کراوە بە بەرپرسی سنووری لە حاجی ئۆمەران، دوای نسکۆ ئاوارەی ئێران بووە، لە سەرەتای شۆڕشی گوڵان بەشداری کردووە، لە ١٩٩٧/٦/١١ کۆچی دوایی کردووە.چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد عەلی نەبی، ٢٠١٧/٢/٧، هەولێر.ناوبراو کوڕی عەلی کۆ حاجی ئۆمەرانیە.

(٧) حاجی ئەحمەد محەمەد عەلی ئاغای جندیانی( ئەحمەد دیاب )، س.پ، ل٤٢.

هێزێکی ناوچەکەش بەسەرکردایەتیی (مەلا تەهای شێخوەتمان) لە دۆڵی ڕوست و دواتریش لە (سەری بەردی)[١]بوون، هەر لە بەرەی سەری بەردی هێزێکی تری ناوچەکە بە سەرکردایەتیی( سلێمان نەبی حاجی ئۆمەرانی) هەبووە[٢].

لە دۆڵی ڕوستیش کاتێک مەلا مستەفای بارزانی گەیشتە ناوچەی باڵەکایەتی، نوێنەری خۆیناردە لای میرەکانی ڕوست و داوای ئامادەیی و یارمەتیدانی شۆڕشی لێکردن، ئەوانیش ئامادەیی خۆیان دەردەبڕن بۆ پشتیوانی لە شۆڕش، میرانی ڕوست ٦٠ پێشمەرگە بەچەکەوە ئامادە دەکەن لە چیای حەسارە ڕوست و گەروەزین لە باکوور و باکووری خۆرئاوای ڕوست بۆ بەرپەرچی هێزی جاش و سەربازەکان دامەزرێنران، بەهۆی ڕۆڵی خەڵکی دۆڵی ڕوست لە شۆڕش لەو کاتانەدا ڕێکخراوی زۆزکی پارتی لەم ناوچەیەدا کرایەوە و (حوسێن میر سادق)[٣] دەبێتە بەرپرسی ڕێکخراوەکە، ئەم ڕێکخراوە ڕۆڵی دیاری هەبوو لە هاندانی خەڵکی ناوچەکە بۆ پشتگیریکردنی شۆڕش[٤].

لە ساڵی ١٩٦٣ لقێکی سەربازی بۆ کۆمەڵێک پێشمەرگەی باڵەکایەتی کرایەوە، بەرپرسی لق (حاجی ئەبابەکر دەربەندی) بوو و یاریدەدەرەکەشی (مەلا حەسەن مزدەینی) بوو و بەشداریی چەندین شەڕیانیانکرد[٥].

هەریەک لەو هێزانەی باسمانکردن ڕۆڵی دیاریان هەبووە و بەشداریی چەندین چالاکییان کردووە، بۆ نموونە لەو هێرشەی کەوا لە ٦ی تشرینی دووەمی ١٩٦٢ هێزەکانی سوپای میری کە پێکهاتبوون لە دوو جحفل لیوا و ژمارەیەکی زۆری بەکرێگیراو بە پشتیوانیی تۆپ و فڕۆکە کردیانە سەر بەرەی سەری بەردی هێزێکی ناوچەی باڵەکایەتی بە سەرکردایەتیی مەلا تەهای شێخوەتمان و سلێمان نەبی و هێزێکی پشدەریان لەم بەرەیە بوون، بەڵام لەپێش ڕوودانی شەڕەکە هێزی پشدەرییەکان ئەم بەرەیان جێهێشت

---

(١) بەرەی شەڕی سەری بەردی بەرەیەکی زۆر ستراتیجی بووە؛ چونکە شوێنەکەی بەرزاییەک بوو دەکەوتە نێوان ڕواندز و سیدەکان و باڵەکایەتی.بڕوانە: عەبدوڵڵا ئەحمەد ڕەسول پشدەری، بەشی دووەم لە یاداشتەکانم، ل٩١.

(٢) هـ.س، ل٩٠-٩٩.

(٣) حوسێن سادق سەعید، ناسراو بە حوسێن میر سادق، ساڵی ١٩١٨ لە گوندی ڕۆستی ناوچەی باڵەکایەتی لەدایک بووە، تاوەکو پۆلی سێی ناوەندی خوێندووە، دواتر بووە بە سەرباز لە هێزی لیڤی لە حەبانیە، دواتر هەر وەک سەبازی لیڤی چووەتە میسر و پاشان یۆنان، لە ساڵانی چلەکان دەگەڕێتەوە ڕۆست، چەند زمانێکی زانیوە، بەشداری شۆڕشی ئەیلوولی کردووە تاوەکو نسکۆی شۆڕش بەردەوام بووە، ساڵی ٢٠٠٣ کۆچی دوایی کردووە.چاوپێکەوتن لەگەڵ نیعمەت سادق سەعید، ٢٠١٦/١٢/١٢، هەولێر.ناوبراو برای حوسێن میر سادقە.

(٤) محەمەد حوسێن میر سادق، ڕۆڵی گوندی ڕوست لە شۆڕشی ئەیلول و نوێدا، هەفتەنامەی هەڵگۆرد، ژمارە (٢٧)، ١٧-١١-٢٠٠٧ ، ل٩؛ نادر ڕوستی، گوندی کوردیی و گۆڕان لە پیشەدا- گوندی ڕوست وەک نموونە، لە بڵاوکراوەکانی ئینستیتیوتی کەلەپوری کورد، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٤٦-٤٧؛ حاجی خەلیل دەرگەڵەیی، س.پ، ل٨١.

(٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەسەن قادر حەمەد، ناسراو بە مەلا حەسەنی مزدەینان، ٢٠١٦/٩/٣، چۆمان.

و گەڕانەوە پشدەر، ئەمەش بووە هۆی ناڕەزایی مەلا مستەفای بارزانی، بەڵام بارزانی هێزێکی تری بۆ پشتیوانی هێزەکەی باڵەکایەتی نارده سەری بەردی، توانرا پەلامارەکە شکستی پێبهێنرێت[١].

هەر لە بەرەی شەڕ لە دژی بەکرێگیراوان (جاش) لە ناوچەی دۆڵی ڕوست و برادۆست هێزێکی باڵەکایەتی بەسەرکردایەتیی (حاجی خادیم گەلاڵی)[٢] توانییان (چیای ڕەش)[٣] بگرن[٤].

لەو هێرشەی کە لە شەوی ١٠/٩ی تەموزی ١٩٦٢ کرایە سەر حەساری ڕوست بە ئاراستەی گوندی ڕوست و ناوچەی باڵەکایەتی، هێزێکی پێشمەرگە ڕووبەڕوویان بوونەتەوە، لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا هێزێکی ناوچەی باڵەکایەتی بە سەرکردایەتیی قادر ئاغای ڕوستێ بەشدار بووە لە دژی بەکرێگیراوان، بەڵام دوای ئەوەی هێزی بەکرێگیراوان توانییان گوندی ڕوستێ بگرنەوە، ماڵی قادر ئاغای ڕوستێیان سوتاند[٥]

بەهۆی ئەو پشتیوانی و بەشدارییە زۆرەی دانیشتوانی گوندی ڕوست و دەورووبەری لە شۆڕشی ئەیلوول کردیان، هێزەکانی حکومەت هەرجارێک کە گەیشتوون بە ناوچەکە وەک تۆڵە کردنەوە دانیشتوانی ناوچەکەیان زۆر ئازار داوە، بۆ نموونە لە ٢٨ تەموزی ١٩٦٢ هێزی بەکرێگیراوان دوای کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە دۆڵی ڕوست و دەوروبەری، جارێکیتر گەیشتنەوە گوندی ڕوست و چەند ماڵێکیان لە ماڵی میرانی ڕوست سوتاند و هێرشیانکردەسەر دانیشتوانی ناوچەکە، لە ئەنجامدا وەستا (خدر ئەحمەد مستەفا)[٦]

---

(١) عەبدوڵڵا ئەحمەد ڕەسول پشدەری، بەشی دووەم لە یاداشتەکانم، ل١٢٦،٩٠،٩٩-١٢٧؛ چاوپێکەوتنێکی ئیسماعیل گوندەژۆری لەگەڵ مەلا تەهای شیخ وەتمان، تۆمارێکی دەنگیە لای ئیسماعیل گوندەژۆری پارێزراوە.

(٢) حەسەن وەستا حوسێن، ناسراو بە حاجی خادیم گەلاڵی، ساڵی ١٩٣٤ لە گەلاڵەی ناوچەی باڵەکایەتی لەدایک بووە، تاکو پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لە گەلاڵە خوێندویەتی، لە ڕاپەڕینی خەڵکی باڵەکایەتی ساڵی ١٩٦١ بەشدار بووە لە دژی هێزەکانی میری لە ناوچەی باڵەکایەتی، لەبەر خزمەتکردنی زۆری بۆ خەڵکی لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول نازناوی (خادم الفقراء) بووە، لە ماوەی شۆڕش ئەندامی لیژنەی ناوچەی باڵەکی پارتی بووە، لە زۆربەی شەڕەکانی بەرەی باڵەک بەشدار بووە، لە دوای شۆڕش بەردەوام لەژێر چاودێریدا بووە، لە ٢٠٠٢/٣/١٦ کۆچی دوایی کردووە.چاوپێکەوتن لەگەڵ یاسین حەسەن وەستا، ٢٠١٧/١/٢٤، هەولێر.ناوبراو کوڕی حاجی خادیم گەلاڵیە.

(٣) چیایەکە دەکەوێتە نێوان گەلاڵە و دۆڵی ڕۆست لە ناوچەی باڵەکایەتی.

(٤) چاوپێکەوتنێکی ئیسماعیل گوندەژۆری لەگەڵ مەلا تەهای شیخ وەتمان، تۆمارێکی دەنگیە لای ئیسماعیل گوندەژۆری پارێزراوە.

(٥) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٦)؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عصمت قادر ئەسعەد، ٢٠١٦/١٢/٥، هەولێر.

(٦) خدر ئەحمەد مستەفا، ناسراو بە وەستا خدری چەخماخساز، لە ساڵی ١٩٢٩ لە گوندی ڕوستی ناوچەی باڵەکایەتی لەدایک بووە، هەر لە منالیەوە بەردەستی باوکی دەکات لە کاری چەخماخسازی، لە ماوەی خزمەتی سەربازی لە ساڵی ١٩٥٨ لە بەشی دروستکراوە سەربازیەکان کار دەکات، هەر لەو کاتە بەشداری پێشانگایەکی سەربازی دەکات و ڕەشاشێک و مەسینەیەک دروست دەکات، دەتوانێ لەم پیشانگایە پلەی یەکەم بەدەستبهێنێت، مەسینەکەی دەدەنەوە و ئێستا لە لای کەسوکارەکەی پارێزراوە، بەڵام ڕەشاشەکەی نادەنەوە، دوای تەواو کردنی خزمەتی سەربازی دەگەڕێتەوە گوندەکەی، هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول پەیوەندی بە شۆڕشەوە دەکات و دەبێتە چەخماخسازێکی بەتوانا، بە سەدان پارچە چەکی پێشمەرگەکانی چاک کردۆتەوە بە گۆڕینی لوولەو دار و

بووە قوربانی، کە وەستایەکی (چەخماخساز)[١]ی بەتوانای شۆڕش بوو[٢].

سەبارەت بە چالاکییە سەربازییەکانی ئەو لقە سەربازیەی لە ساڵی ١٩٦٣ بۆ بەشێک لە پێشمەرگەکانی باڵەکایەتی کرایەوە کە پێشتر باسمان کرد، ئەوا پێشمەرگەکانی سەر بەم لقە توانیویانە چەندین چالاکی ئەنجام بدەن، بۆ نموونە هێزێکی باڵەکایەتی بە سەرکردایەتیی عبابکر کەریم لە نزیک ڕواندز لە گوندی زێوە جێگیر کرابوون، لەگەڵ هێزێکی شیوعیەکان و هێزێکی وەهاب ئاغای جوندیان، ئەم هێزەی باڵەکایەتی لەگەڵ هێزەکانی تر توانیویانە لەم بەرەیە چەندین چالاکی ئەنجامبدەن[٣].

لە گرنگترین چالاکییەکانی ئەم لقە، لە ساڵی ١٩٦٣ بەشدارییان کردووە لە شەڕەکانی زۆزک و هەندرێن، هەروەها توانیویانە دەستبگرن بەسەر چەند مێگەلە مەڕێکی بەکرێگیراوان و ناردنیان بۆ گەلاڵە، یەکێکی تر لە چالاکییەکانیان لێدانی چەند بنکەیەکی بەکرێگیراوان بووە لە باپشتیان کە توانیویانە دەست بەسەر ڕەبیەکاندا بگرن و چەک و خواردنی زۆر دابین بکەن و چەند بەکرێگیراوێک دەستگیربکەن دواتر ناردوویانن بۆ لای بارزانی لەگەلاڵە، چالاکییەکی تریان ئەوە بووە توانیویانە هێرش بکەنە سەر شاری ڕواندز و بنکەی بەریدی شارەکە کە بۆ پێشمەرگەکانی باڵەکایەتی دیاریکرابوو دەستی بەسەرداگیرا[٤]، هێرشێکیشیان ئەنجامداوە بۆسەر بنکەکانی سوپای عێراق لە دەشتە دیانا و توانیویانە سێ بنکەی سوپای عێراقی بگرن[٥].

---

کەلوپەلەکانی چەک، دەزگایەکی دروستکردووە بۆ گۆڕینی فیشەکی ئینگلیزی بۆ تفەنگی جامبێزار لەبەر کەمی فیشەکی جامبێزار، لە ١٩٦٢/٧/٢٨ لە کاتی هێرشی سوپاو بەکرێگیراوان بۆ سەر گوندی ڕوست ناوبراو دەستگیر دەکرێت و دواتر شەهیدی دەکەن: هەفتەنامەی هەڵگۆرد، ژمارە(٨)، ٢٠٠٦/٧/٦، ل٦.

([١]) چەخماخساز: ناوی پیشەیەکە بۆ ئەو کەسانە بەکاردێت کە تفەنگ یا دەمانچە دروست دەکەن یان کاری چاکردنەوەی چەک ئەنجام دەدەن، یاخود کاری دروستکردنی باروت و داڕشتنی گوللە لە قاڵبدا و پڕکردنەوەی فیشەکیان کردووە: عەبدولرەقیب یوسف، پەیدابوون و دروستکردنی چەکی ئاگردار لە کوردستان، چاپخانەی شڤان، (سلێمانی، ٢٠٠٤)، ل٥٩.

([٢]) محەمەد حوسێن میر صادق، س.پ.ل٩؛ نادر ڕوستی، گوندی کوردی و......، ل٤٧.

([٣]) زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، بیرەوەریەکانم ......، ل٣٨٠-٣٨١.

([٤]) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەسەن قادر حەمەد، ناسراو بە مەلا حەسەنی مژدەینان، ٢٠١٦/٩/٣، چۆمان؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد ئیبراهیم ئەحمەد گەلاڵی، ٢٠١٧/٢/١، سۆران.

([٥]) حاجی ئەحمەد محەمەد عەلی ئاغای جندیانی( ئەحمەد دیاب )، س.پ، ل٤٢.

چەند پێشمەرگەیەکی باڵەکایەتی بەسەرکردایەتیی (مامەند ئاغای دێڵزێ)[1] بەشدارییان لە شەڕی (سپیلک)[2] دا کردووە لە مانگی تەموزی ١٩٦٣[3]، هەروەها لە هاوینی ساڵی ١٩٦٣ چەند پێشمەرگەیەکی ناوچەی باڵەکایەتی بە سەرکردایەتیی مەلا تەهای شێخوەتمان ڕووبەڕووی هێزێکی عێراقی بوونەتەوە لە قەڵاتە سوور لە نزیک هەریر، شەڕێکی سەخت و گران لە نێوان هەردوولا ڕوویداوە[4].

کاتێک مەلا مستەفای بارزانی گەڕایەوە ناوچەی بارزان بە مەبەستی ڕێگریکردن لە هێرشی سوپا بۆ سەر بارزان، حکومەت هێرشی زۆری هێناوە بۆ ناوچەی باڵەکایەتی، هەر لەو کاتەدا سەرکردەکانی بەکرێگیراوان و سوپا چەند نامەیەکیان بۆ چەند کەسێکی باڵەکایەتی نارد بۆ ئەوەی پەشیمانیان بکەنەوە لە پشتیوانیکردنی شۆڕش، بەڵام بێسوود بووە، لە بەرانبەردا هەریەکە لە ( قادر ئاغای ڕوستێ، خدر ئاغای بێشێ، مەلا تەهای شێخوەتمان و حاجی ئەبابەکر دەربەندی) سەرکردایەتیی چەندان پێشمەرگەیان کردووە و ڕۆڵی دیاریان لە شەڕەکانی ساڵی ١٩٦٣ دا هەبووە[5].

---

(١) مامەند ڕەسول مستەفا، ناسراو بە مامەند ئاغای دێڵزێ، ساڵی ١٩٠٧ لە گوندی دێڵزێ لە ناوچەی باڵەکایەتی لەدایک بووە، ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف بووە، لە سەرەتای پەنجاکان بووە بە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول بووە بە پێشمەرگە و بەشداری ڕاپەڕینی باڵەکایەتی کردووە لە مانگی ئەیلوولی ١٩٦١، لە شۆڕش پلەی سەرپەل بووە، بەشداری لە زۆربەی شەڕەکانی بەرەی باڵەکدا کردووە، لە ساڵی ١٩٧٤ لە چیای زۆزک بریندار بووە، ساڵی ١٩٧٥ خۆی و سێ کوڕی دوورخراونەتەوە بۆ قەزای شامیە لە پارێزگای نەجەف، هەر لە نەجەف کوڕێکی دەستگیر کراوە و لەسێدارە دراوە، دوای گەڕانەوەی لە ساڵی ١٩٧٧ بەشداری شۆڕشی گوڵانی کردووە، ساڵی ١٩٨٨ کۆچی دوایی کردووە.چاوپێکەوتن لەگەڵ حوسێن مامەند ڕەسول، ٢٠١٦/١١/٢٤، چۆمان.ناوبراو کوڕی مامەند ئاغای دێڵزێیە.

(٢) شوێنێکی بەرزە لەچاو دەوروبەری، دەڕوانێتە سەر دەشتی هەریر، دەکەوێتە نێوان هەریر و خەلیفان، لەسەر ڕێگای هاملتۆن.

(٣) شێرزاد عبدالرحمان، ژیان و بەرخودان- عزەت سلێمان بەگ.....چەند لاپەڕەیەکی شاراوە لە شۆڕشی مەهاباد و ئەیلوولی مەزن، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی برایەتی، چاپخانەی دهۆک، (دهۆک، ١٩٩٥)، ل٤١.

(٤) ممدوح سليم مزوری، س.پ، ل٣٤٩؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد ئیبراهیم ئەحمەد گەلاڵی، ٢٠١٧/٢/١، سۆران.ناوبراو خۆی بەشداری ئەم شەرەی کردووە.

(٥) بڕوانە: كافی محمد النبوی، م.س، ص١٦٤-١٨٢.

پێشمەرگەکانی ناوچەی باڵەکایەتی هاوشانی چەند یەکەیەکی تری پێشمەرگە بە سەرکردایەتیی (عەقید کافی نەبەوی)[1] لە ساڵی ١٩٦٣ بەشداریی کارایان هەبووە لە گرتنەوەی چیاکانی هەندرێن و زۆزک و حەسەن بەگ، کە هەر لەو ساڵەدا حکومەت توانیبووی دەستی بەسەردا بگرێتەوە[2].

کاتێکیش سوپای عێراقی هێرشی بۆ سەر چیای هەندرێن کرد و بەشێکی چیاکەی گرت، لەسەر فەرمانی ئیدریس بارزانی لقێکی سەربازی بە سەرکردایەتیی( سەید عەبدوڵڵا حاجی ئۆمەرانی)[3] کە زۆربەی پێشمەرگەکانی خەڵکی ناوچەی باڵەکایەتی بوون، چونە چیای زۆزک و هێرشیانکردە سەر هێزە عێراقییەکان، ئەم لقە سەربازییە تاکو ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ لە چیای زۆزک مایەوە و بەشداریی تەواوی شەڕەکانی ئەم بەرەیە بوون[4].

لە شەڕی چیای کۆڕەکیش لە ساڵی ١٩٧٤ پۆلێک پێشمەرگەی باڵەکایەتی بەشداریی ئەم شەڕەیان کردووە، هەر لەم شەڕەشدا سێ پێشمەرگەی خەڵکی ناوچەی باڵەکایەتی بە ناوەکانی (سەعید حاجی

---

(١) کافی محمد النبوی، ساڵی ١٩٢٤ لە هەولێر لەدایک بووە، دەرچووی کۆلێژی سەربازیە لە ساڵی ١٩٤٧بە پلەی ملازم، ساڵی ١٩٤٨ بەشداری شەڕی فەلەستینی کردووە، چەندین پلەی سەربازی وەرگرتووە وەک ئامر لیوای پیادەی سێیەم و سەرۆکی ئەرکانی فرقەی یەک، لەدوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ هاتۆتە ڕیزی شۆڕشی ئەیلول، ساڵی ١٩٦٣ بووە بە ئامر هێزی باڵەک، ساڵی ١٩٦٥ گەڕاوەتە بەغدا.بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: هـ.س.

(٢) مسعود بارزانی لەم بارەیەوە دەڵێت: ( لە ڕۆژی ١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ بارزانی لە بارزانەوە گەیشتەوە گوندی گەزنە لە باڵەکایەتی، پێش گەیشتنیان بە گوند عقید کافی نەبەوی و فرەنسۆ هەریری هاتنە پێشوازیمان و ڕاپۆرتێکیان لەبارەی بارودۆخی ناوچەکە و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لەم بەرەیەدا لە کاتی سەختبوونی شەڕ لە ناوچەی بارزان، دایە بارزانی، بارزانیش زۆر دڵخۆش بوو بە گرتنەوەی چیاکانی هەندرێن و زۆزک و حەسەن بەگ، عەقید کافی نەبەوی ئەم ئەرکەی هێنابوە دی بە هاوکاری جەنگاوەرانی ناوچەی باڵەک و هێزێکی سرێشمەییان و هێزەکانی عیزەتی سلێمان بەگی دەرگەڵەیی و چەند پەلێکی حزبی شیوعی، لەپاش شەرێکی سەختی سێ ڕۆژە ئەم شوێنانە ئازاد کرابوونەوە.بارزانی و......١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل٧٥.

(٣) عەبدوڵڵا محمد عەلی، ناسراو بە سەید عەبدوڵڵا حاجی ئۆمەرانی، ناوبراو لە ساڵی ١٩٣٦ لە گوندی حاجی ئۆمەران لەدایک بووە، لە تەمەنی ٧ ساڵی دەستی کردووە بە قورئان خوێندن، ساڵی ١٩٥٩ بوەتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول بووەتە پێشمەرگە و تاکو نسکۆی شۆڕش بەردەوام بووە، دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە شۆڕشی ئەیلوول سەر لق بووە لە هێزی باڵەک، لە دوای نسکۆ خۆی و خانەوادەکەی دوورخراونەتەوە بۆ خوارووی عێراق، دوای ماوەیەک هاتوونەتەوە حاجی ئۆمەران، لە شەوی ٢٤/٢٥-٥-١٩٧٦ یەکەم شەوی دەستپێکردنی شۆڕشی گوڵان بەشداری لەم شۆڕشەدا کردووە، لە شەوی ٢٥/٢٦-٥-١٩٧٦ لە نزیک حاجی ئۆمەران لە شەڕێکدا دەبێتە قوربانی و دەبێتە یەکەم شەهیدی شۆڕشی گوڵان.بڕوانە: مەلا شێم حەمەدی حاجی ئۆمەرانی، سەرەتای شۆڕشی نوێی ساڵی ١٩٧٦ چۆن دەستی پێکرد، پێداچوونەوە و دووبارە داڕشتنەوەی مومتاز حەیدەری، چ٢، چاپخانەی حاجی هاشم، (هەولێر، ٢٠١٣)، ل٦٢-٦٣.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ حوسێن مامەند ڕەسول، ٢٠١٦/١١/٢٤، چۆمان.ناوبراو خۆی یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی ئەم بەرەیەی شەڕ.

کوێخای خۆشکان، مستەفا حاجی ڕەسووڵ مەرانی و شێخ محەمەدی قادر مەشکانی) بوونەتە قوربانی[١].

هەر لە شەڕەکانی ساڵی ١٩٧٤ـــ١٩٧٥ پۆلێک پێشمەرگەی ناوچەی باڵەکایەتی بەسەرکردایەتیی ( حەمەد میر ناوەندەیی )[٢] بەشدارییان لە شەڕەکانی گەرووی عومەر ئاغا و چیای زۆزک کردووە، کە ڕۆڵی دیاریان لەم شەڕانەدا بینیوە و توانیویانە چەند جارێک هێزە عێراقییەکان بشکێنن، هەر لە شەڕی گەرووی عومەر ئاغا (حەمەد میر ناوەندەیی) خۆی و دوو کوڕی بە ناوەکانی (زرار و جەبار) لە ٥ی ئاداری ١٩٧٥ بوونە قوربانی، تەرمی حەمەد میر و جبار حەمەد میر دەکەونە دەست هێزە عێراقییەکان و تەرمەکانیان شوێنبزرکران و نەیاندانەوە بنەماڵەکەیان[٣].

لە ساڵی ١٩٦٧ ( نەجمەدین گۆڕۆنی)[٤] کرا بە فەرماندەی بەتالیۆنی پاسەوانیی بارەگای مەکتەبی سیاسی لە ناوپردان، هەرچەندە ئەرکی ئەم بەتالیۆنە پاسەوانیی مەکتەبی سیاسی بووە، بەڵام لە شەڕەکانی ساڵانی ١٩٧٤ـــ ١٩٧٥ خۆی داوایکرد کە بچنە بەرەکانی جەنگ، بۆیە بەشداری لە شەڕەکانی هەندرێن و زۆزک و حەسەن بەگ و گەرووی عومەر ئاغا کرد و ڕۆڵی دیار و بەرچاوی هەبوو، هەر لە شەڕی گەرووی عومەر ئاغا برایەکی بە ناوی عوسمان بووە قوربانی[٥].

لە ناوچەی باڵەکایەتی جگە لەو کەسانەی کە لە یەکەکانی هێزی پێشمەرگەدا ڕێکخرابوون، ژمارەیەکی زۆری خەڵکیش ناونووس کرابوون لە هێزی (بەرگریی میللی)[٦]، بەرپرسی بەرگریی میللیش

---

(١) مامەند مەمی خەلی، بەهۆی شۆڕشەکانی نەتەوەییەوە باڵەکایەتی قوتابخانە بووە و تەواوی خەڵکەکە پەروەردە بووە، گۆڤاری باڵەک، ژمارە (٦)، چۆمان، شوباتی ٢٠٠٩، ل٦.

(٢) حەمەد میر نەبی، ناسراو بە حەمەد میر ناوەندەیی، ساڵی ١٩٢٨ لە گوندی ناوەندەی ناوچەی باڵەکایەتی لەدایک بووە، لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول بووەتە پێشمەرگە و بەشداری ڕاپەڕینی خەڵکی باڵەکایەتی کردووە لە دژی هێزەکانی میری لە ناوچەکە، لە ماوەی شۆڕش دوا پلەی پێشمەرگایەتی سەرلق بووە، بەشداری زۆربەی شەڕەکانی بەرەی باڵەکی کردووە، بەتایبەتی شەڕەکانی چیای زۆزک و گەرووی عومەر ئاغا، لە دوا ڕۆژەکانی شۆڕش لە ٥ی ئاداری ١٩٧٥ لە گەرووی عومەر ئاغا بووەتە قوربانی.چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد حەمەد میر، ٢٠١٦/١١/٢٦، چۆمان.ناوبراو کوڕی حەمەد میر ناوەندیە.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولرەحمان ڕەسول عومەر، ناسراو بە عبدولرەحمان مەلا ڕەسول، ٢٠١٦/١١/٢٣، چۆمان.

(٤) نەجمەدین عەبدوڵڵا حەمەد، ناسراو بە نەجمەدین گۆڕۆنی، ناوبراو لە ساڵی ١٩٣٥ لە گوندی گۆڕۆنی ناوچەی باڵەکایەتی لەدایک بووە، لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول خانەوادەکەی بەشداری شۆڕشیان کردووە، باوکی لە مانگی ئەیلوولی ١٩٦١ لە ڕاپەڕینی باڵەکایەتی دژی هێزەکانی میری بووەتە قوربانی، ساڵی ١٩٦٧ ناوبراو کراوە بە ئامر بەتالیۆنی پاسەوانی مەکتەبی سیاسی لە ناوپردان، هەرچەندە ناوبراو کاری لە ناوپردان بووە بەڵام لە کاتی شەڕەکاندا خۆی داوای کردووە بچێتە شەڕ، بەشداری چەندان شەڕی کردووە لە بەرەی باڵەک، ساڵی ١٩٧٤ برایەکی لە گەرووی عمر ئاغا شەهید بووە، بەشداری شۆڕشی گوڵانی کردووە و وەک سەرکردەیەک ڕۆڵی دیاری هەبووە، بەشداری چەندان داستانی کردووە لە ماوەی شۆڕشی گوڵان بەتایبەتی لە ناوچەی باڵەکایەتی، ناوبراو لە ساڵی ١٩٩٤ لە وڵاتی ئێران کۆچی دوایی کردووە: محەمەد مەلا قادر، سەربوردەی نەمران، ل٧٨-٨٠.

(٥) محەمەد مەلا قادر، س.پ، ل٧٨-٧٩.

(٦) بەرگری میللی ئەو هێزە بووە کە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش پێکدەهێندرا، ئەم هێزە لەو کەسانە پێکهاتووە کە چەکیان هەبووە و پێشمەرگە نەبوونە، لەلایەن شۆڕشەوە ناونووس کراون و پارتی خۆی سەرپەرشتی کردوون و

له ناوچەکەدا لەسەرەتای دامەزراندنی (مستەفا حەمەدەمین عەلی) بوو[1]، دوای چەند مانگێک (کەریم عەبدوڵڵا خانە)[2] بووەتە بەرپرسی ئەم هێزە تا نسکۆی شۆڕش، سەرکردایەتیی شۆڕش مەترسی ئەوەی هەبوو کە حکومەتی عێراقی دوای سەرنەکەوتنی هەوڵدانە زۆرەکانی بۆ دەستبەسەردا گرتنی باڵەکایەتی بیر لەوە بکاتەوە کەوا سەربازی عێراقی بە پەڕەشوت لە ناوچەکە بڵاوبکاتەوە بۆیە ئەرکی چاودێریی هەندێک شوێن بە هێزی بەرگریی میللی سپێردرابوو لە ناوچەکە، کاتی پێویستیش سوود لە هێزی بەرگریی میللی بینراوە بۆ بەشدارییان لە بەرەکانی جەنگ، بۆ نموونە ئەم هێزە بەشدارییان لە شەڕەکانی ساڵی ١٩٧٤ دا کردووە[3].

له ناوچەی باڵەکایەتی هێزێکی تر هەبوو کە زۆرینەیان خەڵکی ناوچەکە بوو، ئەم هێزە هێزی بەرگریی شارستانی بوو، ئەرکیان ئەوە بوو لە کاتی ڕوداوەکانی ناوخۆی ناوچەکە دەچوونە شوێنی ڕووداوەکان و لە کاتی بۆمبارانی فڕۆکە بۆ سەر خەڵکی مەدەنی ئەرکیان بەهاناوەچوونی لێقەوماوان بووە، ئەم هێزە تایبەت بوو بە بارودۆخی ناوخۆی ناوچەی باڵەکایەتی[4].

بە شێوەیەکی گشتی لە زۆرینەی ئەو شەڕانەی لە بەرەی باڵەکدا کراون خەڵکی ناوچەی باڵەکایەتی بەشدارییان تێدا کردووە، هەندێک جار ژمارەیان زۆر بووە و هەندێک جاریش کەم[5].

مەبەست لە باسکردنی ئەم بەشدارییەی خەڵکی ناوچەی باڵەکایەتی لە شەڕەکاندا ئەوە نییە کە هەر خۆیان ئەم سەرکەوتنانەیان تۆمار کردبێت، بەڵکو مەبەست نیشاندانی بەشداریی خەڵکی ئەم ناوچەیەیە لە شەڕەکاندا لەگەڵ هێزەکانی تری پێشمەرگە لەم ناوچانەی شەڕی تێدا کراوە.

---

بەرپرسی بۆ داناون، ئەم هێزە بە چەک و تەقەمەنی خۆیان هاوکاری پێشمەرگەیان کردووە لە کاتی پێویستدا: ئاری فاروق نانەکەلی، س.پ، ل١٥١.

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا حەمەدەمین عەلی، ناسراو بە مستەفا ئاغای ڕایات، ٢٠١٦/١٢/٢٦، چۆمان.

(٢) کەریم عەبدوڵڵا خانە، ناسراو بە کەریم حاجی عەوڵا ڕایاتی، لە ساڵی ١٩١٦ لە گوندی ڕایاتی ناوچەی باڵەکایەتی لەدایک بووە، لە ساڵانی پەنجاکان پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە، لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول بەشداری ڕاپەڕینی خەڵکی باڵەکایەتی کردووە دژی هێزەکانی میری لە ناوچەکەیان، ساڵی ١٩٦٢ بووە بە پێشمەرگە، بووە بە بەرپرسی هێزی بەرگری میللی لە ناوچەی باڵەکایەتی، بەشداری چەند شەڕێکی کردووە، دوای نسکۆی شۆڕش ئاوارەی وڵاتی ئێران بووە، هەر لە ئاوارەییدا لە ١٩٧٩/٧/٢٤ لە شاری بیرجند کۆچی دوایی کردووە.چاوپێکەوتن لەگەڵ کاوە کەریم عەبدوڵڵا، ٢٠١٦/١١/٢٦، چۆمان.ناوبراو کوڕی کەریم عەبدوڵڵا خانەیە.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولرەحمان ڕەسول عومەر، ناسراو بە عبدولرەحمان مەلا ڕەسول، ٢٠١٦/١١/٢٣، چۆمان؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ حەسەن قادر حەمەد، ناسراو بە مەلا حەسەنی مژدەینان، ٢٠١٦/٩/٣، چۆمان.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولرەحمان ڕەسول عومەر، ناسراو بە عبدولرەحمان مەلا ڕەسول، ٢٠١٦/١١/٢٣، چۆمان.

(٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمید حوسێن محەمەد ناسراو بە حەمید ئەفەندی، ٢٠١٧/١/٥، هەولێر.

# تەوەری پێنجەم

# بارودۆخی خەڵکی سڤیل لە ماوەی شۆڕش و کاریگەرییەکانی شۆڕش لەسەر ناوچەی باڵەکایەتی

## أ/ بارودۆخی خەڵکی سڤیل لە ماوەی شۆڕش

خەڵکی سڤیل لە ناوچەی باڵەکایەتی لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول لە بارودۆخێکی زۆر خراپدا بوون، بەهۆی بەردەوامیی هێرشی فڕۆکەکان بۆ سەر ناوچەکە، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە ناوچەی باڵەکایەتی بنکەی سەرکردایەتیی شۆڕش بووە و تەواوی بارەگا سیاسی و سەربازییەکان لەم ناوچەیە بوونە بەتایبەتی دوای ساڵی ١٩٦٥[١].

دانیشتوانی ناوچەی باڵەکایەتی بەمەبەستی دووربوون لە بۆردوومانی فڕۆکەکانی حکومەت، بە ڕۆژ دەچوونە چیا و دۆڵەکانی ناوچەکە و خۆیان حەشار دەدا، بەشەویش دەهاتنەوە سەر ماڵی خۆیان[٢]، ئەم بارودۆخە زۆر خراپ و دژوار بووە، زۆر جار ئافرەت و منداڵی نەخۆش لە ڕێگادا پەکیان کەوتووە، هەرکەسەێك لە چیادا بەدوای پەناگەیەکدا گەڕاوە، فڕۆکەکان هەرچییەکیان لەسەر زەوی بدیتبایە لە مرۆڤ و ئاژەڵ دەیانپێکا، لەبەرئەوە خۆشاردنەوە لە نێو ئەشکەوت و بن بەرد و ناو دارویاری چڕ تاکە هیوای دەربازبوون بووە[٣].

زۆربەی ئیش و کارەکان بەتایبەتی کاری کشتوکاڵی، لە دروێنەی گەنم و جۆ و گێرەکردن بە شەوان کراوە لە ترسی بۆردومانی فڕۆکە[٤]، تەنانەت خوێندنیش لە زۆر کاتدا بە شەوان کراوە[٥].

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحمود عوسمان ( دکتۆر )، ٢٠١٦/٩/٢٧، هەولێر.

(٢) شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، س.پ، ل٨٤.

(٣) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: ڕێنیە مۆریس، س.پ، ل٨٧-٩٩.ناوبراو خۆی ڕۆژێک لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە بووە کە چوونەتە شاخ بۆ خۆشاردنەوە لە فڕکەکانی ڕژێم، باس لە دیمەنی خەڵکەکە و بارودۆخی سەختیان و بۆردومانی بەردەوامی فڕۆکەکان دەکات بە سەر هەر زیندەوەرێک لەسەر زەوی.

(٤) هێدی، س.پ، ل١٨؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ حوسێن مامەند ڕسول، ٢٠١٦/١١/٢٤، چۆمان؛ چاوپێکەوتن لەگەل عالی حوسێن حەمەدەمین ناسراو بە حاجی عالی، ٢٠١٦/٨/١٨، گوندی ئاشی بێکۆر لە دۆ لی ڕوست.

(٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ نەژاد عەزیز سورمێ، ٢٠١٦/٩/٢٧، هەولێر.ناوبراو خۆی یەکێک بووە لەو قوتابیانەی کە لە گەڵاڵە بە شەو چۆتە قوتابخانە ؛ ئۆفرا بینگیۆ، س.پ، ل٢٠٤.

بارودۆخی خەڵکی ناوچەکە زۆر خراپتر بوو کاتێک فڕۆکەکانی حکومەت بە شەوانیش دەهاتنە سەر ناوچەکە و بۆردومانیان دەکرد[١]، بەشێوەیەک لە هەندێک کاتدا بە مەبەستی پاراستنی ژیانی خەڵک لە شەواندا هەموو جۆرە ڕووناکاییەک قەدەغە بووە [٢].

بەشێکیش لە خەڵکی ناوچەکە لە بەردەمماڵی خۆیان یاخود لە شوێنی کارکردنیان، ژێر زەمینیان لێداوە بۆ ئەوەی لە کاتی هاتنی فڕۆکە پەنای بۆ بەرن، بۆ نموونە لە قەزای چۆمان لە کاتی هاتنی فڕۆکە خەڵک بە بڵندگۆ لە شێوەی دەنگێکی هاوشێوەی دەنگی ئۆتۆمبێلی بەرگریی شارستانی یاخود ئۆتۆمبێلی فریاگوزاری و پۆلیس ئاگادار دەکرانەوە و خەڵکیش لە بەردەم دووکانەکانیان پەنایان بۆ ئەو ژێر زەمینانە بردووە کە پێشتر دروستیان کردووە[٣]، ئەمە پێیگوتراوە (سافیرەی ئینزار)، هەندێک جاریش چەکی دژە تانک دوو گووللەی بەسەریەکەوە دەتەقاند کە ئاماژە بوو بۆ هاتنی فڕۆکە بۆ سەر ناوچەکە[٤].

خەڵک بە ئافرەت و مناڵەوە لە چیا و دۆڵەکانی ناوچەکە ماڵ ماڵ، یاخود بە چەند ماڵێک لە ئەشکەوتێک دەمانەوە، یاخود لە چیا لە شێوەی تونێل لە ژێر زەوی شوێنیان بۆ خۆیان دروست دەکرد و تیایدا دەمانەوە، ئەم جۆرە شوێنانە لە لای خەڵکی ناوچەکە بە (کونە تەیارە) ناویان براوە، ئەم بارودۆخە ئەگەر بۆ پیاوان کارێک بووبێت کە لەگەڵی ڕاهاتبن، بەڵام بۆ ئافرەت و منداڵان کارێکی یەکجار گران و ترسناک بووە[٥].

ناوچە چیاییەکان و دۆڵ و شیوەکان شوێنێکی باشبوون بۆ خۆشاردنەوەی خەڵک، تەنانەت بۆ دانانی بارەگاکانی پێشمەرگەش؛ چونکە لوتکە بەرزەکان و دۆڵە تەنگەکان بواریان بە فڕۆکەکان نەدەدا بە نزمی بەسەر ناوچە چیاییەکاندا بڕۆن و ئامانجەکانیان بپێکن، بەمەش زیانەکان کەمتر بوون[٦].

ڕۆژنامەنووس (دانا ئادامز شمیدد)، لە گێڕانەوەی بارودۆخی خۆشاردنەوەی هاوڵاتیانی سڤیل دەنووسێت: "خۆشاردنەوە لە نێو ئەشکەوتی چیاکان بەدرێژایی ڕۆژ ببووە پێویستیەکی ژیانی ئەو مرۆڤە کەساسانە، بەڵام خۆڕاگری و ئارامگرتنیان گەورەتر بوو، پاڵەوانی ئەم داستانانەش ئافرەتان بوون، پشوو درێژی و ئارامگرتنی ئافرەتان وایکردبوو کە ژیان بۆ هەموان قابیلی قبووڵکردن بێت، من لەو باوەڕەدام

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولرەحمان ڕەسول عومەر، ناسراو بە عەبدولرەحمان مەلا ڕەسول، ٢٠١٦/١١/٢٣، چۆمان.

(٢) گوینتەر دێشنەر، س.پ، ل٣٠٩.

(٣) تۆمارێکی ڤیدیۆییە کە تیایدا دیمەنی هاتنی فڕۆکە بۆ سەر قەزای چۆمان نیشان دەدات، لەگەڵ ئاگادار کردنەوەی خەڵک و پەنا بردنی خەڵک بۆ ژێر زەمینەکانیان.لای توێژەر پارێزراوە.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ بارزان خالید عەزیز، ناسراو بە بارزانی مەلا خالید،٢٠١٦/١٢/١٣، هەولێر.

(٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد نەبی نەبی ناسراو بە (شێخ ئەحمەد نەبی)، ٢٠١٦/٧/١٠، گوندی ئاشی بڕەگوێز-چۆمان؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ قادر عەبدوڵڵا مەلا ناسراو بە مەلا قادر دەربەندی، ٢٠١٦/٧/٢٥، گوندی دەربەند

(٦) گوینتەر دێشنەر، س.پ، ل٢٢٦-٢٢٧.

که بەهاکانی نیشتیمانپەروەری بە قووڵایی دەروونی ئەو ئافرەتە کوردانەدا چۆتە خوارەوە و توانای بەرگەگرتن و خۆڕاگری ئەوان لە ڕاددەی سروشتی چۆتە دەرەوە"[1].

فڕۆکەکانی حکومەت لە کاتی هاتنیان بۆ سەر ناوچەکە بەبێ جیاوازی بنکەکانی شۆڕش و هاوڵاتییانی مەدەنییان کردۆتە ئامانج و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی سڤیل بەهۆی بۆردومانەکانەوە ببنە قوربانی[2]، ئەمەش ئامانجی سەرکردە عیراقییەکان بووە کە ویستوویانە خەڵکی سڤیلی ناوچە ڕزگارکراوەکان بکەنە ئامانج و دەغڵودان و گوندەکانی کوردستان بسوتێنن و لایەنی ئابووریی ناوچە ڕزگارکراوەکان بەرەو خراپی بەرن[3].

لەبارەی بۆردومانەکانی فڕۆکەکانی حکومەت کە بەبێ جیاوازی هەموو شوێنێکی باڵەکایەتیان کردۆتە ئامانج (عومەر عوسمان)[4] نوسیویەتی: "لەو چەند ڕۆژەی لە شەڕدا بووین هەر دەماندیت فڕۆکەی گەورە تێدەپەڕی و دوو فڕۆکەی مێک پاسەوانیان دەکرد ئەو فڕۆکەیە وەک گەڵابەیەکی پڕ لە بۆمب وابوو ئەچووە سەر دیلمان و قەسرێ و گەڵاڵە بۆمباکانی ئەڕشتە خوارەوە ئیتر بە هەر شوێنێک بکەوێ بۆ ئەو گرنگ نەبوو بۆوان جیاوازی نەبوو لە نێوان مزگەوت، قوتابخانە، نەخۆشخانە، چایخانە، بازاڕ، مێگەلی ئاژەڵ یان ماڵە هەژار یان بارەگایەک یان ئوتێل یان هەرچیەک هەبێ هیچ قەدەغەنەبوو و ویژدانیش هەر هیچ، ئیتر ئەبێ چۆنبێت"[5].

بەشێک لە خەڵکی ناوچەکە و ئەو خەڵکەی لە شارەکانی کوردستان پەنایان هێنابووە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەستەڵاتی شۆڕش، بەتایبەتی ساڵی ١٩٧٤ شارۆچکەی چۆمان و گەڵاڵە و گوندەکانی نزیک جادە و بارەگاکانیان چۆڵکرد و چوونەتە گوندە دوورەدەستەکان و ئەشکەوت و باخچەکانی ناوچەکە، لە ترسی بۆردومانی بەردەوامی فڕۆکەکان؛ چونکە تەواوی گوندەکانی ناوچە ڕزگارکراوەکان بەتایبەتی دەوروبەری چۆمان و گەڵاڵە کە وەکو دڵی شۆڕش وابوون دەستیان لێ نەدەپارێزرا و بە بەردەوامی بۆردومان دەکران[6].

---

(1) س.پ، ل٣٠٦.

(2) موحسین دزەیی، س.پ، ل١٩٩.

(3) دەنگی پێشمەرگە (گۆڤار)، ژمارە (٢٤)، تشرینی دووەمی ١٩٦٩، ل١.

(4) عومەر عوسمان ساڵی ١٩٤٨ لە مێرگەسۆر لەدایک بووە، ساڵی ١٩٥٥ چۆتە قوتابخانە لە مێرگەسۆر، بەهۆی بارودۆخی کوردستان لە قۆناغی ناوەندی وازی لە خوێندن هێناوە، ساڵی ١٩٦٥ بوەتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول لە هێزی باڵەک، بەشداری شەڕەکانی بەرەی باڵەکی کردووە، ساڵی ١٩٦٧ بەشداری دەورەی تۆپخانەی کردووە لە چۆمان، لە دوای نسکۆ ئاوارەی ئێران بووە، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: عومەر عوسمان، س.پ.

(5) هـ.س، ل٦٩-٧٠.

(6) خالید مراد، لە نێوان ئازار و بێدەنگیدا، گۆڤاری باڵەک، ژمارە(٤)، چۆمان، ئەیلوولی ٢٠٠٨ ، ل٥؛ هێدی، س.پ، ل١٨؛ سەعید ناکام، س.پ، ل١٦٥.

لەگەڵ ئەم خۆپارێزییەی خەڵکی ناوچەکە و پەنابردنیان بۆ ئەشکەوت و کونە تەیارەکان، بەڵام زۆر جار کەوتونەتە بەر هێرشی فڕۆکەکان، فڕۆکەکان تەقەمەنی وایان فڕێداوەتە سەر زەوی کە لەژێر ئەشکەوت و کونە تەیارەکانیش زیانی گەیاندووە، بۆ نموونە لە گوندی مەمیخەلان لە ٨ی ئاداری ١٩٧٥ کاتێک کە چەند ماڵێکی گوندەکە پەنایان بۆ کونە تەیارەیەک بردووە کە ماڵێکی گوندەکە بە مەبەستی خۆپاراستن لە هێرشی بۆردومانی فڕۆکەکان لە پشتی گوندەکەیان لە ژێر داری گوێز دروستیان کردبوو کە سێ مەتر و نیو قووڵ بووە و سێ مەتریش گڵی بەسەردا کراوە، بەڵام کاتێک چەند کەسێکی گوندەکە هەوڵیانداوە وێنە بگرن، لەو کاتەدا فڕۆکە بەدیار دەکەوێت و دەیانبینێت و خەڵکەکەش بەرەو کونە تەیارەکە ڕادەکەن، ١١ کەسیان دەگەنە کونە تەیارەکە و ژمارەیەکیشیان بەرەو دەوروبەری کونە تەیارە دەچن لەو کاتەدا فڕۆکەی حکومەت قونبەلەیەک فڕێدەداتە نزیک کونە تەیارە کە لە ئەنجامدا کونە تەیارەکە لە ناوەوە بەیەک دەکەوێتەوە و ئەو ١١ کەسەی چووبوونە ناو کونە تەیارەکە هەموویان خنکان، ٧ کەسیان لە خانەوادەیەک بوون و ٣ کەسی تریشیان لە خانەوادەیەکی تر بوون، ٥ کەسیش لە دەرەوەی کونە تەیارەکە بریندار بوون[1].

لە ٢٩ی نیسانی ١٩٧٤ فڕۆکەکانی حکومەت (پردی گەڵاڵە)[2]یان بۆردومان کرد، لە ئەنجامدا نزیکەی ٢٧ کەس بوونە قوربانی و ژمارەیەکیش بریندار بوون[3]، لەکاتێکدا کە پردی گەڵاڵە چەند دوکانێک و گەراجی گواستنەوەی هاوڵاتیانی لێبوو، ژمارەیەکی زۆری خەڵکی مەدەنی لەم شوێنە کۆبووبوونەوە، لەکاتی هاتنی فڕۆکە خەڵکەکە ڕایانکردووە بۆ ژێر پردەکە بەڵام فرۆکەکە بۆردومانی کردووە و زۆرێک لە خەڵکی کەوتنە ژێر پردەکەوە، ١٠ ئۆتۆمبێلی هاوڵاتیانیش سووتان و لەکارکەوتن[4].

هەر لە ساڵی ١٩٧٤ چەند ماڵێکی قەرەج کە بە دۆم ناوبراون، لە نزیک (پردی ئازادی)[5] چوونەتە نێو دارەکانی ئەم ناوچەیە بە مەبەستی نانکردن بۆ ئەوەی لە بەرچاوی فڕۆکەوانەکان دیار نەبن، بەڵام

---

(1) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمەدەمین محەمەد قادر، ٢٠١٧/١/٤، هەولێر.ناوبراو ساڵی ١٩٤٨ لە گوندی مەمی خەلان لەدایک بووە، پۆلی شەشەمی سەرەتایی لە قوتابخانەی گوندی دەربەندی ڕایات تەواو کردووە، ساڵی ١٩٦٧ بووەتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بەرپرسی پاسەوانانی ئێستگەی دەنگی کوردستان بووە، خۆی دروستکەری ئەو کونە تەیارە بووە لە گوندی مەمی خەلان، لە بۆردومانەکەشدا بۆسەر کونە تەیارەکە هاوسەری و سێ کچی و دوو برازا و خوشکێکی و دایکی شیری شەهید دەبن و دایک و باوک و دوو خوشکیشی بریندار دەبن، ئێستا خانەنشینەو لە هەولێر نیشتەجێیە.

(2) پردێکە دەکەوێتە سەر ڕێگای هاملتۆن، نزیکەی ٦کم لە قەزای چۆمان و ١کم لە گەڵاڵە بە ئاراستەی ڕۆژئاواوە دوورە.

(3) کریس کۆچێرا، س.پ، ل٣٩٣؛ مسعود بارزانی، بارزانی و......١٩٦١-١٩٧٥، ب١، ل١٥٥.

(4) شکیب عقراوی، م.س، ص٣٧٢، ٣٧٧؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ نەژاد عەزیز سورمێ، ٢٠١٦/٩/٢٧، هەولێر، ناوبراو خۆی لەشوێنی بۆردومانەکە نزیک بووە و بۆردومانەکەی بینیوە و دەڵێ خەڵکێکی زۆر لە کاتی بۆردومانەکە لەم شوێنە بوون.

(5) پردی ئازادی دەکەوێتە سەر ڕێگای هاملتۆن، لە سنووری ناحیەی حاجی ئۆمەرانە، نزیکەی ٨کم لە حاجی ئۆمەران دوورە.

بەهۆی بوونی دووکەڵ لەم شوێنە فڕۆکەکان بۆردومانیان کردوون و نزیکەی ٨ کەسیان بوونەتە قوربانی[١].

تەنانەت فڕۆکەکانی حکومەت ڕەحمیان بە ئاژەڵانیش نەکردووە، زۆرجار ژمارەیەکی زۆری ئاژەڵ بەر بۆردومانەکان کەوتون، فڕۆکەکانی حکومەت لە هەر شوێنێک ئاژەڵیان بینیبایە بۆردومانیان کردووە، لە کاتی ڕۆیشتن بە چیاکانی ناوچەکەدا چەندین کەلاکی ئاژەڵ بینراوە کە بەر بۆردومانەکان کەوتبوون، لە هەندێک شوێن بۆنی ناخۆشی کەلاکی ئاژەڵ خەڵکی ئەم چیایانەی هەراسان کردووە[٢].

هەندێکجار فڕۆکەکانی حکومەتی عێراقی بە مەبەستی لەناوبردنی دەغڵ و دان و گیانلەبەران بۆردومانیان کردووە، ئەمەش وای کردبوو خەڵک نەتوانن بە باشی سوود لە بەرووبوومی کشتووکاڵی وەرگرن[٣].

ۆر هەڵدەگرێ؛ چونکە بەردەوام لە کاتی شەڕەکان ئەم بۆردومانانە دەکران، هەروەک بارزان مەلا خالید دەڵێ: "هەر کە شەڕ دەستی پێکردەوە کەم ڕۆژ هەبوو فڕۆکەکان بۆردومانی ناوچەی باڵەکایەتی نەکەن تەنانەت هەندێک ڕۆژ چەند جارێک دەهاتنە سەر ناوچەکەو بۆردومانیان دەکرد ئەمە کارێکی بەردەوامبوو بەهۆی بوونی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول لە ناوچەی باڵەکایەتی"[٤].

لەڕووی خواردەمەنییەوە بارودۆخی خەڵک خراپبووە، بەتایبەتی لە ساڵانی سەرەتای شۆڕش؛ چونکە حکومەت ئابڵوقەی توندی خستبووە سەر ناوچەکە و لە ئێرانیشەوە پێداویستییەکان نەدەگەیشتن، بۆیە خەڵکی ناوچەکە بە نهێنی دەچوونە شارەکانی کوردستان یاخود وڵاتی ئێران بۆ هێنانی ئەو پێداویستییە خۆراکیانەی کە لە ناوچەکە بەرهەم نەدەهاتن، بەڵام کاتێک شۆڕش پەیوەندی لەگەڵ وڵاتی ئێران دروستکرد بارودۆخی خەڵکی ناوچەکە لەم بوارەوە بەرەو باشی چوو [٥].

خەڵکی ناوچەکە بەهۆی بۆردوومانی فڕۆکەکان بارودۆخیان زۆر خراپبووە، تەنانەت هەندێکجار کە پێشمەرگەیەک یاخود هاوڵاتیەک بریندار بووە، براوە بۆ نەخۆشخانە و بەرەو چاکبوونەوە چووە، بەڵام جارێکی تریش بریندار بۆتەوە بەهۆی بۆردومان کردنی نەخۆشخانەکە لەلایەن فڕۆکەکانەوە[٦].

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ قادر عەبدوڵڵا مەلا ناسراو بە مەلا قادر دەربەندی، ٢٠١٦/٧/٢٥، گوندی دەربەند؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ حەسەن قادر حەمەد، ناسراو بە مەلا حەسەنی مژدەینان، ٢٠١٦/٩/٣، چۆمان.

(٢) ڕێنیە مۆریس، س.پ، ل٩٧.

(٣) سەلاحەدین ڕاستگەلدی، س.پ، ل٧٥،٥٨؛ هێدی، س.پ، ل١٨؛ چاوپێکەوتن لەگەل عالی حسین حمدامین ناسراو بە حاجی عالی، ٢٠١٦/٨/١٨، گوندی ئاشی بێکۆر لە دۆڵی ڕوست.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ بارزان خالید عەزیز، ناسراو بە بارزانی مەلا خالید،٢٠١٦/١٢/١٣، هەولێر.

(٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولرەحمان ڕەسول عومەر، ناسراو بە عبدولرەحمان مەلا ڕەسول، ٢٠١٦/١١/٢٣، چۆمان.

(٦) تورد ڤالسترۆم، کێوەکان تاقە دۆستی ئێمەن، و: حاتەمی مەنبەری، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، (هەولێر، ٢٠١٣)، ل٥٤.

هەر لەبەر زۆری هاتنی فرۆکە شەڕکەرەکانی عێراق بۆ سەر ئاسمانی ناوچەی باڵەکایەتی، چەند فڕۆکەیەک لە ماوەی شۆڕشی ئەیلوول لە ناوچەکەدا خراونەتە خوارەوە، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٦٦ فڕۆکەیەکی (الیوشن) لە نێوان چۆمان و دەربەندی ڕایات کەوتۆتە خوارەوە و فڕۆکەوانەکە و هەردوو یاریدەدەرەکەی کوژراون، لە ١٤ تشرینی یەکەمی ١٩٧٤ فڕۆکەیەکی جۆری (باجەر) لە نزیک گوندی مەمی خەلان کەوتۆتە خوارەوە و فڕۆکەوانەکە و هەر پێنج یاریدەدەرەکەی کوژراون، هەر لە ساڵی ١٩٧٤ فڕۆکەیەکی جۆری (مێگ١٩) لە نزیک گوندی بەرسیرین کەوتۆتە خوارەوە و فڕۆکەوانەکەی بە ناوی (سەفا شەلال) دوای ئەوەی بە پەڕەشووت خۆی فڕێداوە دەستگیرکراوە[١].

کارەساتی نسکۆی شۆڕش کە بەهۆی (ڕێکەوتنی جەزائیر)[٢]، لە ٦ی ئاداری لە نێوان عێراق و ئێران ١٩٧٥ واژۆ کرا، دروستبوو، سەرەڕای زیانەکانی شەڕ، بۆ خەڵکی سڤیلیش مایەی زیانی زۆر بوو؛ چونکە زۆربەی خەڵک ماڵی خۆیان جێهێشت و لە ڕێگای گەیشتن بە ئێران ئازار و مەینەتی زۆریان دیت[٣]، بەم هۆیەشەوە خەڵکێکی زۆری ناوچەی باڵەکایەتی ئاوارەی ئێران بوون و ماڵی خۆیان جێهێشت[٤].

## ب/ کاریگەریەکانی شۆڕش لەسەر ناوچەی باڵەکایەتی

سەرەڕای ئەو بارودۆخەی کە لە ناوچەکەدا هەبووە کە لە سەرەوە باسمان کرد، لە ناوچەی باڵەکایەتی سەرەڕای بنکە سەبازی و سیاسییەکانی شۆڕش، بەهۆی ئەوەی کە ناوچەکە ناوچەی سەرکردایەتیی شۆڕش بووە و لەلایەن شۆڕشەوە بەڕێوەبردراوە، دامودەزگای خزمەتگوزاریش لە ناوچەکەدا هەبوون بە مەبەستی بەڕێوەبردنی ناوچەکە، بۆ نموونە، نووسینگەی ڕاپەڕاندن (مەکتەبی تەنفیزی) کە لە ساڵی ١٩٦٤ دامەزرا، کە پێک هاتبوو لە چەند بەشێک وەک بەشەکانی تەندروستی، پەروەردە، ئازووقە، دارایی، داد، ڕاگەیاندن و بەشەکانی تری خزمەتگوزاری بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری شۆڕش و ناوچە ئازاد کراوەکان[٥]، هەریەک لەم بەشانە کارەکانی خۆیان ڕادەپەڕاندن و ناوچە ئازادکراوەکانیان بەڕێوە دەبرد[٦].

شۆڕش لەوە گەیشتبوو کە شەڕ کاریگەری لەسەر کوردستان دروستکردووە، حکومەتی عێراقیش تەنانەت لە کاتی ئاشتیشدا هەوڵنادات کە خزمەتگوزاریی تەندروستی و خوێندن و هەر

---

([١]) شکیب عقراوی، م.س، ص٣٧٩-٣٨٠؛ عەبدوڵڵا ئەحمەد ڕەسول پشدەری، پاشکۆی یاداشتەکانم، ل٧٤-٧٥.
([٢]) بۆ بینینی دەقی ڕێکەوتننامەی جەزائیر بڕوانە : نازناز محەمەد عەبدولقادر، س.پ، ل٢٧٥-٢٨٠.
([٣]) دیڤید ماکداول، س.پ، ل٥٥٥.
([٤]) چاوپێکەوتن لەگەڵ قادر عەبدوڵڵا مەلا ناسراو بە مەلا قادر دەربەندی، ٢٠١٦/٧/٢٥، گوندی دەربەند.
([٥]) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحمود عوسمان ( دکتۆر )، ٢٠١٦/٩/٢٧، هەولێر؛ محەمەد مەلا قادر، خەباتنامە، س.پ، ل١٨.
([٦]) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحمود عوسمان ( دکتۆر )، ٢٠١٦/٩/٢٧، هەولێر.

خزمەتگوزاریەکی تر پێشکەش بە کوردستان بکات، بۆیە شۆڕش بڕیاریدا لەڕووی تەندروستی و پەروەردەیی و قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری و خزمەتگوزارییەکانی تر هەنگاو بهاوێ، هەرچەندە لە سەرەتا کارەکان کەموکوڕیان هەبوو بەڵام هەنگاوی باش لەم بارەیەوە نرا[١].

ئەم هەوڵانە زیاتر پەرەیان سەند بەتایبەت کاتێک ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستان لە ٢٠ـــ٢٣ی ئەیلوولی ١٩٦٨ کۆبووەوە و چەند بڕیارێکی دەرکرد، بەشێک لەو بڕیارانە گرنگیدانی زیاتر بوو بە بوارەکانی پەروەردە و تەندروستی و دادگەری لە ناوچە ئازادکراوەکاندا[٢].

دوای ئەوەی لە ئاداری ١٩٧٤ لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە جێبەجێکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی ڕاگەیێندرا، سەرکردایەتیی شۆڕشیش ئەم یاسایەی ڕەتکردەوە و ئۆتۆنۆمییەکی لەلایەن خۆیەوە ڕاگەیاند، ژمارەیەکی زۆری خەڵکیش لە تەواوی کوردستان ڕویان لە ناوچە ئازادکراوەکان کرد، بەبێ ئەوەی حکومەتی عێراقی هیچ ڕێگرییەک لە هاتنیان بکات، مەبەستی حکومەت ئەوەبوو کە ئەرکی سەرشانی شۆڕش قورس بکات لە دابینکردنی خواردن و شوێنی حەوانەوە بۆ ئاوارەکان[٣]، تەنانەت حکومەت کوردەکانی شاری بەغدای ناچارکردووە کە بچنە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی شۆڕش، حکومەت خۆی کوردەکانی بەغدای هێناوەتە ئەو ناوچانەی کە لە هێزی پێشمەرگەوە نزیکبوونە و لەوێ بە خەڵکەکەیان وتووە بڕۆنە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی پێشمەرگە[٤]، بەمەش ئامانجی حکومەت بە تەواوی بەدیار دەکەوێ کە ئامانجی قورسکردنی ئەرکەکانی سەر شانی شۆڕش بووە و شتێکی بەرنامە بۆ داڕێژراو بووە.

بەهۆی ئەوەی ناوچەی باڵەکایەتی ناوچەی سەرکردایەتیی شۆڕش بووە، زۆربەی ئەو خەڵکە ڕوویان لەم ناوچەیە کردووە، بۆ نموونە، (زەنوون پیریادی)[٥] لە وەسفی چۆمان و بوونی خەڵکێکی زۆر لە ناوچەکە لە ساڵی ١٩٧٤ دەنووسێت: "چۆمان دوای ئەوەی کرا بە قەزایەکی سەر بە پارێزگای هەولێر، شارۆچکەیەک بوو تا بڵێی قەرەباڵغ، هەرچی دامودەزگای شۆڕش هەبوو لە دەوروبەری چۆمان و

---

(١) دەنگی پێشمەرگە (گۆڤار)، ژمارە (١٨)، مارتی ١٩٦٩، ل٣.

(٢) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١٠).

(٣) مسعود بارزانی، بارزانی و.....١٩٦١-١٩٧٥، ب٢، ل١١٣.

(٤) ناهیدە شێخ سەلام، ئەوەی لەبیرمە، ئامادەکردنی چیمەن ساڵح، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، (هەولێر، ١٩٩٩)، ل٧٢-٧٥.

(٥) زەنوون محەمەد پیریادی، ساڵی ١٩٣٣ لە ناوچەی چەمچەماڵ لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە کەرکوک تەواو کردووە، ساڵی ١٩٥٥ کۆلێژی دار المعلمین عالی بەشی کیمیای تەواو کردووە، ساڵی ١٩٦١ بەهۆی شۆڕشی ئەیلوول ساڵێک و سێ مانگ دەستگیر کراوە، ساڵی ١٩٦٤ بڕوانامەی ماجستێری لە ئەمریکا وەرگرتووە، ساڵی ١٩٧٠ بڕوانامەی دکتۆرای بەدەست هێناوە، ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوول کردووە و ماوەیەک لە ناوچەی باڵەکایەتی ماوەتەوە، بڕوانە: زەنوون پیریادی، زانکۆی سلێمانی لە قەڵادزێ و بیرەوەریەکانی پێشمەرگایەتیی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردستان ١٩٧٤، چاپخانەی حاجی هاشم، (هەولێر، ٢٠١٣)، ل٩٠-٩١.

ناوپرداندا بوون، وێڕای ئەمانەش خەڵکێکی زۆری تێدا ڕژابوو، هێزێکی زۆری پێشمەرگەشی لێبوو، یەک جادەی نیمچە قیرتاوکراوی هەبوو، کە لە هەولێرەوە دەهات، کە پێیدەوترا ڕێگای هامڵتۆن، لە دوورەوە کە دیمەنی ئەم شارە دەبینرا، دەتوت ڕۆژی حەشرە، هەرچی خەڵک بوو بەو جادەدا دەهاتن و دەچوون"[١].

دوای ئەوەی ئەم ژمارە زۆرەی خەڵک ڕویان لە ناوچە ئازاد کراوەکان کرد، سەرکردایەتیی شۆڕش بڕیاریدا دەزگایەکی بەڕێوەبردن دابمەزرێنێت، ئەم دەزگای بەڕێوەبردنە لە هەشت ئەمینداریەتی یاخود وەزارەت پێکدەهات، کە دواتر ناوەکەیان بوو بە (ئەمانەت)، بەهۆی ئەوەی کە وشەی وەزارەت مانای سەربەخۆیی دەگەیاند، هەر لەکاتی ڕێککەوتنی ١١ی ئازارەوە حکومەت سڵی لە بەکارهێنانی وشەی وەزارەت دەکردەوە، ئەمینداریەتەکانیش بریتی بوون لە (ناوخۆ، دارایی، ڕاگەیاندن، داد، کشتوکاڵ، تەندروستی، ئەشغاڵ و پەروەردە) سەرەڕای چەند دەزگایەکی تر[٢]، هەرچەندە بە شێوەیەکی فەرمی ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە ناویان وەزارەت نەبووە و بەڕێوەبەرەکانیشیان وەزیر نەبوونە، بەڵام لە ناوخۆی کوردستان وشەی وەزارەت و وەزیر بەکار دەهات[٣].

هەریەک لەم ئەمیندارێتیانەش بەرپرسێکی هەبوو، لەگەڵ بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئەمانەتەکان کە سەرۆکەکەی وەک سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وابوو، ڕۆژانی چوارشەممەی هەموو هەفتەیەک ئەنجوومەنی ئەمانەتەکان کۆدەبوونەوە[٤].

بارەگاکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە یاخود وەزارەتانە کەوتبوونە ناوچەی باڵەکایەتی، کە بەدرێژایی ڕێگای هامڵتۆن لە حاجی ئۆمەرانەوە تاوەک و ناوپردان دابەشببوون، گوندی حاجی ئۆمەرانیش وەک پایتەخت وابوو، کە زۆربەی کاربەدەستانی شۆڕش لەوێ نیشتەجێبوون[٥]، بوونی ئەم دەزگایانەی بەڕێوەبردن، چ ئەوانەی سەر بە مەکتەبی تەنفیزی بوون کە لە ساڵی ١٩٦٤ دامەزرابوون، چ ئەمینداریەتیەکانی ساڵی ١٩٧٤، کاروباری بەڕێوەبردنی ناوچەی باڵەکایەتیان ئاسان کردبوو لە ماوەی شۆڕشدا.

---

(١) هـ.س، ل٤٢.

(٢) یۆنان هورمز، س.پ، ل٢٢٥-٢٢٦.

(٣) کریس کۆچیرا، س.پ، ل ٣٩٩ .دەستەی ئەم حکوومەتەش پێکهاتبوو لە ( لەسەرەتا حەبیب محەمەد کەریم سەرۆکی گشتی ئەمانەتەکان بووە، دواتر سامی عەبدولڕەحمان هەم سەرۆکی گشتی و هەم ئەمیندار یاخود وەزیری دەرەوە بووە، موحسین دزەیی-ناوخۆ، عەلی عەبدوڵڵا-دارایی، دارا تۆفیق-راگەیاندن، مەحمود عوسمان-تەندروستی، نوری شاوەیس-نیشتەجێ کردن و ئاوەدان کردنەوە، ساڵح یوسفی-داد، سدیق ئەمین-پەنابەران، عەبدولوەهاب ئەتروشی-لێپرسراوی مەکتەبی عەسکەری، ئیدریس بارزانی- لێپرسراوی هێزی پێشمەرگە، مەسعود بارزانی-لێپرسراوی دەزگای پاراستن.بڕوانە: ئیبراهیم جەلال، س.پ، ل٣٨١-٣٨٢.

(٤) یۆنان هورمز، س.پ، ل٢٢٥-٢٢٦.

(٥) کریس کۆچێرا، س.پ، ل٣٩٩.

خەڵک بۆ ڕاییکردنی کارەکانیان سەردانی بارەگای بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەکرد بەپێی جۆری کارەکەی، تەنانەت لە ساڵانی دوایی وای لێهاتبوو خەڵک داواکاری دامەزراندنی پێشکەش دەکرد[١]، هەریەک لەم بەشانە چالاکییان هەبوە، بەڵام بەشی پەروەردە پڕ کارترین بەش بووە، بە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەک مامۆستا پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردبوو[٢]، ئەو مامۆستایانەی کە دەهاتنە پاڵ شۆڕش، نەدەکران بە چەکدار و دابەشی سەر گوندەکانی ناوچەکە دەکران و قوتابخانە لە گوندەکان دەکرانەوە[٣].

هەر بۆ ئەم مەبەستە شۆڕش لە ساڵی ١٩٦٨ پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی لە ناوپردان کردەوە، ئەم پەیمانگایە بۆ ئەو کەسانە بوو کە خوێندەوارییان هەبوو و توانای وانەوتنەوە و بەڕێوەبردنی قوتابخانەکانیان هەبووە، هەر بۆیەش کۆمەڵێک مامۆستا لەم پەیمانگایە دەرچوون و دابەشی سەر قوتابخانەکان کران[٤]، ئاهەنگی دەرچوونی یەکەم خولی پێگەیاندنی مامۆستایان لە ٣١ی ئابی ١٩٦٨ سازکراوە[٥].

چەند قوتابخانەیەکیش بۆ نەخوێندەواران لە ناوچەی باڵەکایەتی کراونەتەوە بە مەبەستی نەهێشتنی نەخوێندەواری، ئەم قوتابخانانە تایبەتبوون بە خەڵکی بەتەمەن کە پێشتر دەرفەتی خوێندنیان بۆ نەڕەخسابوو، لەو قوتابخانانە فێری خوێندنەوە و نووسین دەکران، دەوامی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە شەواندا بووە[٦].

لە هەندێک کاتیشدا شۆڕش بینای قوتابخانەی دروستکردووە، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٦٧ بینای قوتابخانەی ناوپردان دروستکراوە و خەڵکی گوندەکەش نامەی سوپاسگوزاریان بۆ مەکتەبی تەنفیزی ناردووە[٧]، یەکەم قوتابخانەی دواناوەندی لە ناوچە ئازادکراوەکاندا لە گەڵاڵە کراوەتەوە[٨]، هەر

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەسەن قادر حەمەد، ناسراو بە مەلا حەسەنی مزدەینان، ٢٠١٦/٩/٣، چۆمان.
(٢) کریس کۆچێرا، س.پ، ل٤٠٠.
(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەسەن قادر حەمەد، ناسراو بە مەلا حەسەنی مزدەینان، ٢٠١٦/٩/٣، چۆمان.
(٤) ئاری فاروق نانەکەلی، س.پ، ل١٨٤؛ دەنگی پێشمەرگە (گۆڤار)، ژمارە (٢٤)، تشرینی دووەمی ١٩٦٩، ل٨.
(٥) دەنگی پێشمەرگە (گۆڤار)، ژمارە (٢٣)، ئەیلولی ١٩٦٩، ل٥.
(٦) ئاری فاروق نانەکەلی، س.پ، ل١٢٠؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ قادر عەبدوڵڵا مەلا ناسراو بە مەلا قادر دەربەندی، ٢٠١٦/٧/٢٥، گوندی دەربەند.
(٧) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١١).
(٨) بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی بارودۆخی خوێندن و گرنگیدانی شۆڕش بە لایەنی پەروەردەیی بڕوانە: شیرزاد زکریا محمد، مجلس قيادة الثورة في كوردستان-العراق ١٩٦٤-١٩٧٠، مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق/ جامعة دهوك، (دهوك،٢٠١٠)، ص ١٩٢-٢٠٩.

لەلایەنی خوێندن و پەروەردەوە، دوای ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ پەیمانگای ئیسلامی لەگەڵاڵە کراوەتەوە و چەندین کەسی ناوچەکە و کوردستان لەم پەیمانگایە بڕوانامەیان وەرگرتووە[١].

لەڕووی تەندروستیشەوە وەک باسمان کرد چەند نەخۆشخانەیەکی شۆڕش لە ناوچەکەدا کرانەوە، دواتر چەند خولێکی تەندروستی کرانەوە و چەندین کەس لەم خولانە دەرچوون و پێیان دەوترا دکتۆری شۆڕش، ئەمە کاریگەریی باشی هەبوو لەسەر ناوچەکە لە ڕووی تەندروستییەوە، کە بنکەی تەندروستیی زیاتر و کارمەندی زیاتریش دابینکران، بەشی تەندروستی هەڵمەتێکی وشیاریی تەندروستیشی دەستپێکرد چ لە ڕێگەی بنکە تەندروستییەکان، یاخود لە ڕێگەی ڕادیۆی دەنگی کوردستان و کاریگەریی باشی هەبوو لەسەر وشیاریی تەندروستیی خەڵکی ناوچەکە بەهۆی ئەوەی کە پێشتر ناوچە دووره دەستەکانی کوردستان لەڕووی هۆشیاریی تەندروستییەوە لەدواوەبوون[٢].

ژمارەیەکی زۆری دکتۆر و برینپێچ و کارمەندی تەندروستی لە ساڵی ١٩٧٤ ڕویان لە ناوچەی باڵەکایەتی کردوو بارودۆخی تەندروستی بەرەو باشی چوو، ئەمەش دوای ئەوەی کە ئێزگەی دەنگی کوردستان لە ٢٣ی ئاداری ١٩٧٤ بەیانێکی بڵاوکردەوە و داوای لە هەموو دکتۆر و برینپێچ و کارمەندەکانی نەخۆشخانەکان کرد کە بە هەموو کەلوپەلە پزیشکیەکانەوە بەرەو بارەگای سەرکردایەتی بڕۆن تا شوێنی کارکردن و جێگای نەخۆشخانەکانی شۆڕشیان بۆ دیاری بکرێت[٣].

وڵاتانی بیانیش هاوکاریی شۆڕشی ئەیلولیان کردووە لە ڕووی تەندروستیەوە، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٦٦ ئیسرائیل نەخۆشخانەیەکی مەیدانیان لە حاجی ئۆمەران دامەزراند، کە پزیشک و کەلووپەلی تەندروستییان بۆ دابینکرد و هەر خۆشیان بەڕێوەیان بردووە، ئەمەش کێشەیەکی گەورەی شۆڕشی کوردستانی کەمکردەوە[٤].

ڕێکخراوە بیانیەکانیش ئەگەر بیانویستبایە هاوکاریی کوردستان و شۆڕش بکەن ئەوا حکومەتی عێراقی ڕێگری لەم کارە دەکرد و وەک پێویست نەیاندەتوانی بەهانای خەڵکی کوردستانەوە بێن، بۆ نموونە لە ١٤ی ئابی ١٩٧٤ لێژنەی خاچی سووری نێودەوڵەتی نامەیەکی ئاراستەی بارزانی کرد و باسی لە ڕێگرییەکانی حکومەتی عێراقی دەکرد لە هاوکاریەکانیان بۆ کوردستان[٥].

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەسەن قادر حەمەد، ناسراو بە مەلا حەسەنی مژدەینان، ٢٠١٦/٩/٣، چۆمان.ناوبراو خۆی یەکیک بووە لە دەرچوانی ئەم پەیمانگایە.

(٢) مەغدید فەتاح، زۆر لەو خولانەی مامۆستایان و پەرستاری و بێتەلی لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول دەکرانەوە، لەسەر ئاستی عیراق کاریگەرییان هەبوو، گۆڤاری باڵەک، ژمارە (٧)، ئاداری ٢٠٠٩، ل١٥-١٧؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحمود عوسمان ( دکتۆر)، ٢٠١٦/٩/٢٧، هەولێر؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ بارزان خالید عەزیز، ناسراو بە بارزانی مەلا خالید،٢٠١٦/١٢/١٣، هەولێر.

(٣) ئیبراهیم جەلال، س.پ، ل٣٧٧.

(٤) فەرەیدوون عبدالرحیم عبدالله، س.پ، ل١٧٦-١٧٧.

(٥) کەوسەر عەزیز گەڵاڵی، س.پ، ل٦٧.

له ڕووی ڕۆشنبیریشەوە کار و چالاکیی زۆر لەم بوارەدا ئەنجامدراون لە ناوچەکە، چەندان ئاهەنگ و شانۆ و کاری تری ڕۆشنبیری لە ناوچەکەدا کراون[1]، کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر خەڵکی ناوچەکە هەبووە؛ چونکە چەندان شاعیر و کەسایەتیی هونەری هاتوونەتە ناوچەکە کاریان کردووە، بۆ نموونە لە قوتابخانەی گەلاڵە لێژنەی ڕێزمان و ئەدەبی کوردی دامەزرا، لە سەرەتاکانی ١٩٧٢ یەکەم ژمارەی گۆڤاری بەرەو ڕووناکی دەرچوو، کە چەندان کەسی ناوچەی باڵەکایەتی لە دەستەی بەڕێوەبردنی گۆڤارەکە بوون، چەند کەسێکی ناوچەکەش بابەتیان لە گۆڤارەکەدا نووسیوە، ئەم گۆڤارە تەنها ٣ ژمارەی لێدەرچووە[2].

یەکەم چالاکیی هونەریی وێنەیی لە ١١ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩ کە پێشانگایەکی وێنەیی بووە و ٥٠ وێنەی کاریکاتێریی تیادا پێشاندرابوو لەگەلاڵە کراوەتەوە[3].

لە بواری دادگا و دادوەریشەوە، لە ساڵی ١٩٦٤ دادگا لە ناوچەی باڵەکایەتی دامەزراوە، چەند کەسێک وەک دادوەر و قازی شەرعی گرفتەکانی خەڵکی ناوچەکەیان بە تێکەڵاوکردنی یاسای شارستانی لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامیدا ڕاییکردووە[4].

بەهۆی هاتنی ئەم ژمارە زۆرەی خەڵک بۆ ناوچەی باڵەکایەتی لە ساڵی ١٩٧٤ وەک پێشتر باسی هۆکارەکەیمان کرد، سەرەڕای ئەوەی کە بووە هۆی ئەوەی ئەو بوارانەی سەرەوە بە شێوەیەکی گشتی ببوژێنەوە و کاریگەریی باشیان لەسەر ناوچەکە هەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی ئەوەی کە ژمارەیان یەکجار زۆر بووە و لە ناوچەکەدا بڵاو بوونەتەوە هەندێک جار کار و کردەوە و هەڵسوکەوتی خراپ وایانکردووە کە لەگەڵ بنەما ڕەوشتی و عەشاییریەکاندا نەگونجێن[5].

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین، ناوچەی باڵەکایەتی سەرەڕای هێرشی بەردەوامی فڕۆکەکانی ڕژێم لەسەر ناوچەکە، بەڵام دەزگا خزمەتگوزارییەکانی شۆڕش کاری خۆیان کردووە و لەم بوارەدا ئەگەر چی هەوڵەکان سەرەتایی بوون، بەڵام پێشکەوتنی باش بەدەست هاتووە، بەتایبەتی لە بواری پەروەردە و تەندروستییەوە.

---

(1) ئەنوەر قەرەداغی، س.پ، ل١٤-١٨.
(2) ئیبراهیم سەید سەعید بەرزنجی، (گۆڤاری بەرەو ڕووناکی)، گۆڤاری باڵەک، ژمارە (١)، ئایاری ٢٠٠٨، ل٧.
(3) عصمت شریف وانلی، م.س، ص٤٤٣.
(4) عەبدوڵڵا ئاغای پشدەری، بیرەوەریەکانم لە باڵەکایەتی، ل٢٣.
(5) یۆنان هورمز، س.پ، ل٢٢٩-٢٣٠.

# ئەنجامەکان

## ئەنجامەکان

١. سەرەڕای جیاوازیی بیروڕا لەبارەی ڕەچەڵەکی وشەی (باڵەک)، پێمان وایە ئەم وشەیە لە (باڵا کێو)ەوە هاتووە، چونکە ئەم ناوە تایبەتمەندی تایبەت بە ناوچەکەی تیادایە.

٢. شوێنی جوگرافی باڵەکایەتی گرنگیەکی زۆری بە ناوچەکە بەخشیوە، بەشێوەیەک شوێنی جوگرافی پێگەیەکی گرنگی سیاسی و سەربازی و ئابووری بە ناوچەکە بەخشیوە.

٣. ناوچەی باڵەکایەتی ناحیەیەک بووە سەربە ڕواندز، دوای ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ چۆمان بوو بە قەزا، ئەمە داوایەکی سیاسی بووە چونکە چۆمان گوندێکی بچووک بووە لە کاتی بوونی بە قەزا، تەنانەت بینای قایمقامیەتی نەبووە، بۆیە بۆ ماوەیەک قایمقامیەت لەگەلاڵە بووە.

٤. ڕابەرایەتیکردنی هۆزی باڵەک خۆی لە سەرۆکی بەرەبابەکان دەدیتەوە، نەک سەرۆک هۆز، ئەمەش لە ئەنجامی ململانێی بەردەوامی سەرۆکی عەشیرەت و سەرۆکی بەرەبابەکان، هەر بۆیەش لە سالانی شەستەکانەوە تاکو ئێستا باڵەک سەرۆکی عەشیرەتی نییە.

٥. زۆربەی ناوچەی باڵەکایەتی لە ماوەی داگیرکردنی لەلایەن ڕوسەکانەوە سووتێندراوە و وێران کراوە و خەڵکێکی زۆری ناوچەکەش بوونەتە قوربانی، لە ماوەی دەستەڵاتی ئینگلیز و تورکەکانیش لە ناوچەکەدا بەهۆی پەیوەندی پتەوی سەرۆکی عەشیرەت لەگەڵ ئینگلیزەکان زیاتر پشتگیری لە ئینگلیز کراوە.

٦. ناوچەی باڵەکایەتی یەکێک بووە لەو ناوچانەی کە لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول، دەستیان بە ڕاپەڕینێکی چەکداری کردووە لە دژی هێزەکانی میری لە ناوچەکە و توانیویانە بۆ ماوەیەک ناوچەکە ئازاد بکەن، دواتر ڕاپەڕینەکەیان شکستی هێناوە، هۆکاری سەرەکیی خیانەتی چەند ئاغایەکی باڵەکایەتی بووە، لە ئەنجامیشدا خەڵکێکی زۆر بوونەتە قوربانی یا زیندانی کراون.

٧. دوای شکستی ڕاپەڕینی باڵەکایەتی لە سەرەتای شۆڕش، بەشێکی خەڵکی ناوچەکە چەکی حکومەتیان وەرگرتووە، بەڵام شەڕی پێشمەرگەیان نەکردووە، بگرە بەو چەکە هاوکاریی پێشمەرگەیان کردووە و هەر بەو چەکەوە بوونەتە پێشمەرگە.

٨. گەمارۆدان و گرتنی مەخفەری ڕایات لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە بەهۆی لێدانی تونێل بۆ ژێر مەخفەرەکە، سەرکەوتنێکی گەورە و کاریگەری هێزی پێشمەرگە بوو لە سەرەتاکانی شۆڕش، سەرەڕای هەوڵدانە زۆرەکانی ڕژێم بە مەبەستی شکاندنی گەمارۆی سەر مەخفەری ڕایات.

٩. ناوچەی باڵەکایەتی ساڵی ١٩٦٥ بووەتە بنکەی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول تا نسکۆی شۆڕش، بەم هۆیەشەوە تەواوی بنکە و بارەگا سیاسی و سەربازی و ئیدارییەکانی شۆڕش لە ناوچەی باڵەکایەتی بوونە.

١٠. لە ماوەی شۆڕشی ئەیلوول باڵەکایەتی وەک گرنگترین ناوەندی سیاسی کورد بووە، بەهۆی ئەوەی بنکەی سەرکردایەتیی شۆڕش بووە و شوێنی کۆبوونەوە و ڕێککەوتنەکان بووە، ناوچەکە ببوو بە ناوەندێکیش بۆ پارتە کوردییەکانی پارچەکانی تری کوردستان.

١١. باڵەکایەتی پێگەیەکی سەربازی گرنگی هەبووە بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی، حکومەتەکانی عێراق لە دوای ساڵی ١٩٦٢ هەموو هەوڵێکیان خستە گەڕ بۆ دەستبەسەردا گرتنەوەی، بەڵام یەکێک لەو ناوچانەی کوردستان بوو کە دوای ئازادکردنی لە ساڵی ١٩٦٢ نەکەوتەوە دەستی ڕژێم تا نسکۆی شۆڕش.

١٢. باڵەکایەتی لە ماوەی شۆڕشی ئەیلوول پێگەیەکی گرنگی ئابووری هەبووە، بەهۆی ئەوەی هاوسنوور بووە لەگەڵ وڵاتی ئێران.

١٣. خەڵکی ناوچەی باڵەکایەتی لە هەموو ڕوویەکەوە پشتیوانیی شۆڕشی ئەیلوولیان کردووە، لەم پێناوەشدا قوربانیی زۆریان داوە.

١٤. شۆڕشی ئەیلوول کاریگەریی زۆری لەسەر ناوچەی باڵەکایەتی هەبووە، بەتایبەتی لەلایەنی پەروەردە و تەندروستییەوە.

# لیستی سەرچاوەکان

# لیستی سەرچاوەکان

## ١/ بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان


ـ قرار مجليس بالک، سنة ١٨٥٥، في ارشيف (نعمت مير صادق).
ــ منهاج مجلس قيادة الثورة الكردية، سنة ١٩٦٨، في ارشيف اكاديمية الكوردية.


## ٢/ پەرتووکە بەڵگەنامەییەکان

### أ/ بە زمانی کوردی


١. شازین هێرش، پارتی دیموکراتی کوردستان لە چەند بەڵگەنامەی مێژووییدا (١٩٥٨ـ١٩٦٣)، ب١، چاپخانەو ئۆفسێتی ژیر، (سلێمانی، ٢٠٠٣).
٢. شازین هێرش، شۆڕشی ئەیلول لەچەند بەڵگەنامەیەکی مێژووییدا ١٩٦١ـ١٩٦٣، چاپخانەی ڕەنج، (سلێمانی، ٢٠٠١).
٣. مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، شۆڕشی ئەیلوول (١٩٦١ـ١٩٧٥)، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، و: لێژنەیەک، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، (هەولێر، ٢٠٠٤)
٤. نەوزاد عەلی ئەحمەد، پارتی دیموکراتی کوردستان لە نێوان کوتەک و تەسلیم بووندا ١٩٦١-١٩٦٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، (هەولێر، ٢٠٠٩).


### ب/ بە زمانی عەرەبی


١. عبدالفتاح علي يحيى البوتاني، وثائق عن الحركة القومية الكوردية التحررية- ملاحظات تأريخية و دراسات أولية، مطبعة وزارة التربية، (أربيل، ٢٠٠١).
٢. وزارة الشؤون الاجتماعية، مديرية النفوس العامة، عملية التسجيل العام ــ لسنة ١٩٥٧، ص٣٦٢. في ارشيف (م.س) للحزب الديموقراتی الكردستاني.


## ٣/ چاپکراوی حزبی


پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکردایەتیی کاتی، ڕێبازی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ئەیلوول وە بەرنامەی نوێی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕاپۆرتی سیاسی پەسەند کراو لەلایەن کۆنفرانسی پارتی کە لە ئابی ١٩٧٦ گرێدراوە.

## ٤/ یاداشت و بیرەوەری

### أ/ بەزمانی کوردی


١. ئەحمەد دڵزار، بیرەوەری ڕۆژانی ژیانم، ب٣، (ستۆکهۆڵم، ١٩٩٤).
٢. ئەمیر قازی، لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم، چاپخانەی شڤان، چ٢، (سلێمانی، ٢٠١٤).
٣. تەقی، خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی (ئەحمەد تەقی)دا "لاپەڕەیەک لە شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، سمکۆ، هەستانەکەی ڕواندز و پەیوەندی بە وڵاتانەوە"، چاپخانەی سلمان الاعظمی، (بەغدا، ١٩٧٠).
٤. خدر عەبدوڵلا دەباغ، بیرەوەریەکانم و تۆپخانەی شۆڕشی ئەیلولی مەزن- کوردستانی عێراق، ب٢، چاپخانەی ڕۆشنبیری، (هەولێر، ٢٠٠٣).
٥. خورشید شێرە، خەبات و خوێن- بیرەوەریەکانی ساڵانی خەباتی پێشمەرگایەتی، چاپخانەی حاجی هاشم، چ٣، (هەولێر، ٢٠١٥).
٦. ڕفیق حیلمی، یاداشت، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ٣، (سلێمانی، ٢٠٠٣).
٧. ڕێنیە مۆریس، کوردستان یان نەمان، و: ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل، چاپخانەی خانی، (دهۆک، ٢٠٠٨).
